زانکۆی سـەلاحەددین – هـەولـێر
Salahaddin University-Erbil

# پەیامی نەتەوایەتی لە شانۆنامەکانی ئەحمەد سالاردا

نامەیەکە

پێشکەشی ئەنجومەنی کۆلیژی پەروەردە کراوە لە زانکۆی سـەلاحەددین _ هەولێر وەکو بەشێک لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی پلەی ماستەر لە ئەدەبی کوردیدا

لەلایەن

**اسماعيل حمدامين سليمان**

بەکالۆریۆس لە زمان و ئەدەبی کوردی ـ زانکۆی سەلاحەدین / ٢٠١٢

بەسەرپەرشتیاری

**پ. د. محمد بكر محمد**

کوردستان، هەولێر

تشرینی دووەم ٢٠٢١

# بەڵێننامە

من بەڵێن دەدەم کە ئەم ماستەرنامەیە کە ناونیشانەکەی بریتییە لە ( پەیامی نەتەوایەتی لە شانۆنامەکانی ئەحمەد سالاردا ) هەمووی کاری ڕەسەنی تاکە کەسی خۆمە. جگە لەو جێگایانەی کە بە ئاشکرا ئاماژەم پێکردووە ، هەموو نووسینەکان و ئەنجامەکان توێژینەوەی سەربەخۆی خۆمە و پێشتر لە هیچ شوێنێک بڵاوم نەکردووەتەوە و پێشکەشی هیچ شوێنێکم نەکردووە بۆ ئەوەی بڕوانامەیەکی پێ وەربگرم. بەڵێن دەدەم لە هەر جێگایەک شتێکم وەرگرتبێت، ئاماژەم بە سەرچاوەکەی کردووە.

واژوو:

ناوی قوتابی: اسماعیل حمدامین سلیمان

ڕێککەوت:    /   / ٢٠٢١

## پشتگیری و ڕەزامەندی سەرپەرشتیار

ئەم نامەیە لەژێر سەرپەرشتیاری من ئامادەکراوە و نووسراوە و نێردراوە بۆ وەرگرتنی ماستەر لە پسپۆری ئەدەبی کوردیدا، من پشتگیری دەکەم و ڕازیم، کە بەم شێوەیەی ئێستا پێشکەشی لیژنەی تاقیکردنەوە بکرێت.

ناو: پ.د. محمد بکر محمد واژوو:

ڕێککەوت: / / ٢٠٢١

پشتگیری دەکەم، کە هەموو پێداویستییەکان جێبەجێ کراوە و هەروەها ئاماژە بە پشتگیری و ڕەزامەندی سەرپەرشتیار، من ئەم نامەیە دەنێرم بۆ گفتوگۆ.

واژوو:

ناو: د. گۆران سۆران عزالدین فەیزی

سەرۆکی بەشی زمانی کوردی

ڕێککەوت: / / ٢٠٢١

پشتگیری دەکەم، کە هەموو پێداویستییەکان جێبەجێ کراوە، بۆیە ڕازیم، کە ئەو نامەیە بنێردرێت بۆ گفتوگۆ.

واژوو:

ناو: پ. ی. د. عبدالستار صالح البناء

بەرپرسی خوێندنی باڵا لە کۆلیژ

ڕێککەوت: / / ٢٠٢١

## بڕیاری لێژنەی تاقیکردنەوە

ئێمە وەکو لێژنەی تاقیکردنەوە، ئەم ماستەرنامەیەمان کە ناونیشانی بریتی بوو لە: (پەیامی نەتەوایەتی لە شانۆنامەکانی ئەحمەد سالاردا)، خوێندەوە و قوتابییەکەمان کە ناوی (اسماعیل حمدامين سليمان) بوو لە ناوەڕۆکەکەی تاقیکردەوە. ئێمە بڕیار دەدەین کە پێداویستییەکانی بڕوانامەی ماستەری لە پسپۆری ئەدەبی کوردی تێدایە.

واژوو:
ناو: پ.ی.د سامان عزالدين سعدون
ئەندام
ڕێککەوت: / / ٢٠٢١

واژوو:
ناو: پ.ی.د عیماد خالد ويسى
ئەندام
ڕێککەوت: / / ٢٠٢١

واژوو:
ناو: پ.د محمد بكر محمد
ئەندام و سەرپەشتیار
ڕێککەوت: / / ٢٠٢١

واژوو:
ناو: پ.د نوزاد وقاص سعيد
سەرۆکی لێژنە
ڕێککەوت: / / ٢٠٢١

واژوو:
ناو: پ.ی.د سعيد عمر ابراهيم
ڕاگری کۆلیژی پەروەردە
ڕێککەوت: / / ٢٠٢١

## پێشکەشکردن

* پێشکەشە بە دایک و باوک و خوشک و براکانم.

* پێشکەشە بە هاوسەری خۆشەویستم، ( رۆمان)ی جگەرگۆشەم.

* پێشکەشە بە گشت مامۆستایانم، هەموو ئەوانەی وشەیەکیان لێ فێربووم.

* پێشکەشە بە گشت دۆست و هاوڕێ و ئازیزانم.

* پێشکەشە بە هەموو لێکۆڵەر و خەمخۆرانی زمان و ئەدەبی کوردی.

## سوپاس و پێزانین

به پێویستی دەزانم سوپاسی هەموو ئەو بەڕێزانه بکەم، که هاوکار و یارمەتیدەرم بوون بۆ تەواوکردنی نامەی ماستەرەکەم.

* زۆر سوپاس بۆ سەرۆکایەتی بەشی زمانی کوردی/ کۆلێژی پەروەردە ـ زانکۆی سەلاحەددین، سەرجەم مامۆستایانی بەشی زمانی کوردی، بەتایبەتی ئەو مامۆستایانەی که له قۆناغەکانی (بەکالۆریۆس، ماستەر) وانەیان پێداوم.

* زۆر سوپاس بۆ زۆر بەڕێز پرۆفیسۆر دکتۆر ( محمد بکر محمد) که ئەرکی سەرپەرشتیکردنی ئەم نامەیەی گرته ئەستۆی خۆیی و بەردەوام هاوکار و پاڵپشتم بوو، له تەواوی قوناغەکانی نووسینی ئەم نامەیە، له کاتی پێویستدا سەرنج و تێبینی و ڕێنمایی دەکردم.

* زۆر سوپاس بۆ شانۆنامەنووس( ئەحمەد سالار) که له کاتی سەردانەکانم بۆ لای بەرێزیان زۆر هاوکار و یارمەتیدەر بووه، بۆ دەستخستنی زانیاریەکانی دەربارەی شانۆنامەکانی و پێدانی هەندێ سەرچاوەی گرنگ دەربارەی شانۆنامەکانی.

* سوپاس بۆ هەموو ئەو بەڕێزانەی هاوکار بوون چ به پێدانی سەرچاوه یان وەرگێرانی دەقەکان بێت، بەتایبەت(د. کەیفی ئەحمەد، د. مستەفا خرواتانی ، م. رێبین باوزی، م. شاڵاو).

* سوپاس بۆ بەڕێزان فەرمانبەرانی کتێبخانەی کتێبخانەی ناوەندی زانکۆی سەلاحەددین، کتێبخانەی کۆلێژی پەروەردەی شەقڵاوە، کتێبخانەی گشتی هەریر، کتێبخانەی گشتی شەقڵاوه ، که لەکاتی سەردانیکردنمان بۆ دەستکەوتنی سەرچاوەی پێویست هەمیشه هاوکاربوون.

* سوپاس بۆ خانەوادەکەم، که پاڵپشتی بەهێز بوون بۆ تێپەڕاندنی هەموو سەختی و ناخۆشیەکان.

## پوختەی توێژینەوەکە

ئەم تـوێژینەوەیە بە ناونیشـانی( پەیـامی نەتەوایەتـی لە شـانۆنامەکانی ئەحـمەد سـالاردا) هەوڵێکە بۆ دەستنیشانکردن و شیکردنەوەی سیما و تایبەتمەندییەکانی پەیامی نەتەوایەتی لە شـانۆنامەکانی( ئەحمـەد سـالار)دا بـە گـوێرەی قۆناغـە مێژووییـەکانی سـەرهەڵدان و گەشەکردنی هزری نەتەوایەتی کوردی، کە لە سێ قۆناغی سەرەکی وەکو( قۆناغی هەستی نەتەوایـەتی) و( قۆنـاغی وشـیاریی نەتەوایـەتی) و( قۆنـاغی بزووتنـەوەی نەتەوایـەتی) دا بەرجەستەبووە.

ئەم توێژینەوەیە بە گشتی لە پێشەکی و ناوەرۆک و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان و پوختە بە زمانەکانی کوردی و ئینگلیزی پێکهاتووە:

پێشەکی توێژینەوەکە خۆی دەبینێتەوە لە باسکردنی بابەتەکانی وەکو(ئامانجی توێژینەوە، گرنگی توێژینەوە، سنوری توێژینەوە، گریمانەی توێژینەوە، کێشەی توێژینەوە، میتۆدی توێژینەوە، پێکهاتەی توێژینەوەکە) دا.

ناوەرۆکی تـوێژینەوەکە بـۆ سـێ بەشـی سـەرەکی دابەشـکراوە، بەشـی یەکەم بـریتییە لە باسـکردنی چەمـک و پێناسـەی شـانۆنامە و بنەماکـانی شـانۆنامە، بەسـەر پێـنج تەوەرە دابەشکراوە:

تەوەرەی یەکەم باسـی چەمـک و زاراوەی شـانۆنامە کـراوە، لەم تەوەرەیە بەشـێوەیەکی گشتی باسی ئەو چەمک و زاراوانە کراوە کە لەبەرامبەر ئەم ژانرە بەکارهاتوون، توێژەر لەم تـوێژینەوەیەدا گونجـاوترین چەمـک و زاراوەی بـۆ ئەم ژانـرە بەکارهێنـاوە کە بـریتییە لە (شانۆنامە)، هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم زاراوەیەی روونکراوەتەوە. چۆنیەتی دروست بوونی زاراوەی شـانۆنامە، هەروەهـا سـەرەتایی سـەرهەڵدانی ئەم زاراوەیە لە ئەدەبـی کوردییـدا باسکراوە.

تەوەرەی دووەم خـۆی دەبینێـتەوە لە ڕۆڵ و گرنگـی و پێناسـەکردنی ژانـری شـانۆنامە، لە سەرەتای ئەم تەوەرەیەدا باسی ڕۆڵ و ئەرک و گرنگی شانۆنامە باسکراوە، پاشان کۆمەڵێک پێناسە جیاواز بۆ شانۆنامە خراونەتەروو.

تەوەرەی سێیەمیش باس لە ڕەگەزەکانی شانۆنامە کراوە، توێژەر لەم تەوەرەیەدا هەوڵی داوە بەشێوەیەکی کورت باس لە ڕەگەزەکانی وەک( کەسایەتی، کات، شوێن، زمان) بکات، کە تیادا پێناسە و گرنگی و هۆکاری هەڵبژاردن و ڕەنگدانەوەی ئەم ڕەگەزانە لە شانۆنامەکانی شانۆنامەنووس( ئەحمەد سالار) دا روونکراوەتەوە.

تەوەرەی چوارەمیش باسی مێژووی سەرهەڵدانی ژانری شانۆنامە کراوە، لەم تەوەرەیەشدا توێژەر بە شێوەیەکی روون بۆچوونە جیاوازەکانی تایبەت بە سەرەتایی سەرهەڵدانی شانۆنامە باسکردووە.

تەوەرەی پێنجەمیش باسی سەرەتا و پەرەسەندنی شانۆنامە لە ئەدەبی کوردی کراوە، توێژەر هەوڵی داوە بە شێوەیەکی روون باسی سەرەتایی سەرهەڵدانی ئەم ژانرە بکات لە لای کوردەکان، تیادا کۆمەڵێک بۆچوونی جیاواز لەم بارەیەوە خراونەتەروو.

بەشی دووەمیش تایبەت کراوە بە باسکردن و روونکردنەوەی چەمکی هزری نەتەوایەتی و ڕەهەندەکانی، ئەم بەشەش بۆ سەر چوار تەوەرە دابەشکراوە:

تەوەرەی یەکەم خۆی دەبینێتەوە لە روونکردنەوەی چەمک و زاراوەی نەتەوە، لەم تەوەرەیەدا هەوڵدراوە بە گشتی چەمک و زاراوەی نەتەوە روونبکرێتەوە، بۆ ئەوەی بزانین لە چییەوە هاتووە و لە کۆندا بە چی پێگوتراوە، هەروەها لە ڕێگەی کۆمەڵێک پێناسەی جیاوازەوە چەمکی نەتەوە روونکراوەتەوە.

تەوەرەی دووەمیش باسی چەمک و زاراوەی هزری نەتەوایەتی کراوە، لەم تەوەرەیەشدا هەوڵدراوە زاراوەی نەتەوایەتی روونبکرێتەوە، هەروەها کۆمەڵێک پێناسە لە چەند روانگەیەکی جیاوازەوە بۆ چەمکی نەتەوایەتی کراوە.

تەوەرەی سێیەمیش تایبەت کراوە بە باسکردنی مێژووی هزری نەتەوایەتی لە رۆژئاوا و لای نەتەوەکانی دەوروبەری کورد، بەم شێوەیە:

یەکەم / باسی مێژووی سەرهەڵدانی هزری نەتەوایەتی لە رۆژئاوا کراوە، دیارترین بۆچوونە جیاوازەکانی تایبەت بە سەرەتایی سەرهەڵدانی هزری نەتەوایەتی لە رۆژئاوا خراونەتەروو، لە کۆتایشدا جەخت لەسەر بۆچوونی زۆرینە کراوەتەوە، بۆچوونیان وایە سەرەتایی

سەرهەڵدانی هزری نەتەوایەتی دەگەڕێتەوە بۆ کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەهەم و سەردەمی شۆرشی فەرەنسی.

دووەم / باسی سەرەتایی سەرهەڵدانی هزری نەتەوایەتی لای نەتەوەکانی وەکو( تورک، عەرەب، فارس) کراوە، هەوڵدراوە بە شێوەیەکی کورت مێژووی سەرهەڵدان و دەرکەوتنی هزری نەتەوایەتی لای هەر یەک لەم نەتەوانە بخرێتەروو.

تەوەرەی چوارەمیش باسی سەرەتایی سەرهەڵدانی هزری نەتەوایەتی کوردی دەکات، لە سەرەتادا دیارترین بۆچوونە جیاوازەکانی تایبەت بە سەرەتایی سەرهەڵدان و دەرکەوتنی هزری نەتەوایەتی و دابەشکردنی قۆناغەکانی هزری نەتەوایەتی لای میللەتی کورد باسکراوە، پاشان لە ژێر رۆشنایی ئەم بۆچوونە جیاوازانە بە گشتی هزری نەتەوایەتی کوردی دابەشی سەر سێ قۆناغ کراوە، لە رێگای هەر قۆناغێکەوە سەرەتایی سەرهەڵدانی هزری نەتەوایەتی روونکراوەتەوە، بەم شێوەیە:

١. قۆناغی هەستی نەتەوایەتی: کە لە سەرەتایی پەیدابوونی شیعری کوردییەوە دەست پێ دەکات، لە شیعرەکانی( بابەتاهیری هەمەدانی) دا بەرجەستەبووە.

٢. قۆناغی وشیاری نەتەوایەتی: زۆربەی بۆچوونەکان لەوبڕاوەڕەدان کە سەرەتایی سەرهەڵدانی ئەم قۆناغە لە شیعرەکانی( ئەحمەدی خانی) ی شاعیرەوە دەست پێدەکات، چونکە ئەحمەدی خانی بە لە شیعرەکانی خواست و داواکاری میللەتی کوردی بردە قۆناغێکی گەشەسەندووتر.

٣. قۆناغی بزووتنەوەی نەتەوایەتی: ئەم قۆناغە زیاتر لە دوایی دەست پێکردنی شۆرش و چالاکی کرداری میللەتی کورد دەست پێدەکات. بەشێکی زۆری بۆچوونەکان پەیدابوون و دروستبوونی میرنشینە کوردییەکان بە دەستپێکی ئەم قۆناغە دادەنێن.

بەشی سێیەمی توێژینەوەکە تایبەت کراوە بە باسکردن و روونکردنەوە گرنگترین و دیارترین ئەو پەیامە نەتەوایەتییانەی کە لە هەندێک لە شانۆنامەکانی( ئەحمەد سالار) بەرجەستەبوون. لەم بەشەدا شانۆنامەکانی وەکو( نالی و خەونێکی ئەرخەوانی، کاتێ هەلۆ بەرز ئەفرێ، کۆتەڵەکەی ئەحمەد موختار جاف، ئاهەنگێ لە هەواری یاراندا، باخ، لەژێر تارای سورمەچنە) وەکو کەرەستەی توێژینەوەکەی بەکارهاتووە، هەموو ئەو دیمەنە شانۆییانەی کە دەچنە خانەی پەیامی نەتەوایەتی بە گوێرەی قۆناغەکانی( هەستی نەتەوایەتی، وشیاری نەتەوایەتی، بزووتنەوەی نەتەوایەتی) دەستنیشانکراوە و شیکراوەتەوە.

## ناوەرۆک


| بابەت | لاپەڕە |
| --- | --- |
| بەڵێننامە | II |
| پشتگیری و ڕەزامەندی سەرپەشتیار | III |
| بڕیاری لیژنەی تاقیکردنەوە | IV |
| پێشکەشکردن | V |
| سوپاس و پێزانین | VI |
| پوختەی توێژینەوە | VII |
| ناوەرۆک | X |
| پێشەکی | 1 |
| بەشی یەکەم / شانۆنامە و بنەماکانی | 4-36 |
| تەوەرەی یەکەم: چەمک و زاراوەی شانۆنامە | 4 |
| تەوەرەی دووەم: پێناسە و ڕۆڵ و گرنگی شانۆنامە | 8 |
| تەوەرەی سێیەم: ڕەگەزەکانی شانۆنامە | 16 |
| ١ / کەسایەتی | 16 |
| ٢ / کات | 19 |
| ٣ / شوێن | 21 |
| ٤ / زمان | 23 |
| تەوەرەی چوارەم: کورتە مێژووییەکی شانۆنامەی جیهانی | 25 |
| تەوەرەی پێنجەم: سەرەتا و پەرەسەندنی شانۆنامەی کوردی | 30 |
| بەشی دووەم: هزری نەتەوایەتی و ڕەهەندەکانی | 37-69 |
| تەوەرەی یەکەم: چەمک و زاراوەی نەتەوە | 37 |
| تەوەرەی دووەم: چەمک و زاراوەی نەتەوایەتی | 40 |

| | |
|---|---|
| تەوەرەی سێیەم: مێژووی هزری نەتەوایەتی | 47 |
| ١ / لای رۆژئاوا | 47 |
| ٢ / لای نەتەوەکانی دراوسێ | 50 |
| أ / تورک | 50 |
| ب / عەرەب | 52 |
| ج / فارس | 54 |
| تەوەرەی چوارەم: هزری نەتەوایەتی کوردی | 55 |
| ١ / قۆناغی هەستی نەتەوایەتی | 59 |
| ٢ / قۆناغی وشیاری نەتەوایەتی | 62 |
| ٣ / قۆناغی بزووتنەوەی نەتەوایەتی | 67 |
| بەشی سێیەم: بەرجەستەبوونی پەیامی نەتەوایەتی لە هەندێک لە شانۆنامەکانی ئەحمەد سالاردا | 70-117 |
| ١/ تایبەتمەندییەکانی پەیامی نەتەوایەتی لە قۆناغی هەستی نەتەوایەتی | 70 |
| ٢/ تایبەتمەندییەکانی پەیامی نەتەوایەتی لە قۆناغی وشیاری نەتەوایەتی | 79 |
| ٣/ تایبەتمەندییەکانی پەیامی نەتەوایەتی لە قۆناغی بزووتنەوەی نەتەوایەتی | 96 |
| ئەنجام | 118 |
| لیستی سەرچاوەکان | R120 – R131 |
| پوختەی نامەکە بە زمانی ئینگلیزی( **Abstract**) | A – C |

## پێشەکی:

شانۆنامە یەکێکە لەو ژانرانەی کە تایبەتمەندیەکی جیاوازی هەیە لەگەڵ سەرجەم ژانرەکانی دیکەی ئەدەبی، چونکە شانۆنامە ژانرێکی دوو لایەن و ئاوێتەیە، لەلایەکەوە لە ڕووی دارشتن و شێوازی زمانەکەیەوە وەکو دەقێکی ئەدەبی پۆلین دەکرێت، لە لایەکی دیکەشەوە بەهۆی نمایشکردنی لەسەر تەختەی شانۆ وەکو شانۆگەرییەک چەندین ڕەگەزی وەکو( کەسێتی، ڕوودان، کات، شوێن، دیکۆر، فرەدەنگی، ...هتد) لەخۆدەگرێت. هەروەها شانۆنامە بەژدارییەکی کارای هەیە لە ناو کۆمەڵگەدا، چونکە بە شێوەیەکی راستەوخۆ پێشکەش دەکرێت، ئەمەش وا دەکات کاریگەری زۆر راستەوخۆی لەسەر وەرگراندا هەبێت، بە بەراورد بە ژانر و جۆرەکانی دیکەی ئەدەبی.

ناونیشانی توێژینەوەکە بریتییە لە( پەیامی نەتەوایەتی لە شانۆنامەکانی ئەحمەد سالاردا)، بەشێوەیەکی گشتی شانۆنامەکانی شانۆنامەنووس( ئەحمەد سالار) خۆی لە چوارچێوەی ناسنامەی کورد و کێشە و ئێش و ئازارەکانی نەتەوەی کورد و ستەم و زۆردارییەکانی رژێم دەبینێتەوە.

### ئامانجی توێژینەوەکە:

ئامانجی سەرەکی لە ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە دەستنیشانکردنی قۆناغەکانی هزری نەتەوایەتی لە هەندێک لە شانۆنامەکانی شانۆنامەنووس( ئەحمەد سالار)دا، دیاریکردنی سیما و تایبەتمەندییەکانی هەر قۆناغێک لە نێو هەر یەکێک لەم شانۆنامانەدا.

### گرنگی توێژینەوە:

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە کە بە گوێرەی زانیاریمان یەکەمین توێژینەوەی ئەکادیمییە، کە پەیامی نەتەوایەتی لە شانۆنامەکانی( ئەحمەد سالار)دا بە پێی قۆناغە جیاوازەکانی هزری نەتەوایەتی پۆلین دەکات و لە هەر قۆناغێکیشدا تایبەتمەندییەکانی ئەو پەیامە نەتەوایەتییانە دەستنیشان دەکات.

### سنوری توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە بەشێوەیەکی گشتی لە پەیامی نەتەوایەتی و دیاریکردنی قۆناغەکانی هزری نەتەوایەتی لە هەندێک لە شانۆنامەکانی( ئەحمەد سالار) دا دەسوڕێتەوە، کە لە نێوان ساڵانی (١٩٨٧ ـ ٢٠٠٨) دا نووسراونەتەوە، ئەویش بە ڕەچاوکردنی ئەم خاڵانەی خوارەوە:

أـ هەڵبژاردنی شەش شانۆنامەی( ئەحمەد سالار) کە بە بۆچوونی ئێمە قۆناغەکانی هزری نەتەوایەتی و گرنگترین تایبەتمەندییەکانی پەیامی نەتەوایەتییان بە ڕوونی تێدا دەرکەوتووە ، شانۆنامەکانیش بریتیین لە:

١. شانۆنامەی( نالی و خەونێکی ئەرخەوانی) لە ساڵی ١٩٨٧ نوسراوە.

٢. شانۆنامەی( کاتێ هەڵۆ بەرز ئەفرێ) لە ساڵی( ١٩٨٨) نوسراوە.

٣. شانۆنامەی( لە ژێر تارای سورمەچنەدا) لە ساڵی( ١٩٩٧) نوسراوە.

٤. شانۆنامەی( ئاهەنگێ لە هەواری یاراندا) لە ساڵی( ١٩٩٨) نوسراوە.

٥. شانۆنامەی( کۆتەڵەکەی ئەحمەد موختار جاف) لە ساڵی( ٢٠٠١) نوسراوە.

٦. شانۆنامەی ( باخ) لە ساڵی( ٢٠٠٨) نوسراوە.

ب ـ مامەڵەکردن لەگەڵ شانۆنامەکاندا وەکو دەقی ئەدەبی دوور لە ڕەگەز و تایبەتمەندییەکانی شانۆگەری.

**گریمانەی توێژینەوەکە:**

ئەم توێژینەوەیە لە سەر گریمانەی دابەشکردنی تیمای پەیامی نەتەوایەتی بەسەر چەند قۆناغێکی مێژووییدا بنیاتنراوە، لە هەر قۆناغێکدا سیما و تایبەتمەندیی تایبەتی خۆی هەیە.

**کێشەی توێژینەوەکە:**

لە میانەی ئەنجامدانی توێژینەوەکەم رووبەرووی کۆمەڵێک کێشە و گیروگرفتی بابەتی و خودی بومەوە ، لەوانە نەبوونی سەرچاوەی پێویست، نەخۆشکەوتنی باوکی خۆشەویستم .

**میتۆدی توێژینەوە:**

لە نووسینی توێژینەوەکەماندا بەشێوەیەکی ئەکادیمی پشتمان بە میتۆدی (وەسفی ــ شیکاری) بەستاوە، چونکە ناوەرۆک و بابەتی توێژینەوەکەمان زیاتر لە هەر ڕێبازێکی دیکە لەگەڵ ئەم جۆرە میتۆدە گونجاوە.

**پێکهاتەی توێژینەوە:**

ئەم توێژینەوەیە جگە لە پوختە بە زمانی کوردی و پێشەکی و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان و پوختە بە زمانی ئینگلیزی پێکهاتووە، ناوەرۆکی ئەم توێژینەوەیە بە شێوەیەکی گشتی لە سێ بەشی سەرەکی پێکهاتووە:

بەشی یەکەم  خۆی لە پێنج تەوەرە دەبینێتەوە، بەم شێوەیە:

تەوەرەی یەکەم باسی چەمک و زاراوەکانی شانۆنامە کراوە. لە تەوەرەی دووەمدا باسی پێناسەی شانۆنامە کراوە و تیادا بۆچوون و پێناسەی کۆمەڵێک نوسەر و لێکۆڵەرانی بواری ئەدەبی و هونەری خراونەتەروو. تەوەرەی سێیەمیش باسی ڕەگەزەکانی شانۆنامە کراوە، کە خۆی لە باسکردنی ڕەگەزەکانی وەکو( کەسایەتی، کات، شوێن، زمان) دەبینێتەوە. لە تەوەرەی چوارەمیشدا کورتە مێژووییەکی شانۆنامەی جیهانی و سەرەتایی سەرهەڵدان و یەکەمین شانۆنامەی جیهانی باس کراوە. تەوەرەی پێنجەمیش باسی سەرەتا و پەرەسەندنی شانۆنامە لە ئەدەبی کوردیدا کراوە، تیادا باسی بۆچوونە جیاوازەکانی تایبەت بە دیاریکردنی یەکەمین شانۆنامەی کوردی کراوە.

بەشی دووەم لە چوار تەوەرە پێکهاتووە، بەم شێوەیە:

تەوەرەی یەکەم باسی چەمک و زاراوەی نەتەوە کراوە. تەوەرەی دووەمیش باسی چەمک و پێناسەی نەتەوایەتی کراوە و تیادا کۆمەڵێک بۆچوون و پێناسە و جۆرەکانی نەتەوایەتی باس کراوە. تەوەرەی سێیەمیش باسی مێژووی سەرهەڵدانی هزری نەتەوایەتی لای رۆژئاواییەکان و لای نەتەوەکانی دراوسێی کورد کراوە. لە تەوەرەی چوارەمیشدا بە گشتی باسی مێژووی هزری نەتەوایەتی لای کورد و گرنگترین قۆناغەکانی هزری نەتەوایەتی کراوە.

بەشی سێیەمیش بەشێوەی پراکتیکی شانۆنامەکانی( نالی و خەونێکی ئەرخەوانی، کاتێ هەڵۆ بەرز ئەفرێ، کۆتەڵەکەی ئەحمەد موختار جاف، ئاهەنگێ لە هەواری یاراندا، باخ، لەژێر تارای سورمەچنە)ی شانۆنامەنووس( ئەحمەد سالار)مان وەرگرتووە، سەرجەم پەیامە نەتەوایەتیەکانی ناو شانۆنامەکانمان بە گوێرەی( قۆناغی هەستی نەتەوایەتی، قۆناغی وشیاری نەتەوایەتی، قۆناغی بزووتنەوەی نەتەوایەتی) دەستنیشانکردووە و شیکردۆتەوە.

# بەشی یەکەم: شانۆنامە و بنەماکانی

## تەوەرەی یەکەم: چەمک و زاراوەی شانۆنامە

## تەوەرەی دووەم: پێناسەی شانۆنامە

## تەوەرەی سێیەم: ڕەگەزەکانی شانۆنامە

- ❖ کەسایەتی
- ❖ کات
- ❖ شوێن
- ❖ زمان

## تەوەرەی چوارەم: کورتە مێژوویەکی شانۆنامەی جیهانی

## تەوەرەی پێنجەم: سەرەتا و پەرەسەندنی شانۆنامەی کوردی

## ١-١. چەمک و زاراوەکانی شانۆنامە:

شانۆنامە دەقێکی ئەدەبی و هونەری زیندووە لە ناو زۆربەی ئەدەبی میللەتانی جیهاندا بەرچاو دەکەوێت. ئەم ژانرە لە ناو زۆرینە نەتەوە و میللەتێکدا بە پێی ئەو بارودۆخ و ژینگە و هەلومەرجەی بۆی رەخساوە بڵاودەبێتەوە و گەشە دەکات. چەمک و زاراوەی شانۆنامە لە کۆنەوە تاوەکو ئێستا قۆناغ بە قۆناغ گۆرانکاری بەسەردا هاتووە، لە ئەدەبی کوردیدا کۆمەڵێک زاراوەی جیاواز بۆ ئەم ژانرە بەکارهاتووە، لەوانە: ( دراما، شانۆگەری، شانۆنامە، شانۆ، پیەس، درام، تیاتر، فن تەمسیل، نواندن، نمایش، ...... هتد) بەکارهێنانی هەریەکە لەم زاراوانە دەگەرێتەوە بۆ سەردەمێک لە سەردەمەکان و لە لایەن نوسەر و شانۆنامەنووس و رەخنەگرەکانەوە بەکارهاتووە.

بەکارهێنانی کۆمەڵێک زاراوەی جیاواز بۆ ئەم ژانرە بە جۆرێک لە جۆرەکان تێکەڵی و ئاڵۆزیەکی زۆر بۆ واتایی شانۆنامە دروست کردووە، بۆ نموونە هەندێک لە زاراوەکان هی زمانی بێگانەن وەکو( دراما، پیەس، تەمسیل، .... هتد)، یەکێک لە زاراوەکان بریتییە لە( دراما) کە لە بنەڕەتدا وشەیەکی یۆنانییە و لە کۆندا تاکە زاراوە بووە، بۆ ئەم ژانرە( شانۆنامە) بەکارهاتووە، مەبەست لە دراما ئەو کار و جولە و نواندنە بووە، کە لەسەر تەختەی شانۆ ئەنجامدراون، بەڵام بەهۆی ئەو گۆرانکاریە بەردەوام و خێرایانەی لە هەموو بوارەکانی ژیان رویانداوە بە گشتی، ئەو گۆرانکاریە بەرچاوانەی کە بە تایبەتی لە بواری ئەدەب روویانداوە، لە ئێستادا زاراوەی دراما چەمکێکی گشتگیرتر و فراوانتری بەراورد بە کۆن وەرگرتووە، چونکە لە ئێستادا زاراوەی دراما بۆ بوارەکانی( تەلەفزیۆن، سینەما، رادیۆ ) بەکاردەهێنرێت.

لای هەندێ نوسەر و رەخنەگری دیکە زاراوەی( شانۆگەری) بەکارهاتووە، بەڵام ئەوەی جێگەی ئاماژە بۆ کردنە ئەوەیە ئەم زاراوەیە ناتوانێت حەقی تەواو بەم ژانرە بدات، هەموو بوار و لقەکانی شانۆنامە لە ناو بازنەیەکدا کۆبکاتەوە، چونکە زاراوەی شانۆگەری زیاتر بۆ لایەنی پراکتیکی ئەم ژانرە بەکاردێت، واتە تەنیا ئەوەی لەسەر تەختەی شانۆ پێشکەش دەکرێت یان نمایش دەکرێت پێی دەڵێن شانۆگەری. هەر لەم بارەیەوە( حمە کەریم هەورامی) دەڵێت: (( شانۆگەری بەو نمایشانە دەگوترێ کە کۆمەڵە ئەکتەرێک لەسەر سەکۆی شانۆ بە شێوەی دایلۆگ کارێکی هونەری یان نیمچە هونەری بۆ چەند کەسانێک نمایش بکەن)) (هەورامی، ٢٠٠١، ل١٠). بەو واتایەی ناکرێت زاراوەی شانۆگەری بۆ ئەم ژانرە بەکاربێنین، چونکە لایەنی نووسینی دەقەکە فەرامۆش دەکات و ناگرێتەخۆ. لەگەڵ ئەوەشدا ژمارەیەک

شانۆنامەی دیکە، تاوەکو ئێستا نەخراونەتە سەر تەختەی شانۆ و نمایش نەکراون، لە ناو چوارچێوەی ئەم ژانرەش شوێنیان نابێتەوە. بۆیە ناونان و داتاشینی زاراوەیەکی نویێ بۆ ئەم ژانرە پێویستیەکی حەتمیە، بۆ ئەوەی شانۆنامە لە نێوان ژانر و بوارەکانی ئەدەب و هونەردا جیا بکرێتەوە. بۆیە بەشێکی زۆر بۆچوونەکان لەسەر ئەوە کۆکن کە( شانۆنامە) گونجاوترین زاراوەیە بۆ ئەم ژانرە، چونکە بە هۆی زاراوەی شانۆنامەوە دەتوانرێت دەقی شانۆیی لە نێوان بوارەکانی ئەدەب و هونەر جیابکرێتەوە. بەشێک لە نوسەر و لێکۆڵەر و شارەزایانی ئەم بوارە لە پێشتردا زاراوەی (شانۆنامە) یان بەکارهێناوە. بەو واتایەی ئێمە یەکەم کەس نین، کە ئەم زاراوەیە بەکاردێنین، بەڵکو ئەمە وەکو هەوڵێک وایە بۆ زیاتر چەسپاندنی ئەم زاراوەیە.

زاراوەی شانۆنامە لە بنەڕەتدا لە وشەی( شانۆ) بە هۆی زیادکردنی پاشگری( نامە) ەوە دروست بووە. ( د. فەرهاد پیربال) بۆچوونی وایە کە شانۆ لە: (( وشەی شێننی scene ی ئیتالییەوە هاتبێتە ناو زمانی کوردی، کە لە زمانی ئیتالیدا بە( شێننی) یان( شێننۆ) دەمزەد دەکرێت، لە زمانی فەرەنسی و ئینگلیزیشدا بۆتە سێن scene . تەنانەت لە زمانی فارسی ئەمرۆشدا زۆر جاران وشەی( سن) بەکاردێنن، کە هەر لە وشەی( scene)ی فەرەنسی و ئینگلیزییەوە هاتووە)) ( پیربال، ٢٠٠١، ل١٤). کەواتە شانۆ زاراوەیەکی بێگانەیە و بە پێی بۆچوونی نوسەر بێت، زاراوەی شانۆنامە لە بنەڕەتدا لە وشەکانی( شێننی و شێننۆ) ی ئیتالیەوە وەرگیراوە، ئەمەش لە رێگەی ئەو نوسەر و شاعیرانەی کە لە تورکیا ژیاون و لە رێگەی ئەوانەوە ئەم زاراوەیە گواستراوەتەوە بۆ ناو زمان و ئەدەبی کوردی. بە تێروانین و بۆچوونی ئێمەش شانۆنامە گونجاوترین چەمک و زاراوەیە بۆ ئەم ژانرە، بۆیە بە پێی توانا هەوڵدەدەین لەم توێژینەوەیەدا ئەم زاراوەیە بچەسپێنین و بەکاربێنین.

بە هۆی ئەو گۆرانکاری و گەشەسەندن و بەرەوپێشچوونانەی بەسەر ئەدەب بە گشتی و ژانرەکە بەتایبەتی هاتووە، کۆمەڵێک بۆچوون و تێروانینی جیاواز لە بارەی چەمک و زاراوەی شانۆنامە لە ئارادایە، چونکە هەر نوسەر و ڕەخنەگرێک بە شێوازێکی جیاواز و لە روانگەی تایبەتی خۆیانەوە بۆچوونی خۆیان لەم بارەیەوە خستۆتەروو. هەروەها بۆ ئەوەی سەرەتا بزانین زاراوەی شانۆنامە لە کۆندا لە چییەوە هاتووە، لە چی شتێک وەرگیراوە و لە کۆندا واتایی چ شتێکی گەیاندووە. پێویست دەکات هەندێ بۆچوون و تێروانینی نوسەر و ڕەخنەگرەکان بخەینەروو:

هەندێکیان بۆچوونیان وایە کە زاراوەی شانۆنامە لە کۆندا واتایی(کار، کاردەکات، کاربکە)ی گەیاندووە، بۆ نموونە ( مارتن أسلن)یش لەم بارەیەوە دەڵێت: (( شانۆنامە لە زمانی یۆنانی کۆن بە واتای( کار) یان( ئیش) هاتووە)) ( أسلن، ١٩٨٧، ص١٢). ( د.ابراهیم حمادە)یش یەکێکی دیکەیە لە نوسەرەکان لەم بارەیەوە بۆچوونی وایە: (( وشەی شانۆنامە وشەیەکی

یۆنـانییە و لە وشـەی (DRAN) ەوە هـاتووە، کە بە واتـای( کـار دەکـات) یـان( بە کردارێـک هەڵدەستێت) دێت)) (حمـادە، ١٩٧١، ص١٤٣). زاراوەی شـانۆنامە لە فەرهەنگە کوردیەکان بەم شـێوەیە روونکـراوەتەوە، بـۆ نمـوونە لە فەرهەنگـی( زاراوەی شـانۆیی) دا هـاتووە: (( تـرووم( اصـــل)ی زاراوەکە یۆنـــانییە و لە( drao) ەوە وەرگیـــراوە کە بە واتـــای (کاردەکـــات ـــــ یـــا کـردەوەیەکە و پێـی هەڵدەسـتێت) هـاتووە)) ( کـاردۆ، ٢٠٠٦، ل٥٣). ئەم بۆچوونـانە و چەنـدین بۆچوونی دیکە جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، کەوا زاراوەی شانۆنامە لە کۆندا واتایی( کار)ی گەیاندووە.

هەندێک نوسەری دیکەش بۆچوونێکی جیاوازی تریان لەم بارەیەوە خستۆتەروو، بۆ نمـوونە یەکێـک لەوانە( جـۆرج تومسـن) لەم بـارەیەوە دەڵێـت: (( درامـا لە کـردار( ation) و نوانـدن پێکدێت و لە سەرچاوەشـەوە لاسـایی کـردنەوەیە)) ( تومسـن، گۆڤـاری کـاروان، ژ:٣٢، ١٩٨٥، ل٨٤). واتە نوسەر بۆچوونی وایە کە لە بنەڕەتدا شانۆنامە لە لاساییکردنەوە هاتووە. هەروەها ( رحمت الله محرابی) یەکێکی دیکەیە لە نوسـەرەکان و بۆچـوونێکی جیاوازی هەیە، لەبارەی واتـایی زاراوەی شـانۆنامە دەڵێـت: (( بە واتـای کـاردانەوە یـاخود کـارکردن دێـت)) (محرابـی، ١٣٧٢، ص١). هەروەهـا لە کتێبـی( مێزۆپۆتامیـا) دا بەم شـێوەیە ئامـاژە بە زاراوەی شـانۆنامە کراوە: (( پەیڤا( drama) یا ژ( dran) هـاتی کو ب واتاییا( دانوسـتاندن)ێ دهێـت)) (ئوسـمان، ٢٠٠٨، ل١٨٣ ـ ١٨٤). ( د.عزالدین اسماعیل)یش یەکێکی دیکەیە لە نوسـەرەکان کە بۆچـوونێکی جیاوازتری هەیە، لەبارەی واتایی زاراوەی شانۆنامە، بۆچوونی وایە کە شـانۆنامە بە واتـای (( نـاکۆکی و ملمـلانـێ دێـت، لەگەڵ ئەوەشـدا دەتوانێـت واتـایی( جـولە)ش بگرێتەوە)) ( اسـماعیل، ١٩٨٨، ص٢٧٩). هەروەهـا (د. سـەلام فەرەج)یـش بۆچـوونی وایە کە شـانۆنامە: (( وشـەیەکی یۆنانی کۆنە و لە زمانی ئەواندا بە واتای کار یان جولە هاتووە گشت جولەیەکیش کارێکی لـێ دەکەوێـــتەوە)) ( فەرەج، ٢٠٠٩، ل٢٠). هەروەهـــا شـــانۆنامە(( لە پـــێش ســـەرهەڵدانی مانـــا زاراوەیەکدا مانای کار و رووداوی ناخۆشی گەیاندووە)) ( هەورامی، ٢٠٠١، ل١٠).

سەرەڕای هەبوونی کۆمەڵێک بۆچوون و تێروانینی جیاواز لە یەکتری، بەڵام بەشـێکی زۆری بۆچـوون و تێروانیەکـان لەسـەر ئەوە کـۆکن کە زاراوەی شـانۆنامە لە سـەرەتادا وشـەی (drama)ی بـۆ بەکارهـاتووە، کە لە بنچیـنەدا لە وشـەکانی(drao, dran)ی لاتینـیەوە وەرگیـراوە، واتـایی وشـەکانی( کـار، جـولە، نـاکۆکی، ملمـلانـێ، کـاردانەوە، رووداوی نـاخۆش، ...هتد) گەیاندووە، دواتر بە هۆکارێک لە هۆکارەکـان زاراوەکە گوازراوەتەوە بۆ نـاو زۆربەی زمانە جیهانیەکان، وەکو زاراوەیەکی جیهانی سەیر کراوە.

سـەرەتایی بەکارهێنـانی زاراوەی شـانۆنامە لە ئەدەبـی کوردیـدا دەگەڕێـتەوە بـۆ سـەردەمی شـیعری کلاسـیکی کـوردی، بـۆ یەکەم جـار لە لایەن( مەحـوی) شـاعیر لە دێـرە شـیعرێکیدا زاراوەی( تیاترۆ) ی بەکارهێناوە، دەڵێت:

(( دنیا تیاترۆیە، مەوەستە تیا، برۆ

کێ مایەوە تیا کە نەبووبێ تیا، ترۆ !)) ( مەحوی، ١٣٨٩، ل٢٩٦)

ئەگەرچـی زاراوەی( تیـاترۆ) لە وشـەی( theatre) لاتینـی وەرگیـراوە، کە بە مانـای(( ئـافرەتی خراپ و شوێنی خراپ گوتراوە تیاترۆ، ئەمەش چونکە لە ناو کوردا نەبینراوە ئافرەت بچێتە سـەر شـانۆ و نوانـدن پێشـکەش بکـات، هەروەهـا لە سـەردەمی ئینگلیزەکـانیش هەر زاراوەی تیاترۆ بەکارهاتووە)) ( پیربال، ٢٠٠١، ل١١). بەڵام مەحوی شاعیر لەم دێرە شیعرەیدا تیاترۆی بۆ واتایی شانۆنامەی بەکارهێناوە.

یەکەم کەسیش لە ئەدەبی کوردیدا زاراوەی شانۆی بەکارهێنابێت، ئەوا( گۆرانی شاعیرە بۆ یەکەم جار لە دیوانەکەی خۆیدا بە ناونیشانی( فرمێسک و هونەر) لە ساڵی ١٩٥٠ چاپکراوە، (جیلوەی شـانۆ)ی کردۆتە ناونیشـانی یەکێک لە پارچە شیعرەکانی) ( گۆران، ١٣٨٦، ل١٠٦). واتە تا ئەو کاتە هیچ کەس و شاعیرێک وشەی شانۆی بەکارنەهێناوە، گۆرانی شاعیر یەکەم کەس بووە ئەم وشەی وەکو ناونیشانی یەکێک لە شیعرەکانی بەکارهێناوە.

لە دوای بڵاوبونەوەی ژمارەیەکی زۆری گۆڤار و ڕۆژنامە، ئیتر وردە وردە کۆمەڵێک زاراوە و چەمکـی نـوێ لە زمـانە ئەوروپییەکـان و زمـانی عەرەبـی هـاتنە نـاو ئەدەبـی کـوردی. بەم شێوەیە نوسەر و شاعیرەکانمان هەر یەکە و بە پێی شارەزای و ئاگاداری خۆیان لە ئەدەبی میللەتـانی دەوروبەر و جیهانیـدا زاراوەیەکیـان بـۆ ئەم ژانـرە بە کارهێنـاوە، یەکێـک لەوانە (عەبـدوالرەحیم رەحیمـی هەکـاری لە سـاڵی ١٩١٩ لە گۆڤـاری ژیـن دا زاراوەکـانی( پـیەس، تیـاتر)ی بەکارهێنـاوە، هەروەهـا لیـژنەی فەن و تەمیسـل لە سـاڵی ١٩٢٠ لە شـاری هەولێـر لە قوتابخـانەی ئەربیلـی ئـوولا دامەزرا، زاراوەی( تەمسـیل) یـان بـۆ ئەم ژانـرە بەکارهێنـاوە. پیرەمێـری شـاعیریش یەکێکـی دیـکە لە وتـارە ڕەخنەیەکـانی بەرامـبەر بە ژانـری شـانۆنامە زاراوەکـانی( تەمسـیل، فەننـی تەمسـیل، درام، پـیەس) ی بەکارهێنـاوە، هەروەهـا( حوسـێن نـازم)یش لە سـاڵی ١٩٢٧ لە رۆژنـامەی ژیـان زاراوەکـانی( تەمسـیل، فەننـی تەمسـیل)ی بەکارهێنـاوە، بێکەسـی شـاعیریش زاراوەی( تیـاترۆ)ی لە بەرامـبەر زاراوەی شـانۆنامە بەکارهێناوە) ( پیربال، ٢٠٠١، ل١٢). واتە نوسـەر و شـاعیر و ڕەخنەگرەکان هەر یەکە بە پێی ئاگاداری و شارەزابوونیان لە ئەدەبی بیانی و ئەدەبی میللەتانی دەوروبەردا، زاراوەیەکەیان لە بەرامبەر ئەم ژانرە بۆ ناو ئەدەبی کورد گواستۆتەوە.

## ٢.١- پێناسە و ڕۆڵ و گرنگی شانۆنامە:

شانۆنامە یەکێکە لەو ژانرانەی کە تایبەتمەندییەکی جیاوازی هەیە لەگەڵ ژانرەکانی دیکەدا، چونکە شانۆنامە ژانرێکی دوو لایەنە و ئاوێتەیە، واتە شانۆنامە ژانر و جۆرێکی هاوبەشە لە نێوان هونەر و ئەدەبدا، بەو واتایەی ژانری شانۆنامە پەیوەندییەکی توند و تۆڵی لەگەڵ هەردوو بوارەکەدا هەیە، شانۆنامە(( لە نێو شێوە ئەدەبییەکانی دیکەدا، پەیوەندییەکی توند و تۆڵی لەگەڵ شێوەکانی هونەردا هەیە، دراما لە جەوهەرەکەیدا هەر بە تەنیا ژانرێک لە ژانرەکانی ئەدەب نییە، بەڵکو نمایش دەکرێت، سەربارەی ئەوەش تارادەیەک لە سنوری ئەدەب دەچێتە دەرەوە، چونکە دەکرێ لە شیکردنەوەیدا، هەر پشت بە تیۆری ئەدەب نەبەسترێت، بەڵکو بە تیۆری شانۆش ببەسترێت)) ( حوسێن، ٢٠٠٧، ل٢٣٣). بەو واتایەی شانۆنامە ژانرێکی جیاوازە، چونکە لە ئەدەب و هونەردا بەژداریەکی کارای هەیە، کەواتە ئێمە کار لەسەر ژانرێکی دوولایەن دەکەین، بەڵام ئەوەی ئێمە زیاتر هەڵوەستە و کاری لەسەر دەکەین بوارە ئەدەبیەکەیە، بوارە هونەرییەکەی کە زیاتر لایەنێکی پراکتیکیە، بۆ لێکۆڵەرانی هونەر و بەشی شانۆ جێدەهێڵین.

ئاشکرایە هەموو دەقێکی شانۆیی بۆ ئەوە دەنوسرێت، کەوا رۆژێک لە رۆژان بخرێتە سەر تەختەی شانۆ و نمایش بکرێت، واتە هەموو شانۆنامەنووسێک کاتێک شانۆنامەیەک دەنوسێت، بەهیوایە دەقەکەی بخرێتە سەر تەختەی شانۆ، چونکە ئەگەر بمانەوێت پەیامی شانۆنامە بە تەواوی بگاتە بە وەرگر، پێویستە دەقەکەی بخرێتە سەر تەختەی شانۆ و پێشکەشی بینەران بکرێت. لەم بارەیەوە( حمە کەریم هەورامی) جەخت لەسەر هەردوو بواری شانۆنامە دەکاتەوە، دەڵێت: (( یەکەمیان خامەی ڕەنگینی نوسەر ئەینەخشێنێ و ئەوی تریان بە کۆششی دەرهێنەر و چالاکی ئەکتەر گیانی بەبەردا دەکرێت و دەخرێتە بەردەمی بینەر)) ( هەورامی، ٢٠٠١، ل١٠). کەواتە شانۆنامە ئەو کاتە کاریگەری زۆری دەبێت بۆ سەر وەرگر، ئەو کاتەی کە دەخرێتە سەر تەختەی شانۆ و نمایش دەکرێت، بەڵام مەرج نییە هەموو دەقێکی شانۆیی بخرێتە سەر تەختەی شانۆ، ئەمەش لەبەر کۆمەڵێک هۆکاری وەک( نەبوونی بودجە، شوێن، زۆری کەرەستەکان بۆ نمایش، ..... هتد)، بۆیە ئەگەر هەموو دەقێکی شانۆیی و شانۆنامەیەک بخرێتە سەر تەختەی شانۆ و پێشکەشی بینەران بکرێت، پێویستە حکومەت پاڵپشتی زۆری ئەم ژانرە بکات، چونکە شانۆنامە خەرجی و ماندووبوونی زیاتری پێویستە، بەراورد بە ژانر و جۆرەکانی دیکەی ئەدەبی.

( د. سەلام فەرەج) دەربارەی شانۆنامە بۆچوونی وایە کە شانۆنامە بە دوو شێوە ڕووندەبێتەوە: (( ١. رووی ئەدەبییەکەیە کە لە دوو تۆی دەق و تێکستەکاندا خۆی دەنوێنێ. ٢.رووی هونەری درامایەکە کێشمەکێشەکانی تیا بەرجەستە دەکرێت و لە نمایشێکدا

پێشکەشــی جەمــاوەر دەکرێــت)) ( فەرەج، ١٩٨٩، ل٨). بەو واتــایەی شــانۆنامە دوو لایەن و شێوەی هەیە، شێوەیەکیان لایەنی تیۆری دەگرێتەوە، ئەمەیان زیاتر خۆی لە خودی دەقەکە دەبینێتەوە، شێوەکەی دیکە لایەنی پراکتیکی دەقەکە دەگرێتەوە، ئەمەشیان لەسەر تەختەی شانۆ نمایش دەکرێت.

شانۆنامە یەکێکە لەو ژانرە ئەدەبییانەی کە گیانێکی زیندووی تێدایە، بۆیە هەمیشە شانۆنامە وەک چەک و ئــامرازێکی کــاریگەر و ناســراوە بە دەســت شانۆنامەنووســەکانەوەیە، بــۆ وشیارکردنەوەی هەموو تاکەکانی کۆمەڵگە. ئاشکرایە کە شانۆنامە بە پێی مێژوو گۆڕانی بەسەردا هاتووە، چونکە هەر سەردەم و رۆژگارێک ژینگە و کەرەستە و بارودۆخی ژیان و لایەنەکانی( سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابوری، کەلتووری، ... هتد) تایبەت بە خۆی هەبووە، لە سەردەمەکانی دیکە جیاواز بووە. بۆیە هەندێ کات شانۆنامە لە لوتکەی گەشەسەندندا بووە، هەندێ کاتیش لە وەستان نزیک بۆتەوە.

یەکێک لە کارە گرنگ و کاریگەرەکانی ژانری شانۆنامە ئەوەیە کە هەوڵ دەدات هەموو کێشە و نـاکۆکی و ململانـێ و کەموکـورتی و خۆشـی و ناخۆشـیەکانی نـاو کـۆمەڵگە بخـاتە سـەر تەختەی شانۆ، بۆ ئەوەی وا لە وەرگر بکات، ئاگاداری هەموو خۆشی و ناخۆشیەکانی ناو کۆمەڵگەی بێت، هەوڵبدات لە ژیانی رۆژانەی خۆیدا لەو شتانەی کە زیانی پێدەگەینێت لە خۆی دووربکـاتەوە، هەروەهـا ئەو کـردارانەی کە سـودی پـێ دەگەیەنێـنن لێیـان نزیـک بێـتەوە و دووبارەیان بکاتەوە، ئەمەش خۆی لە خۆیدا جۆرێکە لە سود گەیاندن. بەو واتایەی وەرگر بە هـۆی ژانـری شـانۆنامە ئاگـاداری گشـت خۆشـی و ناخۆشـیەکانی نـاو کـۆمەڵگەکەی دەبێـت، ئاگاداری هەموو ئەو رووداوانە دەبێت، کە لە دەوروبەر یان داهاتوودا روودەدەن.

ســەبارەت بە رۆڵ و گرنگـی و کـاریگەری شـانۆنامە ئەوا لە بەیاننـامەی( کـۆنگرەی شـانۆی جیهـانی)دا کە لە شـاری( پـراگ)ی سویسـرادا لە سـاڵی ١٩٤٨ بەسـترا، هـاتووە:(( مـرۆڤ لە توانایدا هەیە لە گشت کات و جێگەیەدا بەهۆی هونەری شانۆوە بەرگری لە بوونی خۆی بکات و خواستەکانی دەرببرێت، کەواتە هـونەری شـانۆ چـالاکییەکی جیهـانییە و دەتـوانێ دەورێکـی کاریگەر و بە توانا ببینێ لە کۆکردنەوەی ئامانج و یەکخستنی کۆمەڵانی گەورەی جیهانیدا لە پێناوی ئاشتی گەلان و خزمەتگوازی و سەرفرازی مرۆڤدا.)) ( سالار، ١٩٨٠، ل٧). بەو واتایەی دەقی شانۆیی هەرگیز نابێت، لە دەرەوەی سنوری کێشەکانی کۆمەڵگەدا بێت، خۆی لە کێشە و گرفتەکانی ناو کۆمەڵگەکەی بشـارێتەوە، بە واتـایەکی دیکە نابێت پەیـامی شـانۆنامە لە دۆڵێک بێت و پەیـامی خەڵـکەکەش لە دۆڵێکـی دیکە، بەڵکـو پێویسـتە پەیـامی ژانـرەکە و خەڵـکەکە لە یەکتریەوە نزیک بێت، لە خـزمەت خەڵکەکە دابێت، بۆ ئەوەی شـانۆنامە کـاریگەری خـۆی لە دەست نەدات.

بۆیە شانۆنامە(( ئەو هونەرە بەرزە جیهانییەیە، کە بە قوتابخانەی گەڵ ناودەبرێت هەر بۆیە ئاشنا بوون بەم هونەرە مانای ئاشنابوونە بە مێژووی هەوڵدان و کۆششی مرۆڤ و ململانێیەکانی، بەردەوامی و کۆڵنەدانی، کەرەستەی سەرەکی مرۆڤە و مەبەست ئەنجامدانیش هەر مرۆڤە)) ( سالار، ١٩٨٠، ل٨). بەو واتایەی پێویستە سەرجەم رووداوەکانی ناو ئەم ژانرە لە دەوری مرۆڤ بسورێتەوە، گشت پەیام و بیرۆکەکانی ناو دەق و تێکستەکە بۆ گەیاندنی سود و کەڵک بێت بۆ تاکەکانی ناو کۆمەڵگە، هەروەها هەموو ئەو شتانەی کە مرۆڤ رووبەرووی زەحمەت و ناخۆشی دەکاتەوە ئاگادار بێت و دووریان بخاتەوە.

یەکێکی دی لە سود و قازانجەکانی ئەم ژانرە ئەوەیە کە بەهۆی شانۆنامەوە گەل و میللەتان توانیویانە ئەو زوڵم و زۆر و ستەمکاریەی کە لێیان کراوە بە جیهانی بگەیەنێن، واتە شانۆنامە وەکو مینبەرێک سەیر کراو بۆ گەیاندنی دەنگی ستەملێکراوان بە هەموو دونیا. میللەتی کورد وەکو یەکێک لە میللەتە ستەملێکراوەکان، توانیویەتی بە شێوەیەکی باش سود لەم ژانرە وەربگرێت، شانۆنامەنووسەکانمان توانیویانە بەشێک لەو ستەمکاریە و دەردەسەرییەکانی بەسەر میللەتەکەماندا هاتووە، بە شانۆنامە باسی بکەن، بەو واتایەی شانۆنامە(( رێگا و هوکارێکی گرنگ بۆ دەربڕینی کێشە و ئازار و چەمەسەرییەکانی)) ( سمۆ، ٢٠٠٧، ل٤٩). چونکە شانۆنامە یەکێکە لەو هونەر و ژانرانەی کە بە شێوەیەکی راستەوخۆ پێشکەش دەکرێت، بۆیە دەتوانرێت پەیام و بیرۆکەکانی بە ئاسانی بە وەرگر بگەیەنرێت. لەم میانەشدا شانۆنامەنووس( ئەحمەد سالار) دەستێکی بالای هەبووە، لە باسکردنی ئەو ئازار و ستەم و دەردەسەرییەکانی میللەتی کورد بە هەموو جیهان، چونکە بەشێکی زۆری شانۆنامەکانی ئەحمەد سالار باس لە کێشە و گرفت و ئێش و ئازارەکانی میللەتی کورد دەکات، بۆ نموونە لە شانۆنامەکانی وەکو: ( ئەنفال، هەڵەبجەی شەهید، نالی و خەونێکی ئەرخەوانی، مینا، کۆتەڵەکەی ئەحمەد موختار جاف، ..... هتد).

ئەرکی شانۆنامە(( هەر نمایش کردن نییە، بەڵکو خزمەتکردنیشە بە جەماوەر و هۆشیار کردنەوەشیانە لە هەموو رووداو و بەسەرهاتەکانە و گۆرانکاریەکانی ژیان)) ( رەشید، ٢٠١٢، ل٩). بەو واتایەی کە ئەم ژانرە بۆ خزمەتکردنی کۆمەڵگە دروست بووە، لە هەوڵ دایە لە رێگەی دەق و نواندن و نمایشەکانی وەرگر ئاگادار بکاتەوە، لە هەموو کەموکوری و کێشە و ململانێیەکانی ناو کۆمەڵگە. هەروەها پێویستە شانۆنامە لە هەوڵی(( ئاشکرا کردنی ژیانی خەڵکی دا بێت بە شێوەیەکی دروست و بۆ ئەوەی وەرگر بەو هۆکارە لە دەوروبەری خۆی بگات، بۆ ئەوەی کاریگەری لەسەر هەبێت و بە سەریدا زاڵ بێت)) ( بینتلی، ١٩٨٦، ص٩٤). بەو واتایەی کە شانۆنامە پێویستە بەردەوام ڕەنگدانەوەی ناخی کۆمەڵگەکەی بێت و لە هەوڵی وشیارکردنەوەی تاک بە تاکی کۆمەڵگەکەی دابێت.

( ئەحمەد سالار) لەبارەی ئەرکی شانۆنامە بۆچوونی وایە: ((ئەرکی شانۆنامە وشیارکردنەوە و ڕێنمایی کردنی گەڵە بۆ جوانکردنی ئەو ڕۆژگارەی کە تێدا دەژین)) ( سالار، گۆڤاری رامان، ژ١٥٩، ١٩٩٩، ل٧). کەواتە شانۆنامە گونجاوترین ژانرە بۆ دەربڕینی هەموو خۆشی و ناخۆشی و کەموکورییەکانی ناو کۆمەڵگە و باشترکردن و جوانترکردنی ژیانمان، بۆیە (د.ئیبراهیم ئەحمەد سمۆ)ش لەم بارەیەوە دەڵێت:(( شانۆنامە پوختترین جۆری دەربڕینی ژیانە، هەروەها هەموو ژیان بە تاڵ و شیرینەوە لە خۆ دەگرێت، بە پێی سەردەمەکانیش گونجاوە و ڕەنگ و روخساری سەردەمەکەی نواندۆتەوە)) ( سمۆ، ٢٠٠٧، ل١٧).

یەکێکی دیکە لە ئەرک و ڕۆڵەکانی شانۆنامە ئەوەیە کە(( وەکو چالاکیەکی جیهانی دەژمێردرێت و دەتوانێ ڕۆڵێکی گەورە و کاریگەر لە کۆکردنەوە و یەکخستنی کۆمەڵگای گەورەی جیهانیدا ببینێ)) ( سالار، ١٩٨٠، ل٧). بەو واتایەی کەوا ئەم ژانرە وەکو لایەن و بوارێکی کاریگەری ئەدەبی لە توانایدایە کە هەموو نەتەوە و گەلەکان لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە، ئەمەش تایبەتمەندییەکی دیاری ئەم ژانریە. هەروەها ڕۆڵی بەرچاو و کاریگەر دەگێرێت، لە پێناو ئاشتی و سەرفرازی و خۆشگوزەرانی سەرجەم نەتەوە و گەلانی جیهاندا. بۆ نموونە زۆر جار ڤیستیڤاڵی تایبەت بە نمایشکردنی شانۆگەری لە جیهان ئەنجامدەدرێت، بەشێکی زۆر لە نەتەوە و میللەتە جیاوازەکان بە گروپە شانۆییەکانیان بەژداری تێدا دەکەن، هەوڵدەدەن دابونەریت و کەلتووری خۆیان بەنەتەوەکانی دیکە بگەیەنێن.

شانۆنامە یەکێکە لەو ژانرانەی کە تێکەڵەیەکە لە نێوان ئەدەب و هونەر، بۆیە بۆ پێناسەکردنی شانۆنامە ناکرێت، تەنیا پشت بە بۆچوون و تێڕوانینی نوسەر و شارەزایانی ئەدەب یان هونەر ببەستین، بەڵکو هەوڵدەدەین بۆچوون و تێڕوانینی هەردوو بوارەکە بخەینەڕوو:

ئەرستۆی یۆنانی یەکەمین کەسە، کە پێناسەی شانۆنامەی کردووە، لە( هونەری شیعری)یەکەی خۆیدا لە بارەی تراژیدیاوە، دەڵێت: (( لاسایی کردنەوەیەکی کردەوەی سەنگین و لە خۆیەوە تەواو پێگەیشتووە، کە درێژییەکی دیاری هەیە و بە زمانێکی پاراو نوسراوە، کە چەندین بابەتی هونەری تێدا هاتووە، کە لەگەڵ بەشەکانی شانۆگەری دەگونجێن و ئەمەش هەمووی بەشێوەی درامی، نەک گێرانەوە ئەنجام دەدرێ و ڕووداوی وای تێدایە، کە بەزەیی و ترس دەورژێنێ و بەمەش پاکبونەوە لەم دوو سۆزە دێتە دی)) ( ئەرستۆ، ٢٠٠٤، ل٢٧). ئەگەر چی ئەرستۆ لێرەدا پێناسەی تراژیدیای کردووە، بەڵام ڕەخنەگر و پسپۆرانی ئەم بوارە بۆچوونیان وایە کە ئەم پێناسەیە گونجاوە بۆ ژانری شانۆنامە، ئاشکرایە کە تراژیدیا جۆرێکە لە جۆرەکانی شانۆنامە، لە سەردەمی کۆنی گریکیدا جێگایەکی بەرزی لە ناو کۆمەڵگەدا هەبووە، بەهۆی ئەو کاریگەریەی کە هەیبووە و بۆتە هۆی پاککردنەوەی دڵ و دەروونی مرۆڤەکان، پرۆسەی لاساییکردنەوەش لای ئەرستۆ پایەیەکی بەرزی هەبووە، لەم پێناسەشدا

به ڕوونی ئەوە دەردەکەوێت، ئەرستۆ لە پێناسەی کردنی تراژیدیا جەخت لەسەر کردەی لاساییکردنەوە دەکاتەوە، شانۆنامەش خۆی لە بنەڕەتدا کردەیەکی لاسایی کردنەوەیە، هەروەها ئەرستۆ لەم پێناسەیەدا هەندێ یاسای و دەستوری وا دادەنێت کە تا ئێستاش ئەم یاسا و دەستورانە بۆ ژانری شانۆنامە بەکاردێن و گرنگن. ( مەکنون محمد طاهر) لە بارەی پێناسەکەی ئەرستۆوە کە بۆ تراژیدیای کردووە، شەش ڕەگەز و توخمی دیاریکردووە، کە بریتیین لە: (( ١. پێشکێشکرن و پلان، ٢. کەس یان کەسایەتی. ٣. هزر ٤. دەربڕین ٥. ئاواز ٦.چێکرنا دیمەنی)) ( طاهر، ٢٠٢٠، ل٥-٦).

بۆ پێناسەکردنی ئەم ژانرە کۆمەڵێک بۆچوون و تێروانینی جیاواز لە ئارادایە، بۆ نموونە هەندێ لە نوسەر و ڕەخنەگرانی ئەم بوارە بۆچوونیان وایە کە شانۆنامە وەک ئاوێنەیەک وایە، لاسایی هەموو کار و کردەوە و ئاکارەکانی مرۆڤ دەکاتەوە، بۆ نموونە( شیشرۆن)ی رۆمانی لەم بارەیەوە دەڵێت: (( شانۆنامە وێنەیەکە لە ژیان و ئاوێنەیەکە کە تێدا دابونەریت و راستیەکان خۆیان دەنوێنن)) ( فرید و عبدالحمید،١٩٨٠، ص٥٢). واتە شانۆنامە ئەو هونەرەیە یان ئەو ژانریە کە مرۆڤەکان وەکو ئاوێنەیەک بەکاریدێنن، بۆ ئەوەی هەموو دابونەریت و راستیەکانی ژیانی خۆیان لە خۆشی و ناخۆشیەکانی تێدا نمایش بکەن، بۆ ئەوەی ببێتە پەند و وانەیەک بۆ نەوەکانی داهاتوو، بۆ ئەوەی بتوانن سود و کەڵکی لێ وەربگرن.

( بۆمارشیە)یش یەکێکی دیکەیە لە نوسەرەکان لەم بارەیەوە بۆچوونی وایە کە شانۆنامە: ((لاسایی کردنەوەیەکی هونەری رووداوەکانی ژیانە)) ( رشدی، ٢٠٠٠، ص٩١). بۆمارشیە لەم پێناسەیەدا جەخت لەسەر کردەی لاسایی کردنەوە دەکاتەوە بە هەمان شێوەی ئەرستۆ، بەڵام لە شێواز و مامەڵەکردنیاندا لە یەکتریەوە جیاوازن، چونکە لاسایی کردنەوە لای بۆمارشیە لاساییکردنەوەی هەموو کار و کردەوەکانی مرۆڤە، پێویستە شانۆنامە لاسایی و ڕەنگدانەوەی ژیانی مرۆڤەکان بێت. کەواتە دەتوانین بڵێین کە ئەرکی شانۆنامە لاسایی کردنەوەی کردەوە و ئاکاری مرۆڤە لە ناو کۆمەڵگە، بەڵام بە تەنها لاسایی کردنەوەیەکی رووت نا، بەڵکو پێویستە شانۆنامە باس لە کێشەکان بکات و لێیان بکۆڵێتەوە و بۆ ئەوەی بگات بە چارەسەرێکی گونجاو.

( J.A.Cuddon) دەربارەی پێناسەی شانۆنامە دەڵێت: (( بە شێوەیەکی گشتی هەر بەرهەمێک کەوا نوسرابێت و بۆ ئەوەی لە لایەن ئەکتەر و کەسەکانەوە بخرێتە سەر تەختەی شانۆ پێی دەڵێن شانۆنامە)) (Cuddon, 1993, p.237 ). نوسەر لەم پێناسەیەدا تەنیا جەخت لەسەر لایەنی پراکتیکی ژانری شانۆنامە دەکات، لایەنی تیۆری ژانرەکەی فەرامۆش کردووە، ئەمەش دەبێتە هۆی خەوش و کەموکوری لە پێناسەکەیدا، چونکە مەرج نییە هەموو شانۆنامەیەک لەسەر تەختەی شانۆ نمایش بکرێت، بە سەرنجدان لە شانۆنامەکانی( ئەحمەد سالار) دەبینین

ژمارەیەک شانۆنامەی شانۆنامەنووس تاوەکو ئێستا نمایش نەکراون، بۆ نموونە( شانۆنامەی قەوانێکی یەک روو، شانۆنامەی ئەو دەمەی خۆر بەئاگادێتەوە، .... هتد).

( بیلنیسکی) یش یەکێکی دیکەیە لە نوسەرەکان کە بۆچوونی وایە کە شانۆنامە: (( پێکهاتەیەکە لە نێوان شتە دژوارەکان لە نێوان بابەتێکی داستان و خودی گۆرانیدا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نە داستانە و نەگۆرانی، بەڵکو جۆری سێیەمە و تەواو نوێ و سەربەخۆیە)) ( السوڤیت، ١٩٨٠، ص٧٥). بیلنیسکی بۆچوونی وایە کە شانۆنامە ژانرێکی نوێیە و لە نێوان داستان و گۆرانی دانییە، چونکە بەشێکی زۆری ڕەگەز و توخمەکانی( داستان، گۆرانی) لە ناو شانۆنامەدا ڕەنگدەداتەوە، بەڵام ئەمە مانای وا نییە کە شانۆنامە بەشێک بێت لەم دوو شێوە ئەدەبییە یان سەر بەوان بێت، بەڵکو ژانرێکی تەواو نوێ و سەربەخۆیە.

( ژان بارۆ)ش بۆچوونی وایە کە شانۆنامە: (( وەک کانگایەکی گەورە وایە بۆ نواندنی چالاکییەکانی مرۆڤ و بزوێنەرێکی بەهێزە)) ( سالار، ١٩٨١، ل٦). ئەمە ئەوە دەسەڵمێنێت کە شانۆنامە یەکێکە لە ژانرە کاریگەر و زیندووەکانی ئەدەبیات، پەیوەندییەکی بەهێز و ڕاستەوخۆی لەگەڵ زۆرینەی مرۆڤەکانی ناو کۆمەڵگەدا هەیە، هەر بۆیە شانۆنامە لای زۆرێک لە نوسەران وەکو ئاوێنەیەک سەیر کراوە، کە تیادا ڕەنگدانەوەی دابونەریت و کێشە و گرفت و ڕووداوەکانی ناو کۆمەڵگەکە بێت.

( د.رشاد رشدی) نوسەری کتێبی( نظریە الدراما من أرسطو الی الأن) دەربارەی پێناسەی شانۆنامە دەڵێت: (( لاسایی کردنەوەی ڕووداوێکی تەواوە، بەشەکانی هەمووی پێکەوە گرێدراون و وابەستی یەکترین، ئەگەر بەشێک یان چەند بەشێکی لێ لابدەین، ئەوا ڕووداوەکە بە تەواوی دەگۆڕێت)) ( رشدی، ٢٠٠٠، ص١٧). نوسەر لەم پێناسەکەیدا جەخت لەسەر یەکێتی بابەت دەکاتەوە، بەوەی کە هەموو بەش و توخمەکانی شانۆنامە بە یەکترەوە بەستراون، بە لادان یان لاوازبوون یان نەمانی هەر یەک لەو بەش و توخمانە، شانۆنامەکە بە جۆرێک لە جۆرەکان تووشی لاسەنگی دەبێت و ڕۆڵ و کاریگەریەکەی بەرەو لاوازی و نەمان دەچێت.

لە( معجم الفن السینمائی) دا بەم شێوەیە پێناسەی شانۆنامە کراوە: (( گشت ئەو دەق و نمایشە درامیانەی دیدی مرۆڤی تیا گەش دەبێتەوە، هەر لە دێرینەوە تا ئەمرۆ کەوتۆتە بۆتەی کێشەیەکەوە لە نێوان مرۆڤ و مرۆڤ یان مرۆڤ و سروشت یان پێکهێنەرەکانی ژینگە و دەوروبەر)) (مرس و وهبة، ١٩٧٣، ص١١٠). ئەم پێناسەیە جەخت لەسەر کێشە و ململانێیەکانی نێوان مرۆڤەکان و شتەکانی دەوروبەری دەکاتەوە، وای دەبینێ کە پێویستە ئەمانە بەشێکی گرنگی ناو شانۆنامەکە بێت و بە تەواوی لە ناوی ڕەنگبداتەوە.

نوسەر و ڕەخنەگرە کوردەکانیش بێ بەش نەبوون لە باسکردن و پێناسەکردنی ئەم ژانرە، بۆ نموونە( د. سەلام فەرەج) لە نامەی دکتۆراکەی خۆیدا بۆچوونی وایە کە زاراوە و چەمکی شانۆنامە دوو واتایی سەرەکی هەیە، بە بێ ئاگاداربوون و لێکدانەوە و ڕوونکردنەوەی ئەو دوو واتایە، کارێکی ئەستەمە کە لێکدانەوە و پێناسەی چەمکی شانۆنامە بکرێت. واتایی یەکەم بریتییە لە: (( واتایی تایبەتی: مەبەست لە واتایی فەرهەنگی وشەی( دراما) یە کە لە وشەی (درامینۆن) یۆنانی کۆن وەرگیراوە بە واتای( کاری شتێک) دێت)) ( فەرەج، ٢٠٠٩، ل١٣). هەروەها واتایی دووەم بریتییە لە: (( واتایی گشتی: دراما لە لای ئێمە و لە لای زۆربەی خەڵکیش بەم واتا گشتییەی ناسراوە کە بریتییە لەو دەقە ئەدەبییەی کە بۆ پێشکەشکردن نوسراوە)) ( فەرەج، ٢٠٠٩، ل١٤).

( عەلائەدین سجادی)یش لە بارەی پێناسە کردنی شانۆنامەدا دەڵێت: (( چیرۆکێکە لە ناو خۆیدا بەش بەش ئەبێتەوە، وای لێ دێت بە دەمەتەقێ لە بەینی دوو کەسا ! لێرەدا وەسفی دیمەن و کەسان مەبەست نییە، بەڵکو مەبەست کارەساتەکەیە. دیسان ئەویش هەر لە یۆنانەوە هاتووە.)) ( سجادی، ١٩٥٢، ل١٣٤). لەم پێناسەیەدا سجادی جەخت لە سەر ڕووداو یان کارەساتەکانی ناو دەقی شانۆیی دەکات، بۆچوونی وایە کە تاکە مەبەست و ئامانج لەم ژانرە ڕووداوە، ڕەگەزی ڕووداو بە ڕەگەزی بنچینەیی و بنەڕەتی دادەنێت.

( ئەحمەد سالار)یش یەکێکە لە نوسەر و شانۆنامەنووسەکانی دیکە دەربارەی شانۆنامە بۆچوونی وایە کە شانۆنامە دوو شت دەگەیەنێت کە ئەمانەن: (( ١.ئەو بابەتە ئەدەبییە کە لە تێکستێک دەبینرێتەوە. ٢. هونەریەکە لە بەرگی پێشکەشکردندا دەبینرێتەوە.)) ( سالار، ١٩٨٠، ل٢٢ـ٢٣). ئەحمەد سالار لە پێناسەکەیدا بۆ شانۆنامە تیشکی خستۆتەسەر هەردوو لایەن و بوارەکە و بە یەکەوە باسی کردووە. واتە هەردوو لایەنی تیۆری و پراکتیکی بە یەکەوە باسکردووە. هەروەها لە سەرچاوەیەکی دیکەشدا شانۆنامە بە دوو شێوە پێناسەکراوە: ((وشەی دراما دوو چەمکی هەیە، یەکەمیان: ئەو دەقەیە کە بتوانرێت لەسەر شانۆ پێشکەش بکرێت، ئیتر بە هەر زمانێک بێت، یان لەسەر هەر ڕێبازێکی هونەری بێت. دووەمیش: ئەو شانۆگەرییە کە کۆتایی بە دڵخۆشی یان ناخۆشی دێت و چارەسەری گیروگرفتێکی گرنگ بە شێوەیەکی سۆزدار دەکات)) ( طاهر، ٢٠٢٠، ل٦).

( پەروین عەبدوڵلا)ش لە بارەی پێناسەی شانۆنامەوە دەڵێت: (( ژانرێکی ئەدەبی و هونەرییە لە چوارچێوەی تێکست و دەقدا ئەدەبییە، تەنیا یەک هەستی تێدایە، بەشدارە ئەویش هەستی بینینە، جووڵە و دیمەنەکەی زەنین، خوێنەر لە کاتی خوێندەوەی دا درک بە دیمەنەکان دەکات، هەر ئەم دەقە لە قالبی تێکست و دەقدایە، گیانی تێدا بەرجەستە دەکەن، لەسەر تەختەی شانۆ

نمایش دەکرێت، ئەو کاتە دوو هەست تێدا بەشدار دەبێت، هەستی بینین و بیستن)) ( عەبدوڵلا، ٢٠٠٨، ل٢٥).

( یاسین رەشید)یش یەکێکی دیکەیە لە لێکۆڵەرەکان لەم بارەیەوە دەڵێت: (( دەتوانین دراما وەک ئەو جۆرە لە ئەدەب بناسین، کە چیرۆکێک لە خۆ دەگرێ پڕ لە رووداو لە کات و شوێنێکی دیاریکراو بەرجەستە دەکرێت، بە واتایەکی دی ئەو تایبەتمەندێتی یە لە سەرجەم ژانرە ئەدەبییەکانی تری جیادەکاتەوە، کە دراما ئەدەبێکە بۆ ئەوە دەنوسرێ نمایش بکرێت، لەگەڵ ئەوەی هەندێک دەقی درامی هەیە کە تەنها بۆ خوێندنەوەن، بەڵام بە گشتی دەقی دراما بە ئامانجی پێشکەشکردنی لە بەردەم بینەران دەنووسرێ و هەموو ئەو وردەکارییانەشی تێدا رەچاو دەکرێت کە ساتی رووبەرووبونەوە لەگەڵ وەرگر دەیخوازێ)) ( رەشید، ٢٠٠٤، ل٥). (ئیبراهیم ئەحمەد سمۆ)یش بۆچوونی وایە کە شانۆنامە: (( دەقەکێ ئەدەبی یێ( هۆزان و پەخشانکی) یە، ژ بۆ نمایشکرنێ و خواندنێ هاتیە نڤیسین، داکو هەندەک لایەنێن ژیانییێن ڕاستەقینە دابنیتە بەرچاڤ، چ ژبۆ چارەسەریا هندەک کێشێن ژیانێ بیت یا دیارکرنا لایەنێن دەروونێ مرۆڤی بیت یانژی ژ بۆ چێژبەخشی و پێکەنینێ بیت)) ( سمۆ، ٢٠٢٠، ل١٦١ ـ ١٦٢).

کەواتە ئەگەر بە وردی هەڵوەستەیەک لە سەرجەم پێناسەکان بکەین، دەبینین کەوا لە کۆی ئەو هەموو پێناسانەی کە بۆ شانۆنامە کراون، کۆمەڵێک خاڵی هاوبەش و کۆمەڵێک خاڵی جیاوازیشیان لە نێواندا هەیە، لە ئەنجامدا دەتوانین بڵێین کە شانۆنامە بریتییە لەو بەرهەم و تێکستانەی کە لە لایەن شانۆنامەنووسەکانەوە بۆ دوو مەبەستی سەرەکی دەنوسرێت، مەبەستی یەکەم خوێندنەوەیە، ئەوەی دیکەشیان لەسەر تەختەی شانۆ نمایش دەکرێت، بۆ ئەوەی کێشە و گرفت و ململانێ و کەموکورییەکان و خۆشی و ناخۆشیەکانی تاکەکانی ناو کۆمەڵگە بە وەرگری بیگەیەنێت.

## ٣-١- ڕەگەزەكانی شانۆنامە:

ئاشكرایە شانۆنامە وەكو هەر ژانرێكی دیكەی ئەدەبی لە كۆمەڵێك ڕەگەزی جیاواز پێكهاتووە، بەشێكیان پەیوەندی بە بواری هونەرییەوە هەیە، واتە لایەنی پراكتیكی ژانرەكە دەگرێتەوە، بۆ نموونە( دیكۆر، ڕووناكی، جل و بەرگ، .... هتد). بەشەكەی دیكەیان پەیوەندی بە بواری ئەدەبییەوە هەیە، واتە لایەنی تیۆری ژانرەكە دەگرێتەوە، ئاشكرایە كە ئەم ژانرە لە كۆمەڵێك ڕەگەز و تەكنیكی جیاواز پێكهاتووە، بەڵام ئێمە هەوڵ دەدەین بە كورتی هەر یەكە لە ڕەگەزەكانی( كەسایەتی، كات، شوێن، زمان) بخەینەڕوو:

### ١-٣-١- كەسایەتی:

كەسایەتی یەكێكە لە ڕەگەز و پێكهێنەرە سەرەكییەكانی دەقی ئەدەبی بە گشتی و ژانری شانۆنامە بە تایبەتی، چونكە ڕۆڵ و كاریگەری بەرچاو و گرنگی هەیە، لە پێكهێنان و بنیاتنانی دەقی ئەدەبیدا، لەبەرئەوەی(( ئەكتەر هەڵسوڕێنەری درامایە و دەیگەیەنێت بە مەنزڵ، لەبەرئەوە دەبێ ڕۆڵی ئەكتەر بە هەند وەربگرێ و بە بایەخەوە تەماشا بكرێت)) ( ڕەشید، ٢٠١٢، ل٢٥) .

كەسایەتی یەكێكە لەو ڕەگەزانەی كە پەیوەندییەكی توند و تۆڵی لەگەڵ دەقدا هەیە، واتە ((كارەكتەر و دەق تەواوكەری یەكدین و كارەكتەر لە دەرەوەی دەق ڕەهەند و ماناكانی خۆی لە دەست دەدات و دەقیش بە بوونی كارەكتەر و ڕووداو و ململانێی ناوی دروست نابێت و گەشە ناكات)) ( ڕەشید، ٢٠٠٤، ل ١٢٣). كەواتە پرۆسەی دروستكردن و بنیاتنانی كەسایەتی لە ناو دەقی شانۆییدا كارێكی زەحمەتە، چونكە شانۆنامەنووس پێویستی بە لێهاتووی و شارەزایەكی زۆر و فراوان هەیە، بۆ هەڵبژاردن و دەستنیشانكردنی كەسایەتییەكان، بۆ ئەوەی ئەو پەیامەی دەقەكە یان ئەو پەیامەی شانۆنامەنووس هەیەتی بە باشی بگاتە وەرگر.

كەسایەتییەكان نوێنەرێكی ڕاستەقینەن لە ناو دەقدا، بۆیە شانۆنامەنووس بۆ دیاریكردن و هەڵبژاردنی كەسایەتییەكان زۆرترین ئەركی لەسەر شانە، چونكە شانۆنامەنووس ((دەبێ زۆر گرنگی بە بنیاتی كەسێتیەكانی ناو دەقەكەی بدات و بە شێوەیەكی جوان بۆ وەرگری ڕوون بكاتەوە كە كەسێتیەكان لە ڕووكاری دەرەوە و ناوەوە خاوەن چ سیفەتێكن)) ( ئەحمەد، ٢٠١٣، ١١٦). واتە شانۆنامەنووس پێویستە لە كاتی نووسینی دەقی شانۆییدا، شوناس و ناسنامەی كەسێتییەكان بۆ وەرگر ڕوونبكاتەوە، بۆ ئەوەی ببێتە خاڵێكی بەهێز و كاریگەر بۆ گەیاندنی پەیام و بیرۆكەكانی دەق، هەروەها ئاشكراكردنی ناسنامەی كەسایەتییەكان بۆ

وەرگر ئامرازێکی کاریگەر و بەهێز دەبێت، بۆ گەیاندن و گواستنەوەی هەموو ئەو پەیام و بیرۆکانەی کە شانۆنامەنووس هەیەتی، دەیەوێت بیگەیێنێت بە وەرگر.

شانۆنامەنووس (( ئەو کەسێتییەی کە دروستی دەکات کەسێتییەکی زیندووبێ، هەموو لایەنەکان و ئاکارەکان دیاری بکات، بەشێوەیەک جەماوەر و خوێنەر تێبگەنن.)) ( ئەحمەد، ٢٠١٣، ل١١٦). ئاشکرایە ئەو کەسایەتییانەی کە شانۆنامەنووس بۆ دەقەکەی هەڵیاندەبژێرێت، چەند ناسراو و کاریگەر و نزیک بێت، لە ژیان و بارودۆخی وەرگر ئەوەندە کاریگەرییەکەی زیاتر دەبێت، پێویستە شانۆنامەنووس شارەزای لەسەر تەواوی ژیان و( بارودۆخی کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابوری،.. هتد)ی کەسایەتییەکانەوە هەبێ. هەروەها یەکێکی دیکە لە ئەرکەکانی شانۆنامەنووس بریتییە لە دابەشکردنی رۆڵ و ئەرک بەسەر کەسایەتییەکانی ناو دەقی شانۆییەکەیدا، بە واتایەکی دیکە دەسەڵاتی دابەشکردنی ئەرک و رۆڵ بەسەر کەسایەتییەکاندا لە ئەستۆی شانۆنامەنووسەکەدایە. هەروەها شانۆنامەنووس ئەو کەسایەتیانەی هەڵیدەبژێت بە ناوبانگ و کاریگەر و ناسراوبن، بۆ ئەوەی گشت پەیامەکانی ناو دەقەکەی بە خێرایی بگاتە لای وەرگر، لەم بارەیەوە( مارتن أسلن) دەڵێت: (( خەڵکی پێش هەموو شتێک کە دەچن بۆ شانۆگەریەک، دەیانەوێت کارەکتەر جوان و ناسراوەکان ببینن و سەرنجیان رابکێشێت)) ( أسلن، ١٩٨٧، ص٤). کەواتە گەیاندنی گشت پەیامەکانی دەق بۆ وەرگر، وەستاوە لەسەر ڕادەی بەناوبانگ بوون و کاریگەربوونی کەسایەتییەکانی ناو دەقەکە.

بنیاتنانی کەسایەتی لە شانۆنامە کارێکی هێندە ئاسان نییە، چونکە(( کەسی درامی یەکێکە لەوانەی رووداوەکانی شانۆیەک دەبن بەرێوە، ئەوجا ئەو کەسە چ لە بەرهەمێکی ئەدەبی نوسراودا بێت یان لە بەرهەمێکی هونەریدا بێت، لەسەر تەختەی شانۆ و لە وێنەی ئەکتەردا دەربکەوێت، یان دەشێ کەسێکی واتاییش بن و کاربکاتە سەر رووداوەکان و بەرێوەیان بەرێت، بەڵام لەسەر شانۆ دەرنەکەوێت، لەوانەشە کەسەکە( رەمزی) بێت)) (فەرەج، ١٩٨٩، ل٧٧). کەواتە(( پرۆسەی خولقاندنی کارەکتەر بە پرۆسەیەکی دژوار و بێ سنور و یاسا دادەنرێت، ژێدەرێک نییە ببێتە بنچینەی بۆ بنیاتنان پرۆسەیەکە هیچ رێسایەک ناتوانێ تا سەر کونترۆڵی بکات، بۆیە وەک دابێکی کارپێکراوی لێهاتووە کە نوسەر بابەتەکە لە مێشکی خۆیدا گەڵاڵە دەکات)) ( رەشید، ٢٠٠٤، ل١١٧).

هەڵبژاردنی کەسایەتی یەکێکە لە خاڵە دیارەکان و ئەرکە قورسەکانی سەر شانۆنامەنووس، چونکە کەسایەتی رۆڵی کاریگەری هەیە، بۆ زیندوو هێشتنەوەی دەقی شانۆیی، بە واتایەکی دیکە کەسایەتییەکان وا لە دەق دەکات، کاریگەری زۆری هەبێت بۆ سەر وەرگر، هەروەها کاریگەریەکەی بۆ ماوەیەکی درێژخایەن بمێنێتەوە، بۆیە(( پێویستە نوسەری شانۆیی دەسەڵاتێکی بێ سنوری سەبارەت بە ئاشکرا کردن و بە دیارخستنی سیفاتە ورد و

گەورەکانی ئەکتەر هەبێت و زۆر بە وردی شۆربێتەوە ناو تێکرایی بابەتە پێکهێنەرەکانی تەواوی ئیشارەتە وێنەیی و فیکری و دەروونییەکانی بەدیاربخات)) ( سەعید، ۲۰۰۳، ل۲۸).

بە پێی بارودۆخ و ئامادەبوونی کەسایەتییەکان لە ناو رەوتی رووداوەکانی دەقدا بە شێوەیەکی گشتی بۆ سەر دوو دەستە پۆلین دەکرێت، ئەوانیش( کەسایەتیە سەرەکییەکان، کەسایەتییە لاوەکییەکان). کەسایەتی سەرەکی(( رۆڵی سەرەکی و بنچینەیی هەیە لە بە ئەنجام گەیاندنی زۆربەی رووداوەکانی درامادا و ناوەندی دراما پێکدێنێت)) (رەشید، ۲۰۱۲، ل۱۳۹). بەو واتایەی کە کەسایەتی سەرەکی کاریگەری زۆری هەیە، لەسەر بەرەوپێشچوونی رووداوەکانی ناو دەق بە گشتی، لە سەرەتاوە و تاوەکو کۆتایی دەقەکە لە گەشەکردن بەردەوامە. جۆرێکی تری کەسایەتی بریتییە لە کەسایەتی لاوەکی کە ئەم جۆرەشیان رۆڵ و کاریگەریان هەیە، بۆ بەرەو پێشبردنی رووداوەکان و بنیاتنانی رووداوەکان و دیاریکردن و خستنەرووی هەڵوێستی کەسایەتی سەرەکیدا، کەسایەتی لاوەکی(( کەسایەتێکی سادە و ئاساییە و بە شێوەیەکی گشتی لە بارودۆخ و قۆناغەکانی ژیاندا تا رادەیەکی بەرچاو و سۆز و هەڵوێستی هەیە، خاوەن کەسایەتییێکی نەگۆر و جێگیرە)) (مرتاض، ۱۹۹۸، ص۱۰۱).

لەم میانەشدا ( ئەحمەد سالار) دەستێکی باڵا و توانایەکی زۆری هەبووە، لە دەستنیشان کردن و هەڵبژاردنی کەسایەتییەکانی ناو دەقە شانۆییەکانیدا بە گشتی، بەوەی زۆربەی کەسایەتییەکانی راستەقینەن و نزیکن لە نەتەوە و کەلتوور و کۆمەڵگەی کوردی، ئەمەش رێگایەکی کاریگەر و گونجاوە بۆ گەیاندن و گواستنەوەی ئەو پەیام و بیرۆکانەی کە شانۆنامەنوس هەیبووە. ئەمەش وای کردووە بەشێکی زۆری ناونیشانی شانۆنامەکانی بە ناوی کەس کردووە، بۆ نموونە (نالی و خەونێکی ئەرخەوانی، جزیری وانەی عیشق دەدات، شێخ محمود، بێکەس، ...... هتد).

**١-٣-٢- کات:**

یەکێکی دیکە لەو ڕەگەزانەی کە ڕۆڵ و کاریگەریەکی زۆری هەیە، لە بنیاتنانی دەقی شانۆییدا ڕەگەزی کاتە، چونکە(( کات ڕێکخەری کارو کردەوەکانی پاڵەوانە و ڕووداوەکانی بە شێوەی ڕێکوپێک تۆمار دەکات)) ( سلام، ١٩٧٠، ل١٣). واتە ڕەگەزی کات خۆی لە قوڵایی ڕووداوەکانی دەق دەبینێتەوە، بە هۆی ڕەگەزی کاتەوە هەموو چرکەساتی ژیانی کەسایەتییەکان و ڕووداوەکانی ناو دەقەکە بەشێوەیەکی کاریگەر و بەرچاو بەش بەش یان پۆلین دەکات، سەردەمی کەسایەتییەکانی بە وردی لە یەکتر جیادەکاتەوە، واتە ئەگەر کات نەبێت کارێکی قورسە کە قۆناغ و سەردەمی ژیانی کەسایەتییەکانی ناو دەقەکە لە یەکتر جیابکەینەوە.

ڕەگەزی کات هەر لە کۆنەوە گرنگی و بایەخی خۆی هەبووە، بۆیە ئەرستۆ بۆچوونی وایە: ((دەبێت لە ماوەیەکی دیاریکراودا لە( ٢٤) کاتژمێر تێپەر نەکات ڕووداوەکان ڕووبدەن، نابێ لەمە زیاتر کات لە ناو شانۆ فراوان بکرێت، بۆ ئەوەی زەین و هۆشی بینەر پەرش و بڵاو نەبێ، ئەو بنەمایەش هەتا دەرکەوتنی شکسپیر پەیرەو دەکرا لە شانۆی کۆن و کلاسیک دا بەڵام شکسپیر خۆی لەو بەندە رزگار کرد.)) ( ئەحمەد، ٢٠١٣، ل١٦٢-١٦٣). بەو واتایەی کە ئەرستۆ هەر لە کۆنەوە کاتێکی دیاریکراوی بۆ شانۆنامە دەستنیشان کردووە.

ڕەگەزی کات پەیوەندییەکی کاریگەری لەگەڵ هەموو ڕەگەزەکانی دیکەدا هەیە، هەروەها ((ڕووداوی بێ کات وەکو تەرمێکی مردوویە، چونکە بە هۆی کاتەوە هەست بە هەڵقولانەوە و ژیانەوە دەکەین کە لە کاتێکەوە بۆمان دێت)) ( عوسمان، ١٩٩٩، ل٩٨). کەواتە ڕەگەزی کات لە پەیوەندییەکی کاریگەر و بەردەوام دایە، لەگەڵ هەموو ڕەگەزەکانی دیکەی دەقدا، بە تایبەتی لەگەڵ ڕەگەزی ڕووداودا، چونکە هیچ ڕووداوێک لە دەرەوەی کاتێکی دیاریکراودا ڕوونادات.

( د. صلاح فضل) لە کتێبەکەی خۆیدا بەناوی ( منهج الواقعیة فی الأبداع الأدبی)دا سێ جۆر کات دەستنیشان دەکات، دەڵێت: (( کاتی دەق: کە بریتییە لەو کاتەی کە نوسەر دەقەکەی تێدا نوسیوە و ڕووداوەکانی تێدا تۆمار کردووە. کاتی ڕوودانی دەق: ئەو کاتەیە کە ئاماژە بە چەندیەتی ئەو کاتە دەکات کە لە ناو دەقەکە دەخایێنێ وەکو کاتژمێک یان ڕۆژێک یان هەفتەیەک... هتد. هەروەها کاتی فیزیکی: واتە کاتی ڕاستەقینە یان مێژوو یان کات و سەردەم کە ڕووداوەکان باسی لێوە دەکەن)) ( فاضل، ١٩٧٨، ص١١٩). شانۆنامەنووس ئاگاداری هەموو جۆرەکانی کات بێ و بە وریایی مامەڵەیان لەگەڵدا بکات، چونکە هەر جۆرێکی کۆمەڵێک خاسیەتی تایبەت بە خۆی هەیە و جیایە لە ئەوانی دیکە. ( عەبدوڵڵا ڕەحمان)یش

ئاماژە بەوە دەکات کە کات بە پێنج شێوە خۆی دەنوێنێت، ئەوانیش( کاتی ناوەوەی دەق، کاتی دەرەوەی دەق، کاتی نووسینی دەق، کاتی نمایشی دەق، کاتی خوێندنەوەی دەق )( رەحمان، ٢٠١١، ل٣٥٧ـ ٣٦٢).

ڕەگەزی کات(( هەمیشە لە سێ ڕەهەندی سەرەکی خۆی دەبینێتەوە( رابردوو، ئێستا، داهاتوو) ئەو سێ ڕەهەندە کرۆکی مانای کات دەبەخشن و هەمیشە کات لە نێو ئەو کایانەدا لە هاتوچۆنێکی بەردەوامدایە)) ( رەحمان، ٢٠١١، ل٣٥٧). بەشێوەیەکی گشتی کات لەم سێ جۆرە پێکدێت، هەموویان لە ناو دەقدا کاردەکەن بۆ خزمەتکردن بە پەیامی دەقەکە. هەروەها باشترین جۆری کاتیش(( لای زۆران گرنگترین جۆری کات، کاتی ئێستایە کە بوونی تێدا بەرجەستە دەکرێت، مرۆڤ لە ئاگایی دایە بەم واتاییە کاتی ئێستا کاتی دەقە)) ( رەحمان، ٢٠١١، ل٣٥٧). کاتی نمایشکردنی شانۆگەرییەکان هەمیشە کاتی ئێستایە، چونکە دەقی شانۆیی بۆ ئەوە دەنوسرێت کە نمایش بکرێت، بۆیە شانۆنامەنووس پێویستە لەسەری زۆر ئاگاداری ئەم خاڵە بێت و رەچاوی بکات.

هەڵبژاردن و دەستنیشان کردنی ڕەگەزی کات وەکو هەموو ڕەگەز و توخمەکانی دیکە لە ژێر دەسەڵات و ئەستۆی شانۆنامەنووس دایە، واتە شانۆنامەنووس بە پێی پێویستی و ئارەزووی خۆی کاتەکان بۆ دەقەکەی دەستنیشان دەکات. لە ژانری شانۆنامەدا گونجاوترین و گرنگترین جۆری کات کاتی ئێستایە. ڕەگەزی کاتیش بەدەر نییە لە ئەرک و رۆڵی لە ناو دەقدا، واتە ئەرکی ڕەگەزی کات بریتییە لە(( دەستنیشانکردنی زەمەنی رووداو و کردارەکانە بۆ وەرگر)) ( رەشید، ٢٠٠٤، ل١٥٢). بەو واتایەی کە یەکێک لە دیارترین ئەرکی کات ئەوەیە کە کاتی دەق بۆ وەرگر ئاشکرا دەکات، بە واتایەکی دیکە وەرگر بە هۆی کاتەوە دەزانێت کە رووداوەکانی ناو دەقەکە لە چ کاتێک روویانداوە، ئایا رووداوەکان لە رابردوو یان لە ئێستا دایە یان لە داهاتوو روویاندایە.

( ئەحمەد سالار) لە شانۆنامەکانیدا بە شێوەیەکی گشتی کاتێکی تێکەڵی لە شانۆنامەکانی بەکارهێناوە، شانۆنامەنووس لەم بارەیەوە دەڵێت: (( من لە شانۆنامەکانی خۆمدا بەزۆری کاتێکی تێکەڵم بەکارهێناوە)) ( سالار، ١٠/٢٠ /٢٠٢٠، چاوپێکەوتن). کەواتە شانۆنامەنووس خۆی نەبەستۆتەوە بە یەک جۆرە کات و هەموو جۆرەکانی کاتی بە تێکەڵی بەکارهێناوە.

### ٣-٣-١- شوێن:

ڕەگەزی شوێن یەکێکی دیکەیە لەو ڕەگەزانەی کە کاریگەرییەکی بەرچاوی هەیە، لە پێکهێنان و بنیاتنانی دەقی شانۆییدا، چونکە شوێن یەکێکە لەو ڕێگایانەی کە هاوکاری وەرگر دەکات، بۆ زووتر ئاشنابوون و تێگەیشتن لە پەیام و ناوەرۆکی دەقەکە. ( غالب هلسا) لە پێشەکی کتێبی (جماليات المكان)ی( جاستون باشلار) دا، لەم بارەیەوە دەڵێت: (( هەر کارێکی ئەدەبی ئەگەر شوێنی فەرامۆش کرد، ئەوا تایبەتمەندی و ڕەسانەیەتی خۆی لە دەست دەدات، لای من شوێن تایبەتمەندی نەتەوەیی بە خۆیەوە هەڵدەگرێ)) ( باشلار، ١٩٨٠، ص٦). کەواتە بە هۆی شوێنەوە وەرگر دەزانێت دەقەکە هی کامە میللەتێکە، واتە شوێن شوناس و ناسنامە بە دەقەکە دەدات.

شوێن وەک ڕەگەزێکی بنەڕەتی و بنچینەیی شانۆنامە گرنگی و بایەخی خۆی هەیە، پەیوەستە بە ژیانی مرۆڤەوە، چونکە(( شوێن خاوەنی ناسنامە و هەڵگری دەلالەت و دەسەڵات و سیستەم و کەش و ڕەهەند و سروشتی خۆیەتی)) ( ئیسماعیل، ٢٠٠٩، ل٢٤). واتە شوێن وەکو ڕەگەزێکی کاریگەر دەتوانێ هەموو یان بەشێکی زۆری زانیاری دەربارەی کەسایەتی و ڕووداو و بابەت و پەیامەکانی نوسەر بدات بە وەرگر، چونکە شوێن خاوەن ناسنامە و شوناسی تایبەت بە خۆیەتی، بۆ نموونە کە باسی ژیانی لادێ یان ژیانی شار دەکرێت، ڕاستەوخۆ کومەڵێک شت و زانیاریمان بە مێشک دادێت. بە واتایەکی دیکە هیچ شتێک نییە کە لە دەرەوە و چوارچێوەی سنوری شوێندا بێت.

شوێن لە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ و کاریگەر دایە، لەگەڵ هەموو ڕەگەزەکانی دیکە، چونکە ((شوێن خۆی لە خۆیدا باوەش گرتنەوەیەتی بۆ هەمووو ڕەگەزەکانی تری دراما)) ( ڕەشید، ٢٠١٢، ل٥٠). شوێن وەکو ڕەگەزێکی کاریگەری هەموو ژانرە ئەدەبییەکان بە گشتی و ژانری شانۆنامە بە تایبەتی، پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆ و کاریگەری هەیە، لەگەڵ هەموو ڕەگەزەکانی دیکەی ناو دەق، وەکو( کات، کەسایەتی، ڕووداو، .... هتد).

شوێن هۆکارێکە بۆ زیاتر ناسین و ناساندنی کەسایەتییەکانی ناو دەقی شانۆییدا، چونکە وەرگر بە هۆی شوێنەوە شارەزایی و زانیاری تەواو، دەربارەی کەسایەتییەکانی ناو شانۆنامەکە وەردەگرێت. هەروەها ناونیشان و ناوەرۆکی بابەتەکە یان پەیامی دەقەکە زۆر جار بە هۆی شوێنەوە بۆ وەرگر ئاشنا یان ئاشکرا دەبێت. ئەم خاڵە بەشێوەیەکی بەرچاو لە شانۆنامەکانی( ئەحمەد سالار) ڕەنگیداوەتەوە، بۆ نموونە لە شانۆنامەی( کارەساتی هەڵەبجە)دا، وەرگر هەر لە یەکەم تەماشاکردن یان خوێندنەوەی ناونیشانەکە، بە هۆی

شوێنەوە بەشێوەیەکی ئاسان ئاشنا و کورتەیەک دەربارەی بابەت یان پەیامی شانۆنامەکەی لا گەلاڵە دەبێت. لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە فەرامۆش کردنی ڕەگەزی شوێن کارێکی مەحاڵە و بە هیچ شێوەیەک ناکرێت، لە کاری یان بەرهەمی ئەدەبی ئەمە رووبدات. کەواتە ((شوێن مەیدانی کارە و شانۆی رووداوەکانە، پەیوەندییەکی پتەویشی بە کەسەکانەوە هەیە، چ وەک هەڵسوکەوت، چ وەک چارەنووس)) ( بێگەرد، گ. سبەی، ژ:٢، ١٩٩٣، ل٤).

(ئەفلاتون) لە باسی شوێندا دەڵێت: (( شوێن گرتنەخۆ و تێدابوونە، کە بوونێکی راستەوخۆی هەیە لە سێ دووری پێک دێت، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە هەموو شتێک قەبارەیەکی دیاریکراوی هەیە، کە خۆی لە پانی و بەرزی و درێژی دەنوێنێت و شوێنێک دەگرێت)) (سابیر، ٢٠٠١، ل٣٢٣ــ٣٢٤)، هەروەها لە سەرچاوەیەکی دیکەدا هاتووە کە شوێن: (( ئەو چوارچێوەیە کە رووداوەکان تێیدا روودەدەن)) ( قاسم، ٢٠٠٤، ص١٠٣). بەو واتایەی شوێن وەکو پانتایەک وایە کە رووداوەکان تیادا گەشە دەکەن و تیادا روودەدەن.

(یاسین رەشید) شوێنی بۆ سەر دوو جۆر دابەشکردووە، ئەوانیش(( شوێنی راستەقینە: ئەو شوێنەیە کە خوێنەر هەست بە بوونی راستەقینەیان دەکات و وێنەکانیان گەلێک لە واقیع نزیکە. شوێنی گریمانەیی: ئەو شوێنەیە کە ئەندێشەی نوسەر دەیخولقێنێ و ناتوانرێت وێنەیەکی حەقیقی لە واقیع دا بۆ بدۆزێتەوە)) (رەشید، ٢٠٠٤، ل١٦٠).

(ئەحمەد سالار) گرنگی و بایەخی تایبەتی بە ڕەگەزی شوێن داوە، شوێن پێگە و رۆڵێکی بەرچاوی هەبووە لای شانۆنامەنووس، هەر بۆیە بەشێکی زۆری شانۆنامەکانی بە ناوی شوێنەوە ناونراوە، بۆ نموونە شانۆنامەکانی( کارەساتی هەڵەبجە، باخ، پردی وڵات، ... هتد). جگە لەوەش شانۆنامەنووس بەگشتی شوێنی راستەقینەی زیاتر بەکارهێناوە، چونکە زۆربەی شانۆنامەکانی باس لە ستەم و ئێش ئازارەکانی میللەتی کورد دەکات.

کەواتە دەتوانین بڵێین کە جیاوازی ڕەگەزی شوێن لەگەڵ سەرجەم ڕەگەز و توخمەکانی تر، ئەوەیە کە ڕەگەزی شوێن وەکو دەفرێک وایە، هەموو توخم و ڕەگەزەکانی دیکە شانۆنامە لە ناویدا جێیان دەبێتەوە، یاخود ڕەگەزی شوێن وەکو بازنەیەک وایە کە هەموو ڕەگەزەکانی دیکە لەناو بازنەکە دەجولێن و کارەکانی خۆیان بە ئەنجام دەگەیێنن. لە کۆتایشدا بە هەموویان رۆڵ و کاریگەری زۆریان هەیە لە بنیاتنانی دەقی شانۆییدا.

### ٤-٣-١. زمان:

زمـان یەكـێكە لە ڕەگەزە گرنـگ و كاریگەرەكـانی بنیاتنـان و پێكهێنـانی ژانـری شـانۆنامە، بە ئامرازێكی گرنـگ و كـاریگەر و سـەرەكی تەماشـا دەكرێت، كە ڕۆڵـی هەیە لە پێكهێنانی دەقی شـانۆییدا. چـونكە(( زمـان تـان و پـۆی ئەدەب( وێـژە) پێكدێنێ كە جـۆرە گونجـان و تەبـایی و پەیوەندی ئاشنا لە نێوان وشـە و وشـە، وشـە و رسـتە، رسـتە و رسـتە،..... هتد دێنێتەگۆر)) (سـەراج، ٢٠٠٧، ل٥٢). واتە ئەو زمـانە كە وا لە ئەدەب دەكات ڕۆڵ و كـاریگەری و گرنگـی بە دەست بهێنێت، زمانیش وەكو كۆڵەگەیەكی بنەڕەتـی و سـەرەكی وایە، بۆ نووسـین و بنیاتنـانی دەق بە گشتی و دەقی شانۆنامە بە تایبەتی. هەروەها بە هۆی كەرستەكانی زمـانەوە كە خـۆی لە( وشـە، رسـتە،... هتـد) دەبینێتـەوە، شـانۆنامەنووس بە هـۆی زمـانەوە كەسـایەتییەكانی نـاو دەقەكەی دەناسێنێت، كات و شوێنەكان بۆ وەرگر ئاشكرا دەكات.

زمـان لە هەمـوو سـەردەمەكان لە گـۆڕان دابـووە(( هەر وەكـو زمـانی هەمـوو بەشـەكانی تـری ئەدەبیـات بەردەوام لەگەڵ ڕەوتـی ژیانـدا لە گۆرانـدایە)) ( قاسـم، ٢٠١١، ل٧٣). بەو واتـایەی زمـان لە شـانۆنامەش وەكـو ژانرێكی ئەدەبی بەردەوام لە گـۆڕان و بەرەوپێشـچووندایە، واتە زمانی شانۆنامەكان لە سەردەمێكەوە بۆ سەردەمێكی دیكە جیاوازە.

(( نوسـەری سـەركەوتوو ئەوەیە دەسـت بە سـەر زمانـدا دەگرێـت و دەزانێـت چـۆن بە شێوەیەكی ڕاست و ڕەوان بەكاری بهێنێت، هەوڵـی ئەوە بدات كە دوور كەوێتەوە لە وشـەی ڕەق و زبـر و نـابەجێ)) ( فریـد و یـارد، ١٩٨٧، ص٢٠٠). یەكێـك لە تایبەتمەنـدیەكانی شـانۆنامەنووس ئەوەیە پێویسـتە شـارەزای و زانیـارییەكی بـاش و فراوانـی هەبێـت لە زانستەكانی زمـان، چونكە زمـان لە ئێسـتادا وەكـو ڕەگەزێكی گرنـگ تەماشـا دەكرێ و ڕۆڵـی كاریگەری هەیە، لە گەیاندنی پەیامەكانی شانۆنامەنووس بۆ وەرگر، هەروەهـا شـانۆنامەنووس پێویسـتە هەمیشـە لە هەوڵـی نـوێكردنەوە و جوانكـاری و ڕازانـدنەوەی زمـانی دەقەكـانی یـان بەرهەمەكانی دابێت. بۆ ئەوەی جۆرە شێوازێك بۆ خۆی جێگیر بكـات، وا لە وەرگـر بكات بەو شێوازە دەقەكانی یان بەرهەمەكانی بناسێتەوە و لە شانۆنامەنوسەكانی دیكە جیابكاتەوە.

گرنگی زمان لە ئاستێكی بەرزدایە، هەر بۆیە(ژان پۆڵ سارتەر) دەڵێت: (( لە دەرەوەی زمـان ئەدەبێـك بـوونی نییە)) ( سـارتەر، ٢٠٠٩، ل ٣٠). واتە زمـانی وەكـو كـۆڵەگەیەكی بنەڕەتـی بـۆ ئەدەب و بەرهەمـی ئەدەبی دیاریكردووە. بە واتایەكی دیكە ئەگەر زمان نەبێت، هـیچ بەرهەمـی ئەدەبیش بوونی نابێت. هەروەها( د. محمد بكر محمد) یش لەبارەی گرنگی زمـانەوە بۆچـوونی وایە: (( فەلسـەفی شـاعیر هەر چییەک بێت، مەودای واتـایی هەرچەنـدە فراوان بێت لە ڕێگای

زمانەوە دەیناسینەوە)) ( محمد، ٢٠٠٤، ل٣٩). کەواتە زمان کاریگەری زۆری هەیە، بۆ ئاشکرا کردن و دیاریکردنی فەلسەفە و تێروانین و بۆچوونی نوسەرەکە.

ئەرکی زمان لە دەقی شانۆیدا ئەوەیە کە(( ب وێنە و لێکچواندێ خۆ و ب هێزا خۆ یا تەواو ب رێکا لێکدانا پەیڤێن خۆ، زێدەهیەیا چالاک د ئاڤابوونا کەسایەتیا مرۆڤێ دەقێ دراماییدا زێدە بکەت. هەر وەک یێ زمان هاریکارە د دەستنیشانکرنا بەرژەنگێن کەسایەتیێ دراماییی و تێگەهشتنا چەمکێ گشتیێ دراماییی)) ( قاسم، ٢٠١١، ل٧٤). کەواتە زمان وەکو ڕەگەزێکی گرنکی ژانری شانۆنامە لە تواناییدا هەیە، جۆرەکانی شانۆنامەش لە یەکتر جیا بکاتەوە.

یەکێک لەو ڕێگایانەی کە شانۆنامەیەک لە شانۆنامەیەکی یان دەقێک لە دەقێکی دیکە جیا دەکاتەوە زمانە، چونکە هەر شانۆنامەنووسێک شێوازێکی تایبەت بە خۆی هەیە بۆ بەکارهێنانی زمان، (( زمان کە سەرچاوەی نووسینە و بالاترین ڕەگەزی دەقە، سەرەکیترین هۆی گەیاندن و گوزارشت کردنە بە کلیلی هۆشمەندی دەژمێردرێت)) ( قادر، ٢٠٠٩، ل٦٥). کەواتە زمان وەکو ڕەگەزێکی کاریگەر گرنگی و بایەخی هەیە، وەکو ڕەگەزەکانی دیکە تەماشا دەکرێت لە دروستکردن و بنیاتنانی دەقدا.

زمان وەکو ڕەگەز و توخمێکی کاریگەر لای هەر شانۆنامەنووسێک بە جۆر و شێوازێکی جیاواز بەکارهاتووە، واتە هەر شانۆنامەنووسێک شێوازێکی تایبەت بە خۆی هەیە بۆ دەربڕینی وشە و ڕستە و دەستەواژەکانی(( ئەوەشی لە نووسینی هەر دەقێکی ئەدەبیدا گرنگە ئەمەیە خاوەن دەقەکە بتوانێ شێوازێکی نوێی دەربڕین بدۆزێتەوە و زمان بێنێتە سەما)) (سابیر، ٢٠٠٧، ل٨٣). بەو واتایەی کە شانۆنامەنووسی سەرکەوتوو ئەوەیە کە شێواز و ستایلی تایبەتی خۆی هەبێ، لە رووی دەربڕینی وشەکانەوە، یان لە رووی زمانی دەقەکانییەوە، واتە بتوانێ خۆی بە دوور بگرێ لە لاسایی کردنەوەی شانۆنامەنووسەکانی دیکە، ئەگەر سەیری شانۆنامەکانی ئەحمەد سالار بکەین، ئەوا دەبینین ئەو تایبەتمەندیە زۆر بە ڕوونی بەرجەستەبووە، چونکە شانۆنامەنووس خاوەنی شێوازێکی تایبەت بە خۆیەتی لە دارشتنی زمانی شانۆنامەکانی جیاوازە، لە شانۆنامەنووسەکانی سەردەمی خۆی.

## ٤.١. کورتە مێژوویەکی شانۆنامەی جیهانی:

هەمــوو ژانرێــک لە ژانرەکــان نیشــتمانی لە دایــک بــوونی خــۆی هەیە، یــان لە شــوێنێکدا ســەریهەڵداوە. ژانــری شــانۆنامەش وەکــو هەمــوو ژانرەکــانی دیــکەی ئەدەب لە وڵاتێــک لە وڵاتەکان لە دایک بووە، لەبەرئەوەی ژانری شانۆنامە مێژوویەکی کۆن و دێرینی هەیە، بۆ دیاریکردن و ناساندنی وڵات و نەتەوەیەک بۆ سەرەتایی سەرهەڵدانی ئەم ژانرە، رووبەرووی کۆمەڵێک بۆچوون و تێروانینی جیاواز دەبینەوە:

هەندێکیان بۆچوونیان وایە کە سەرەتایی سەرهەڵدانی شانۆنامە دەگەرێتەوە بۆ وڵاتی میسریە کۆنەکان، بۆ ئەمەش کۆمەڵێک بۆچوون و بەڵگە و تێروانین دەخەنەروو: بۆ نموونە هەندێکیان دەڵێن: (( لە کاتی تێپەربوونی یۆنانییە کۆنەکان لە وڵاتی میسر ئەو هونەر و ژانریان لە میسر بینیــوە و فێربــوینە و دواتــر بــۆ وڵاتەکەی خۆیانیــان گواســتۆتەوە و هەروەهــا بەشــێک لە نەوەکانیان وەکو( گالیس، سولون و فیباغورس) هێشتا لە پەرستگاکانی میسردا دەیانخوێند و بەڵام دانیــان بە مامۆســتاکانیان نەنــا.... لەگەڵ ئەوەش دا ئــێمە جێدەســتی شارســتانیەتەکەمان بەســەر کەلتــووری گــریکیەوە دەبینــیەوە)) ( فەرەج، ٢٠٠٩، ل٢١). بەو واتــایەی کە گریکەکــان کۆمەڵێک زانست و زانیاری و شتگەلی زۆریان لە میسریە کۆنەکــان وەرگرتــووە، شــانۆنامەش یەکێک بوو لەو زانست و شتانەی کە لە میسرییە کۆنەکان وەرگیراوە.

هەروەهــا( ئــایتین دریتــۆن ) بە ســەرنجدان بە شــوێنەوارە مەزنەکــانی میســرییەکان و بــوونی شارستانیەتێکی کۆن لەو وڵاتە، ئەو بۆچوونەی بۆ دروست بووە کە بڵێت: (( لە میسری کۆندا شانۆیەکی تەواو هەبــووە)) ( فەرەج، ١٩٨٩، ل١٠). ( د. لــویس) یش لەم بــارەیەوە دەڵێت: (( لە میسردا شانۆیەک هەیە لە شانۆی یۆنانی کۆنترە)) ( فەرەج، ١٩٨٩، ل١٠). هەندێ ســەرچاوەی دیکە ئاماژە بەوە دەکەن، کەوا( بەر لە گریکەکان لای میسرییە کۆنەکان سەرەتاییەکی کاری درامی لە ئاهەنگە ئاینییەکاندا هەستی پێدەکرێ، بە تایبەتی کاهینەکان وەکو کۆراڵ و ئەکتەر لە گۆرەپانی داخراوی پەستگەی ئەنۆ هەندێ نواندنیان دەکرد)( حوسێن، ٢٠٠٧، ل٢٣٥). ئەمــانە بەشــێکن لەو بۆچــوون و تێروانینــانەی کە ســەرەتایی ســەرهەڵدانی شــانۆنامە دەگەرێنەوە بــۆ وڵاتی میسر.

هەندێکی دیکە بۆچوونیان وایە کە سەرەتایی سەرهەڵدانی ئەم ژانرە دەگەرێتەوە بۆ بابلییە کۆنەکان(عێراق): (( بە تایبەتی پاش ئەوەی( ئیبلنگ) لە ساڵی( ١٩٣١) کتێبێکی نووسی بە ناوی (مەرگ و ژیان لە چاوی بابلییەکان) دا بڵاوکردەوە، تیادا وتویەتی بابلییەکان لە ئاهەنگ گێرانی ســاڵانەی ئەفســانەی دروســت بوونــدا( أســطورة الخلقیــة) دا بە بــێ وتــووێژ و دیــالۆگ ئەم

سروتەیان بەرێ نەکردووە، بەڵکو بۆ تێگەیاندنی بینەرەکان، پاڵەوان و کۆرس بە نمایشێکی رەوان سروتەکەیان پێشکەشکردووە)) ( فەرەج، ٢٠٠٩، ٢١ـ٢٢). هەروەها بوونی ژمارەیەکی زۆر لەو شوێنەوارە کۆنە مێژووییانەی کە بە گشتی لە عێراق و شاری بابل بە تایبەتی هەبووە، تاوەکو ئێستا ماوەنەتەوە. ئەمە وای لە زۆرێک نوسەر و رەخنەگر کردووە کە سەرەتایی سەرهەڵدانی شانۆنامە بگەرێنەوە بۆ وڵاتی عێراق. لەم بارەیەوە( ئەحمەد سالار) دەڵێت: (( پاش ئەوەی چوومە بیبنینی و چاوم بەو یادگارە بابلییەدا گێرا، گەیشتمە ئەو رایەی کە راستە و شانۆیەکی سەربەستە بە شێوەی شانۆکانی گریکە )) ( سالار ١٩٨٠، ل٤٦).

بەشێکی دیکە لە نوسەر و لێکۆڵەرانی ئەم بوارە بڕوایان وایە کە ئەم ژانرە پێش گریکەکان لە وڵاتەکانی میسر و عێراق بەیەکەوە بوونی هەبووە، هەروەکو شوێنەوارناسان لە ئەنجامی گەڕان و پشکنین و بەدواداچوونەکانیان توانییان(( سەکۆی شانۆیەک لە وڵاتی بابل بدۆزنەوە. شیکردنەوەی نیشانە و هێمای دەقە هیرۆگلیفییەکان و دەرخستنی شوێنەوارە کۆنەکانی میسر و شیکردنەوەی( بەردی رەشید) و( دیواری پەرستگای ئامون) بەڵگەی ئەوەن کە سەرەتایی دراما و گرنگیدان بە هونەر و دراما لەو دوو وڵاتەدا بووە)) ( ئەحمەد، ٢٠١٨، ل١١). بەو واتایەی کە ئەنجامی گەران و پشکنینی ئەو شوێنەوارناس و مێژوونووسانە وایان کردووە، کە هەندێ نوسەر و لێکۆڵەر و رەخنەگرەکان بگەنە ئەو بۆچوونەی کە سەرەتایی پەیدابوون و سەرهەڵدانی شانۆنامە بگەرێنەوە بۆ وڵاتی بابل و میسریە کۆنەکان. هەروەها(( پاش پەرەسەندنی شوێنەوارناسی( علم الاثار) و دەستنیشانکردنی هەندێ ڕواڵەتی شارستانیەتی لە وڵاتی ئاشور و بابلدا و بەتایبەتی دۆزینەوەی شوێنەواری سەکۆی شانۆیەک لە وڵاتی بابلدا و شیکردنەوەی هەندێ نیشانە و هێمای دەقە هیرۆگلیفییەکان و دەرخستنی نەخش و نیگاری شوێنەوارەکانی( میسر) و شیکردنەوەی( بەردی رەشید) و دۆزینەوەی هەندێ نوسراو لەسەر دیوارەکانی پەرستگای( ئیرمو) و( دندرە) نوسراون و دیمەنی شانۆیی شیدەکەنەوە)) ( فەرەج، ١٩٨٩، ل٩). ئەم بۆچوونە و تێڕوانینانە وایان لە هەندێ نوسەر و توێژەر کرد کە نیشتمان و دەستپێکی ئەم ژانرە بگەرێنەوە بۆ ئەم دوو شارستانیەتە کۆنە.

راستیەکی حاشا هەڵنەگر هەیە کە لەم دوو شارستانیەتە هەندێ شوێنی مێژوویی هەبووە، کە کۆمەڵێک تایبەتمەندی و سیمایی شانۆنامەیان پێوەیە دیاربووە، بۆیە بەشێک لە نوسەر و ڕەخنەگر و شوێنەوارناسان لەگەڵ ئەو بۆچوونەدان کە نیشتمانی سەرەکی شانۆنامە دەگەرێتەوە بۆ ئەم دوو وڵاتە. ڕەنگە ئەم بۆچوونانە راست و دروست بن، کە سەرەتایی سەرهەڵدانی شانۆنامە بگەرێتەوە بۆ وڵاتەکانی میسر و عێراق، بەڵام لە رووی ئەکادیمیەوە کار بە ئەو دەقانە دەکرێت، کە لەبەردەستدا بێت، بۆیە بە سەرنجدان بە بۆچوونەکانی پێشوومان، ئێمە بڕوامان وایە کە دوور نییە سەرەتایی سەرهەڵدانی ئەم ژانرە پێش یۆنان لە وڵات و شوێنێکی ترەوە سەریهەڵدابێت، بەڵام تاوەکو ئێستا نەتواندراوە بە بەڵگەی زانستی

ئەمە بسڵمێندرێت، ڕەنگە لە داهاتوودا بە هۆی دۆزینەوەی شوێنەوارەکان ئەم بۆچوونانە بە ڕاست دابنرێت و سەرەتاکەی لە یۆنانەوە بگۆردرێت بۆ شوێنێکی دیکە.

بەر لەوەی بچینە سەر باسکردنی سەرەتایی سەرهەڵدانی شانۆنامە لای یۆنانییەکان خاڵێکی گرنگ هەیە، پێویستە ئاماژەی پێ بکەین، ئەویش ئەوەیە کە ئاین رۆڵێکی گەورە و گرنگی هەبووە، لە سەرهەڵدانی شانۆنامە و بەرەوپێشچوونی ئەم ژانرەدا، چونکە(( سەرهەڵدانی شانۆنامە لەسەر دەستی گریکییەکان و لە سەدەکانی ناوەراستدا لەگەڵ ئایین و ڕێوەرسمە پیرۆزەکاندا تێکەڵ بوو)) ( عمر، ١٩٧١، ص١٠). بەو واتایەی ئایین رۆڵی سەرەکی بینیوە، لە سەرهەڵدانی شانۆنامە بە تایبەتی هەموو ژانرەکانی دیکە بە گشتی. لە کۆندا یۆنانییەکان چەندین جەژن و بۆنەی جۆراجۆریان هەبووە و هەموو خەڵک بەشداریان تێدا کردووە، بە تایبەت شاعیر و شانۆنامەنووسەکان بە بەرهەمەکانیان ئەم جەژن و بۆنانەیان بە چێژتر کردووە. گرنگترین جەژنەکانی یۆنانی بریتی بوون لە: ((١. جەژنی سوپاس کردن festival of uintage ٢.جەژنی لینایا festival of lenaa ٣. جەژنی ئەستیریا anthesteria festival of ٤. جەژنی گوندیایە festival of celebeatan)) ( سالار، ١٩٩٦، ل١٧).

لە سەرچاوەیەکی دیکەشدا هاتووە کە شانۆنامە بە شێوەیەکی گشتی، هەردوو جۆرەکەی (تراژیدیا، کۆمیدیا) بە تایبەتی سەرەتاییەکەی دەگەڕێتەوە بۆ(( بۆ جەژنە ئاینییە کۆنەکانی خواوەندی( دایۆنیسیس) لەو ئاهەنگانەدا جۆرەها نواندن و دەمەتەقێی هونەری لەسەر شێوەی دیاردەی درامی نمایش دەکران، کە گوزارشتیان لە ئەسینا) دا دەکرد و نوێنەری هۆز و ناوچەکانی دیکەیش تێیدا ئامادە دەبوون و پێشبرکێ ساز دەکرا، ئاهەنگەکان لە وەرزی ساڵدا دەکران)) ( حوسێن، ٢٠٠٧، ل٢٣٥). کەواتە دەتوانین بڵێین ئاین رۆڵێکی دیار و کاریگەری هەبووە، لە سەرهەڵدانی ئەم ژانرە، چونکە لە کۆندا لە بۆنە و جەژنە ئاینیەکانیدا کۆمەڵێک جولە و نمایشی وا ئەنجامدراوە، کە بەشێوەیەک لە شێوەیەکان بۆنی شانۆنامە لێهاتووە یان بە جۆرێک لە جۆرەکان شێوەی شانۆنامەیان هەبووە.

کەواتە کەلەپور و ئاین دوو کەرەستە و بابەتی گرنگ و کاریگەربوون بۆ سەرهەڵدان و دروست بوونی شانۆنامە، ئەمەش نەوەک هەر لای کورد، بەڵکو لای زۆربەی نەتەوە و میللەتانی جیهاندا(( لای یۆنانییەکان داستانە دێرینە ئاینەیەکان و ئەوانەش کە( هۆمیرۆس) هۆنیبوونەوە، بوونە بابەت و کەرەستەی یەکەمینی بنیاتنانی شانۆیەکان، هەروەها لە سەدەکانی ناوەراستدا شانۆ ئاینەکان ئازار و سزاکانی( مەسیح) پێغەمبەریان دەکردە شانۆ و لە سەدەی ڕێنساس) یش لە چیرۆکە دێرینە لاتینیەکان سوودیان لێ وەردەگرت)) ( سمۆ، ٢٠٠٧، ل٣٥). لە ناو کوردیشدا ئەمە زۆر بە روونی ڕەنگی داوەتەوە، بە تایبەتی( ئەحمەد

ســالار) وەکــو شانۆنامەنووســێکی کــاریگەر ســودی زۆری لە مێــژوو، داســتان، ئەفســانە، کەلەپوری کوردی وەرگرتووە، ئەمەش لە ناو دەقە شانۆنامەکانیدا بە باشی ڕەنگی داوەتەوە.

( حمە کـریم هەورامـی)یـش لە کتێـبەکەی خـۆی بە نـاوی( درامـای کـوردی لە نـاو درامـای جیهانیدا) ئاماژە بە سێ بۆچوون دەکات کە بونەتە هۆی سـەرهەڵدانی شـانۆنامە بەم شـێوەیە: (تیـۆری یەکەم: بنـاغەی درامـا دەگەڕێنێـتەوە بـۆ سـەر ئـاهەنگی جەژن و نـوێژە ئاینییەکـانی دیۆنیزۆس. تیۆری دووەم: پێیان وایە کە بنچینەی شانۆنامە دەگەڕێتەوە بۆ سـەر ئەو نوێژ و نزایــانەی کە لەســەر گــۆری پیــاوە ئــاینی و نــاودار و بەناوبانگەکانیــان دەکــران. تیــۆری سێیەم:دەگەڕێنەوە بۆ سەر ئەو مۆسیقا و گۆرانی و ئاواز و سەماکردنەیە کە ئادەمیزادە هەر کۆن توانیویەتی بەم شـێوەیە حەز و ئارەزووەکانی خـۆی بە شـێوەیە دەربڕیـوە) ( هەورامـی، ٢٠٠١، ل١١-١٢).

بەشــێکی زۆری بۆچــوون و تێڕوانینەکــان لەســەر ئەوە کــۆکن کە ســەرەتایی ســەرهەڵدانی شانۆنامە و کۆنترین و یەکەم دەقی شانۆنامە دەگەڕێتەوە بـۆ یۆنـانییە کۆنەکان، بەو واتـایەی خــاوەنی راســتەقینەی ئەم ژانــرە دەگەڕێــتەوە بــۆ وڵاتــی یۆنــان(( گریکەکــان بە درامــای (الضارعات)ی ئەسخیلۆیۆسیش کۆنترین شێوازی درامایان بە ناوی خۆیانەوە تۆمار کردووە، کە لە نێوان سـاڵانی( ٤٩٢-٤٩١) پێش لە دایک بـوونی عیسـا نمـایش کـراوە)) ( سـکر، ١٩٦٨، ص٢٧). واتە پێش ئەو کات و سەردەمە هیچ شانۆنامەیەکی دیکە نەنوسراوە، ئەگەر نوسـراش بێت، ئەوا بۆ ئێمە نەماوەتەوە و بە شێوەیەک لە شێوەکان لە ناوچووە، بۆیە دەکرێت بڵێین کە (ئەسخیلیۆس) یەکەمین شانۆنامەنووس بووە، توانیویەتی کۆنترین شانۆنامە بە ناوی خـۆیەوە تۆمار بکات و لە رووی مێژووییشەوە ئەوە سەلمێندراوە، کە پێش ئەو هیچ شانۆنامەنوسێک نەیتوانیوە شانۆنامە بنوسێت. کەواتە لێرەوە بۆمـان دەردەکەوێت کە سـەرەتایی سـەرهەڵدانی ئەم ژانرە دەگەڕێتەوە بۆ گریکەکە کۆنەکان. ( د. کەیفی ئەحمەد)یش لەم بارەیەوە بۆچـوونی وایە کە: (( نیشتمانی درامـا لای یۆنانییەکانەوە گەشـەی کردووە، هەر لەوێشـەوە پەریـوەتەوە نێـو میللەتـانی جیهـان)) ( ئەحـمەد، ٢٠١٨، ل١٢). هەورەهـا( د. ئیبـراهیم ئەحـمەد سـمۆ) ش لە نامەی ماستەرەکەی خۆیدا ئاماژەی بەوە بابەتە کردووە.

دوای ئەسخیلیۆسـیش هەر لە ئەدەبی یۆنـانی کۆنـدا کۆمەڵێک شانۆنامەنووسـی دیکە ئەسـپی خۆیان لەم بوارە تاودا، توانیان کۆمەڵێک شانۆنامەی بەناوبانگ بنوسن و نمایش بکەن، لەوانە شـانۆنامەنووس( سـۆفۆکلیس) کە کۆمەڵێک شـانۆنامەی بە ناونیشـانەکانی( ئۆدیب، ئۆدیـب لە کلـون، ئەنتیگۆنـا)ی نووسـی، هەروەهـا دوای ئەویـش شانۆنامەنووسـەکانی وەک( یوربیـدس و ئەرستۆڤانس و..... هتد) بە دوا داهـات. بەم شـێوەیە شـانۆنامە قۆنـاغ بە قۆنـاغ گەشـەی کـردو بەرەو پێشـەوە هەنگاوی نـا. هەروەهـا یۆنانییەکـان یەکەمـین نەتەوە بـوون کە باسـی یاسـا و

دەستورەکانی شانۆنامەیان کرد، لە ناو یۆنانییەکانیش ئەو شانازییە بۆ (ئەرستۆتالیس) دەگەڕێتەوە.

شانۆنامە لای یۆنانییەکان وەکو هەموو ژانر و بوارەکانی دیکەی ئەدەب بە کۆمەڵێک قۆناغ و سەردەمی جیادا تێپەڕیوە،( ژانری شانۆنامە لە وڵاتی یۆنان سەرەتا گوزارشتی لە بیروبۆچوونی ئاینی دەکرد، بەڵام دواتر لەسەر دەستی شانۆنامەنووسانی وەکو (ئەسخلیۆس، سۆفۆکلیس، یۆربیدس، ئەرستۆڤانیس ) شانۆنامە گۆڕانکاری بەسەرداهات و بوو بە شانۆنامەی مرۆڤایەتی و لە ژێر چەنگی ئاین رزگارکرا خرایە ژێردەستی مرۆڤ، لە سەرەتادا شانۆنامەکان شێوەیەکی ئاهەنگیان هەبوو، واتە بە شێوەی کۆرس و دیالۆگ نمایش دەکران. دواتر(تیسپس) یەکەم کەس بوو کە توانی شانۆنامە بە یەک ئەکتەر نمایش بکات، لە جیاتی کۆرس و بوو بە یاسا کە هەر خۆی دەورەکە بگرێت. دواتر(ئەسخلیۆس) ئەکتەری دووەمی زیادکردن و هێنایە سەر تەختەی شانۆ، پاشان (سۆفۆکلیس) ئەکتەری سێیەمی زیاد کرد. هەروەها (فرینجینۆس) یەکەمین کەسە کە ئەکتەری ئافرەت هێنایە سەر تەختەی شانۆ) (ئەحمەد، ٢٠١٨، ل١٣). بەم شێوەیە شانۆنامە لە وڵاتی یۆنانی کۆن وردە وردە جێ خۆی گرت، قۆناغ بە قۆناغ لە گەشەکردن بەردەوام دا بووە، تا وەکو بوو بە ژانرێکی سەربەخۆ و کاریگەر، بە ناو هەموو وڵات و نەتەوەکانی دیکە بڵابویەوە.

دوای ئەوەی لە ساڵی( ١٤٦) ی زاینیدا رۆمانەکان دەستیان گرت بەسەر وڵاتی یۆنانیدا، دواتر دەستیان کرد بە لاسایی کردنەوەی ئەو خەزێنە پڕ لە زانست و زانیاریەی یۆنانییەکان لە بوارەکانی ئەدەب و هونەر بە گشتی و ژانری شانۆنامە بە تایبەتی. دواتر لە ڕێگەی رۆمانەکانەوە شانۆنامە بە هەموو ئەوروپاوە بڵاوبویەوە.

کەواتە لە ژێر رۆشنایی ئەم بۆچوون و تێروانینانە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە سەرەتایی سەرهەڵدانی ژانری شانۆنامە دەگەڕێتەوە بۆ یۆنانییە کۆنەکان.

## ٥-١ سەرەتا و پەرەسەندنی شانۆنامەی کوردی:

بۆ دیاریکردنی سەرەتایی سەرهەڵدانی شانۆنامە لە ئەدەبی کوردیدا، وا پێویست دەکات ئاورێکی خێرا لە سەرەتایی سەرهەڵدانی شانۆنامە لە ئەدەبی نەتەوەکانی دراوسێ، وەک (تورک، عەرەب، فارس) بدەینەوە، چونکە ئەدەبی ئەم نەتەوانە بە جۆرێک لە جۆرەکان کاریگەری راستەوخۆ یان ناراستەوخۆیان لەسەر ئەدەبی کوردی بەگشتی، لە سەرهەڵدانی شانۆنامە لە ئەدەبی کوردی هەیە.

شانۆنامە لە ئەدەبیاتی تورکەکان بە بەراورد لەگەڵ نەتەوەکانی دیکەدا زووتر سەریهەڵداوە، ئەمەش بە هۆی نزیکیان لە وڵاتانی رۆژئاواوە(( ئیبراهیم شناسی( ١٨٢٦ - ١٨٧١) کە لە ساڵی ١٨٥٨ یەکەمین شانۆنامەی شێوە رۆژئاوایی بە زمانی تورکی بڵاوکردۆتەوە بە ناوی( شاعیر ئیڤلەمەس ـ زەماوەندی شاعیر)) ( کانیاو، گ. سینەما و شانۆ، ژ:٨، ٢٠٠٨، ل٥٨).

سەرەتایی سەرهەڵدانی ئەم ژانرە لە ئەدەبیاتی فارسیشدا دەگەرێتەوە بۆ(( سەرەتایی کاری درامی لە ئێران لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتایی سەدەی بیستەمدا دەست پێدەکات، لەم ڕووەوە دەوری ئەکتەر و وەرگێر و دیکۆرسازی ئێران( میر سیف الدین کرمانشاهی) زۆر دیار و بەرچاوە)) ( حوسێن، ٢٠٠٧، ل٢٣٨). نوسەرەکانی ئێران سەرەتا بە وەرگێرانی شانۆنامەکانی ئەدەبی تورکی دەستیان پێکرد، پاشان وردە وردە توانیان ئەم ژانرە گەشە پێبدەن، هەروەها لە دوای شۆرشی مشروتەی ئێران کۆمەڵێکی زۆر لە گروپ و کۆمەڵەی هونەری و ئەدەبی دامەزران، دەستیان بە کاری ئەدەبی و هونەری کرد. ئەمانە بونە هۆی گەشەسەندنی شانۆنامە بە تایبەتی و ئەدەبیات بە گشتی وڵاتی ئێران.

سەرەتایی سەرهەڵدانی شانۆنامە لە ئەدەبیاتی عەرەبیدا دەگەرێتەوە بۆ وڵاتی لوبنان، لە ((ساڵەکانی ناوەراستی سەدەی نۆزدەی زایینی، کاتێک لەسەر دەستی( مارون النقاش) لە لوبنان دەستی پێکرد، توانی بەردی بناغەی شانۆیەکی عەرەبی بە شێوەیەکی رێکوپێک و تازە دابمەزرێنێت، ئەوە بوو لە ساڵی ١٨٤٨ دا شانۆگەری( البخیل ــ پیسکە)ی نووسی و هەر خۆشی لە شێوەی ئۆپەرێتێک لە شاری سەیدا پیشاندا)) ( تەنیا، ١٩٨٤، ل٥٧). دوای ئەم شانۆنامەنووسە برا و خزمەکانی بەردەوام بوون لەسەر ئەم مەشخەڵەی(مارون النقاش) هەڵیکردبوو، رێگەیان نەدا دابمرکێتەوە، لە دوای مردنی مارون النقاش کۆمەڵێک شانۆنامەیان نووسی و نمایشیان کرد، هەروەها وتاریشیان لەسەر شانۆنامە بڵاوکردەوە. پاشان لە ساڵی ١٨٦٥ لەسەر دەستی( احمد القبانی) شانۆنامە لە وڵاتی سوریا وەکو دووەم وڵاتی عەرەبی بڵاوبووەوە، یەکەم شانۆنامەی بە ناوی( ناکر الجمیل) نووسی، پاشان شانۆنامەی( الوضاح)ی

نووسی و نمایشی کرد. دوا به دوای لوبنان و سوریا ئەم ژانرە زیاتر گەشی بەخۆیەوە بینی و وڵاتی میسریشی گرتەوە. دواتر ئەم ژانرە لە عێراقیشدا بڵاوبویەوە.

سەرهەڵدانی شانۆنامە لە عێراق پەیوەندییەکی پتەو و راستەوخۆی لەسەر سەرهەڵدان و گەشەسەندنی شانۆنامە لە کوردستاندا هەیە. (( سەرەتایی شانۆ لە عێراق دەگەرێتەوە بۆ ئەو شانۆنامانەی کە لە کەنیسەکانی شاری موسڵ پیشاندەدران، لە ساڵی ١٨٨٠ بەدواوە لە لایەن هونەرمەند( حەننا حەبەش) ەوە)) ( کانیاو، گۆڤاری سینەما و شانۆ، ژ٨، ٢٠٠٨، ل٥٨). دواتر ((نعوم فتح الله سحار لە ساڵی ١٨٩٣ دا شانۆگەری( لطیف و خۆشابا) ی نوسییەوە و بە چاپیشی گەیاند)) ( هەورامی، ٢٠٠١، ل٢٠٩). دواتر وردە وردە شانۆنامە لە عێراق رووی لە گەشەکردن کرد و بڵاوبوەوە. ( د.فەرهاد پیربباڵ) بۆچوونی وایە کە: (( سەرهەڵدانی شانۆی کوردی لە ماوەی ساڵانی ١٩٢٠ ـ١٩٣٠ دەکەوێتە ژێرکاریگەریەتی نەشونمای شانۆی عەرەبی لە عێراقـدا)) ( پیربـاڵ، ٢٠٠١، ل٥٩). کەواتە رەوت و بـزووتنەوەی شـانۆنامە لە عێراقـدا کاریگەری زۆر و بەرچاوی هەبووە لەسەر سەرهەڵدانی ئەم ژانرە لە ئەدەبی کوردیدا.

مێژووی دیاریکردنی یەکەم شانۆنامە و سەرەتایی سەرهەڵدانی ئەم ژانرە لە ناو میللەتی کورددا، هاوشێوەی نەتەوە و میللەتەکانی دیکە چەندین بۆچوون و تێروانینی جیاوازی لە خۆگرتووە. ئەمەش خۆی لە خۆیدا شتێکی سروشتیە، چونکە شانۆنامە لە بنەڕەتدا ژانرێکی نوێیە. هەندێ لە نوسەر و ڕەخنەگر و شارەزایانی ئەم بوارە لەو بڕوایەدان کە میللەتی کورد لە دێر زەمانەوە خاوەنی ئەو ژانرە بووە، چونکە لە کۆندا میللەتی کورد خاوەنی کۆمەڵێک دابونەریت و بۆنەی( ئاینی، کۆمەڵایەتی، ... هتد) بووە، کە هەندێ جولە و نواندنی قسەدار و بێ قسەی تێدا بووە، ئەمە خۆی لە خۆیدا بەشێک بووە لە شانۆنامەیە. هەندێکی دیکە بۆچوونیان وایە کە سەرەتایی سەرهەڵدانی ئەم ژانرە دەگەرێتەوە بۆ سەرەتایی سەدەی بیستەم.

( موحسین محەمەد) بۆ دیاریکردنی سەرەتایی سەرهەڵدانی ئەم ژانرە کۆمەڵێک بۆچوون و تێروانینی جیاواز دەخاتەروو، دەڵێت: (( دەستەیەک بڕوای وایە: گەلی کورد لە کۆنەوە شانۆی هەبووە و مێژووەکەشی بۆ سەدەکانی بەر لە زایین دەگەرێتەوە و دابەشی دوو قۆناغی دەکات، شانۆی کۆن و شانۆی نوێ. دەستەیەکی دیکە پێیان وایە: لە کەلەپور و دابونەریتی کوردەواریدا ڕواڵەت و کردەوەی لە شانۆچوومان هەیە، بەڵام ئەو ڕواڵەت و کردەوانە هیچ پەیوەندیان بە هونەری شانۆی نوێوە نەبووە، زنجیرەکە پچراوە. دەستەیەکی دیکە پێیان وایە ئەو هونەر ڕەسەن نییە لە پڕێکدا لە کوردستان لە ژێر کاریگەری شانۆی تورکی و عەرەبی پەیدابووە، لە هەمان کاتدا بڕوایان بەوە هەیە لە ناو دابونەریتی کوردەواریدا هەندێک کاری نواندن و تەمسیل هەن بۆنی شانۆیان لێ دێت. دەستەیەکی دیکە پێیان وایە: هونەری شانۆی

کوردی نوێیە لە بیستەکانی سەدەی رابردوو پەیدابووە.)) ( محەمەد، گ. رامان، ژ:٢٥٤، ٢٠١٨، ل١٢٣). کەواتە بۆ دیاریکردن و دەستنیشانکردنی یەکەم شانۆنامە و سەرەتایی ئەم ژانرە رووبەرووی کۆمەڵێک بۆچوون و تێروانینی جیاواز دەبینەوە، بەم شێوەیە:

کورد یەکێکە لەو نەتەوە و میللەتانەی کە خاوەن شارستانیەت و مێژوویێکی زۆر کۆنە، خاوەنی چەندین شێوە و جۆری بۆنە و دابونەریتی( کۆمەڵایەتی، ئاینی، کشتوکاڵی، ... هتد) بووە، بۆ نموونە ( بووکە بە بارانێ، کۆتەڵ، کوسەبەبە، دەستووری چەمەری، گۆرانی گوتن لە کاتی دروینە و چاندنی بەروبوومە کشتوکاڵیەکان،.... هتد) لەو جۆرە نەریت و بۆنە میللیانەی کۆن(( هەندێ بینراوی تەمیسلی بچوک و سەرپێی کراوە کە هەندێ لە رۆشنبیران دەڵێن لەوەیە ئەمە بناغەی شانۆی کوردیمان بێت)) ( تەنیا، ١٩٨٤، ل٤٩). بەو واتایەی کە ئەمانە بەژداریەکی کارا و کاریگەریان هەبووە، لە دروستکردن و سەرهەڵدان و بنیاتنانی ژانری شانۆنامەدا. دەربارەی ئەو بۆنە و نەریتە کۆنانە( د.فەرهاد پیربال)یش ئاماژەی بەو حالەت کردووە و ناوی لێناوە( شانۆی میللی) کە بە شێوەی نووسین تۆمار نەکراون تەنیا وەکو نواندن پێشکەش کراون، بۆ نموونە( یاری و گەمە میللییەکان وەکو:( قەرەگۆز و جریت بازی، مەیدان ئۆینی، ئۆرتە ئۆینی، عەرووسەک، زۆرخانە، کۆسە بەبە، رمبازی، بوکە بە بارانێ) یان ئەو نمایشانەی کە لە حوجرە و چایەخانە و دیوەخانی ئاغاکان بە شێوەی نواندن پێشکەش کراون. هەروەها نواندنە مەزهەبی و دینیەکان وەکو:( سەردوولکە، کۆتەڵ، عاشورا، شیوەن). هەروەها( میرنەورۆزی، میرمیرێن). ) ( پیربال، ٢٠٠١، ل١٧ـ١٩). بەڵام ئەمانە هەموویان بە شێوەی پراکتیکی بوینە و نەخراوەنەتە سەر لاپەرە، بەو واتایەی لە شێوەی نووسیندا تۆمار نەکراون، بۆیە ناتواندرێت وەکو سەرەتایی سەرهەڵدانی شانۆنامەی تەماشا بکەین.

( د.ئیبراهیم ئەحمەد سمۆ)ش لەم بارەیەوە بۆچوونی وایە کە ئێمەی کورد: (( جۆرە کردەوەیەکی لە شانۆچوومان هەبووە)) ( سمۆ، ٢٠٠٧، ل٣٣). هەروەها( ئەحمەد غەفور) یش بۆچوونی وایە کە: (( بۆنە و نەریتەکانی وەک( هۆزەبانە، کۆتەڵە، میرمیرین، غارغارین، کەری بە قەڵان...... هتد) جۆرە چالاکیەکی کۆمەڵایەتی کۆن بووە کە، بۆنی شانۆی لێهاتووە)) (غەفور، گ. نوسەری کورد، ژ:١، ١٩٧١، ل٢٤). هەروەها( د. هیمداد حوسێن) یش لەم بارەیەوە دەڵێت: (( رەگ و ریشەی درامای کوردی لە فۆلکلۆر و کەلەپوری کوردیدا دەبینین، بەڵام روانیمان بۆ بزووتنەوەی شانۆی کوردی( بە چەمکی ئەوروپی) بۆ سەرەتایی ئەم سەدەیە دەگەرێتەوە بە تایبەتی دوای جەنگی یەکەمی جیهانی)) (حوسێن، ٢٠٠٧، ل٢٥١). نوسەر ئەو بۆنە و نەریتە کۆنانەی بە( درامای راگوزەر) ناوزەند کردووە.

کەواتە راستیەک هەیە نکوڵی لێ ناکرێت کە لە ناو هەموو میللەت و نەتەوەیەکی کۆندا، چەندین جۆر و شێوەی جیاواز لە دابونەریت و بۆنەی( کۆمەڵایەتی و ئاینی،... هتد) هەبووە،

بە دڵنیایەوە لە بەشێک لەو بۆنە و دابونەریتانە پرۆسەی نواندن و دیالۆگ هەبووە، بەشێکی دانەبڕاو بووە، بۆیە زۆرێک لە لێکۆڵەران و پسپۆرانی ئەم بوارە بۆچوونیان وایە کە سەرەتایی دروست بوونی ئەم ژانرە پەیوەستە یان پەیوەندی راستەوخۆ و ناراستەوخۆی هەبووە بەو بۆنە و نەریتانە، یاخود دەتوانین بڵێین ئەمانە رێخۆشکەر و رێگایەک بوینە بۆ دروست بوونی شانۆنامە.

دەربارەی ئەو جولە و نواندن و نمایشانەی کە لە کۆندا لە بۆنە ئاینی و دابونەریتە کۆمەڵایەتیەکاندا کراون، ( حمە کەریم هەورامی) بۆچوونی وایە: (( من ئەو رایە بە ناپەسند و نابەلەد دەزانم کە پێیان وایە گەمە و یاری و وازی و شین و زاری و چەمەری گێران بۆ مردووان جۆرێکن لە جۆرەکانی شانۆگەری، دیارە ئەوانەی لەسەر ئەو رایەن یان لە شانۆ تێنەگەیشتون یان سەبارەت بەو بابەتانە یان جۆرەکانی یاری نەزانن، چونکە ئەو بابەتانە هەر یەکە جۆرە چالاکییەکی ئادەمی تایبەتن، هەر یەک بە پێی بابەتی خۆی سەر بە زانستێکی سەربەخۆیە... بۆنموونە گەمە و گاڵتە و گەپ یاری و وازی کردن بابەتی تایبەتی خۆیان هەیە و سەر بە زانستی سایکۆلۆژییەتە، لە لایەکی دیکەوە سەر بە زانستی فۆلکلۆرن)) ( هەورامی، ٢٠٠١، ل٣٠٢). منیش لەگەڵ ئەو بۆچوونەم کە ناکرێت ئەو جۆرە جولە و نواندنانە بە شانۆنامە لە قەلەم بدەین، بەڵکو دەکرێت ئەمانە وەکو هۆکار و بناغەیەک دابنرێت بۆ زووتر سەرهەڵدان و دەرکەوتنی ئەم ژانرە.

بۆ دیاریکردنی یەکەم شانۆنامە لە ناو ئەدەبی کوردیدا کۆمەڵێک بۆچوون و تێروانینی جیاوازی لە نێوان نوسەر و لێکۆڵەرانی ئەم بوارە پەیدا کردووە، بۆیە وا پێویستە دەکات سەرەتا هەندێک لەو بۆچوونانە بخەینەروو، دواتر بۆچوونی زۆرینە و هی خۆمان دیاری بکەین بەمشێوەیە:

بۆ نموونە یەکێک لە بۆچوونەکان دەڵێت کە لە ساڵی ١٨٧٧ لە تورکیا(( شانۆنامەنووس، مەدحەت ئەحمەد ئەفەندی  شانۆنامەیەکی بە زمانی تورکی بە ناونیشانی  کورد قزی ( کچە کورد) لە بارەی ژیانی کوردەکانی کوردستانی تورکیاوە نووسیوە، لە شاری ئەستەمبوڵ لەسەر شانۆ پیشانی خەڵک دراوە)) ( پیرباڵ، ٢٠٠٥، ل٥٠). ئەگەرچی ناوەرۆکی ئەم شانۆنامەیە باس لە کورد دەکات، لە رووی مێژووییشەوە لە هەموویان کۆنترە، بەڵام ناکرێت بە سەرەتایی سەرهەڵدانی ئەم ژانرە دابنرێت، لەبەرئەوەی بە زمانی تورکی نوسراوە و ناخرێتە ناو چواچێوەی ئەدەبیاتی کوردی.

بۆچــوونێکی دیــکەش هەیە کە پێــی وایە لە ســاڵی ١٩٠٥(( یەکەم شــانۆگەری لە کوردســتانی عێراقـدا لە هەولێـر بە ناونیشــانی( میـری دیـل) پێشکەشـکراوە)) ( پیربـاڵ، ٢٠٠٥، ل٥٧). بەڵام لەبەری ئەوەی ئەم شانۆنامەیەش بە زمانی عەرەبی پێشکەشکراوە. بۆیە ئەویش ناچێتە ناو چوارچێوەی ئەدەبیاتی کوردی، ناکرێت بە سەرەتا و یەکەمین شانۆنامەی کوردی لە قەڵەم بدەین.

( حمە کەریم هەورامی)یش بۆچوونی وایە کە سەرەتایی سەرهەڵدانی شانۆنامە دەگەرێتەوە بۆ سەرەتاکانی سەدەی بیستەم، نوسەر لە کتێبەکەی خۆیدا سێ بۆچوون وەکو سەرەتایی سەرهەڵدانی ئەم ژانرە دەخاتەروو: (بۆچوونی یەکەم پێی وایە کە شانۆنامەی قرالیچە لە ساڵی ١٩٢٢ کە لە شاری سلێمانی لە گۆرەپانی ئەسحابە سپی نمایش کراوە بە سەرەتایی ئەم ژانرە دادەنێت. بۆچوونی دووەم پێ وایە کە شانۆنامەی نیرۆن الطاغیە کە لە ساڵی ١٩٢٦ وە نمایش کـراوە. بۆچـوونی سـێیەمیش پـێ وایە کە شـانۆنامەی نیـرۆن بـووە لە سـاڵێ ١٩٢٧ بـووە) (هەورامی، ٢٠٠١، ل٢٩٢ ـ٢٩٣). ئەم بۆچوونەی نوسەر بۆ سەرەتایی سەرهەڵدانی شانۆنامە لە باشوری کوردستان راستە، بەڵام ئەگەر ئەدەبی کوردی بە گشتی وەربگرین، ئەوا دەبینین کە پێش ئەم شانۆنامەیە شانۆنامەی دیکە نوسراون. ( حوسێن عـارف)یش دەربـارەی دیاریکردن و ســـەرەتایی ســـەرهەڵدانی شـــانۆنامەی کـــوردی بۆچـــوونی وایە کە: (( بـــۆ نووســـینەوەی سەرەتایی شانۆی کوردی دەبی لە( ١٩٣٨ ـ ١٩٣٩) وە دەست پێ بکەین)) ( حوسێن، ٢٠٠٧، ل٢٣٤) . ئەو بۆچـــوونەش هـــیچ بنەمـــایەکی زانســـتی نیـــیە، چـــونکە زۆر پـــێش ئەو ســـاڵانە شانۆنامەی دیکە نوسراون و خراوتەنە سەر تەختەی شانۆ.

بەڵام بە بۆچوونی ئێمە و زۆرێک لە لێکۆڵەر و ڕەخنەگر و شـارەزایانی ئەم بـوارە سـەرەتایی دەرکەوتـــن و ســـەرهەڵدانی شـــانۆنامە لە ئەدەبـــی کوردیـــدا دەگەرێـــتەوە بـــۆ هەوڵەکـــانی (عەبـدوالرەحیمی رەحیمـی هەکـاری) کە(( لە مـانگی نیسـانی سـاڵی ١٩١٩ دا لە ئەسـتەمبۆڵ عەبـدولرەحیمی ڕەحمـی هەکـاری( ١٨٩٠ ـــ ١٩٥٨) یەکەم شـانۆنامەی بە زمـانی کـوردی بە ناونیشـانی( مەمـی ئـالان) لە گۆڤـاری( ژیـن) بە زنجیـرە، لە ژمـارە ١٥ و ١٦ دا، بڵاوکـردەوە)) (پیربـاڵ، ٢٠٠٢، ل١٣٠). هەروەهـا( د.هیمـداد حوسـێن)یـش بـۆ دیـارکردن و سـەرەتایی سـەرهەڵدانی شـانۆنامە دەڵێت: (( ئەوەی تـا ئێسـتا تێکسـتەکەیمان لەبەردەسـت دابێت، پیەسـی (مەمــی ئــالان) هکەی عەبــدولرەحیم رەحمــی هەکــارییە کە لە ١٩١٩دا لە گۆڤــاری( ژیــن) لە ئەســتەمبۆل بڵاوکــراوەتەوە، بەڵام وەکــو نمــایش لە کوردســتانی عیراقــدا لە ســاڵی ١٩٢١ لە هەولێـر شـانۆگەری( سـەلاحەدینی ئەیـوبی) لە لایەن هونەرمەندانی کـوردەوە پێشکەشـکراوە)) (حوسێن، ٢٠٠٧، ل ٢٥١). بەو واتایەی کە کاتی نووسینی دەقەکە و بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامە و گۆڤـارەکـان و نمـایش کردنـی جیـاوازە، بـۆیە نوسـەر دوو شـانۆنامەی وەکـو سـەرەتایی سەرهەڵدان و دەستپێکی ئەم ژانرە دیاریکردووە.

( پیرەمێرد، حوسێن نازم، حوسێن حوزنی موکریانی) بە پێشەنگی ئەو نوسەر و ڕەخنەگرانە دادەنرێت، کە وتاری ڕەخنەیان لەسەر شانۆنامە نووسیوە، هەرچەندە لە سەرەتادا وتارە ڕەخنەیەکانیان سادە بوون نەپرژاوەتە ناو قوڵایی بابەتە ڕەخنەیەکان، بەڵام بۆ دەستپێک کارێکی زۆر گرنگ و پڕ بایەخ بووە.(( پیرەمێرد لە رۆژنامەی( ژیان) ژمارەی رۆژی سێشەممە، لە ٢ ی ئاغستوسی ١٩٢٧، یەکەم وتاری ڕەخنەیی شانۆی بە زمانی کوردی دەنوسێت کە تێیدا ڕەخنە لە شانۆگەری( نیرۆن) دەگرێت کە لە نووسینی محمد لطفی جمعەی میسرییە)) ( پیرباڵ، ٢٠٠١، ل١٣٠). ئەم هەوڵەی ئەو نوسەر و شاعیرانە کاریگەری زۆریان هەبووە، لە گەشەسەندن و بەرەوپێشبردنی بزووتنەوەی شانۆنامە لە ئەدەبی کوردیدا.

ئەگەرچی سەرەتایی سەرهەڵدانی شانۆنامە لە ئەدەبی کوردی زۆر کۆن نییە، بەڵام بە چەند قۆناغ و سەردەمێکی جیاوازدا تێپەریوە، ئەمەش زیاتر بۆ بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردی دەگەڕێتەوە، بۆیە بە پێویستی دەزانین کۆمەڵێک بۆچوون و تێروانینی چەند نوسەر و لێکۆڵەرێک دەربارەی دابەش بوون و پۆلێنکردنی قۆناغەکان بخەینەروو.

( د. فەرهاد پیربال) مێژووی سەرهەڵدانی شانۆنامە بەسەر سێ قۆناغ دابەش دەکات: ((قۆناغی یەکەم: قۆناغی شانۆ میللییەکانمان، کە قۆناغێکی غەیری ئەو شانۆ ئەوروپاییە، کە بە کلاسیزم و نیو کلاسیزم و رۆمانسیزم و سمبولیزم دەیناسین. بریتییە لە کۆمەڵێک تەدارەک و نەریت و نواندنی میللی خۆمان هەر لە سەرەتایی سەدەی دێرینەوە تا دەگاتە سەرەتایی سەدەی بیستەم. قۆناغی دووەم: لە بڵاوبونەوەی یەکەم تێکستی شانۆیی نوسراوە وە دەست پێدەکات، لە ساڵی ١٩١٩ لە ئەستەمبوڵ لە لایەن عەبدولرەحیم هەکارییەوە تا دەگاتە ١٩٥٧. قۆناغی سێیەم: لە ساڵی ١٩٥٧ بەملاوە دەست پێدەکات)) ( پیربال، ٢٠٠١، ل٢٢).

( د. ئیبراهیم ئەحمەد سمۆ)ش قۆناغەکانی سەرهەڵدان و گەشەسەندنی شانۆنامەی کوردی بەسەر شەش قوناغ دابەش کردووە: ((١. قۆناغی پێش جەنگی جیهانی یەکەم ١٩٠٥ لە هەولێر (میری دیل ١٩١٠-١٩١٢ میهرەجانی سلێمانی ٢. قۆناغی دوای تەواوبووونی جەنگی جیهانی یەکەم ١٩١٩ عبدالرحیمی هەکاری. ١٩٢٦ فوئاد رەشید. ١٩٣٣ جەلادەت عالی بەدرخان (هەڤند)، پیرەمێرد ١٩٣٤( مەم و زین). ٣. قۆناغی سێیەم: ساڵانی شستەکان( رەفیق و نوری دەشتی و ئەمینی میرزا کریم). ٤. قۆناغی چوارەم و هەرە گرنگی قۆناغی( ١١)ی ئادار حەفتاکان. ٥. قۆناغی هەشتەکان تا ڕاپەرین. ٦. قۆناغی دوای ڕاپەرین)) ( سمۆ، ٢٠٠١، ل٦٧-٦٨).

( حمه کەریم هەورامی)یش قۆناغەکانی دەست پێکردن و سەرهەڵدانی شانۆنامە بەسەر دوو هەنگاو دیاری دەکات: ( هەنگاوی یەکەم لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەم دەست پێ دەکات تاوەکو ساڵی ١٩٥٢. هەنگاوی دووەمیش لە ساڵی ١٩٥٢ تاوەکو ئێستا)( هەورامی، ٢٠٠١، ل٢٩٢- ٣٠٥). هەروەها نوسەر بۆچوون و تێروانینی وایە کە شانۆنامەی کوردی بە شێواز و مۆدیلی رۆژئاوایی کە شانۆنامەکان لە چاپ بدرێن و بۆ نواندن و خوێندنەوە دەست بدەن، لە ساڵی ١٩٥٢ وە دەستی پێکردووە. ئێمەش بۆچوونمان وایە کە بزووتنەوەی شانۆنامە لە ئەدەبی کوردیدا لە ساڵی ١٩١٩ بە دواوە دەست پێدەکات.

خاڵێکی گرنگ هەیە پێویستە ئاماژەی پێبکەین ئەویش ئەوەیە کە لە دوای شانۆنامەی مەمی ئالان بەدواوە ئیتر وردە وردە ئەم ژانرە قۆناغ بە قۆناغ بەرەو پێشەوە چوو بە پێی( باری سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابوری، .... هتد) لە گەشەسەندن و دواکەوتن و وەستان دابووە، بۆ نموونە لە ساڵەکانی ١٩٧٠ تا ١٩٧٥ ژمارەیەکی زۆر لە شانۆنامە نوسراون و پێشکەش کراون، ئەمەش بە هۆی سەقامیگربوونی باری سیاسی لە ناوخۆی کوردستان بووە هۆی رێکەوتنی نێوان رژێم و کوردەکان. بەڵام ئەگەر تەماشای بکەین لە ساڵەکانی (١٩٩٢ تا ٢٠٠٠) تا ڕادەیەکی زۆر رێرەوی گەشەسەندنی ئەدەب بە گشتی، شانۆنامە بە تایبەتی لە وەستان نزیک بویەوە، ئەمەش بەهۆی ئەو بارە نەخوازراوە( شەری ناوخۆ) کە بەسەر کوردستان داهات.

کۆمەڵێک هۆکار هەن و وایان کردووە سەرەتایی سەرهەڵدانی ئەم ژانرە بە بەراورد بە نەتەوەکانی دراوسێ دوابکەوێت، گرنگترینیان( بڵاوبونەوەی نەخوێندەواری، نەبوونی دەوڵەت یان کیانی سەربەخۆی کوردی، هەروەها کەمی چاپخانە و لاوازی پرۆسەی وەرگێران، خراپی باروگوزەرانی خەڵک لە رووی داراییەوە و سەقامگیرنەبوونی باری سیاسییەوە،.... هتد). ئەمانە هەمووی وایان کردووە، نەوەک هەر شانۆنامە، بەڵکو کۆی ژانر و کایەکانی دیکەی ئەدەب و هونەر دوابکەوێت، بە بەراورد بە میللەت و نەتەوەکانی دیکەی دراوسێ.

کەواتە لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کە کۆمەڵە و رێکخراوەکانی وەک( کۆمەڵەی زانستی کوردان، لیژنەی فەن و تەمسیل لە قوتابخانەی ئەربیل ئولا لە شاری هەولێر)، هەروەها رۆژنامە و گۆڤارەکانی وەکو( ژین، ژیان، زاری کرمانجی، ..... هتد) و نوسەر و ڕەخنەگر و شانۆنامەنووسەکانی وەکو( عەبدلرەحیم رەحیمی هەکاری، پیرەمێرد، جەواد رسول ناجی، فۆئاد رەشید بەکر، ..... هتد) رۆڵ و کاریگەری دیار و بەرچاویان هەبووە لە سەرهەڵدان و نەشوماکردن و چەکەرە کردنی ژانری شانۆنامە لە ئەدەبی کوردیدا.

# بەشی دووەم: هزری نەتەوایەتی و ڕەهەندەکانی

## تەوەرەی یەکەم: چەمک و زاراوەی نەتەوە

## تەوەرەی دووەم: چەمک و زاراوەی نەتەوایەتی

## تەوەرەی سێیەم: مێژووی هزری نەتەوایەتی

- ❖ لای رۆژئاوا
- ❖ لای نەتەوەکانی دراوسێ

## تەوەرەی چوارەم / هزری نەتەوایەتی کوردی

- ❖ قۆناغی هەستی نەتەوایەتی
- ❖ قۆناغی وشیاری نەتەوایەتی
- ❖ قۆناغی بزووتنەوەی نەتەوایەتی

## بەشی دووەم / هزری نەتەوایەتی و ڕەهەندەکانی:

### ١.٢- چەمک و زاراوەی نەتەوە:

زاراوەی نەتەوە وەکـو زۆربەی زاراوەکـانی دیـکە لە بنەڕەتـدا زاراوەیەکـی ڕۆژئـاواییە و بنچینەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سـەر زمـانی لاتینی کە(( لە وشـەی لاتینی( ation) و بنچینەکەی (nascor) و بە واتـای( مـن لە دایـک بـووم) هـاتووە)) ( سـەعید، ٢٠٠٩، ل١٧). لە سـەرەتادا زاراوەکـانی (مـیللەت، گەل) لە شـوێنی زاراوەی نەتەوە بەکارهـاتووە، تـاوەکو لە(( سـەدەی هەژدەهەمـی زایینـی و بە تـایبەتی لە شۆرشـی فەرەنسـیدا ئەم وشـەیە واتە زاراوەی نەتەوە بەکارهات و واتا و مەبەستی خۆی وەرگرت، پاشان ئەم چەمکە گەشـەی سـەند و ڕەهەندی جۆراجـۆری وەرگـرت)) ( الزیـدی، ٢٠٠٤، ص١٦٠). زاراوەی نەتەوە لە زمـانی ئینگلیزیـدا وشەی (Nation)، زاراوەکانی ( الأمە، القوم)ی لە زمانی عەرەبی بۆ بەکارهاتووە.

بە درێژایی مێژوو زاراوەی نەتەوە چەندین واتا و مەبەستی جیا جیای بۆ بەکارهـاتووە، بۆ نمـوونە( ئەو زاراوەیە لە لایەن نوسـەرانی چـاخی کـۆن وەک( ئـاکیتۆس) بە واتـای( پشـت و ڕەگەز) بەکارهاتووە، لە ڕۆمانی کۆنیشدا بەو خەڵکە بیانیانە دەگوترا کە لە ڕۆما دەژیـان، لە سـەدەکانی ناوەراسـتیش بـۆ باسـکردن لە ڕەگەزی قوتـابی و پرۆفیسـۆرەکانی زانکـۆ بەکارهاتووە، لە سەرەتایی پەیدابوون و دەرکەوتنی ڕێنسـانس، ئەم زاراوەیە لەگەڵ چەمکی دەسەڵات تێکەڵ بوو، بۆ چینە خـاوەن دەسـەڵات دەگوترا، لە سـەدەی هەژدەهەمـدا زاراوەی نەتەوە و خەڵک تێکەڵ ببوون و وەکو یەک بەکاردەهاتن) ( سەعید، ٢٠٠٩، ل١٧).

( حوسێن مەدەنی) بۆچوونی وایە کە زاراوەی نەتەوە لە بنچینەدا(( خاوەن بنەما و واتـایەکی سیاسـیە، بەو مانـایەی کە هەر نەتەوەیەک مـافی دیـاریکردنی چارەنووسـی خـۆی هەیە و دەتـوانێ دەوڵەتـی سـەربەخۆ بـۆ خـۆی دامەزرێنـێ)) ( مەدەنـی، ٢٠٠٠، ل٣٤١). لە سـەرچاوەیەکی دیکەشـدا بەم شـێوەیە هـاتووە: (( چەمکی نەتەوە بە مانـای سیاسـی نـوێ، چەمکێکی زۆر تـازەیە و مانـای تێگەیشـتنی یەکێتـی سیاسـی و سـەربەخۆیی دەبەخشـێت)) (میهرداد، ٢٠٠٦، ل١٦).

چەمکـی نەتەوە لە( فەرهەنگـی لارۆس) دا واتـایی(( کـۆمەڵە خەڵکـێکە کە یەکێتـی زمـان و دابونەریـت و ڕۆشـنبیری و هۆکارەکـانی بەرژەوەنـدی یەکیـان دەخـات)) ( البحـر، ١٩٧٣، ص٩٧٥). هەروەهـا لە فەرهەنگی( هەنبانە بۆرینە)شدا لە بری وشـەی نەتەوە دا وشـەکانی ((تـۆرمە، ڕەگەز، فەرزنـدی فەرزنـدی)) ( موکریـانی، ١٣٦٨، ل٧٨٩). بەکارهـاتووە. لە

فەرهەنگـی( هەراشـان)یشـدا زاراوەی نەتەوە واتـایی(( نەتەوە، قەوم، مـیللەت، گەڵ، کـۆمەڵە خەڵکێـک کە یەک ڕەگەز و فەرهەنـگ و زمـان و خاکیـان هەیە)) ( کـۆکردنەوەی کۆمەڵێـک مامۆستا، ٢٠٠٧، ل٢٩٨).

( فیختە) دەربارەی گرنگی و بایەخی نەتەوە بۆچوونی وایە: (( تاک تەنها لە ڕێگەی نەتەوەوە بـوونی هەیە، نەمـری و بەردەوامـی نەتەوەش سـەرچاوەی بـوونی تـاکە، هەروەک چـۆن نەتەوەی ئەڵمان نەتەوەیەکی نەمرە و بە ئەندامەکانیشی( نەمری کەسایەتی) دەبەخشێت. هەر بۆیەشـە دەبێ تـاک لە ڕێگـایی نەتەوە گیـانی بەخـت بکـا)) ( فیخـتە، ١٩٧٩، ص١٢٤). لێرەدا فیختە بە ڕوونـی باسـی گرنگی و کاریگەری نەتەوە بۆ هەموو ئەندام و تاکەکانی کۆمەڵگا دیاریدەکات، کە بە هـۆی بەردەوامـی و بـوونی نەتەوەیە تاکەکـان ژیـان دەکەن، بە ئـازادی و سەربەسـتی دەژیـن، بـۆیە پێویسـتە لەسـەر تاکەکـانیش بەشـێوەیەکی بـاش ئامـادەن بـن، بـۆ فیداکاری و تێکۆشـان و هەوڵدان بۆ دروستکردنی نەتەوە و پارێزگاری لێ بکەن، تەنانەت ئەگەر پێویست بکات گیانی خۆیشیان بە نەتەوەکانیان ببەخشـن، چونکە ئەگەر تاکەکانی نـاو کـۆمەڵگە ئەو هەسـتەیان لا نەمـا، ئەوا نەتەوە بەرەو لاوازی و نەمـان دەچێـت، شـانازی و بوونی تاک بەندە بە هەبوونی نەتەوە و کیان و دەوڵەتێک کە لە ناویدا بژین.

هەوڵدان بۆ پێناسـەکردنێکی گشـتگیری نەتەوە کـارێکی ئاسـان نییە، چونکە نەتەوە لە لایەن شارەزایانی زۆرێک لە زانستەکانی وەک( فەلسـەفە، کۆمەڵناسـی، مێژوو، سیاسـەت، جوگرافیـا، ..... هتـد) بەکـارهێنراوە، بـۆیە هەر نوسـەرێک بـۆ پێناسـەکردنی ئەم چەمکە بە شـێوەیەک لە شـێوەکان دەکەوێـتە ژێـر کـاریگەری بیروبۆچـوونی تـایبەتی خـۆیەوە، لە ئەنجامـدا کۆمەڵێـک پێناسەی جیاواز و بۆچوونی جیاواز بۆ چەمک و زاراوەی نەتەوە خراونەتەروو:

( ئێرنسـت ڕینـان) لە سـاڵی ١٨٨٢ لە وتارێکیـدا بە ناونیشـانی( نەتەوە چییـە) کە لە زانکـۆی سۆربۆن پێشکەشی کرد، وتی: (( نەتەوە ڕۆحە، پرەنسیپێکی ڕۆحی و مەعنەوییە، دوو شـتن کە لە ڕاستیدا هەردووکیـان یەکن، ئەم پرەنسـیپە ڕۆحـی و مەعنەوییە پێکدەهێنن، یەکەمیـان سـامانی یـادەوەرییە و دەوڵەمەنـدە بۆماوەکـانە، ئەوی دیکەیـان ڕەزامەنـدییەکانی ئێسـتایە، ویستی بە یەکەوە ژیان و بەرز ڕاگرتنی ئەو میراتەیە کە بە شـێوەیەکی دابەش نەکراوە بـۆ مرۆڤ ماوەتەوە)) ( ڕێنان، ٢٠٠١، ل٤١). بە بۆچـوونی ڕێنـان دەبێ هەمیشـە ئەو یادگـاری و یادەوەرییـانەی کە هەسـتی نەتەوایەتیمـان دەبـزوێنن و زینـدوودەکەنەوە و بەرز ڕابگـرین، چونکە ئەو یادگاری و یادەوریییانە هۆکارن و دەبنە مـایەی دروست بـوونی نەتەوە، هەسـتی نەتەوەیـی و نزیکبـونەوەی تاکەکـانی نـاو کـۆمەڵگە، پێویسـتە هەمـوو ئەو یادگـاری و یادەوەرییـانەی کە دەبنە هـۆی پەرشـوبڵاوی و دابەشـبوونی تاکەکانی نەتەوە لەبیربکرێن و نەهێڵدرێت لە یادگەمان بمێنێتەوە.

( ئێرنست گیلنەر)یش بۆ پێناسەکردنی نەتەوە بۆچوونی وایە: (( کە نەتەوە بریتییە لە چەند گرووپێک کە ویستی ئەوەیان هەیە وەک یەک گروپ هەبن)) ( جیلنر، ١٩٩٥، ص٣٥). سەبارەت بەم بابەتە گیلنەر دوو گوتەی بەناوبانگی هەیە، کە دەڵێت: (( نەتەوە چوارچێوەیەکە کە هەردوو یەکەی سیاسی و نەژادی نەتەوەیی پێکەوە گرێ دەدات. نەتەوە فەرهەنگ و ئیرادەیە)) ( میهرداد، ٢٠٠٦، ل٢٠٩).

( ستالین)یش لە پێناسەکردنی نەتەوەدا، دەڵێت: (( نەتەوە لە کۆمەڵێک مرۆڤ پێکهاتووە کە بە درێژایی مێژوو هاتونەتە کایەوە و زمانی هاوبەش و خاکی هاوبەش و ئابوری هاوبەش و ژیانی سایکۆلۆژی هاوبەشیان هەیە)) ( عەبدوڵلا، ٢٠١٠، ل٣١). بەو واتایەی کە نەتەوە، بریتییە لە کۆمەڵە خەڵکێک کە لەسەر کۆمەڵێک بنەما یاخود شت لە ناو کۆمەڵگە رێکدەکەون یان بیروبۆچوونیان لەیەکترەوە نزیک دەکەن یان چوونیەک دەکەن. گرنگترین ئەو بنەما و تایبەتمەندییانەی کە پێویستە لەسەری رێک بکەون، پێک دێن لە( زمان، خاک، ئابوری، کەلتوور، .... هتد).

( هیوا عەزیز سەعید) یش یەکێکە لە لێکۆڵەرە کوردەکان دەربارەی چەمکی نەتەوە، بۆچوونی وایە: (( بریتییە لە کۆمەڵە کەسانێک کە یەک زێدیان هەیە و بە یەک زمان ئەدوێن و خاوەنی فەرهەنگ و کەلتوورێکی هاوبەشن، تاکەکانی ئەم کۆمەڵە یان بەشێک لە تاکەکانی ئارەزوومەندی بوونی کیانێکی سەربەخۆی سیاسی خۆیانن کە لە دەوڵەتی خۆی دەنوێنێ)) (سەعید، ٢٠٠٣، ل٥٠).

( سمکۆ محەمەد) یش بۆچوونی وایە کە نەتەوە: (( بریتییە لە خاڵی هاوبەشی کۆمەڵێک خەڵک لە بارەی زمان و کولتور و جوگرافی و شێوەژیان و رەگ و ریشە مێژووییەکانەوە)) (محەمەد، ٢٠١٨، ل ٩٩). ( ئازاد مستەفا)ش بۆ پێناسەکردنی نەتەوە دەڵێت: (( دیاردەیەکی سروشتی و خۆرسک کە لە سەر شەختەبەستن و گەلاڵە بوونی ماکەکانی نەتەوە( زمان، نیشتمان مێژوو داب و دەستور و هەستی) هاوبەشی پەیدا بووە، هەمیشە لە بەردەم گەشە و نەشونمایەکی بەردەوامدایە کە چەندایەتی و چوونایەتی ئەو گەشە و فراژبوونە دەکەوێتە سەر گەشە و کامڵ بوونی ئەو ماکانە)) ( مستەفا، ١٩٩٦، ل١٥).

کەواتە بەشێکی زۆری پێناسەکان کۆکن لەسەر ئەوەی کە نەتەوە لەسەر کۆمەڵێک بنەما و خاسیەت و تایبەتمەندی دروست دەبێت، بە هەبوون و بەهێزبوونی و ئەو بنەما و تایبەتمەندییانە نەتەوە دروست دەبێت، بە پێچەوانەشەوە نەتەوە بەرەو لاوازی و نەمان دەچێت. گرنگترین و خاسیەتەکانی نەتەوەش پێکدێن لە:( زمان، مێژوو، کەلتوور، ....هتد).

## ٢.٢- چەمک و زاراوەی نەتەوایەتی:

چەمک و زاراوەی نەتەوایەتی دوو بابەتی سەرەکین لە تێزەکانی سەدەی بیستەم و سەرەتای سەدەی بیست و یەکەم ، چونکە دوو بابەتی کاریگەرن وابەستەی تەواوی گەلانی زیندووی جیهانن. بە تایبەتی بۆ ئێمەی گەلی کورد کە هەر لە دێر زەمانەوە لە هەوڵ و تێکۆشاندایین بۆ دروستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆ. بۆ یەکەم جار زاراوەی نەتەوایەتی لە ((لایەن فەیلەسوفی ئەلمانیا( یۆهان گۆڵفراید هێردەر) لەگەڵ بیرمەندی فەرەنسی( ئۆکتین دی ببادیل) لە کۆتاییەکەی سەدەی هەژدە بەکارهێنراوە)) ( عەزیز، گ. تویژینەوە، ژ:٤، ٢٠٠٥، ل٥٦).

نەتەوایەتی لە ناو کورددا بە زۆر شێوە و زاراوەی جیاواز بەکارهاتووە، لەوانە: (کوردایەتی، بیری نەتەوەیی، ناسیۆنالیزم، نەتەوەیی، میللەتپەروەری، کورد پەروەری، نەتەوەپەرستی، ... هتد) کە ئەمانە هەمووی واتای خۆشەویستی خاک و نیشتمان و نەتەوە و پارێزگاری لێکردنی دەگەیەنێت. زاراوەی نەتەوایەتی چەند مانا و واتایەکی جیاواز لە خۆ دەگرێت، لەوانە: ((١.جۆرێک هەستی وەفاداری بۆ نەتەوەیەکی تایبەت. ٢. لەبارەی رێباز و سیاسەتەوە، مەیل بۆ رەچاوکردنی بەرژەوندییەکانی نەتەوەی خۆ بە تەنیایی، بە تایبەتی کاتێک ململانێ لەگەڵ بەرژەوەندی لەگەڵ نەتەوەکانی دیکە لە ئارادا بێت. ٣. قسەکردن لە پێویستی پاراستنی کەلتووری نەتەوەیی. ٤. بڕوابوون لە تیۆرە لە سیاسەت و مرۆڤناسیدا کە ڕەگەزی مرۆڤ بە شێوەیەکی سروشتی دابەش بووە، بۆ سەر چەند نەتەوەیەکدا)) (سەعید، ٢٠٠٩، ل٣٠).

( سمکۆ محەمەد) دەربارەی زاراوەی نەتەوایەتی بۆچوونی وایە: (( ناسیۆنال یان ناشنال کە ئینگلیزییەکەی( national) کە پێشتر بە زمانی لاتینی گوتراوەتەوە و لەوێوە سەرچاوەی گرتووە، کەواتە لە سەردەمی گریکەوە ئەم چەمکە سیاسیە فکرییە هاتووە و لە بری چەمکی هاوڵاتی بوون بەکارهاتووە، دواتر رۆژئاواییەکان ئاڵوگۆڕیان بەسەر ئەم چەمکە هێناوە وشەی( ناتالیان) بەکارهێناوە کە بە واتای نەتەوە هاتووە و بە مانایەکی دیکە نیشانەی رێزگرتن بووە بۆ بەرامبەر، پێشگرەکەشی کە( ئیزم)ە دەیکاتە نەتەوەخوازی)) ( محەمەد، ٢٠١٨، ل٥٨). زاراوەی نەتەوایەتی لە رووی زمانەوانیەوە(( لە وشەی( nationalism) ی ئینگلیزی یان وشەی( nationalite) ی فەرەنسیەوە وەرگیراوە، کە لە بنچینەدا لە وشەی (nation) وەرگیراون کە بە مانای گروپێکی نەژادی یان ڕەگەزییە لە هەرێمێکی دیاریکراودا لە دایک بوینە)) ( عەلی، ٢٠٠٤، ل٧٨ـ٧٩). لە سەرچاوەیەکی دیکە هاتووە ((ناسیۆنالیزم (nasionalism) بە واتای نەتەوایەتی دێت و لە زمانی فەرنسیشیدا لە( nationalism) هاتووە)) ( پور، گ. تیشک، ژ:٢٦، ١٣٨٩، ل٣٤).

هەندێ جار تێکەڵی و ئاڵۆزی لە نێوان چەمک و زاراوەکانی نەتەوایەتی و هاونیشتمانیدا دروست دەبێت، بەڵام لە بنەڕەتدا هەردوو لە رووی واتاوە زاراوەکە جیاوازن، هاونیشتمانی واتە کۆمەڵە کەسانێک کە لە وڵاتێکدا پێکەوە دەژین، هەرچی نەتەوایەتی واتە کۆمەڵە کەسانێک کە هاوسۆزیان بۆ نەتەوەکەی خۆیان هەیە، بەڵام ئەوەی جێگەی ئاماژە بۆ کردنە هەردوو زاراوەکە لە یەکتریەوە نزیکن و دەبنە تەواوکەری یەکتر. هەروەکو چۆن هەردوو ((زاراوەی( nationalism) نەتەوایەتی و( nation) نەتەوە جیاوازی هەیە لە نێوانیان، نەتەوە ئینتمایەکی کۆمەڵایەتیە و بەڵام نەتەوایەتی پەیوەندیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسیە)) (عبدالخالق، ٢٠٠٨، ل٤٩٣).

چەمکی نەتەوایەتی لە( ئینسکلۆپیدیای بەریتانی) دا بەم شێوەیە هاتووە: (( بە واتای ئەوە دێت کە هەر تاکێک پێویستە دڵسۆزی بۆ دەوڵەت و نەتەوەکەی خۆی هەبێت)) ( Bentan, 1974, p.851). بەو واتایەی کە پێویستە تاک هەموو کات ئامادە بێت، قوربانی و فیداکاری بۆ نەتەوە و وڵات و نیشتمانەکەی خۆی بدات، تاک هەست بەوە بکات کە سەر بە کامە نەتەوەیە و دڵخۆش بێت بە نەتەوەکەی خۆی و شانازی پێوە بکات، بۆ نموونە ئێمەی کورد هەمووومان دڵخۆش و پەیوەست بین بە نەتەوە و ناوی کورد و کوردستان، هەستی نەتەوایەتیمان تێدا زاڵ بێت، هەرچەندە دەوڵەت و کیانی سەربەخۆشمان نییە، کەواتە مەرج نییە دەوڵەت و کیانی سەربەخۆ مەرجی هەبوونی هەستی نەتەوایەتی بێت.

لە فەرهەنگی( ویستر) یشدا نەتەوایەتی بریتییە لە(( ١. خەسڵەتی( کاراکتێر) نەتەوەیی یان مەیل بۆ لای ئەو. ٢. تایبەتمەندی دیار و بەرچاو، یان خەسڵەتی تایبەتی هەر نەتەوەیەک. ٣.سەر سپاردن بە بەرگری و پاراستنی سیمبۆلەکانی نەتەوەیی. ٤. لایەنگیری بێ ئەملاوئەولای هەر تاکێک بەرامبەر بە نەتەوەکەی و پرەنسیپەکانی و وڵاتپارێزی. ٥. مانای دینی: خەڵک، نەتەوە یان نەتەوەیەکی تایبەت یان نەتەوەی هەڵبژێردراوی خواوەند)) (سەعید، ١٩٩٩، ل٣١).

پێناسەکردنی نەتەوایەتی کارێکی ئەستەم و ئاڵۆزە، چونکە بۆ گەیشتن بە پێناسەیەکی گشتگیر، پێویستە لە چەند زانستێکی جیاوازەوە شییکردنەوە بۆ چەمکەکە بکەین، بەو واتایەی کە ئەم چەمکە بەژداریەکی کارای هەیە، لە هەندێک لە زانستەکانی وەک( فەلسەفە، کۆمەڵناسی، سیاسی، مێژوو، ... هتد)، بۆیە پێویستە لە دەرگای ئەو زانستانە بۆ زاراوەکە بچین، بۆ ئەوەی لە کۆتاییدا بە پێناسەیەکی تەواو و گشتگیر بێینەدەرەوە.

( ئێرنسـت گیلـنەر) لە بـارەی پێناسـەکردنی چەمکـی نەتەوایەتیـیەوە بۆچـوونی وایە کە: ((ناسـیۆنالیزم لە بنەڕەتـدا چەمکێکـی سیاسـیە، هەوڵ دەدات یەکەی سیاسـی لەگەڵ یەکەی نەتەوە بگونجێنێت)) ( Gellener, 1983, p.1). واتە نەتەوە و دەوڵەت هەردووکیـان بـۆ یەک ئامـانج هەوڵـدەدەن و ئامانجەکانیـان وەک یەکە. گرنگتـرین ئامـانج و مەبەسـتەکانی هەردووکیان بەدیهێنانی ژیانێکی خۆشە بۆ تاکەکانی نـاو کۆمەڵگە و بەرەو پێشبردنی وڵات لە هەمـوو رووێکەوە. گیلـنەر بۆچـوونی وایە کە: (( هـزری نەتەوایەتـی (nationalism) بەرهەمهێـنەری نەتەوەیە (nation) نەوەک بە پـێچەوانەوە)) ( جیلنـر، ١٩٩٥، ص٣٧). بەو واتایەی کە نەتەوایەتی نەتەوە دروست دەکات، نەوەک بە پێچەوانەوە. واتە ئەگەر نەتەوەکان هەستی نەتەوایەتیان نەبێت، ئەوا ئەو هەموو ژمـارە زۆرەی نەتەوە نەدەبوو لە سـەر زەوی. بە واتـایەکی دیـکە ئەوە هەسـتی نەتەوایەتیـیە وا دەکـات نەتەوەکـان لە یەکتـر جیـاببنەوە و سەربەخۆیی خۆیان بە دەست بهێنن.

( ئەنتـونی دی سـیمس)یـش بۆچـوونی وایە کە: ( ناسـیۆنالیزم بزووتنەوەیەکـی کەلتـووری و ئایدۆلۆژییە، هەوڵ بۆ بەدەستهێنانی ئۆتۆنۆمی و هێشتنەوەی یەکێتی نەتەوەیی و پاراسـتنی ناسـنامەی نەتەوەیـی دەدات) ( سـمیس، ٢٠٠٤، ل١٨). بەو واتـایەی کە نەتەوایەتـی لەم پێناسـەیەدا وەکـو جـۆرە ئایـدۆلۆژیایەک سـەیر کـراوە، هەمـوو هەوڵـدانی بـۆ پاراسـتن و هێشتنەوە و پارێزگاریکردنە لە قەوارەی نەتەوەیی و ناسنامەی نەتەوەیی.

( بوید شیغر)یش بۆچوونی وایە کە نەتەوایەتی: (( چەمکێکی نوێیە و هەستی نەتەوایەتیش کە واتایی بوونی ئینتیمایە بۆ هەر نەتەوەیەک، تەنها لە کۆتایی سەدەی هەژدەیەمدا و لەسەر و بەنـدی شۆرشـی فەرەنسـادا نەبێت لە ئەوروپـادا نەبـووە بە بزووتنەوەیەکـی میللـی و لە ماوەی نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمیشدا ئەو چەمکە بـوو بە هەسـت و خولیـایەکی گەورە و بەهێز)) ( شیغر، ١٩٦٦، ص١٧).

( لینـین)یـش لەم بـارەیەوە دەڵێـت: (( نەتەوایەتـی دیـاردەیەکی کـۆمەڵایەتییە و کۆبـونەوەی کۆمەڵێـک خەڵـک و مـرۆڤە لە قۆناغێـک لە قۆناغەکـانی مێـژوو یـان دیـاریکراودا بـۆ چەنـد ئامانجێکی دیـاریکراو کە کۆمەڵگە پێویسـتی پێیەتی)) ( سیف، ١٩٨٣، ص٥). بەو واتـایەی کە کـۆمەڵێ مـرۆڤ یـان تاکەکـانی نـاو کـۆمەڵگە لەسـەر چەنـد خـاڵ و بنەمـا و خاسـیەتێک رێکـدەکەون، بـۆ بەرەوپێشـبردنی وڵات یـان کۆمەڵگەکەیـان جـا ئەو بنەمـا و خاسـیەتانە کۆمەڵایەتی یان ئابوری یان سیاسی بن یان هەر بوار و لایەنێکی دیکەی کۆمەڵگەکە بێت.

( هانز کوهن) دەڵێت: (( نەتەوایەتی پەیوەندیەکی توند و تۆلّی بە بریاردانی خود لە ژیانی کۆمەڵێکدا هەیە، لەگەڵ هێنانی زانستی نوێ و تەکنەلۆژیا بۆ خزمەتکردنی نەتەوە و بەرزکردنەوەی زمان و کەلەپوری نەتەوایەتی)) ( عەبدولواحید، ١٩٩٢، ل٦٢). بەو واتایەی کە تاک گرنگیەکی زۆری هەیە، بۆ بڕیاردان لە ناو کۆمەڵگە، پێشکەوتنی کۆمەڵگە لە سەرجەم بوارەکاندا کاریگەری زۆری لەسەر گەشەکردن و دواکەوتنی نەتەوە دەبێت.

نوسەری ئێرلەندی( فرید هالیدای) لە کتێبەکەی خۆی بە ناوی( نەتەوە و ئاین لە رۆژهەڵاتی ناوەراست)دا، دەڵێت: (( ناسیۆنالیزم بیرمەندی دامەزرێنەری خۆی نییە، بەڵام کۆمەڵێک بیروباوەری سەرەکی کە پەیوەندییان بە ناسیۆنالیزمەوە هەیە، لە مێژوودا کۆمەڵێک بزاڤی دیموکراتیخواز و جەماوەریان لە ئەوروپا لە کۆتاییەکانی سەدەی( ١٨) و سەرەتایی سەدەی( ١٩) هێناوەتە ئاراوە)) ( هالیدای، ٢٠٠٠، ص٢٢). بەو واتایەی کە نەتەوایەتی یەکێکە لەو رێباز و قوتابخانانەی کە هیچ رابەر و پێشەنگێکی نییە، بە تایبەتی لە پێش سەدەی هەژدەهەمی زاینیدا تەنها وەکو دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی و کەلتووری تەماشا کراوە. نەتەوایەتی لە لایەن هەندێ لە شارەزایانەوە بە دوو شێوە روونکراوەتەوە، هەروەکو (فرید هالیدای) بۆچوونی وایە کە نەتەوایەتی: (( ١. ئایدۆلۆژیا: واتە ناسیۆنالیزم کۆمەڵە بنەمایەکی سیاسیە کە مایەی قەبوڵ و پشتیوانی هەندێ لە بزاڤ و تاکەکانە. ٢. بزاڤی سیاسی، کۆمەڵایەتی: واتە ناسیۆنالیزم وەک ئاراستەی ڕەوتێکی هەمەگیرە کە لە ماوەی دوو سەدەی دواییدا سەرجەم کۆمەڵگاکانی خستۆتە ژێر کارتێکردنی خۆیەوە و سیاسەتەکانیشی گۆریوە)) ( هالیدای، ٢٠٠٢، ل١٢).

چەمکی نەتەوایەتی لە لایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بەم شێوەیە پێناسەکراوە: (( کە نەتەوەیەک یان کۆمەڵە مرۆڤێک خۆیان لە نەتەوەیەک یان کۆمەڵە مرۆڤێکی دی لە ڕووی ڕەگەزەوە یان ڕەنگەوە یان ڕەچەڵەکەوە بالاتر دەبینن)) ( محمد( ٢٠٢٠) کۆوانەکانی فەلسەفی ئەدەب، ل١٤).

( محمد قوطب) دەڵێت: (( نەتەوایەتی نەوەکانی یەک رەچەڵەک و زمانی هاوبەش ئەخوازێت، خواستێکی هاوبەشیان هەبێت، ئەگەر چی نیشتمان و خاکیان پەرت و جودا بێت)) ( قطب، ٢٠٠١، ص٥٥٤). بەو واتایەی کە تاکەکانی هەر نەتەوەیەک ئەگەرچی لە ناو یەک چوارچێوەی دیاریکراویشیدا نەژین و پەت و بڵاویش بن، ئەوا گرنگ ئەوەیە کە یەک خواست و مەبەست کۆیان بکاتەوە، هەموو کات بۆ ئەو خواستە تێبکۆشن.

نوســەر و لێکـۆڵەرە کوردەکـانیش بۆچـوونی خۆیـان دەربـارەی زاراوەی نەتەوایەتـی بەم شێوەیە خستۆتەروو:

( مسعود عبدالخالق) بۆچوونی وایە کە نەتەوایەتی: ((کۆمەڵە خەڵکێکی خەمڵیو لە نەتەوەیەکدا بە هـۆی پرۆســەیەکی مێژوویــی تیــادا: زمــان و مێــژوو کەلتــوور و دەروون و خــاکێکی هاوبەشیان بۆ دروست بووە)) ( عبدالخالق، ٢٠٠٨، ل٢٩٣). ( هیوا عەزیز) یش لەم بارەیەوە دەڵێت: (( نەتەوایەتـی هەمـوو جـولە و بـزاوت و هەوڵەکـانی تاکەکـانی نەتەوەیە کە بە پێـی بارودۆخ و کات و شوێنی نەتەوەکە فۆرمی جۆراجۆر لە خۆی دەگرێت، دەشێ سیاسـی یـان کۆمەڵایەتی یان.... هتد بێت)) ( سەعید، ٢٠٠٣، ل٥٤).

د. عەبدوڵڵا ئاگرین لە بارەی نەتەوایەتیەوە بۆچوونی وایە کە: (( نەتەوایەتی وەکو بوویەکی هەمیشە زیندوو نەک هەر داینەمۆیەکی بەهێزی وزە و توانای نەتەوەیە، بەڵکو هۆکارێکی یەجگار بەهێزی هەموو کار و رووداو و گۆرانکارییەکانی ئەم سەردەمەیە، ڕۆڵی دیاری خۆی لە ناو کۆمەڵگای نێو دەوڵەتیش دەبینێت و کۆڵەکەی ئاشتییەکی چەسپاو و هێمن و ئارامییە بۆ گەلانی دنیا، بۆیە دەبینرێت بە هەمان گوڕ و تەوژم و حەماسەتەوە بوونی خۆی دەسەلمێنێت، سەرچاوەی سروشتی کار و جموجۆڵ و چالاکی سیاسی نێو دەوڵەتانیشی لە خۆگرتووە )) ( ئاگرین، ١٩٩٩، ل٢٥ ). هەروەها ئاگرین بۆچوونی وایە هزری نەتەوایەتی: (( ئەو هەستە بزوێنەرە سروشتییەی ناخی مێشک و دەروونی مرۆڤە، بۆ ئەنجامدانی کاری چاکە و راژەی گشتی و خۆبەستنەوە بە رەوشتی بەرز و نەریتە پیرۆزەکانی ناو کۆمەڵ لە کار دایە و خاوەنی خاسڵەتە گرنگەکانی ژیانی مرۆڤە )) ( ئاگرین، ١٩٩٩، ل٢٨ ). کەواتە ئاشکرایە کە کۆمەڵێک کردار و ئاکار و تایبەتمەندی باش لە ناو کۆمەڵگەدا هەیە، پێویستە تاکەکانی ناو کۆمەڵگە چییان بۆ خۆیان پێخۆش بێت، بۆ ئەوانی دیکەشیان بوێت .

( د.کـامیران مـحەمەد نەبـی) لە نـامەی دکتـۆراکەی خۆیـدا ئامـاژەی بە چەمکـی نەتەوایەتـی کـردووە و دەڵێت: (( نەتەوایەتـی هەسـت کـرنە ب خـۆە ڕاگریەکـا نیشـتمانی ژ بـۆ دۆپاتکرنـا ناسنامە خوە وەکو کورد یان کەسایەتی یا خوە یا نشتمانی و شەرەفا نیشتمانی و ئازادی یا کار کرنا نیشتمانی)) ( نەبی، ٢٠٠٥، ل١٥). واتە نەتەوایەتی ئەو هەسـتکردن و دڵسـۆزی تـاکە بـۆ نیشـتمان و وڵاتەکەی، پێویسـتە لەسـەر تـاک هەمیشـە شـانازی بە ناسـنامە و نەتەوەکەی خـۆی بکـات، بـۆ نمـوونە ئـێمەی کـورد شـانازی بە ناسـنانەی نەتەوایەتـی خۆمـان دەکەیـن، هەردەم ئامادەین بۆ بەرگری و فیداکارین بـۆ وڵاتەکەمـان و هەمیشـە پارێزگـاری لێدەکەین. (د.کامیران محەمەد نەبی) نەتەوایەتی بۆ سەر هەشت پێکهاتە دابەش دەکات: ( ڕەگەز، خـاک،

زمان، دیرۆک(مێژوو)، کەلتووری ماددی و معنەوی، ئابوری، دین، هەستی هاوبەش) ( نەبی، ٢٠٠٥، ل١٥ ـ ١٦).

( رەفیق سابیر)یش بۆچوونی وایە کە نەتەوایەتی: (( سیستمێکی فیکرییە کە لەسەر بنچینەی بارودۆخێکی ئۆبژێکتیڤیی بوونی گروپێکی ئیتنیکی، نەتەوە کە زمان و کەلتوور و مێژوو هەستی هاوبەشیان هەیە)) ( سابیر، ٢٠١٤، ل١٠٣ـ١٠٤). لە سەرچاوەیەکی دیکە هاتووە کە نەتەوایەتی: (( سیستەمێکی فیکریە یان بیروباوەرێکی سیاسی ــ کۆمەڵایەتییە، ئەندامانی کۆمەڵگە بۆ خۆشەویستی نەتەوە، پاراستن و بەرەو پێشبردنی بنەما هاوبەشەکانی نەتەوە و راگرتنی بەرژەوندیی نەتەوەیی گۆش دەکا، نەتەوە بێ دەوڵەتەکان بە ئاراستەی پێکهێنانی دەوڵەتی نەتەوەیی و بەدەستهێنانی سەربەخۆی سیاسی، نەتەوە خاوەن دەوڵەتەکانیش بە ئاقاری پاراستنی قەوارەی سیاسیان و گەشەپێکردنی ئابوری و کۆمەڵایەتی ئاراستە دەکات)) ( سەعید، ٢٠٠٩، ل٣٤). بەو واتایەی کە مەرج نییە نەتەوایەتی تەنیا تایبەت بێت بەو نەتەوە و میللەتانەی کە خاوەنی دەوڵەت و کیانی سیاسی و سەربەخۆ نین، چونکە هەموو نەتەوەیەک دەگرێتەخۆ.

نەتەوایەتی خۆی لە چەند جۆرێکی جیاواز دەبینێتەوە لەوانە: ( نەتەوایەتی لیبرالی، نەتەوایەتی تۆتالیتەری، نەتەوایەتی پارێزگارانە، نەتەوایەتی ئەرناشیستی، نەتەوایەتی رزگاریکەری، نەتەوایەتی دەوڵەتی، نەتەوایەتی جیاوازیخواز، نەتەوایەتی قەومی، نەتەوایەتی مەدەنی، ..... هتد) ( سەعید، ٢٠٠٩، ل٣٥ ـ ٣٦). دیاریکردووە. لێرەدا پرسیارێکی گرنگ دێتە پێشمان ئەویش ئەوەیە، ئایا ئەو هەستە یان ئەو بزووتنەوە نەتەوایەتیانەی کوردی سەر بە کام لەو جۆرە نەتەوایەتیانە یان دەچێتە خانەی کام جۆرەوە، لە وەڵامدا دەتوانین بڵێین کە کۆی بزووتنەوە نەتەوایەتییە کوردییەکان، دەچێتە خانەی نەتەوایەتی رزگاریکەری، چونکە میللەت و گەلی کورد لە دێر زەمانەوە لە ژێر دەستی ئەم و ئەودا بووە، نەبۆتە خاوەن قەوارە و کیانی سەربەخۆ سەرەرای ئەوەی کە بەردەوامیش لە هەوڵ و تێکۆشان دابووە، بۆ گەیشتن بە خەونی لە مێژینەی خۆی کە ئەویش دروست بوونی دەوڵەتێکی سەربەخۆیی یەکگرتووە کە هەموو پارچەکانی کوردستان بگرێتەوە.

ئەوەی کە جێگەی ئاماژە بۆ کردنە ئەوەیە کە نەتەوایەتی لای کورد بە چاوێکی بەرز و پیرۆز سەیر کراوە، ئەمەش شتێکی روون و ئاشکرایە کە نەتەوە و گەلی کورد بە درێژایی مێژوو هەر زولم و ستەم و زۆرداری بەرامبەری کراوە، نیشتمانەکەیان پارچە پارچە کردووە، نەیانهێشتووە نەتەوەی کورد بگات بە بەدەستهێنانی کیان و دەوڵەتی سەربەخۆ. لەم بارەیەوە( مسعود عبدالخالق) دەڵێت: (( کوردایەتی وجودە، بوونە، کەینوونەیە لزومی بە کراس نییە، لزومی بەوە نییە پێستێکی لەبەربکەی. کوردایەتی بریتییە لە حەقیقەتێک بۆ

خـۆم ئینســانم و   کــوردم و ئینســانم چەنــد کــوری بــاوکی خــۆمم ئەوەنــدەش کــوردم و کوردایەتی کە جورئەتێکی ئەسلی لە گیانی مندا ممکین نییە بیسرمەوە)) ( عبدالخالق، ١٩٩٧، ل٦٤). کەواتە شتێکی زۆر زەحمەت و مەحاڵە، کەوا هەستی کورد و کوردایەتی لە مێشکی تاکەکانی میللەتی کوردا نەهێڵێ و بسڕێتەوە، بۆ ئەو مەبەستە ڕژێمەکانی پێشووی عێراق هەوڵێکی زۆریان دا، بەڵام سەرکەوتوو نەبوون و نەیانتوانی ئەو هەستە لە ناو تاکی کورد بسڕنەوە .

بۆ زیاتر تێگەیشتن و ڕوونکردنەوەی چەمک و هزری نەتەوایەتی، پێویستە ئاماژەیەکی خێرا بە دوو قوتابخانەی بەناوبانگ بکەین، ئەوانیش: (( ١. قوتابخـانەی ئەڵمـانی کە لەسـەر تیۆری مێژوویـی دروسـت بـووە، واتە نەتەوە وەکـو گیـانلەبەرێکی سـەربەخۆ تەمـاش دەکـات کە زمـانەکەی و مێـژووەکەی لە نەتەوەکـانی تـری جیادەکـاتەوە. ٢. قوتابخـانەی فەرەنسـی کە لەســەر بنچیـنەی تیـۆری فەلســەفی عەقڵگەرایـی دروســتبووە و بـریتییە لە گرێبەســتێکی ئارەزوومەندانەی نێوانی لایەنە جیاوازەکـانی کۆمەڵگەدا کە بنەمـای ڕۆشـنگەرییە لە بـواری ئیسـتاتیکای هـونەر و ئەدەب)) ( محمد،( ٢٠٢٠) کۆوانەکـانی بـابەتی فەلسـەفی ئەدەب، ل١٨). بەو واتـایەی زیـاتر لە ڕێگەی ئەم دوو قوتابخـانەیەوە چەمکـی نەتەوایەتـی بە نـاو هەمـوو جیهاندا بڵاوبویەوە.

## ٢-٣- مێژووی هزری نەتەوایەتی:

### ٢-٣-١- لای رۆژئاوا:

سـەرەتایی دەرکەوتـن و سـەرهەڵدانی هـزری نەتەوایەتـی بـۆ گەل و نەتەوە رۆژئاواییەکـان دەگەرێتەوە، دواتـر بەهـۆی هەردوو کرداری داگیرکـاری و بازرگـانیکردن یـان تێکەڵبـوونی تاکەکـانی گشـت نەتەوەکـان، زیـادبوونی خواسـتی نەتەوەکـان ئەم هـزرە لە هەمـوو دونیـا بڵاوبـۆتەوە. نەتەوایەتـی وەکـو چەمـک و زاراوە دیـاردەیەکی بەرهەمهێنـراوی مـرۆڤە کە زۆربەی نوســەران لەســەر ئەوە کـۆکن کە مێـژووی ســەرهەڵدانی هــزری نەتەوایەتــی دەگەرێـتەوە بـۆ رۆژئاواییەکـان، ئەمەش دوای ئەو هەمـوو گۆرانکاریـانە بـوو کە هەمـوو بوارەکـانی ژیـانی کـۆمەڵگەی رۆژئـاوایی گـرتەوە، ئەمەش بـووە هـۆی ئەوەی کۆمەڵێـک گۆرانکـاری بنەڕەتـی لە بوارەکـانی( ئـابوری، سیاسـی، فەرهەنگـی، کـۆمەڵایەتی، ..... هتـد) روویـدات. ئەم گۆرانکاریـانە بە مـاوەیەکی کەم سـنوری وڵاتـانی رۆژئـاوایی بـری و پەلـی هاوێشـت بـۆ نـاو نەتەوە و گەلانـی دیـکەی جیهـان. هەروەهـا هـزری نەتەوایەتـی لە هەمـوو شوێنەکان بە یەک ئاراستە وەکو چەمکێکی یەکسان مامەڵەی لەگەڵدا ناکرێت، چونکە هـزری نەتەوایەتی(( خـۆی لە خۆیدا چەمکێکی بێ لایەنە، یـان ناسـیۆنالیزم وەک ئۆیڤید ئۆسـتێرود دەلێ رەنگێکی سیاسـی دیاریکراوی نییە. ئەو رەنگی خـۆی لە دەوروبەرەکەی وەردەگرێت مەرج و حاڵەتە مێژوویی، جیوگرافی ـ سیاسی، دەوڵەتی و کەلتورییەکان فۆرمی تایبەتی بە ناسیۆنالیزم دەدەن)) ( سابیر، ٢٠٠٣، ل١٧).

بۆ دیاریکردنی سەرەتایی سەرهەڵدان و دەرکەوتنی هـزری نەتەوایەتی چەنـدین بۆچوون و تێروانینـی جیـاواز خـراونەتەروو، بـۆ نمـوونە( هیـوا عەزیـز سـەعید) بۆچـوونی وایە: ((ناسـیۆنالیزم وەک دیـاردەیەکی بەرهەم هێنـراوی هـزری مـرۆڤ، مێـژووی سـەرهەڵدانی ئەگەرێتەوە بۆ ئەوروپا، ئەمەش لە دەرئەنجامی هەموو ئەو گۆرانکاریـانەی لە مـاوەی نێوان ســاڵانی( ١٤٧٥ – ١٨٧٥) دا روویانــدا، کۆمەڵێــک گۆرانکــاری ریشــەیی لە بــوارە جۆراوجۆرەکانی ژیانی ئابوری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەرهەنگی و..... هێنایە کایەوە.)) (سەعید، ٢٠٠٣، ل ٤٧). هەروەها ( د. محمد بکر محمد) یش بۆچوونی وایە: (( پشتی ناپلییون بـویە ئیمپراتـوری فرەنسـا (١٨٠٤ز) ێ و چەنـدین شـەرێن گـران دگەل مللـەت و وڵاتـێن دی کرین. بو ئەگەرەک ژ بو پەیدابوون و و بەرزبۆنـا هەسـتا نەتەوەیی یا وان مللەتـان و ئەوان رژێمێن خوە یێن دەرەبەگی هلوەشاندن ئەڤە بـو هاندەرەک چینا بورژوازی سـەربکەڤیت)) ( نەبی، ٢٠٠٥، ل١٨). بەو واتـایەی کە سـەرەتایی رووداوەکـانی شۆرشـی فەرەنسـی هەسـتی نەتەوایەتـی لاواز بـووە و زیـاتر وەکـو هەسـتێکی مرۆڤـایەتی بـووە. بـۆیە دوای هـاتنە سەرحوکمی( ناپلیۆن) لە ساڵی (١٨٠٤ز) و کردنی چەندین شەری قورس لەگەڵ نەتەوەکـانی

دیــکە، ئەمە بــووە هــۆی بەرزبــونەوەی هــزری نەتەوایەتــی. کەواتە بەو شــێوەیە بێــت ئەوروپییەکـان بە هـۆی فەرەنسـا و ناپلیۆنەوە بوینە خـاوەنی هـزری نەتەوایەتـی. ( کـارلتون هیز)یش لەم بارەیەوە دەڵێت: ((ناڤبەرا هەمـوو وانەیێن کو ئەوروپا ژ فەرەنسـا یا سـەردەما ناپلیونێ فێربوو بەناڤ و دەنگترین و کاریگەرترینیـان نەتەوەگەرای بوو)) ( محمـد، مەتین، ژ:١١٦، ٢٠٠١، ل٤٢).

هەنـدێکی دیـکە بۆچوونیـان وایە: (( دەرکەوتنـی ناسـیۆنالیزم لە ئەوروپـادا ئەنجـامی ئەو گۆرانکـارییە گەورە ئـابوری، سیاسـی، کـۆمەڵایەتی و کەلتوورییـانە بـوو، کە لە سـەرەتایی سەدەی هەژدەیەمەوە ئەوروپا بە خۆیەوە دیتن، گەشـەکردنی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانی سـەرمایەداری و پرۆسێسـی بە سـەنعەت کـردن و مـۆدێرنکردن و زۆربـوونی دانیشـتوانی شـارەکان، گۆرانییێکی فراوانیـان لە وڵاتـاتی ئەروپا دروست کرد)) ( سـابیر، ٢٠١٤، ل ١٠٦). بەو واتـایەی کە زۆر بـوونی دانیشـتوان و سـەرهەڵدانی بازرگـانی و پیشەسـازی کـاریگەری هەبووە لەسەر سەرهەڵدانی هزری نەتەوایەتی. ( گرین پرانتۆن)یش بۆچوونی وایە: ((بیری ناسیۆنالیزم لە ناکاو لە ئەوروپا سەریهەڵنەداوە، بەڵکو ڕەگ و ریشـەی دەگەرێتەوە بۆ سێ سەدەی سەردەمی نوێ( ١٥٠٠ و ١٨٠٠) بەڵام شۆرشـی فەرنسـا گورتینێکی زۆری پێداوە)) (ئەلعەزاوی، ٢٠٠٧، ل٣٠).

لە سـەرچاوەیەکی دیکەشـدا بـۆ دیـاریکردنی سـەرەتایی سـەرهەڵدانی هـزری نەتەوایەتـی کۆمەڵێک بۆچـوونی جیاوازی خستۆتەروو، لەوانە: (( مێژووی ورد و تەواوی سـەرهەڵدانی ناسیۆنالیزم nationalism مایەی ناکۆکییە. کۆین kohin ١٦٤٢، ئاکتن سـاڵی ١٧٧٢ وەک سـاڵی دابەشــبوونی پۆڵەنــدە، خــزوری ســاڵی ١٨٠٦ کە ســاڵی بڵاوبــونەوەی وتــارە بەناوبانگەکانی فیختەیە بۆ نەتەوەی ئەڵەمانی، زۆرێکیش لەسـەر ئەوە کـۆکن کە سـاڵی ١٧٨٩ سـاڵی شۆرشـی فەرەنسـی بە سـەرهەڵدانی نەتەوایەتـی دابنێن)) ( جەمـال، ٢٠٠٤، ل١٣٨). لە سـەرچاوەیەکی دیـکەدا هـاتووە کە(( جیـابونەوەی پۆلنـدە لە سـاڵی( ١٧٧٢ ز) بـووە هـۆی سـەرهەڵدانی چەمـک و زاراوەی نەتەوایەتـی لە ئەوروپـا، بەڵام شۆرشـەکانی فەرەنسـی و ئەمریکی شێواز و مۆدیلەکی تازەیان دانا لە رووی بنیاتەوە و پێکهاتنەوە)) ( ظاهر، ١٩٨٨، ص١٩٥).

سەرباری هەبوونی کۆمەڵێک بۆچوونی جیاواز لە بـارەی سـەرهەڵدان و دەرکەوتنی هـزری نەتەوایەتــیەوە، بەڵام بەشــێکی زۆری بۆچوونەکــان لەســەر ئەوە کــۆکن کە ســەرەتایی سەرهەڵدانی هزری نەتەوایەتی دەگەرێتەوە بۆ کۆتاییەکانی سـەدەی هەژدەهەم و بەتـایبەتی ســەردەمی شۆرشــی فەرەنســی، بــۆ نمــوونە( بوید شــیغر) بۆچــوونی وایە کە: (( هەر بەکارهێنانەکی چەمک و زاراوەی نەتەوایەتی بۆ پێش رووداوەکانی سـەدەی هەژدەهەم، ئەوا

له شوێنی خۆی دا نییه)) ( شیغر، ١٩٦٦، ص٦٧ ــ ٦٨). ئەمەش بە واتای ئەوە نیە کە پێش سەدەی هەژدەهەم هیچ جۆرە هەست و ئینتمایەکی نەتەوایەتی نەبووە، رەنگە هەبووبێت بە تایبەتی لای یۆنانی و رۆمانیەکانەوە، بەڵام ئەو هەستە نەتەوایەتیە نەبۆتە بزووتنەوەیەک تاوەکو واتایی دڵسۆزی و خزمەتکردن و فیداکاری بۆ نیشتمان بگەیەنێت. لە دوای سەدەی هەژدەهەم هەستی نەتەوایەتی زیادی کرد و گەشەی خێرای بە خۆوە بینی و دڵسۆزی و ئینتیما بۆ نەتەوە پەرەی سەند. لەم بارەیەوە( گیدنز) دەڵێت: (( نەتەوە و ناسیۆنالیزم وەک مۆڵکی تایبەتی دەوڵەتە مۆدێرنەکان دادەنێ و دەرکەوتنی ناسیۆنالیزم دەگەرێتەوە بۆ کۆتایی سەدەی هەژدەهەم)) ( گیبریا، ٢٠٠٣، ل١١). لەم بارەیەوە( رەفیق سابیر) بۆچوونی وایە: (( ناسیۆنالیزم دیاردەیکی نوێیە و لە دوایی شۆرشی فەرەنسا بە تایبەتی لە کۆتایی سەدەی هەژدەهەم و سەرەتایی سەدەی نۆزدەهەم لە ئەوروپا دەرکەوت)) ( سابیر، ٢٠١٤، ل١٠٥).

مەرج نییە هزری نەتەوایەتی هەموو کات یەک ئەنجامی هەبێت، بەڵکو هەندێ جار ناوەرۆکی هزری نەتەوایەتی دوو ئەنجامی دژ بەیەک و پێچەوانە بە دەستەوە دەدات، بۆ نموونە ((١. دەشێت ناسیۆنالیزم هاوتای ئازادی و یەکسانی و هەقخوازی بێت. ئەمەش لەو کاتانەدا دەبێت کە نەتەوەیەکی ژێر دەست لە دژی ستەم و داگیرکردن و لە پێناوی ئازادیدا خەبات دەکات. ٢. دەشێت ناسیۆنالیزم مانای شۆڤێیزم و ستەم و ڕەگەزپەرستی بێت. کاتێک نەتەوەیەکی سەردەست یان داگیرکەر بۆ درێژەدان بە داگیرکردن یان چەوساندنەوەی کەمایەتی نەتەوەیی یان پەلاماری نەتەوەی دراوسێ ئایدۆلۆژیایی ناسیۆنالیزم بەکار دەهێنێت.)) ( سابیر، ٢٠٠٣، ل١٨). بەو واتایەی کە نەتەوایەتی وەک پرس و دیاردەیەکی سیاسی و مێژوویی و کۆمەڵایەتی ، دەکرێت دوو مانا و ناوەڕۆکی جیاوازی لە خۆ بگرێت، یەکەمیان مانای شۆڤێنیزم و ستەم و ڕەگەزپەرستی بێت، بۆ نموونە کاتێک نەتەوەیەکی سەردەست ، یان داگیرکەر بۆ درێژەدان بە داگیرکردن یان چەوساندنەوەی نەتەوەکانی دیکە یان بۆ پەلاماردانی نەتەوەی دراوسێ ئایدۆلۆژیای هزری نەتەوایەتی بەکار دێنێت. دووەمیان دەشێت نەتەوایەتی هاوتای ئازادی و یەکسانی بێت، ئەمەش لەو کاتانەدا دەبێت کە نەتەوەیەکی ژێردەست لە دژی ستەم و داگیرکردن و لە پێناو ئازادیدا خەبات دەکات. هزری نەتەوایەتی لە ئەوروپا پشتیوانی و پشتگیری یەک شێوازی دیاریکراوی نەکردووە، بەڵکو بە پێی شوێن و سەردەم و کاتی جیاواز پشتگیری لە کۆمەڵێک فیکر و ئایدۆلۆژیای کردووە(( هەندێ جار پشتگیری لە دیموکراسی کردیە، هەندێ جاریش پشتگیری لە دیکتاتۆری کردیە)) ( ظاهر، ١٩٨٨، ص١٩٦). بەو واتایەی مەرج نییە هەموو کات ئەنجام و دەستکەوتەکانی هزری نەتەوایەتی بە یەک شێوە بێت، بەڵکو بە پێی هەلومەرجی شوێن و وڵاتەکە گۆرانکاری بەسەر دادێت.

### ٢.٣.٢. لای نەتەوەکانی دراوسێ:

سەرەتایی دەرکەوتن و سەرهەڵدانی هزری نەتەوایەتی لای نەتەوەکانی دراوسێ و دەوروبەری کورد کاریگەری بەرچاوی هەبووە، لە سەرهەڵدان و گەشەکردن و بەرەوپێشچوونی هزری نەتەوایەتی لای میللەتی کورد، بۆیە سەرەتا وا پێویست دەکات، کە بەشێوەیەکی خێرا هزری نەتەوایەتی لای نەتەوەکانی دراوسێی کورد باس بکەین، بزانین ئەوان لە کەیەوە خاوەنی ئەم هزرن، هزری نەتەوایەتی لای ئەوان، لە کەیەوە سەریهەڵداوە.

**١/ تورک:**

نەتەوەی تورک یەکێکە لە نەتەوەکانی دراوسێ کە رۆڵ و کاریگەری زۆری هەیە، لەسەر نەتەوەی کورد. (( بنیاتێن تورکان( تورکێن ئوسمانی) دزڤریتەڤە بو هوزێن( مەنگول) و (جوانکۆ) ژێ پەیدابوین، ئەڤ هۆزە خوەجهێن دەڤەرەکێ بوون دناڤبەرا سیبیریا ژ باکورڤە، و تبت و چین ژ رۆژهەلات و ولاتێ ئوگور ـ ئوغور ـ ژ رۆژئاڤاڤە، لێ ئیرۆ ئەڤە ب تورک هاتینە ناسکرن. کەڤنترین شینوارێن زمانێ تورکی ل گورستانەکا مەنگولیا هاتە دیتی نە، دزڤرنەڤە بو سالا (٧٣٠ز) ئەڤە وەکو نڤێسینا ئارامی و ئیرانی یە)) ( نەبی، ٢٠٠٥، ل٢٣). کەواتە رەگەز و بنچینەی تورکەکان دەگەڕێتەوە بۆ هۆزەکانی( مەنگولی، جوانکۆ) کە لە شوێنەکانی( باکوری سیبیریا و رۆژهەڵاتی چین و تبت و رۆژئاوای ئوغور) ژیاون، ئەمەش ئەو راستیەمان بۆ دەسەلمێنێت، کە رەگ و ریشەی نەتەوەی تورک دەگەڕێتەوە بۆ هۆزەکانی مەنگۆلی.

بۆ دیاریکردنی سەرەتایی سەرهەڵدان و پەیدابوونی هزری نەتەوایەتی لای تورکەکان چەند بۆچوونێکی جیاواز لە ئارادایە، بۆ نموونە بۆچوونێک هەیە کە دەڵێت سەرەتایی سەرهەڵدانی هزری نەتەوایەتی لای تورکەکان دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی نۆزدەهەم واتە دوای دەرکەوتن و سەرهەڵدانی هزری نەتەوایەتی رۆژئاوایی و بڵاوبونەوەی بە ناو وڵاتانی جیهاندا، هەروەکو لە(ئەنسکلۆپیدیای ئیسلام)یشدا هاتووە: ((تاوەکو سەدەی نۆزدەهەم لە لای تورکەکان هیچ مەیلێکی ناسیۆنالیزمی نەبوو، بە پێچەوانەوە وشەی تورک وەک ناوێک بۆ کەسێکی گوندی کەللەپوت و روخسار گران دەهاتە بەرچاو)) ( ئەلعەزاوی، ٢٠٠٧، ل٣٩). بەو واتایەی کە تاوەکو سەدەی نۆزدەهەم هیچ جۆرە هەست و هزری نەتەوایەتی لای تورکەکان بوونی نەبووە و ئەگەر هەبێت، سەرەتاکەی دەگەڕێتەوە بۆ دوای سەدەی نۆزدەهەم.

بەشێکی دیکە بۆچوونیان وایە کە سەرەتایی دەرکەوتن و پەیدابوونی هزری نەتەوایەتی لای تورکەکان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی سوڵتان( موورادی دووەم ١٤٢١ ـ ١٤٥١). ( د.محمد بكر محمد) بۆچوونی وایە: ( سەردەمی نەمانی ڕۆشنبیریی کۆنی عوسمانییە  کە زمانی تورکی بە دیالێکتی ئەستەمبوڵ توانی جێگەی زمانی عەرەبی و فارسی بگرێتەوە) ( محمد، مەتین، ژ:١١٦، ٢٠٠١، ل٤٠). بە واتایەکی دیکە زمان وەکو کۆڵەگەیەکی بنەڕەتی هزری نەتەوایەتی وایە و هەر نەتەوە و گەلێک زمانی نەبێت یاخود بە زمانی خۆی نەنوسێت، ئەوا هزری نەتەوایەتی بەرەو و نەمان و لاوازی دەچێت. ( ساطع الحصری)یش لەم بارەیەوە دەڵێت: ((تورکی و تورکایەتی لە نەریتی پیاوانی دەوڵەت و نوسەرانی بە مانای هاوتای ڕەشۆکی و دواکەتوو دەهات ئەمەش تەنیا بەرامبەر ئەوانە بەکاردەهات، کە هەرچی و پەرچی و ساویلکەی ناو خەڵک بوون)) ( ئەلعەزاوی، ٢٠٠٧، ل٣٨ ـ ٣٩). ( ئەرمینۆس ڤامبێری) کاتێک بۆ یەک جار سەردانی تورکیای کردووە، بۆچوونی وایە: (( لە ساڵی ١٨٥٦ بەکارهێنانی وشەی (تورکلەک = تورک یان تورکەکان) لە لایەن خەڵکەوە بە هاوتای وشەی ناشیرین و بێ نرخ و کێوی بەکار دەهات)) ( ئەلعەزاوی، ٢٠٠٧، ل٣٨). ئەمەش بەو واتایەی کە سەرهەڵدانی هزری نەتەوایەتی لە لای تورکەکان زۆر کۆن نییە.

هزری نەتەوایەتی تورکی(( لە دوای بزاڤی دەستورخوازی عوسمانی ١٩٠٨ باڵی پان ـ تورکیزم کە پێکهاتبوو لە( ئەحمد ڕەزا، تەلعەت پاشا، ئەنوەر پاشا، جەمال پاشا، دەستی باڵی ـ عوسمانیزم ستاند ئەو باڵەی تەرەقی تەنیا پەسندی ڕەگەزی تورکیان دەکرد و بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کە زوو تورکەکان خۆیان لە عەرەبەکان جودا بکەنەوە)) ( ناوخۆش، ٢٠٠٦، ل١٣). کەواتە دەتوانین بڵێین کەوا هزری نەتەوایەتی تورکی دەگەڕێتەوە بۆ کۆتاییەکانی دەسەڵات و حوکمی دەوڵەتی عوسمانی، لە ژێر کاریگەری ئەو شاعیر و نوسەرانەی کە بۆ ماوەیەک لە ڕۆژئاوا بە تایبەتی فەرەنسا ژیاون، بە شێوەی ڕاستەوخۆ شۆڕشی فەرەنسی و ئەو گۆڕانکاریانەی هەبوون لەوێ کاری تێکردبوون. دوای کۆتایهێنانی بە حوکم و دەسەلاتی عوسمانیەکان و هاتنە سەر حوکمی تورکە کەمالیەکان هزری نەتەوایەتی تورکی گەیشتە لوتکە، هەوڵیاندا ئاینی ئیسلام لە تورکەکان دابڕن و بە تەواوی لاسایی ڕۆژئاوا بکەنەوە. ئەوە بوو لە(( لە ساڵی ١٩٢٣ کەمالیەکان یەکەم دەوڵەتی قەومی عەلمانیان لە تورکیا دامەزراند لە ساڵی ١٩٢٤ خەلافەتی ئیسلامیان هەڵوەشاندەوە و ئەلف بایی عەرەبیان ڕەتکردەوە و ئەلف و بایی لاتینیان سەپاند.)) ( ناوخۆش، ٢٠٠٦، ل١٤) .

کەواتە لەبەر ڕۆشنایی ئەم بۆچوونانە ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە، کەوا دەستپێکی سەرهەڵدان و دەرکەوتنی هزری نەتەوایەتی تورکی دەگەڕێتەوە بۆ دوای سەرهەڵدانی هزری نەتەوایەتی لە ڕۆژئاوا، واتە دوای سەردەمی شۆڕشی فەرەنسی، هەروەها دەوڵەتی عوسمانی زیاتر مۆرکێکی ئاینی هەبووە، لەو سەردەمە و هەموو گەل و نەتەوەکانی تەنیا

بیر و هزر و هەوڵدانیان بۆ سەرکەوتنی ئاینی ئیسلام بوو، زۆر نەپرژاونەتە سەر نەتەوە و گەلی خۆیان. ئەم خاڵە وای کردووە کە نەتەوەکانی رۆژهەڵات درەنگ هزری نەتەوایەتی لە مێشک و هزریان گەڵاڵە ببێت و دەربکەوێت. واتە هزری نەتەوایەتی تورکی پێش ئەو ماوەیە هیچ جۆرە هەست و هزرێکی نەتەوایەتی نەبووە، ئەوەشی کە هەبووە هەمووی کەلتوور و هزری ئیسلامی بووە و زاڵ بووە بەسەر فکر و هۆش و هزری تورکەکان.

ئەدەبیاتی تورکییش کاریگەری زۆری هەبووە لەسەر دەرکەوتن و سەرهەڵدانی هزری نەتەوایەتی لە وڵاتانی دەوروبەر بەگشتی و نەتەوەی کورددا بە تایبەتی، چونکە کۆمەڵێکی زۆر لە نوسەر و شاعیرانی کورد لە تورکیا ژیاون و لە نزیکەوە ئاگاداری ئەو هەموو جموجۆل و گۆرانکاریەکانی رۆژئاوا بوون، ئەمەش کاریگەری راستەوخۆیان لەسەریان دروست دەکرد لە ئەنجامدا لە بەرهەمەکانیان رەنگی دایەوە. ئەدەبی تورکی کاریگەری زۆری هەبووە لەسەر دەرکەوتن و سەرهەڵدانی هزری نەتەوایەتی تورکیدا بە تایبەتی کۆمەڵێک نوسەر و شاعیری وەکو( شناسی، نامق کەمال، زیاپاشا، ...هتد) کە بۆ ماوەیەک لە رۆژئاوا ژیانیان بەسەربردبوو، لەگەڵ ئەوەی راستەوخۆ ئەو هەموو گۆرانکاریانەی کە بەسەر هەموو کایەکانی کۆمەڵگەدا هاتبوون کاریگەریان لەسەر دروستکرد.

**٢/ عەرەب:**

نەتەوەی عەرەب یەکێکی دیکە لە نەتەوە کۆنەکانی ئەم ناوچەیە، بە هۆی ئاینی ئیسلام و دراوسێیەتی لەگەڵ نەتەوەی کورددا، لە دێر زەمانەوە کاریگەری زۆری لەسەر کورد هەبووە. بۆچوونێک هەیە کەوا نەتەوەی عەرەب لە بنەڕەتدا دەگەرێتەوە سەر سامیەکان و لە دەوروبەری یەمەن ژیاون، لەبەر ئەوەی(( کۆنترین شتێک کە دۆزرابێتەوە لە یەمەن بووە کە مێژووەکەی بۆ سەدەی نۆیەمی پێش زایین دەگەرێتەوە)) ( الفاخوری، ١٩٨٧، ص٨ ــ ١٣). ئەوەی تایبەت بێت بە هزری نەتەوایەتی لای عەرەب، ئەوا شتێکی ئاشکرایە کە هەر لە کۆنەوە هەستی عەرەب بوونیان تێدا زاڵ بووە، بەوەی کە جگە لە عەرەب بە نەتەوەکانی دیکەیان گوتووە( عەجەمی).

عەرەبەکان توانیویانە سودێکی زۆر لە ئاینی ئیسلام وەربگرن، ئەم ئاینە کاریگەری زۆری هەبووە بۆ بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگەی عەرەبی. ئەوەی کە هزری نەتەوایەتی عەرەب لە تورک جیادەکاتەوە، ئەوەیە کە سەرەتایی هزری نەتەوایەتی عەرەبی مۆرکێکی ئاینی پێوەیە، ئەمەش هۆکارەکەی دەگەرێتەوە بۆ ئەم هەموو شکۆ و گەورە و سەرکەوتنانەی کە لە ئاینی ئیسلامدا هەبووە.

ئەوەی کە جـێگەی ئامـاژە بـۆکردنە ئەوەیە کە عەرەبەکـان بەر لە هـاتنی ئـاینی ئیسـلام لە ناوچەکە هیچ دەسەڵات و کاریگەریەکی وایان نەبووە، هەمیشە لە ژێر ستەم و داگیرکاری (رۆمی، بیزەنتی)یەکاندا بوینە، بەڵام لە دوای هاتنی ئیسلام ئیتر عەرەبەکان بونە ناوێکی دیار و کاریگەر لە ناوچەکە. هزری نەتەوایەتی لای عەرەبەکان بە درێژایی مێژوو هەبووە، بەڵام زۆر لاواز بووە لە چوارچێوە و سنوری وەفا و دڵسۆزی بۆ هۆز و عەشیرەتەکەی خۆیان تێپەری نەکردووە، تاوەکو بە کۆتایهاتنی دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی ئیتر لەمە بە دواوە هـزری نەتەوایەتـی پەرەیسـەند و ئەمە وای کـرد چەنـدین دەوڵەتـی سـەربەخۆی عەرەبـی دابمەزرێت. ئەگەر چی لە پێشتر وشەی و زاراوەی نیشتمانپەروەی بۆ چەمکی نەتەوایەتی بەکاردەهات، بەڵام(( یەکەم بەکارهێنانی ناسیۆنالیزم وەک وشە لە عەرەبیدا بۆ ساڵی ١٩١٦ دواکەوت ئەو کاتەی حسێن شەریف بانگەوازی شۆرشی لە دژی تورک راگەیاند)) ( جەمال، ٢٠٠٤، ل١٨٢).

بەشێک لە شارەزایان و لێکۆڵەرانی مێژووی عەرەبی لەو باوەردان کە سـەرەتایی دەرکەوتن و سـەرهەڵدانی هەسـتی نەتەوایەتـی دەگەرێـتەوە بـۆ ماوەکـانی پـێش ئیسـلام، لـەم ڕووەوە (د.محمد بکر محمد) بۆچوونی وایە: ( بنـەمای هەسـتی نەتەوایـەتی لـەلای عـەرەب بـۆ دوو هۆکاری سـەرەکی دەگەڕێتـەوە: یەکـەمیان (نەسەبناسـی/علـم الانسـاب) بـوو کـە لـە ڕاسـتیدا بینینێکی عەرەبییە بۆ پێکهاتـەی هـۆزە عەرەبییـەکان و خۆجوداکردنـەوە لـە نەتـەوەکانی دی ، دووەمیشـیان (سیسـتەمی هاوپـەیمانی/نظـام الاحـلاف) بـوو، ڕۆڵێکـی گرنگـی لـە ڕەخسـاندنی بنەمای نەتەوەگەری لەلای عەرەبدا گێڕا، ئەویش لە ڕێگەی لێکدان و یەکخستنی عەشیرەت و هۆزە عەرەبییەکان لە پێکهاتەی گەورەتردا ) ( محمد، مەتین، ژ:١١٦، ٢٠٠١، ل٣٦).

دوای ئیسلام ئەم بابەتە بەرە بەرە رووی لە گەشەکردن کرد تـا وەکو بە نەمـانی دەسـەڵاتی دەوڵـەتی عوسـمانی ئیتـر عەرەبەکـان کەوتـنە خـۆ و چەنـدین دەوڵـەتی نەتەوەیـی عەرەبیـان دامەزرانـد. هۆکـارێکی دیـکە پەیـدابوونی هـزری نەتەوایەتـی لای عەرەبەکـان هێـرش و پەلامارەکـانی( ساسـانی و بیزەنتـی،... هتـد) بـوو بـۆ سـەر عەرەبەکـان، ئەمەش بـووە هـۆی ئەوەی کـە( چەنـدین دەوڵـەت و میرنشـینی عـەرەبی لـە لایـەنی ئـەو دوو هێـزەوە بێنـە دامەزرانـدن بۆبـەرگریکردن لـە سـنوورەکانی خۆیـان) ( محمـد، مەتـین، ژ:١١٦، ٢٠٠١، ل٣٦). ئەمەش سـەرچاوەی پەیـدابوون و دەرکەوتنـی هەسـتی نەتەوایەتـی لای عەرەبەکـان بـووە، بەوەی کەوا بە هـۆی یەکگـرتن و یەکریـزی توانیویـانە خۆیـان لە هێـرش و پەلامـاری داگیرکەران بپارێزن. زمان و ئەدەبی عەرەبی بە تایبەتی( شیعر) لە پێش ئیسلام خاڵێکی دیار و کاریگەر بووە، بۆ هەستکردن بەوەی کە هەموویان سـەر بە یەک نەتەوەن و شانازی بە زمان و نەتەوەکەی خۆیان بکەن.

یەکەم هەوڵ بۆ دروستکردنی دەوڵەتێکی نەتەوەیی لای عەرەبەکان دەگەڕێتەوە سەدەی حەڤدەیەمی زاینی، کاتێک(( میر فەخرەددین لە لوبنان دەیوست بە یارمەتی پاپا و پشتگیری میرە دیانەکانی تۆسکانا و ناپۆلی و ئیسپانیا لوبنان لە دەوڵەتی عوسمانی جیابکاتەوە)) (نەبەز، ٢٠٠٢، ل٣١). هەرچەندە هەوڵەکەی میر فەخرەددین سەری نەگرت و نەیتوانی دەوڵەتێکی عەرەبی دروست بکات. بەڵام وەکو دیارە ئەم هەستە نەتەوایەتیە لای عەرەبەکان لە زووە دروست بووە. (( لە ساڵی ١٨٠٥ دا محەمەد عەلی پاشا( ١٧٦٩ ــ١٨٤٩) بوو بە فەرمانداری میسر)) ( نەبەز، ٢٠٠٢، ل ٣١ــ٣٢). بەو واتایەی کە وڵاتی میسر یەکەم وڵاتی عەرەبەکانە کە سەربەخۆی خۆی وەرگرت و لە دەوڵەتی عوسمانی جیابویەوە، هەرچەند محەمەد عەلی نەیتوانی دەوڵەتێکی یەکگرتووی عەرەبی گەورە دروست بکات، ئەمە کاریگەری زۆری هەبوو لەسەر گەشەکردنی هزری نەتەوایەتی عەرەبی.

**٣/ فارس:**

فارسەکانیش یەکێکی دیکەن لەو نەتەوە و میللەتانەی دەوروبەری کورد کە کاریگەری زۆریان لەسەر میللەتی کورد هەبووە، چونکە سنوری جوگرافیان زۆر لە یەکەوە نزیکبووە، هەردوو زمانی کوردی و فارسی سەر بە یەک خێزانی زمانیین.

سەرەتایی سەرهەڵدان و دەرکەوتنی ئەم هزرە لای فارسەکانیش مێژوویێکی زۆر کۆنی نییە، دەگەڕێتەوە بۆ دوای دەرکەوتنی هزری نەتەوایەتی لە رۆژئاوا، چونکە فارسەکان یەکێک بوون لەو میللەتانەی کە کاریگەربوون بە رۆژئاواییەکان. هەندێک بۆچوونیان وایە کە سەرەتایی پەیدابوونی هزری نەتەوایەتی لە ئێران دەگەڕێتەوە بۆ( پاش سەرهەڵدانی ئاینی ئیسلام و فراوانبوونی خاڵێکی نوێ لە مێژووی فارسەکان دەستی پێکرد ئەویش پاش شەری( نەهاوەند) لە ساڵی ٦٤٠ ز لە نێوان لەشکری ئیسلام و لەشکری ساسانیەکاندا، لە ئەنجامدا لەشکری ئیسلامی سەرکەوت و ئەمە بووە هۆی جوڵاندنی هزری نەتەوایەتی لە لای فارسەکان) ( محمد، مەتین، ژ:١١٦، ٢٠٠١، ل ٣٨).

هەندێکی دیکە بۆچوونیان وایە کە سەرەتایی سەرهەڵدانی هزری نەتەوایەتی لە لای فارسەکان مێژووییەکی زۆر کۆنی نییە و دەگەڕێتەوە بۆ نزیکەی دوو سەدە پێش ئێستا. بۆ نموونە هەندێکیان بۆچوونیان وایە کە سەرەتایی دەرکەوتن و سەرهەڵدانی هزری نەتەوایەتی دەگەڕێتەوە بۆ شۆرشی( تنباکۆ یاخود توتون) لە ساڵی (١٨٩٠)زاینی لە ئێران روویدا ((سەرەتایی نەتەوە و نەتەوایەتی ئێرانی لەگەڵ شۆرشی تنباکو دروست بووە)) ( رضا، ١٣٤٠، ل٢٣). واتە سەرەتایی پەیدابوونی نەتەوە و هزری نەتەوایەتی دەگەڕێتەوە بۆ

ئەو شــۆرش و جــوڵانەوەیە، لەو كــاتەدا فارســەكان هەســتی یەكریزیــان پەیــداكرد، دژی داگیركاری ئینگلیزەكان وەستانەوە.

بەشێكی دیكە بۆچوونیان وایە كە سەرەتایی سەرهەڵدانی هزری نەتەوایەتی دەگەڕێتەوە بۆ شۆرشــی مەشــروتە، كە لە ســاڵانی (١٩٠٥-١٩١١) بەردەوام بــووە، بــووە هــۆی كۆمەڵێــك گۆرانكــاری گەورە لە ئێــران، دواتــر بــووە هــۆی دامەزرانــدنی دەوڵەت. یەكێكــی دیــكە لە بۆچوونەكان ئەوەیە كە بەهۆی ئاشنایەتی و چوونی بەشێك لە نوسەرانی ئێرانی بۆ رۆژئاوا و تێكەڵ بوونیان بە ژیان و رۆشنبیری ئەوروپییەكان و گواستنەوەی كەلتوور و رۆشنبیری ئەوان بــۆ نــاو وڵاتەكەیــان، ئەوا هــزری نەتەوایەتــی پەرەیســەند و گەشــەكردنێكی باشــی بەخــۆیەوە بینــی. هەروەكــو لە( دائـرة المعـارف ناسيوناليسـم) دا هــاتووە كە(( ســەرەتایی مۆدێرین و نویێ لە وڵاتی ئێران لەو كاتە دەستی پێكرد كە عباس میرزا یەكەمین گروپی گەنجـانی لە ســاڵی ١٨٢٨ بەرەوڵاتــانی رۆژئــاوایی نــارد بەمەبەســتی وەرگرتنــی زانســت و زانیاری تـازە)) ( پـور، ١٣٨٣، ل٤٤٥). ( رەزا داوری) یش لەم بـارەیەوە دەڵێت: (( پەیوەندی لەگەڵ رۆژئـاوا بە هـۆی وەرگرتن و تێهەڵكێشی نەتەوایەتی دەستی پێكرد)) ( رضـا، ١٣٤٠، ل٤٧). بەو واتایەی دەتوانین بڵێین ئاشـنابوونی نوسـەرانی ئێرانـی بە كەلتوور و رۆشـنبیری رۆژئاوایی كاریگەری زۆری هەبوو، لەسـەر پەرەسـەندن و گەشـەكردنی هـزری نەتەوایەتی لەو وڵاتە. هێنانەوەی رۆژنامەكانی وەك( حبل المتين لە هیند، حیكمەت و ثریا و پرورش لە میسر، اخبار لە توركیا، قانون لە لەندەن) كاریگەری زۆریـان هەبـوو، لە گواسـتنەوەی هـزری نەتەوایەتی لە رۆژئاواوە بۆ ناو ئێران. بڵاوبونەوەی یەكەمین رۆژنـامەش بە زمـانی فارسـی لە ساڵی (١٨٧٣) كاریگەری زۆری هەبوو لە سەرهەڵدان و دەركەوتنی هـزری نەتەوایەتی و گەشەكردنی.

كەواتە بەشێوەیەكی گشتی هـزری نەتەوایەتی لە لای فارسـەكان لە پێشـتر هەبووە، بەڵام لە سەردەمی شۆرشی مشروتەوە زیاتر گەشەی كرد، بەهـۆی ئاشـنایەتی نوسـەرانی ئێرانـی بە كەلتـوور و رۆشــنبیری و ژیــانی رۆژئاواییەكــان و گواســتنەوەی بــۆ نــاو ئێـران ئەم هــزرە گەشەی كرد و بە باشی بڵاوبویەوە.

## ٤.٢. هزری نەتەوایەتی کوردی:

لە بارەی سەرەتایی پەیدابوون و سەرهەڵدانی هزری نەتەوایەتی لای گەلی کورد، کۆمەڵێک بۆچوون و تێروانینی جیاواز لە ئارادایە، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە هزری نەتەوایەتی کوردی وەکو هزری نەتەوایەتی رۆژئاوایی نەبووە و جیاواز بووە، چونکە دەرکەوتنی هزری نەتەوایەتی لە رۆژئاوادا دەرئەنجامی کۆمەڵێک گۆرانکاری بنەڕەتی بووە، لە سەرجەم بوارەکانی ژیاندا. بەڵام هزری نەتەوایەتی لای کورد جیاواز بووە، چونکە هەر نوسەر و لێکۆڵەرێکی کورد لە گۆشەنیگا و بنەمایەکی جیاواز لە هزری نەتەوایەتی کوردی کۆڵیوەتەوە. هەر بۆیە( جەمال نەبەز) بۆچوونی وایە کە: ( ڕاستیەکەی نازانرێ لە کەیەوە کورد کەوتونەتە سەر بیری ئەوەی دەوڵەتێکی یەکگرتووی ناسیۆنال بۆ خۆیان دروست بکەن. کەی و لە کوێی کوردستان سەریهەڵداوە، بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی گشتگیر یا کوردستانێکی یەکگرتوو ئەوە بە تەواوی نازانرێ، ئەوەندە دەزانین کە ئەم هەوڵە لە لایەن کوردەوە دراوە) ( نەبەز، ٢٠٠٢، ل٢٦). دەرکەوتن و سەرهەڵدانی هزری نەتەوایەتی لە هەر وڵاتێک و شوێنێکدا پەیوەندیدارە، بە بارودۆخی (سیاسی، کۆمەڵایەتی، کەلتووری، ئابوری، ... هتد)ی ئەو شوێنە. بۆیە مەرج نییە سەرهەڵدانی نەتەوایەتی لە هەموو شوێن و وڵاتەکان بە شێوەیەکی یەکسان بێت، بە واتایەکی دی بە هۆی ئەوەی هەر وڵاتێک خاوەن جۆرە بارودۆخێکی تایبەت بە خۆیەتی و جیاوازە لە وڵات و شوێنانی دیکە، بۆیە دەکرێت هزری نەتەوایەتیش جیاواز بێت. بە هۆی ئەوەی چەمکی نەتەوایەتی لە نەتەوەیەکەوە بۆ نەتەوەیەکی دیکە جیاوازە، بۆیە گۆرانکاری بەسەر دادێت هەمیشە بەگوێرەی بارودۆخی (جوگرافی، سیاسی، کۆمەڵایەتی، ... هتد) لە گۆران و بەرەوپێشچووندایە.

دەربارەی دیاریکردنی سەرەتایی سەرهەڵدان و دەرکەوتنی هزری نەتەوایەتی کوردی، چەندین بۆچوون و تێروانینی جیاواز خراوەنەتەروو. هەندێک لە لێکۆڵەر و نوسەران بۆچوونیان وایە کە سەرەتایی سەرهەڵدان و دەرکەوتنی هزری نەتەوایەتی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری، هەروەکو ( کریس کۆچیرا) لەم بارەیەوە دەڵێت: ((شێخ عوبەیدوڵا لە مانفێستێکدا کە بڵاوکردەوە، بۆ یەکەمجار نەتەوایەتی کوردی باسکردووە)) (کۆچیرا، ١٣٦٩، ل٥٠). لە سەرچاوەیەکی دیکەشدا هاتووە(( شێخ عوبەیدوڵا زۆر وردبینانە و بە گوتارێکی نەتەوەیی هاوچەرخ( بەسەردەمی نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدە) داکۆکی لە سەربەخۆی کورد و کوردستان و پێکهێنانی دەوڵەتێکی کوردی یەکپارچە دەکرد و هەوڵی سەر لە نوێ وێناکردنەوەی وێنەی ڕاستەقینە و جوانی کوردی دەدا لە لای گشت دەوڵەت و نەتەوەکانی ناوچەکە)) ( حەمەباقی، ٢٠٠٠، ل١٢٣).

هەندێکی دیکە بۆچوونیان وایە کە سەرەتایی سەرهەڵدانی هزری نەتەوایەتی کوردی لە (ئەحمەدی خانی) شاعیرەوە دەست پێ دەکات. بۆ نموونە( سمکۆ محەمەد) لەم بارەیەوە دەڵێت: (( بە هۆی ستەمی میللیەوە هەر بیرۆکەکە هەبووە، بۆیە لەو کاتەوە سەرهەڵدەدات کە شاعیران بیر لە فیکری ناسیۆنالیستی دەکەنەوە، ئەویش لە خانی شاعیرەوە دەستپێدەکات و کاتێک تێکستی( مەم و زین) دەنوسێت و پاش ئەویش( حاجی قادری کۆیی) کە گەشە بە بیری نەتەوەخوازی دەدات)) ( محەمەد، ٢٠١٨، ل٧٨). بە واتایەکی دیکە راستە سەرهەڵدان و دەرکەوتنی بیری نەتەوایەتی لە رۆژئاوایە و لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەهەم دەرکەوتووە، بەڵام وەکو بیرۆکە هەر لە کۆنەوە لە ناو بوونی کورددا هەبووە، ئەمەش بە هۆی بوونی ناعەدالەتی لە ناو میللەتی کورددا ئەم بیرۆکەیە گەڵاڵە بووە، لە ناو شیعری شاعیرانی وەک خانی رەنگی داوەتەوە. هەروەها ژمارەیەکی دیکە( حاجی قادری کۆیی) بە دەستپێکی سەرهەڵدانی ئەم هزرە دادەنێن، مسعود محەمەد بۆچوونی وایە کە هزری نەتەوایەتی کوردی لە حاجییەوە زیاتر بەرجەستە دەکات، لەم بارەیەوە دەڵێت: (( بەقەدەر ئەوە باران کاریگەری لە ڕوانی گیا و گوڵ هەیە، پەیدابوونی هەستی نەتەوایەتیش لە کوردستانی ژێرودا علاقەدارە لەگەڵ هەڵکەوتنی حاجی قادر... )) (محەمەد، ١٩٧٤، ل ٢٢٨).

هەندێکی دیکە بۆچوونیان وایە کە( شەرەفخانی بەدلیسی) بە سەرەتایی سەرهەڵدانی هزری نەتەوایەتی دادەنێن، چونکە( شەرەفخانی بەدلیس) یەکێک بووە لە نوسەرە کۆنەکانی کورد، کە کتێبێکی گرنگی لە سەدەی شانزدەهەم دەربارەی میرنشینەکانی کورد نووسیوە، باسی شێوازی حوکمڕانی ئەو میرانە دەکات، لە رووی جوگرافیشەوە نەخشەیەکی کوردستان دەکێشێت و ناوچە کوردییەکان دیاری دەکات. شەرەفخان ئەم کتێبەی لە ساڵی( ١٥٩٦) دا نووسیوە، کە تیادا داوا لە میرە کوردەکان و هەموو میللەتی کورد دەکات یەکبگرن و لەناوخۆیاندا تەبا و رێک بن. هەروەکو شەرەفخان دەڵێت: (( هەموو نیاز و ئاواتیشم هەرچەندە ئەمەیە: کە خانەدانە گەورەکانی کوردستان ناویان لە ناو ناوان بمێنێ و لەناو نەچن)) ( بەدلیسی، ١٩٧٢، ل١٣).

ژمارەیەکی دیکە لە نوسەر و لێکۆڵەران هزری نەتەوایەتی کوردی وەکو کاردانەوە سەیر دەکەن، بە واتایەکی دیکە بۆچوونیان وایە کە سەرەتایی دەرکەوتنی هزری نەتەوایەتی کوردی وەکو کاردانەوەیەک وا بووە، لە دژی ئەو زولم و ستەم و ناعەدالەتیەی کە لە لایەن داگیرکەرانەوە لە کورد دەکرا سەریهەڵداوە. لەمیانەشدا( د.شەفیق قەزاز) دەڵێت: (( ستەمی ناسیۆنالیستە تورکەکان لە کورد فاکتەرێکی سەرەکی و کارا بووە، بۆ گەشەسەندنی بزاڤی نەتەوەیی کورد لە چوارچێوەی دەوڵەتی عوسمانی دا)) ( علی، ١٩٩٥، ص١٧). هەندێکی دیکە بۆچوونیان وایە کە سەرەتایی سەرهەڵدان و دەرکەوتنی هزری نەتەوایەتی کوردی دەگەرێتەوە بۆ دوایی جەنگی جیهانی یەکەم(( لە عێراقدا ناسیۆنالیزمی کورد تەنها پاش

جەنگی جیهانی وەک بە دەنگ هاتنێک لە بەرامبەر هەوڵەکانی ئینگلیز بۆ دروستکردنی دەوڵەتێکی مۆدێرنی عەرەب دەستی بە گەشەسەندن کرد)) ( سالّح، ٢٠١٦، ل٦١).

بۆ دیاریکردنی قۆناغەکانی هزری نەتەوایەتی کوردی چەندین بۆچوون و تێروانینی جیاواز خراوەنەتەروو، بۆ نموونە: ( سەلام ناوخۆش) لە کتێبی( ئاین و ناسیۆنالیزم) دا گرنگترین قۆناغەکانی هزری نەتەوایەتی کوردی لە حەوت خاڵدا باسکردووە: ( ١. قۆناغی رۆناکبیری کوردی ٢. سەرهەڵدانی بنەماڵەکان ٣. بزاڤی مەشروتیەی ئێران و مەشروتیەی تورکیا. ٤.حوکمداریەتی شێخ محمود. ٥. سەرهەڵدانی مارکسیەت. ٦. دامەزراندنی پارتی دیموکراتی ئێران و عێراق. ٧. هەرەسهێنانی ئەزموونی تاک حیزبی لە ئێران و ئێراق.) ( ناوخۆش، ٢٠٠٦، ل١١ـ١٢).

( د. محمد بکر محمد)یش قۆناغەکانی سەرهەڵدان و پەیدابوونی هزری نەتەوایەتی کوردی بە سەر دوو قۆناغدا دابەشکردووە: ( یەکەم/ قۆناغی وشیاریی ئیتنیکی، دووەم/ قۆناغی وشیاریی نەتەوەیی) ( محمد، مەتین، ژ:١١٨، ٢٠٠١، ل٤١ـ٤٢) . ( کامیران محەمەد نەبی)یش لە نامەی دکتۆرایەکەیدا قۆناغەکانی هزری نەتەوایەتی بۆ سەر پێنج قۆناغ دابەش کردووە: (١. قوناغا سەرهلّدانا هەستا ئیتنیکی. ٢. قوناغا هشیاربونا نەتەوەیی. ٣. قوناغا وەرارا نەتەوایەتی و هزرا نەتەوایەتی. ٤.قوناغا بزاڤێن نەتەوایەتی. ٥.قوناغا پەیدابوونا ئایدیولوژیێن بیانی) ( نەبی، ٢٠٠٥، ل٣٤ ـ ٣٣٧).

لە سەرچاوەیەکی دیکەشدا قۆناغەکانی پەیدابوون و گەشەکردنی هزری نەتەوایەتی بەم شێوەی دابەشکراوە: (( ١. هەست پێ کردنی نەتەوەیی یان قۆناغی خۆ جوداکردنەوەی کورد لە نەتەوەکانی تر، ئەم قۆناغەش لە سەدەی شانزدەوە دەست پێدەکات و تا کۆتایی سەدەی نۆزدە. ٢. سەرهەڵدانی رێکخراوی نەتەوەیی کە لە دەرچوونی رۆژنامەی کوردستان دەست پێدەکات تا کۆتایی جەنگی یەکەمی جیهانی دەخایەنێت. ٣. قۆناغی دەست پێکردنی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە پاش جەنگی یەکەمی جیهانی)) ( شاوێسی، ١٩٩٩، ل١٢).

کەواتە ئەوەی کە ئاشکرا و روونە ئەوەیە کە سەرەتاکانی سەرهەڵدانی هزری نەتەوایەتی کوردی بە چەند قۆناغ و سەردەمەکی جیاوازدا تێپەریوە، ئەمەش وای کردووە کۆمەڵێک بۆچوون و تێروانینی جیاواز لە ئارادابن. بۆ زیاتر روونکردنەوەی قۆناغەکانی هزری نەتەوایەتی کوردی، ئێمە بە سوود وەرگرتن لەم سەرچاوانە بەشێوەیەکی گشتی قۆناغەکانی هزری نەتەوایەتی کوردی لە سێ قۆناغی سەرەکیدا چڕدەکەینەوە، لە رێگەی باسکردنی ئەم قۆناغانەوە سەرەتایی سەرهەڵدان و دەرکەوتنی هزری نەتەوایەتی بۆ روونەکەینەوە:

## ٢.٤.١- قۆناغی هەستی نەتەوایەتی :

قۆناغی هەستی نەتەوایەتی بریتییە لەو قۆناغەی کە سەرەتاکانی باسکردن و هەستکردنی تاک بە تاکی نەتەوەیە بە( نەتەوە، زمان، کەلتوور، .... هتد)ی خۆی، ئەم قۆناغە بە سادەترین قۆناغی هزری نەتەوایەتی و دەستپێکی ئەم هزرە دادەنرێت، چونکە لەم قۆناغەدا هزری نەتەوایەتی تا رادەیەکی زۆر لاوازە و هەر ئەوەندە هەبووە، کە تاکی نەتەوەیەک وەکو تاکی نەتەوەی کورد هەست بکات کە کوردە و کوردستان خاک و نیشتمانەکەیەتی. بۆ دیاریکردنی ئەم قۆناغەش باشترین رێگا گەرانەوەیە بۆ بەرهەمی ئەدەبی نوسراوی ئەو نەتەوەیە.

( هیوا عەزیز سەعید) بۆچوونی وایە کە هەستی نەتەوایەتی ئەو هەستەیە کە: ((هەستێکی هاودەردیە کە لە هەر یەکێکمانـدا هەیە دەرهەق بە هاو ڕەگەزەکانمان، ئەو هەستەیە وا دەکات هەر یەکێکمان خەم بۆ هەر کوردێکی دیکە کاتێک دەکەوێتە ژێر فشارێکی کوشندەی دەرەکی)) ( سەعید، ٢٠٠٣، ل٥١). یان هەستی نەتەوایەتی: (( خەسڵەتێکی مرۆڤانەیە و هەڵوێستی مرۆڤە بەرامبەر ئەو گەل و دەوروبەر و ژینگەیەی تێیدا دەژی، خۆشەویستی و شانازی کردن بە گەل و نیشتمان و هەوڵدان بۆ فەراهەم هێنانی بەرژەوەندی گشتی نەتەوە لە دیارترین سیماکانی ئەو هەستەن)) ( سەعید، ٢٠٠٣، ل٥١). هەستی نەتەوایەتی(( رامان ژێ ئەوە کو مرۆڤ هەست ب انتمائا خۆ بکەت بۆ نەتەوایەکێ)) (ڤیان، ٢٠١٦، ل٢٩٠). هەروەها(( لە روانگەی مارکسزمەوە هەستی نەتەوایەتی بەرهەمی سەرەتایی دەرکەوتنی چینی بۆرژوایە بە مانایەکی دی دەرکەوتنی ئەم هەستە هاوکاتە لەگەڵ دەرکەوتنی پیشەسازی و گواستنەوەی کۆمەڵگا لە قۆناغی فیۆدالیەوە بۆ قۆناغی سەرمایەداری)) (خەیات، ٢٠١٢، ل٦٩). واتە هەستی نەتەوایەتی سەرەتایترین قۆناغ و رێگەیە بۆ هزری نەتەوایەتی دوای ئەو وشیاری نەتەوایەتی دێت. بەو واتایەی ئێمەی کورد لە سادەترین قۆناغی هزری نەتەوایەتی هەست بەوە بکەین، کە کوردین و شانازی بە کورد بوونی خۆمان بکەین. بە لای( د.محمد بەکر محمد)یشەوە هەستی نەتەوایەتی بریتییە لە: ((لەو هەستە سەرەتاییەی کە کۆمەڵێک خەڵک هەیانە و خۆیان لە کۆمەڵەکانی تر جودا دەبیینن، ئەمەش هەستێکی سەرەتایی سروشتییە کە لای هەموو کۆمەڵگەکاندا دەبینرێت)) (محمد،( ٢٠٢٠) کۆوانەکانی بابەتی فەلسەفی ئەدەب، ل١٥).

( د.نوزاد وقاص سەعید)یش لەم بارەیەوە دەڵێت: (( شیعری نیشتمانی لە هەستی نیشتمانی و خۆشەویستی مرۆڤ و خاک و نیشتمان سەرهەڵدەدات)) ( سەعید، ١٩٩١، ل٢٦ ) . لێکۆڵەر لەم بۆچوونەیدا هەستی نیشتمانی لە بەرامبەر هەستی نەتەوایەتی بەکارهێناوە، بۆچوونی وایە کە سەرهەڵدان و پەیدابوونی شیعری نەتەوایەتی خۆی لە خۆشەویستی خاک و نیشتمان و هەستی نەتەوایەتییەوە دروست دەبێت. ( د.عەبدوڵڵا ئاگرین )یش لەبارەی

هەستی نەتەوایەتیەوە بۆچوونی وایە: (( لەوەتی مرۆڤ خۆی ناسیوە و خاوەنی هزر و هەست و نەستی خۆیەتی... کەم تا زۆر دوور و نزیک هەستی نەتەوەییانەی هەبووە، با لە شێوە و قاڵبێکی یەجگار ساکار و کز و سستیشدا بوو بێت، بیری نەتەوەیی وا لە مرۆڤ دەکات خاوەنی عەقڵ و هەست و نەست و کەسایەتی سەربەخۆی خۆی بێت )) (ئاگرین، ١٩٩٩، ل٢٧) کەواتە ئەمە بەڵگەیە کە هزری نەتەوایەتی لەم قۆناغە سەرەتا بە شێوەیەکی سادە و ساکار بووە. هەروەها دەڵێت: (( مێژووی سەرهەڵدانی بیری نەتەوەیی لەگەڵ سەرەتایی دێرینترین مێژووی ژیانی مرۆڤدا هەبووە و تا مرۆڤیش بمێنێت هەست و سۆز و بیروباوەڕ و بەها بەرز و پیرۆزەکانی نەتەوایەتی دەمێنێت )) ( ئاگرین، ١٩٩٩، ل٢٧ ) .

ئەگەر بە گشتی چاوێک بە مێژوویی ئیسلامدا بخشێنینەوە، ئەوا بۆمان دەردەکەوێت، زۆرێک لە هاوەڵەکانی پێغەمبەر( د.خ) کورد بوون و هەستی نەتەوایەتییان هەبووە، ئەگەرچی سادەش بووبێت، بەڵام بۆ ئەو سەردەمە زۆر باش بووە، کە پاشگری( الکرد) یان بۆ خۆیان زیاد کردووە، ئەمەش خۆی لە خۆیدا شتێکی باش بووە، بۆ نموونە( گابانی کوردی، علی بن داود الکردی، ... هتد).

( صەلاحەدینی ئەیوبی) کە سەرکردەیەکی ئیسلام بووە و لای هەموومان ئاشکرایە کە کورد بووە و نەتەوەی کورد بەشێکی زۆری سوپایەکی پێکهێناوە، ئەگەرچی لەو سەردەمە هزری نەتەوایەتی زۆر لاواز بووە و هەموویان بۆ ئیسلام تێدەکۆشان. مێژوونووسان باس لەوە دەکەن کە(( لە سەردەمی سەلاحەدینی ئەیوبی گرنگترین کۆڵەگەی چینی سەربازیان پێکهێنا)) ( البوتانی، ٢٠٠٥، ص١٦.١٧). بە هۆی ئەو سەرکردەیە نەتەوەی کورد دیار و ئاشنا بووە، لە لای هەموو نەتەوەکانی دیکە، تا ئێستاش ئەمە راستە واتە هەر کە ناوی صەلاحەدینی ئەیوبی دێت، راستەوخۆ ناوی کورد و نەتەوەی کوردیشی لەگەڵ دێت.

کەواتە دەتوانین بڵێین کە هەستی نەتەوایەتی کوردی رەگ و ریشەکی زۆر کۆنی هەیە، هەر لە دەستپێکی نووسینی شیعری کوردییەوە، شاعیرانی کورد ئەم هەستەیان بەدیارخستووە، بۆ زیاتر روونکردنەوەی ئەو قۆناغە پێویست دەکات، هەندێ نموونەی شیعری چەند شاعیرێک بخەینەروو:

سەرەتایی سەرهەڵدانی و دەستپێکردنی قۆناغی هەستی نەتەوایەتی کوردی دەگەرێتەوە بۆ یەکەم شاعیری کوردی بە ناوی( بابەتاهیری هەمەدانی) کە لە کۆتاییەکانی سەدەی دەیەم شیعرەکانی خۆی بە شێوەزاری لوڕی نووسیوە، ئەمەش دەرخەری ئەمە بووە کە هزری نەتەوایەتی لە قۆناغی هەستی نەتەوایەتیدا بووە. بۆ نموونە لە یەکێک لە چوارینەکانی خۆی

نیشتمانەکەی خۆی کە کوردستانە بە گوڵێک چواندووە و کە شەونخونی لە بەرامبەردا دەکات و ئاوی دەدات، لەم بارەیەوە بابەتاهیر دەڵێت:

(( گوڵی خۆم بدەم کە پێچوو تاری

بە ئاوی چاوی خۆم بدەم ئاوی

لە ڕێگەی خوا کەینی ڕەوایە

یەکێکی تر بێ و بگرێ گوڵاوی)) ( هەمەدانی، ١٩٦٠، ل١٠٠).

بۆیە بەشێک لە نوسەران بۆچوونیان وایە کە سەرەتایی سەرهەڵدانی شیعر بە شێوەزاری لوڕی بەسەرەتایی هزری نەتەوایەتی کوردیش دابنرێت، چونکە بابەتاهیر لە سەردەمێک ژیاوە، ئەگەر هەستی نەتەوایەتی نەجولابا، ئەوا شیعری بە زمانی باوی ئەو سەردەمە دەنووسی، کە ئەویش زمانی فارسی بووە، نەدەهات شیعرەکانی بە شێوەزارێکی زمانی کوردی بنوسێت.

( سەدیق بۆرەکەی) لە کتێبی( مێژووی ئەدەبی کوردی) دا باس لە شاعیرێکی دیکە دەکات، بە ناوی( شێخ ئادی ٤٦٧ ـ ٥٥٧ کۆچی ١٠٧٤ ـ ١١٦١) کە لەو سەردەمە باس لە هێرش و پەلاماری نەتەوەکانی فارس و تورک دەکات، بۆ سەر نەتەوەی کورد، دەڵێت:

(( مەهزار و دەشت و بیابان تێکڤەدان        مەدڤێت سوسن ل( کوردستانێ) نەبن

جەورا( رۆم) و( فارس)ل دورا مە دخوریت   بێ خودان نیرگز ژ تێهنا کوو زریت)) (بۆرەکەی، ٢٠٠٨، ل١٣٣,١٣٤).

( مەلایی جزیری)یش یەکێکی دیکەیە لەو شاعیرانەی کە لە سەردەمی خۆی لە یەکێک لە شیعرەکانیدا ناوی کوردستانی هێناوە، ئەمەش خۆی لە خۆیدا دەربڕینی هەستی نەتەوایەتی خۆی بووە، لەم بارەیەوە جزیری دەڵێت:

(( گوڵی باغی ئیرەمی بۆتانم

شەب چراخی شەبی کوردستانم)) ( خەزنەدار، ٢٠٠٢، ل٢٤٣).

( خانی قوبادی)یش لە دێر شیعرێکیدا باسی ئەوە دەکات، کە چۆن شیعرەکانی خۆی بە زمانی کوردی نووسیوە، باسی زمانی کوردی و کوردستان دەکات، دەڵێت:

(( بە لەفظی کوردی، کوردستان تەمام

پێش دیوان مەحظوظ باقی و السلام)) ( قوبادی، ١٩٧٥، ل١٥).

### ٢.٤.٢. قۆناغی وشیاری نەتەوایەتی:

ئەم قۆنـاغە یەکێکـی دیـکەیە لە قۆناغەکـانی هـزری نەتەوایەتـی، لەم قۆنـاغەدا شـاعیر و نوسەرەکانمان زیاتر وشیاربونەوە و زیاتر ئاشنایەتیان لەگەڵ هزری نەتەوایەتی پەیدا کرد، ئەمەش لە بەرهەمەکانیـان ڕەنگی داوەتەوە. ( ڕەفیـق سـابیر) لەبـارەی وشـیاری نەتەوایەتـی دەڵێت: ((ئەو هەست و بیر و ئاگایی و فۆرمـانەی خۆناسینە کە کۆمەڵە خەڵکێک دەربـارەی بابەتییـانەی خـۆی وەک دیـاردەیەکی تایبەتمەند و بە جیا هەڵکەوتوو لای دروسـت دەبێـت)) (سابیر، ٢٠١٦، ل١٦٥). لە سـەرچاوەیەکی دیکەدا لە بـارەی وشـیاری نەتەوایەتیەوە هـاتووە: ((رامـان ژێ کـو مـرۆڤ یـێ بەرهەڤ بـت کـار بـکەت و قوربـانێی ب هەر ئـاوەیەکی هەبـت پێخەمەتـی نەتەوا خـۆ بکـات)) ( ڤیـان، ٢٠١٦، ل٢٩٠) بەو واتـایەی کە پێویسـتە هەمـوو تـاکی هەر نەتەوەیەک بە هەمـوو شـێوەیەک ئامـادەی ئەوەی تێـدا بێـت کە خـۆی بکـاتە قوربـانی نەتەوە و خاکەکەی.

سەبارەت بە سەرەتایی قۆناغی وشیاریی نەتەوایەتی( د. محمد بکر محمد) بە پشتبەسـتن بـە بۆچوونی کۆمەڵێک لە شارەزایانی بوارەکە، بۆچوونیـان وایـە: ( وشـیاریی نەتەوایـەتی لـەلای کوردان بە شێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا لە دوای شەڕی چاڵدیران: ١٥١٤ زاینی سەریهەڵداوە) ( محمد، مەتین، ژ:١١٨، ٢٠٠١ ، ل٤٢). بەو واتایەی دابەشبوونی کوردستان لە دوای شـەڕی چاڵـدێران بـۆ سـەر دوو دەوڵەتـی داگیـرکەر بـووە، هـۆی ئەوەی وشـیاری نەتەوایەتـی بە شێوەیەکی ئاشکرا دەربکەوێت.

یەکێک لە هۆکارەکـانی پەرەسـەندن و بەرەوپێشـچوونی وشـیاری نەتەوایەتـی دەرچـوون و بڵاوکـردنەوەی ڕۆژنـامە و گۆڤارەکـان بـوو، لەم میانەشـدا دەرچـوونی یەکەم ڕۆژنـامەی کـوردی بەنـاوی ڕۆژنـامەی( کوردسـتان) لە لایەن بنەمـاڵەی بەدرخانیەکـانەوە لە سـاڵی (١٨٩٨)دا، بە تایبەتی لەسەر دەستی( مقیداد مدحەت بدرخان) کاریگەری زۆری هەبوو، بۆ وشیارکردنەوەی نەتەوەی کورد و بڵاوکردنەوەی هزری نەتەوایەتی بە نـاو کورددا. هـاتنی ڕۆژهەڵاتناسەکان بۆ کوردستان لە سەدەی نۆزدەیەم، بووە هۆی زیاتر گەشەسەندنی هزری نەتەوایەتی و زیادکردنی وشیاری لە لای میللەتی کورد.

( ڕەفیـق سـابیر) دەڵێـت: (( هۆشـیاری نەتەوایەتـی لە قۆنـاغێکی دیـاریکراوی پێشـکەوتنی سیاسی، کولتوری و ئابوریدا سەرهەڵدەدات.)) ( سابیر، ٢٠١٦، ل١٦٥). بەو واتـایەی قۆنـاغی وشــیاری نەتەوایەتــی بەرهەمــی کــۆمەڵگەیەکی پێشــکەوتووە، ئەمەش یەکـێکە لە خـاڵە جیاکەرەوەکانی نێوان هەردوو قۆناغی هەستی نەتەوایەتی و قۆنانی وشیاری نەتەوایەتیە.

ئاشـــكرایه كه قۆنـــاغی وشـــیاری نەتەوایەتـــی ئاســـت و قۆنـــاغێكی بڵنـــدتر و بـــاڵاتره و له قۆناغەكانی دیكەی وەک هەستی نەتەوایەتی، چونكه وشیاری نەتەوایەتی بەرهەمی قۆناغێكی پەرەسندووتره، بۆ نموونه ئەو سـەردەم و رۆژگارەی كه شـاعیرانی وەک( خـانی و حـاجی) تێدا ژیاون، زۆر جیاوازتر و پێشكەوتوتر بووە، لەو سـەردەم و رۆژگـاری كە( بابەتـاهیر) و شـاعیرانی دیـكه تێـدا ژیـاون. شـاعیرانی كـورد زووتـر هەسـتی نەتەوایەتـی و وشـیاری نەتەوایەتیان جوڵاوە، ئەمەش لای خانی به باشی رەنگی داوەتەوە: ( خانی كاتێک بابەتـەكانی تایبەت به هزر و ڕۆشنبیریی نەتەوەیی له شیعری خۆیدا تۆماردەكرد ، هێشتا میر و لایەنـه پێوەندیدارەكانی ئەو بابەته لـەو سـەردەمەدا یـان بێ ئاگابوون یـان نەیاندەتوانی لـه زمـان و بۆچوونەكانی ئەو تێبگەن) ( محمد، مەتین، ژ:١١٨، ٢٠٠١، ل٣١). ئەمه ئەوەمان بۆ دەردەخات كه هزری نەتەوایەتی كوردی سەرەتا له بواری ئەدەبییدا پەیدابووە و سـەریهەڵداوە، پاشـان له لایەن و بوارەكانی دیكه ڕەنگی داوەتەوە.

هەروەها له سەرچاوەیەكی دیكەشدا ئاماژه بەوه كراوە: (( ئایدۆلۆژیای نەتەوایەتی كورد پێش له ( ٣٠٠) سێ سەد ساڵ له لایەن ئەحمەدی خانییەوە دارێژراوە، ئەمەش له پێشەكی شاكاره مەزنەكەی( مەم و زین )دا ئەم نەتەوەخوازییە بێ هاوتاییە بوو له جیهانی ئیسلامیدا)) ( ئاگرین، ١٩٩٩، ل٢٩ ) .

یەكێک لەو شـاعیرانەی كه شـیعرەكانی دەچێته خـانەی ئەم قۆنـاغەوە( ئەحـمەدی خـانی) یە، بەشێوەیەكی گشتی خـانی كۆمەڵێک پەیـامی نەتەوایەتـی گرنـگ و كـاریگەری له شـیعرەكانیدا باسكردووە، لەوانه باسی هەبوونی سەركردەیەكی باش و هەبوونی دەوڵەتـی سـەربەخۆی و باسـی سـوار چـاكی و بەخشـندەیی كـردووە، باسـی نەبـوونی سـەركردەیەكی دڵسـۆز و لێهاتوویی كردووە، باسی گرنگی زانست و زانیاری و خوێندن كردووە، باسكردنی دەرد و ئـازاری ژێردەسـتەیی و گیرۆدەبـوونی كـورد بەدەسـت داگیركەرەكـانی تـورک و فارسـەوە. ئەمانه هەموو وایان كردووە كه خانی لەرووی هـزری نەتەوایەتیەوە شیعرەكانی له قۆنـاغی هەستی نەتەوایەتیەوە بگوازێتەوە بۆ قۆناغی وشیاری نەتەوایەتی.

وشـیاری نەتەوایەتـی لای خـانی له پلەیەكـی بڵنـدا بـووە و له شـیعرێكیدا داوای هەبـوونی پادشایەک دەكات، كه خاوەنی تاج و تەختی خۆی بێت، واته خـانی له مەم و زینەكەی دا به روونی داوای دەوڵەتی سـەربەخۆی و گەورەی كوردسـتانی كردووە، كه هەمـوو پارچەكـانی كوردستان له خۆبگرێت، داوای سەركردەیەكەی كوردی كردووە كه له نـاوچەی كوردسـتان حـوكم بەسـەر كوردەكـانەوە بكـات. ئەمه وا دەكـات كه كـوردیش وەكـو هەمـوو مـیللەت و

نەتەوەکانی دیکە داهاتووی رۆشەن بێت و رزگار بێت لە دەست داگیرگەران، لەم بارەیەوە خانی دەڵێت:

(( گەردی هەبوویا مە پادشاهەک

لائق بدییا خودێ کولاهەک

تەعیین ببوویا ژ بو وی تەختەک

ظاهیر ڤە دبوو ژ بۆ مە بەختەک

حاصل ببوویا ژ بۆ وی تاجەک

ئەلبەتتە دبو مە ژی رەواجەک

غەمخاری دکر ل مە یەتیمان

دئینانە دەرێ ژ دەست لە ئیمان)) ( خانی، ٢٠٠٨، ل٤٣).

لە شیعرێکی دیکە خانی داوای یەکگرتن لە تەواوی میللەتی کورد دەکات، لەم دێر شیعرەیدا باسی ئەوەی کردووە، کە هۆکاری ئەوەی ئێمە لە ژێردەستی بێگانە و داگیرکەران دا ماینەوە، ئەوەیە کە ئێمە یەکگرتوو نینەو نابینە یەک دەست. لەم بارەیەوە خانی دەڵێت:

(( گەری هەبوویا مە ئیتیحادەک

ڤێکرا بکرا مە ئینقیادەک

رۆم و عەرەب و عەجەم تەمامی

هەمیا ژ مەڕا دکر غولامی)) ( خانی، ٢٠٠٨، ل٤٥). واتە ئەگەر میللەتی کورد یەکبگرن و ببنە یەک دەست، ئەوا میللەتەکانی دیکە دەبنە خزمەتکاری کورد.

خانی لە دێرە شیعرێکی دیکەشدا باسی بەخشندەیی و ئازایەتی میللەتی کورد دەکات، کە وەکو( حاتەمی طەی) بەخشندەیە و وەکو( رۆستەم) ئازا و بەجەرگن بۆ میللەتەکەی خۆیان. لەم بارەیەوە خانی دەڵێت:

(( هەر مێرەکێ وان ببەذلی حاتەم

هەر مێرەکێ وان برەزمێ روستەم)) ( خانی، ٢٠٠٨، ل ٤٤).

هەروەها خانی باسی پاراستن و پێشخستنی زمانی کوردی دەکات، ئەمەش دیارخەری ئەوەیە کە وشیاری نەتەوایەتییەکەی خانی بەهێز بووە و هەوڵی داوە چیتر زمانی بێگانە و داگیرکەران بەکارنەهێنن، بەڵکو زمانی کوردی بەکاربێنن، خانی لەو رۆژگارە بە باشی لەوە

گەیشتووە، کە پێویستە زمانی کوردی بپارێزێ و هەوڵی پێشخستنی بدەین، چونکە زمانی نەتەوە داگیرکەر و بێگانە بە زۆری سەپێندرابووە سەر کورد، هەروەکو دەڵێت:

(( دا خەلق نەبێژیتن کو ئەکراد

بێ معریفەتن، بێ ئەسل و بنیاد

ئەنواعی میللەل خودا کتێبن

کورمانج تەنێ دبێ حسێن)) ( خانی، ٢٠٠٨، ل٤٦)

(حاجی قادری کۆیی) یەکێکی دیکەیە لەو شاعیرانەی کە شیعرەکانی دەچێتە خانەی قۆناغی وشیاری نەتەوایەتیەوە، چونکە کۆمەڵێک پەیامی نەتەوایەتی گرنگ و پڕبایەخی وەکو باسی یەکگرتن و زیانی یەکنەگرتن و بایەخدان بە خوێندن و خوێندەواری و بایەخدان بە زمانی کوردی و باسی ئازایەتی و بەخشندەیی میللەتی کوردی کردووە، بایەخدان بە بەرهەمی ناوەوە و پەیداکردنی چەک، کۆمەڵێک پەیامی کۆمەڵایەتی لە شیعرەکانی ڕەنگیداوەتەوە. حاجی لە یەکێک لە شیعرەکانیدا داوای یەکگرتنی میللەتی کوردی کردووە، دەڵێت:

(( لەم بەینە ئیتفاقی پەیدا بکەن بە مەردی

فەرقی نەبێ شوان و جوتیار و میر و گاوان)) ( کۆیی، ١٣٩٠، ل٩٥)

شاعیر لە دێرە شیعرێکی دیکە باسی ئەوە دەکات کە چۆن لە رابردوو وڵات و مەملەکەتی کوردان ئازاد بووە، هانی میللەتی کورد دەدات، کە هەوڵی جدی بدەن بۆ سەربەخۆی و ئازادی، لەم بارەیەوە دەڵێت:

(( کوا ئەو دەمەی کە کوردان ئازاد و سەربەخۆ بوون

سوڵتانی موڵک و میللەت، ساحیبی جەیش و عیرفان

جۆشێک بدەن وەکوو هەنگ، تەگبیر بکەن بەبێ دەنگ

ئەسبابی شەڕ پەیدا کەن تۆپ و تفەنگ و هاوان)) ( کۆیی، ١٣٩٠، ل٩٦).

حاجی باسی داگیرکەران و داگیرکردنی کوردستانی کردووە، لە لایەن بێگانەکانەوە بە تایبەتی فارس و تورکەکانەوە، لەم بارەیەوە حاجی دەڵێت:

(( مونقادی عەجەم موطیعی ڕۆمن

مەحکومی خەرات و حیز و دۆمن)) ( کۆیی، ١٣٩٠، ل ١٩٩)

رووخانی هەر سێ میرنشینەکانی سۆران و بۆتان و بابان ئاگر لە دڵ و دەروونی حاجی بەردەدەن، دڵسۆزی میرەکانی کورد لە دڵی شاعیر دەرناچێت و بەهۆیەوە لە دێرە شیعرێکدا دەڵێت:

(( کوا والیی سەنەندوج، بەگزادەیی ڕەواندوز

کوا حاکمانی بابان، میری جزیر و بۆتان)) ( کۆیی، ١٣٩٠، ل ٨٦)

ئەمانەش هەموو ئەوە دەسەلمێنن کە هزری نەتەوایەتی بەشێوەیەکی گشتی وشیاری نەتەوایەتیەکەی حاجی لە ئاستێکی بەرزدا بووە.

یەکێکی دیکە لە شاعیرەکانی ئەم قۆناغە( ئەحمەد موختار جاف) ە، کە هزری نەتەوایەتی بە ئاستێکی بەرز لە شیعرەکانی ڕەنگی داوەتەوە، بە تایبەتی لە وشیارکردنەوەی میللەتی کورد لە هەموو بوارەکانەوە. بۆ نموونە لە دوو دێرە شیعردا بانگی میللەتی کورد دەکات ئیتر بەسە با ئێمەش تێبکۆشین و هەوڵ بدەین بۆ ئەوەی کیانێک و دەوڵەتێکی سەربەخۆ بۆ خۆمان بنیات بنێین. شاعیر دەڵێت:

(( لەخەو هەڵسن میللەتی کورد خەو زەرەرتانە

هەموو تەئریخی عالەم شاهیدی فەزڵ و هونەرتانە

دەسا تێکۆشن ئەی قەومی نەجیب و بێ کەس و مەزڵووم

بە گورجی قەتعی کەن ئەو ڕێگە دوورەی وا لە بەرتانە)) ( جاف، ١٩٨٦، ل١٥٧).

لە شیعرێکی دیکەشدا شاعیر باسی گرنگی و بایەخی خوێندن دەکات و دەڵێت:

(( بخوێنن چونکە خوێندن بۆ دیفاعی تیغی دوژمنتانە

هەموو ئان و زەمانێ عەینی قەڵغان و سوپەرتانە

بەخۆرایی لەدەستی بەرمەدەن ئەم خاکە شیرینە

کە تۆزی وەک جەواهێر سوورمە و کوحلی بەسەرتانە)) ( جاف، ١٩٨٦، ل١٥٧)

بەمشێوەیە دەبینین کە نموونەی شیعر و ناوەرۆکی شیعرەکانی ئەم قۆناغ جیاوازتر بووە، لە نموونەی شیعری و ناوەرۆکی شیعرەکانی قۆناغی هەستی نەتەوایەتی، چونکە سەردەمەکانیان جیاواز بووە و گۆرانکاری زۆری بەخۆیەوە بینیوە، ئەمەش وای کردووە کە خواست و داواکارییەکانیش گۆرانکاری بەسەر دابێت.

### ٣.٤.٢ قۆناغی بزووتنەوەی نەتەوایەتی :

هزری نەتەوایەتی لەم قۆناغەدا دەچێتە ناو قۆناغی پراکیتیکەوە، ئەمەش زیاتر خۆی لە شۆرش و ڕاپەرینەکان و دروستبوونی میرنشینە کوردییەکان و لە دواییشدا دامەزراندنی حیزب و پارت و ڕێکخراوە سیاسەکان گرتەوە. بە واتایەکی دیکە ئەگەر لە قۆناغەکانی پێشووتردا هزری نەتەوایەتی لەسەر لاپەرەکان بە شێوەی تیۆری بەرجەستە بووبێت، ئەوا لەم قۆناغە بە شێوەی پراکتیکی بوو ئەمەش کە خۆی لە خەباتی و شێوەی چەکداری دەبینەوە. دیارترین و باشترین نموونەش بۆ ئەم قۆناغە شۆرشەکەی( شێخ عوبەیدوڵڵای نەهرییە)، شێخ عوبیدوڵای نەهری بە یەکەم کەس دادەنرێت کە دەستی داوەتە خەباتی چەکداری و توانیویەتی سوپایەکی بەهێز دروست بکات و دژی داگیرکەران بووەستێتەوە. دروست بوونی میرنشینەکانی کوردی کاریگەری زۆری هەبووە، لەسەر گەشەکردنی هزری نەتەوایەتی کوردی بە تایبەتی(( لە نیوەی یەکەمی سەتەی نۆزدەدا گەیشتۆتە پلەی چەکدارانەی ڕێکخراو، کاتێک میرەکانی کوردستان وەک میری بۆتان و میری بابان و میری سۆران و میری بادینان و میری ئەردەلان کەوتنە هەڵگیرسانی شۆرش و بەیەکادان لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی و قاجاریدا)) ( نەبەز، ٢٠٠٢، ل٢٩-٣٠). کەواتە بە هۆی دروستبوونی میرنشینە کوردیەکانەوە هزری نەتەوایەتی قۆناغێکی باش بەرەوپێشەوەچوو، چونکە میرەکانیان دەستیان بە خەباتی چەکداری کردووە، بۆ رزگاربوون لە دەستی داگیرکەرەکانی ئەو کات و بە دیهێنانی کیان و دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی. ( د.نوزاد وقاص سەعید) بۆچوونی وایە: (( میرنشینی بابان لە میرنشینەکانی تری کورد گرنگتربوو لە لایەن جوڵانەوەی هەستی نیشتمانپەروەری لە دڵ و دەروونی گەلی کورد و بەهێز بوونی سۆزی نیشتمان پەروەری )) ( سەعید، ١٩٩١، ل١٥ ) . بە واتایەکی دیکە لێکۆڵەر بۆچوونی وایە کە کاریگەری میرنشینی بابانەکان لە هەموو میرنشینەکانی دیکە زیاتر بووە، بۆ سەرهەڵدانی هزری نەتەوایەتی، ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ حکومڕانی میرەکانی ئەم میرنشینە و جیاواز بوونی بارودۆخی شاری سلێمانی لە شوێنەکانی دیکە .

بەم شێوەیە هزری نەتەوایەتی کوردی قۆناغ بە قۆناغ لە چەند ڕەهەندێکی جیاواز و بە بنەمای جۆراوجۆرەوە بە ناو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی کوردیدا ڕوو دەچێت و خۆی دەچەسپێنێت. ئاشکرایە لە سەرەتایی سەدەی بیستەمیشدا هزری نەتەوایەتی کوردی زیاتر خۆی ڕێک دەخات، لەو پێناوەشدا چەندین حزبی سیاسی و ڕێکخراوی پیشەیی تایبەت بە قوتابیان، مامۆستایان، ئافرەتان و پیشە جۆربەجۆرەکانی دیکە پێک دەهێنرێن، لە زۆربەی شارەکانی کوردستاندا بڵاو دەبنەوە و تاکی کوردی لە خۆیان کۆ دەکەنەوە، ئەمەش راستەوخۆ دەچێتە ناو قۆناغی بزووتنەوەی کوردیەوە.

ژمارەیەکی زۆری شیعرەکانی ساڵانی بیستەکان بەدواوە دەکەوێتە قۆناغی بزووتنەوەی نەتەوایەتی کوردییەوە. چونکە سەردەم و بارودۆخی سیاسی ئەو کاتە پاڵنەر و هۆکار بووە، بۆ ئەوەی شاعیرەکانمان لە شیعرەکانیان باسی خەبات و تێکۆشان و شۆرش و ڕاپەرین و ڕووبەڕووبونەوەکانی میللەتی کورد بکەن لە دژی دوژمن و داگیرکەراندا. دیارترین ئەو شاعیرانەی کە شیعرەکانیان دەچێتە خانەی قۆناغی بزووتنەوەی نەتەوایەتیەوە، ئەمانەن:

یەکێک لەو شاعیر و نوسەرانەی کە شیعر و بەرهەمەکانیان دەچێتە خانەی قۆناغی بزووتنەوەی نەتەوایەتیەوە( گۆران) شاعیرە، گۆرانی شاعیر لە شیعرێکیدا بە ناونیشانی (شەهید) دا، دەڵێت:

(( هەزار و نۆسەد و سی بوو، شەشی ئەیلوول کە ڕۆژ هەڵهات:

غریوی ویستنی حەق کەوتە ناو شاری سلێمانی

( هەلۆ بەگ) ئەو جوانەی دڵی پڕ بوو بۆ وەتەن ئاوات،

لە پێش جەمعێکەوە تا بەر دەرکی سەرا ڕووی هەڵمەتی هانی.

لەگەڵ یارانی ئەیوت: ئەی حوکوومەت ! تا نەکەی تەسبیت

حوقووقی کوردەواری، نایەوێ کورد ئینتیخابات

ئەوانەی بانگکران و تۆ بە قووەت دەوریان ئەگریت

دەنی و قازانجیپەرستن، هیچ نەبێ پێیان موبالاتت)) ( گۆران، ١٣٨٦، ل١٩٩). ئەو شیعرە بە بۆنەی یادی شۆرشی بەردەرکی سەرای شاری سلێمانی نووسیوە، بەهۆی ئەم شیعرەوە شاعیر دەمانگەرێنێتەوە بۆ ساڵانی سییەکانی سەدەی رابردووەوە، کاتێک خەڵکی سلێمانی ڕاپەرین و شۆرشیان لە دژی دەسەڵاتی ئەو کات ئەنجامدا، لە ئاکامدا ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی شاری سلێمانی بە دەست ڕێژی گوللەی دوژمنان شەهید و برینداربوون.

هەروەها لە شیعرێکی دیکەی بە ناونیشانی( بت، بتەوان) دا زۆر بەڕوونی باسی خەبات و تێکۆشانی میللەتی کورد دەکات، بۆ گەیشتن بە خەونی لەمێژینەی میللەتی کورد، ئەویش کە سەربەخۆییە، هەر وەکو گۆران دەڵێت:

(( بتپەرست نیم،

نابم و نیم،

ئاواتەخوازی سەربەستیم

خەبات ئەکەم بۆ ئازادیم)) ( گۆران، ١٣٨٦، ل٢١٠ - ٢١١).

گۆران لە شیعرێکی دیکەشدا بە ناونیشانی( بەستەی نەبەز) دا، دەڵێت:

(( من سەربازی ئامانجێکم: پیرۆزە،

فیداکاری ڕێگایەکم: بێگەردە،

ڕەنجێک ئەدەم ڕەنجی پیاوی دڵسۆزە،

لە ڕێیە کا بێباک ئەمرم: ڕێی مەردە !)) ( گۆران، ١٣٨٦، ل٢٠٢). گۆران لەم شیعرەیدا باسی هەوڵ و تێکۆشـان و خەبـات دەکـات لە ڕێگـای ئەو ئامـانجە پیـرۆز گیـانی خۆمـان بەخـت دەکەین.

یەکێکــی دیــکە لەو شــاعیرانەی کە شــیعرەکانی دەچێــتە خــانەی قۆنــاغی بــزووتنەوەی نەتەوایەتـیەوە( دیـلان) ی شـاعیرە. نـاوی تەواوی( مـحەمەد سـالح دیـلان)ە یەکـێکە لەو شاعیرانەی کە بەژداریەکی کارای هەبووە، لە خەبات و چالاکی سیاسی و نەتەوەییدا. دیلانی شـاعیر لە شـیعرێکیدا پەیـامێکی روون بە گـوێی دوژمنـان دەدات کە نە بە زینـدان و نە بە لەسێدارەدان، واز لە خەبات و تێکۆشان ناهێنن، لەم بارەیەوە دیلان دەڵێت:

(( ئاسوودە بن، زەبری زیندان

هەڵواسین و پەت بۆ خنکان

تەوژمی خەبات لەق ناکا

هێزی تێزی تێکۆشان شەق ناکا)) ( دیلان، ٢٠١٣، ل ٢٥٨)

هەروەهـا دیـلان لە شـیعرێکی دیکەشـدا بە ناونیشـانی( کـاروان) باسـی خەبـات و تێکۆشـانی میللەتی کورد دەکات، کە بە هیچ شتێک ناوەستێ، هەروەکو دیلان دەڵێت:

(( کەوتۆتە رێ کاروانی ئەم کوردە بە جارێ

دەنگی زەنگی هەناوی( زۆر) دێنێتە خوارێ

رێ ئەبرێ با هەوراز و پڕ درِک و داڵ بێ

تەکان ئەدات بەرەو هیوای گەیین بە شارێ)) ( دیلان، ٢٠١٣، ل١٥٣).

لە شـیعرێکی دیکە بە ناونیشـانی( ڕەشـەبا)دا، باسـی خەبـات و تێکۆشـانی میللەتـی کـورددا، دەکات دەڵێت:

(( کە سەری دەرهێنا چووزی ئازادی کردن

کەوتە گۆپکە داری( هیوا) بۆ بەرگرتن

هێز نییە لە ناوەراستدا بیوەستێنێ

با هەزار هەوری ڕەش بێت و بگرمێنێ)) ( دیلان، ٢٠١٣، ل٢٦٢).

# بەشی سێیەم / بەرجەستەبوونی پەیامی نەتەوایەتی

# لە شانۆنامەکانی ئەحمەد سالاردا:

## تەوەرەی یەکەم

## تایبەتمەندییەکانی پەیامی نەتەوایەتی لە قۆناغی هەستی نەتەوایەتیدا

## تەوەرەی دووەم

## تایبەتمەندییەکانی پەیامی نەتەوایەتی لە وشیاری نەتەوایەتیدا

## تەوەرەی سێیەم

## تایبەتمەندییەکانی پەیامی نەتەوایەتی لە قۆناغی بزووتنەوەی

## نەتەوایەتیدا

## بەشی سێیەم / بەرجەستەبوونی پەیامی نەتەوایەتی لە شانۆنامەکانی ئەحمەد سالاردا:

سەرەتا پێویستە لە بارەی تایبەتمەندییەکانی پەیامی نەتەوایەتی لە شانۆنامەکاندا بە گوێرەی قۆناغەکانی هزری نەتەوایەتی، ئاماژە بۆ خاڵێکی گرنگ بکرێت، بەشێوەیەکی گشتی شانۆنامەکانی( ئەحمەد سالار) هەرسێ قۆناغەکانی( هەستی نەتەوایەتی، وشیاری نەتەوایەتی، بزووتنەوەی نەتەوایەتی) تێدا بەرجەستەبووە، واتە لە هەر شانۆنامەیەکدا کەم تا زۆر تایبەتمەندیی هەرسێ قۆناغەکان دەردەکەون ، ئەمەش زیاتر بۆ تایبەتمەندی مێژوویی و فرەدەنگی کەسەکان و ئاوێتەکردنی کاتەکان لە نێو دەقی شانۆنامەکاندا دەگەڕێتەوە، کە وەکو لە پێشتردا ڕوونکرایەوە، یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی شانۆنامە وەکو شانۆگەری ، ئەمەش وایکردووە کە هەر شانۆنامەیەک تایبەتمەندیی هەر سێ قۆناغەکەی هزری نەتەوایەتی لەخۆبگرێت، بۆیە لەم بەشەدا هەوڵدەدەین تایبەتمەندییەکانی پەیامی نەتەوایەتی لە هەر قۆناغێکی دیاریکراوی هزری نەتەوایەتی بەجیادا، لە سەرجەم شانۆنامە هەڵبژاردەکانی (ئەحمەد سالار)دا دەستنیشان بکەین.

### ٣-١. تایبەتمەندییەکانی پەیامی نەتەوایەتی لە قۆناغی هەستی نەتەوایەتیدا:

شانۆنامەی( نالی و خەونێکی ئەرخەوانی) یەکێکە لە شانۆنامە بەناوبانگەکانی شانۆنامەنووس( ئەحمەد سالار) بەشێکی زۆری دیمەنەکانی ئەم شانۆنامەیە، بە شێوەیەکی روون و ئاشکرا هزری نەتەوایەتی هەرسێ قۆناغەکەی تێدا بەرجەستە بووە.

ئەم شانۆنامەیە لە ساڵی (١٩٨٧) دا نوسراوە، هەر لەو ساڵەشدا لە سێ کات و شوێنی جیاوازدا نمایش کراوە( بۆ یەکەمجار لە( ١٩٨٧/٣/٢٨)دا لە شانۆی ئەزموونگەریی پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی سلێمانی نمایشکرا، دووەمجاریش لە( ١٩٨٧/٤/٨) دا لە شانۆی ئەکادیمیای هونەرە جوانەکانی زانکۆی بەغدا نمایشکرا. سێیەمجاریش لە( ١٩٨٧/٦/١٣) لە شانۆی یەکێتی نوسەران لە سلێمانی نمایش کرا، هەر سێ جارەکەش( ئەحمەد سالار) خۆی دەرهێنەری ئەم شانۆنامەیە کردووە.) ( سالار، ١٩٩٩، ل١٤).

هەڵبژاردنی ناونیشان کارێکی گرنگ و پڕ بایەخە بۆ هەر دەقێکی ئەدەبی، ئەحمەد سالاریش لەم میانەدا گرنگی زۆری بە ناونیشانی شانۆنامەکانی داوە، چونکە ئاشکرایە کە ناونیشان ڕەنگدانەوەی ناوەرۆکی شانۆنامەکەیە. لەم بارەیەوە( ئەحمەد سالار) ناونیشانێکی وای بۆ ئەم شانۆنامەیە هەڵبژاردووە، لەگەڵ ناوەرۆکی شانۆنامەکەدا بە تەواوی بگونجێت.

ناونیشانی ئەم شانۆنامەیە لە دوو بەش پێک دێت، بەشی یەکەم پێک دێت لە( نالی) شاعیر، کە یەکێکە لە شاعیرەکانی کلاسیکی کوردی و لە سەدەی نۆزدەهەم لە دایک بووە، لە ساڵی (١٨٧٣) لە دووری نیشتمان کۆچی دوایی کردووە. بەشی دووەمی ناونیشانی شانۆنامەکەش پێک دێت لە( خەونێکی ئەرخەوانی)، تێدا مەبەستی شانۆنامەنوس ئەوەیە کە لە دوای ئەو هەموو ئێش و ئازارەی کە میللەتی کوردی بینیویەتی، لە ڕێگەی خەونێکی ئەرخەوانیەوە پێشبینی رۆژانێکی کردووە، کە تیادا هەموو ئەو ئێش و ئازارەکانی سەر میللەتی کورد بەرەو تەواو بوون و نەمان بچێت، میللەتی کورد سەربەخۆ بێت.

هۆکاری سەرەکی نووسینی ئەم شانۆنامەیە بەشێوەیەکی گشتی بریتییە لە شالاوی ئەنفال، کە لە ساڵانی هەشتاکانەوە رژێمی بەعس لە میللەتی کوردی کرد، ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی بێ تاوانی کردە ژێر خاکی بیابانەکانی باشوری عێراقەوە. دەربارەی هۆکاری نووسینی ئەم شانۆنامەیە لە سەردانێکمدا بۆ لای شانۆنامەنووس( ئەحمەد سالار)، بەم شێوەیە وەڵامی دامەوە گووتی: (( من ئەو رۆژە کە ئەهاتم بۆ معهدی فنون جمیلە بە ئوتومبێلەکەی کاک کەمالی شێخ رەئوفی هەنجیرە، ئەویش مامۆستا بوو لە معهدی فنون هاتین لای جادەکە لەسەرەوە یانی ئەو شوێنەی کە لای نادی موهندسینەوە لە بەردەمی مەڵبەندی یەکێتی ئێستا و ئەو وەختە دائیرەی بەعس بوو، لەوێیەوە لۆری پڕکرابوو بە کوردی رەش و رووت و ژن و مناڵ تا خوار تەربیە چەند کیلۆ مەترێک بەردەوام بوو، منیش سەیرم کرد هەموو تینویانە پرسم کرد ئەوە چییە گۆتیان ئەوە ئەنفالە و ئەیانبەن، کە ئەیانبەن بۆ کوشتن ئەیانبەن منیش ئەو رۆژە تەبعەن دەرسم پێنەگوترایەوە و معهدم بە جێهێشت و چوومەوە ماڵەوە هەر پیشم دەخواردەوە. ئەو کاتەش تۆپ دەنرا بە سلێمانیەوە ژێرزەمینێکی ماڵی خوشکەکەم هەبوو چوینە ژێر زەمینەکە کاغەز و قەلەمم دەرهێنا بە شێوەی نەسرێک نالی تیایە ئەبێ بە زمانێ بینوسە کە لە زمانی نالی کەمتر نەبێ بە خۆم شاعیر بووم، نووسینم هەر ئەو مسوەدەیە بوو ئەو شەو تەواوم کرد. مسرحیە هەبووە ساڵێکم پێچووە، بەڵام ئەوە هەر ئەو شەو تەواومکرد، بەیانی ئەهاتم بۆ معهد مقاتیعم لێی ئەخوێندەوەو هەموو حەپەسابوون وەلا دوای لە میهرەجانی معهد انتاجم کرد)) ( سالار، ٢٠٢١/٦/٨، چاوپێکەوتن). کەواتە هۆکاری سەرەکی لە نووسینی ئەم شانۆنامە شالاوی ئەنفال بووە، بینینی ئەم دیمەنە بە چاوی خۆی کاریگەری زۆری لەسەر شانۆنامەنووس بەجێهێشتووە، وای کردووە بە ماوەیەکی کەم ئەم شانۆنامەیە بنوسێت.

بەهۆی ئەوەی کاتی نووسینی ئەو شانۆنامەیە دەگەرێتەوە بۆ کۆتایی ساڵانی هەشتاکانەوە، ئەو کاتەش رژێم دەسەڵاتدار بووە، بۆیە شانۆنامەنووس ناوەرۆکی ئەم شانۆنامەیەی بەشێوەیەکی رەمز( جەفەنگ) نووسیوە، واتە لە زمانی راستەوخۆ دوور کەوتۆتەوە و پەنای بۆ زمانی ناراستەوخۆ بردووە، چونکە نووسین و باسکردنی ئەم جۆرە بابەتە نەتەوایەتیانە

لەو سەردەمەدا کارێکی قەدەغە و نایاسایی بوو، سزای توندی لە بەرامبەردا هەبووە، بۆیە شانۆنامەنووس زیرەکانە توانیویەتی بە شێوازێکی وا بنوسێت کە لە چاودێری ئەدەبی و هونەری ئەو کاتە رزگاری ببێت و بخرێتە سەر شانۆ و نمایش بکرێت. ئەحمەد سالار دەربارەی ناوەرۆکی ئەم شانۆنامەی دەڵێت: (( باسی نالییە کاتێ میرنشینی بابان دەروخێ و داگیرکەرە تورکەکان دێن و خەریکە حەبیبە ئەبن و تالانی دەکەن. حەبیبەش دەچێتە گوێ رووباری تانجەرۆ کە بە خوار سلێمانی رووبارێکی بچووک دەروات ئەلاوێنێتەوە و پرچی دەهۆنێتەوە و هاوار بۆ نالی دەکات، ئەلێت فریام کەون ئەوە خەریکە ئەمبەن بێگانەکان من شەرەفی تۆم دەستگیرانەکەی تۆم. نالی لە قەبرەکەی سەر دەردەهێنێ لە مەقبەرەی ئەبا ئەیوبی ئەنساری لە ئەستەمبۆل دێتە دەرەوە وەکو جاران دەبێتەوە بە گەنجەکە و دێتەوە بەرەو شار ئەگاتە پیرەمەگروون چەخماخە لێدەدات و غەزەب گرتویەتی سەیری سلێمانی دەکات، دواتر دێت و داخیل دەبێت و حەبیبەش دەبینێت و ئەبێتەوە بە کورەکەی جاران)) (سالار، ٢٠٢١/٦/٨، چاوپێکەوتن).

لە دیمەنێکی شانۆنامەی( نالی و خەونێکی ئەرخەوانی)دا لە ڕێگەی گفتوگۆی نێوان کەسایەتییەکانی وەکو( نالی، پیرەمێرد) دا، باسی خۆشەویستی دار و بەرد و خاکی کوردستان دەکات، بەم شێوەیە:

(( پیرەمێرد: چی ئارەزوو دەکەی ؟

نالی: ئارەزووی خۆڵ و بەرد و دیوار دەکەم.)) ( سالار، ١٩٩٩، ل٢٣). شانۆنامەنووس لەم گفتوگۆیەی نێوان نالی و پیرەمێردا بۆمان ئاشکرا دەکات، نالی چەند تامەزرۆی خاک و خۆڵ و بەردی نیشتمان بووە، ئەمەش خۆی لە خۆیدا دەچێتە خانەی قۆناغی هەستی نەتەوایەتیەوە، چونکە تەنیا خۆشەویستی نیشتمان و ئارەزووی خاک و خۆڵی نیشتمانی کردووە، نەوەک داوای شتی دیکە بکات، ئەمەش یەکێکە لە تایبەتمەندییە هەرە بەهێزەکانی دەربڕینی هەستی سادەی نەتەوایەتی، چونکە تەنیا لە چاوچێوەی خۆشەویستی خاک و نیشتماندا خۆی دەبینێتەوە.

لە دیمەنێکی دیکەی هەمان شانۆنامەدا لە رێگەی گفتوگۆی نێوان کەسایەتییەکانی( یەکەم، دووەم) دا، خۆشەویستی نیشتمان وای لە شانۆنامەنووس کردووە، خەون بە هەموو شتێکی نیشتمانەوە ببینێت، هەروەکو لەم دیمەنەدا دەڵێت:

(( یەکەم: دەبێ خەون بە چ شتێکەوە ببینێ ؟

دووەم: خەون بە گشت شتێکی پیرۆز ەوە... بە دایکی، گوندەکەی.. شارەکەی.. هەموو شتێ کە بۆنی خۆشەویستەکەی لێ بێ..)) ( سالار، ١٩٩٩، ل٣١) ئەم دیمەنە دەچێتە خانەی قۆناغی هەستی نەتەوایەتیەوە، چونکە شانۆنامەنووس لە رێگەی کەسایەتی( دووەم) ەوە، خەونی بە

هەمــوو شــتیکی کوردســـتانەوە بینیـــوە، لای ئەو هەمـــوو شـــتێکی نیشـــتمانەکەی بـــۆنی خۆشەویستەکەی لێ دێت. بۆیە باسکردن و وەسفکردنی خۆشەویستی هەر شتێک کە بۆن و بەرامەی خـــاک و نیشـــتمان و کوردســـتانی لـــێ بێـــت، دەچێـــتە خـــانەی قۆنـــاغی هەســـتی نەتەوایەتیەوە.

لە دیمەنێکی دیکەی هەمان شانۆنامەدا باس لە زیادبوونی خۆشەویستی نیشتمان دەکات، بە ڕادەیەک کە بـوونی نیشـتمان بەنـدە بە بـوونی نـالیەوە، واتە ئەگەر خۆشەویسـتی نیشـتمان نەبێ ژیـانیش نابێت، ئەمەش لە ڕێگەی گفتوگۆی نێوان کەسـایەتییەکانی وەکو( مامۆسـتا، قوتابی، پیرەمێرد) دا، بەم شێوەیە باسکراوە:

(( مامۆستا: پرسیاری ترتان هەیە ؟

قوتابیەک: چۆنە ئێستا خۆی پێ گیراوە و نەهاتۆتەوە نیشتمان ؟

پیرەمێرد: دەگێرنەوە دەڵێن: ساڵ بەو عەیام عاشقێکی سەرکەشی سـەر سـەخت لە شـەوێکی هەرە سـەرمایی چلەی زسـتاندا، لە نـاو ڕووبـارێکی سـاردی بەسـتەڵۆکدا مـایەوە و نەمـرد، چـونکە چـاوی لە ئـاگرێکی دوور بڕیبـوو... نـالییەکەی ئـێمەش هەر بەو یـادە و عەشـق و خۆشەویسـتی وولاتەکەیەوە دەژیـا)) ( سـالار، ١٩٩٩، ل٣٤). ئەم دیـمەنەش دەچێـتە خـانەی قۆنـاغی هەسـتی نەتەوایەتـیەوە، چـونکە باسـی خۆشەویسـتی نالیمـان بـۆ دەکـات، چـۆن لە دووری و غەریبـی نیشـتماندا، بە هـۆی خۆشەویسـتی نیشـتمانەوە ژیـاوە، شـانۆنامەنووس لەسەر ڕێگەی کەسایەتی( پیرەمێرد)ەوە، چیرۆکێک تێهەڵکێشـی دیمەنەکەی دەکات،کە باسـی ئەو کەسە دەکات چۆن لە ڕۆژگاری زوودا و دەسەڵاتداری ناوچەکە لە ناو ڕووبـاری سـارد و بەستەڵکەدا شەو تا بەیانی دەیهێڵێتەوە و ئەو کەسە نامرێت، پاشـان لە هۆکـاری نەمردنـی دەکۆڵنەوە و دەبینن، کە بەهـۆی بینینی تۆزقاڵێک لە ئـاگر بـووە، کە لە دوورەوە دیـار بـووە، ماوە و نەمردووە، شانۆنامەنووسیش دەیەوێت پێمـان بڵێت کە هۆکـاری مـانەوە و نەمردنـی نالییش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو خۆشەویستیەی کە بۆ خاک و وڵات و نیشتمان هەیبووە.

لە دیمەنێکـی دیکەشـدا شـانۆنامەنووس لە ڕێـگەی کەسـایەتی( گێـرەرەوە) باسـی دووری نیشـتمان لای نـالی دەکـات، ئەمەش خـۆی لە خۆیـدا دەربڕینـی هەسـتی نەتەوایەتـی بـووە بـۆ میللەتەکەی خۆی، بەم شێوەیە:

(( گێرەرەوە: شار شاری ئەستەمبۆڵە، شـەوێکە لە شـەوانی مـانگی گوڵان.( نـالی) بە تەنهایە چەندی کرد و چەندی کۆشا هەر خەو نەچووە چاوی، کۆرپەلەی گیانی کرۆز بـوو. ئەمشـەو لە ناخەوە هەستی بە کلۆلی و بێ کەسی کرد، یارێ باوەڕێ هەردەم شک نابات تا گرۆگـاڵی لە تەک هەستی مات و خامۆشیا بکات، .... هتد)) ( سالار، ١٩٩٩، ل٢٩). ئەم دیمەنەش دەچێتە خـانەی قۆنـاغی هەسـتی نەتەوایەتـیەوە، چـونکە باسـی نـالی شـاعیرمان بـۆ دەکـات، چـۆن لە

دووری خاک و نیشتمانی خۆی خەو نەچۆتە چاوی، لە ولاتی بێگانەدا هەستی زۆر بە بێکەسی و نیگەرانی و بێ تاقەتی کردووە، کەسێکی نزیکی نەدۆزیوەتەوە، بۆ گفتوگۆ و دەردەڵی لەگەڵدا بکات، ئەمەش دەربڕینی هەستی نەتەوایەتییە.

لە دیمەنێکی دیکەشدا شانۆنامەنووس لە ڕێگەی کەسایەتی( دەنگێک) دا، دێرە شیعرێکی نالی دەقئاوێزانی شانۆنامەکەی کردووە، باسی ئەوە دەکات کە بۆچی نالی شیعرەکانی بە زمانی کوردی نووسیوە، هۆکارەکەی تەنها لەبەر ئەوەی بڵێن کە بە زمانی کوردی نووسیوە نە زیاتر، ئەمەش دەربڕینی هەستی نەتەوایەتی کوردییە لەو سەردەمەدا، بەم شێوەیە:

(( دەنگێک: کەس بە ئەلفاظم نەلێ خۆ کوردییە خۆکردییە.

هەر کەسێ نادان نەبێ خۆی طالبی معنا دەکا)) ( سالار، ١٩٩٩، ل٣٠). ئەم دیمەنەش دەچێتە خانەی قۆناغی هەستی نەتەوایەتیەوە، چونکە نالی لەم دێرە شیعرەیدا باسی ئەوەمان بۆ دەکات کە شیعرەکانی بە ئەنقەست بە زمانی کوردی نووسیوە.

لە دیمەنێکی دیکەشدا( نالی) بەراوردی خانوویەکی روخاو و کەلاوەی نیشتمانەکەی خۆی، بە کۆشکێکی جوان و ڕازاوەی وەک کۆشکی یۆلدزدامان بۆ دەکات، لە ئەنجامدا خانووە کۆن و کەلاو و روخاوی نیشتمانەکەی خۆی لا جوانتر و خۆشتر دەبێت و ئەو هەڵدەبژێرێت. ئەمەش دەربڕینی هەستی نەتەوایەتی خۆیەتی، لە ڕێگەی کەسایەتی( دەنگی ٢) دا، بەم شێوەیە:

(( دەنگی ٢: ( نالی) سەرێکی بەلای کۆشکی یۆلدزدا وەرگێراو لەسەر گۆمەز و قوببە و نهۆمە دڵگیرەکانیەوە کە وەک هەموو کۆشک و تەلارێکی رەنجەرۆی لێ دەچۆرا و هاتبووە زوبان کە ئەو یۆلدزە دە ئەوەندە دڵگیربوایە هێشتا وەکو لانەیەکی دا روخاوی نیشتمانەکەی لا جوانتر بوو)) ( سالار، ١٩٩٩، ل٣١). ئەم دیمەنەش دەچێتە خانەی قۆناغی هەستی نەتەوایەتیەوە، چونکە شانۆنامەنووس لە ڕێگەی نالی شاعیرەوە، بە ئاشکرا خۆشەویستی نیشتمانی دەربڕیوە، خانووە کۆن و رووخاوی نیشتمانەکەی لا پەسند و جوانتر بووە، لە هەرچی کۆشک و تەلاری جوان و سەرنجراکێشی ولاتانی دیکە، ئەمەش خۆی لە خۆیدا دەربڕینی هەستی نەتەوایەتییە لای کەسایەتی( نالی).

یەکێکی دیکە لە شانۆنامەکان بریتییە لە شانۆنامەی( کاتێ هەڵۆ بەرز ئەفڕێ)، شانۆنامەنووس لە سەرەتایی ئەم شانۆنامەیەدا، بە وەسفکردن و وێناکردنی شوێنێکی فۆلکلۆری دەستی پێکردووە، هەروەکو دەڵێت:

(( شانۆ و هۆڵی بینەران دەبنە رەشماڵێکی کوردەواری بە چیغ و مافور و پەردە و لبادی خۆمالی ژوور و لایەکانی پێ دەرازێنرێتەوە گوڵوانکەی ئاهەنگ هەڵدەواسرێت. چراخان

دەكرێت مێخەكبەنگ و ملوانەكەی سمڵ بەسەر دەرگای هاتنە ژوورەوەوە هەڵدەواسرێ بۆن و بەرامە بڵاودەكرێتەوە....... هتد)) ( سالار، ١٩٩٩، ل٣٩). ئەم دیمەنە دەچێتە خانەی قۆناغی هەستی نەتەوایەتیەوە، چونكە باسی یان وەسف و وێنایی رەشماڵێكی پڕ لە كەرستە و شتی كوردەواری دەكات، كە هەمووی لە كەلەپور و فۆلكلۆری كوردیەوە هەڵهێنجراوە، ئەمەش دەچێتە خانەی قۆناغی هەستی نەتەوایەتیەوە، چونكە شانۆنامەنووس بە هۆی بەكارهێنانی ئەم شێوێنەوە، دەیەوێت هەستی نەتەوایەتی لای خوێنەری شانۆنامەكە و بینەری شانۆگەرییەكە بورژێنێت.

لە دیمەنێكی دیكەی هەمان شانۆنامەدا لە ڕێگەی گفتوگۆی نێوان كەسایەتییەكانی وەكو (مەحمود، فەقێ قادر) دا، باسی خۆشەویستی خاك و نیشتمان دەكات، دەڵێت:

(( مەحمود: لە هەموومان زیاتر پەلەتریەتی پەلەی چونەوە وڵات.

فەقێ قادر: نیشتمان ئازیز و خۆشەویستە هەموو دەریاكانی دونیا قوربانی كانیاوێكی ئەو لانە و هەوارە بێ.)) ( سالار، ١٩٩٩، ل٥٤) ئەم دیمەنەش دەچێتە خانەی قۆناغی هەستی نەتەوایەتیەوە، چونكە بەشێوەیەكی ئاشكرا و لەسەر دەمی كەسایەتی( فەقێ قادر)ەوە، خۆشەویستی خاك و نیشتمانی دەربڕیوە، بەوەی كە هەموو زەریا و دەریاكانی دونیایی بە قوربانی كانیاوێكی كوردستان كردووە، ئەمەش ئەوە دەردەخات كە هزری نەتەوایەتی لای كورد پایەكی بڵندی هەبووە، رۆڵەكانی میللەتی كورد خاك و وڵات و رووبار و كانیاوی كوردستانیان خۆشویستوە.

لە دیمەنێكی دیكەشدا لە ڕێگەی گفتوگۆی نێوان كەسایەتییەكانی وەكو( مەحمود، هەمووان، سوارە، جوامێر) دا، خۆشەویستی خاك و نیشتمانیان دەربڕیوە، بەم شێوەیە:

(( مەحمود: كورینە راوەستن دەست لەسەر دڵتان نێن ئەوە نیشانەی گەیشتنە سەر ڕێگای نیشتمانە كورینە بۆنی خاك دەكەم.

هەمووان: بۆنی خاك بۆنی سمێل و گوڵاوە بۆنی رەشە ڕیحانەی گوێسوانەی ماڵی چاو كەژاڵانە بۆنی پونگەی گوێ چەمەكەی خوار ماڵانە.

سوارە: ئەوە گوڵەیە.

جوامێر: چۆن ؟

سوارە: ئەی چاوتان لەو چیایانە نی یە سەریان بەسەری خۆرەوە ناوە و تكای دیاری یەزدانیانە.

مەحمود: ووڵاتی ئێمە پرە لە لالە و نێرگز و بەیبوون.

سواره: ئەوە كانی یەكەی ژوور ئاوایی چاوی قرژالی لە چاوا لیڵە تێر ئاو بخۆنەوە)) (سالار، ١٩٩٩، ل٥٧) ئەم دیـمەنەش دەچێـتە خـانەی قۆنـاغی هەسـتی نەتەوایەتیـیەوە، چـونكە شـانۆنامەنووس لەم دیمەنەدا باسـی خۆشەویسـتی نیشـتمان دەكـات، لە ڕێگەی كەسـایەتی (هەمـووان)ەوە كە دەڵێـت: لە ڕێـی بـۆنی سـمێل و گـوڵاو و ڕەشـەریحانەوە بـۆنی خـاک و نیشتمان دەكات، خوشەویستی خاک و نیشتمانمان بۆ دەردەبڕێت.

یەكێكـی دیـكە لە شـانۆنامەكان بـریتییە لە شـانۆنامەی( ئـاهەنگێ لە هەواری یارانـدا)، كە لە یەكێک لە دیمەنەكانیدا و لە ڕێگەی كەسایەتی (گێرەرەوە) دا، باسـی كۆچی دوایـی یەكێک لە ناودار و ناسراوەكانی میللەتی كورد دەكات، دەڵێت:

(( گێرەرەوە: ڕۆژی( ١٩٥٠/٦/١٩) پیری ڕۆژنامە و پیری ئەدەب، بۆ دواجـار چـاوی لێـک نـا، گەرەک خرۆشـا و كـوڕ و كـاڵ و جـوان مێـردان و كیـژ و ئافرەتـانی شـار روویـان لە قەلەندەرخانەكەی قەلەندەری خەمی كورد كرد.

( تەرم بەسەر شانەوەیە بە رێ دەكرێ)

گێرەرەوە: تەرمی پیرۆزی بەسەر شانی كوڕانی شارەوەیە، عاشقانی ڕێگەی سـەرفرازییەوە. دوا هەوار گردی یارەیە.)) ( سالار، ١٩٩٩، ل٢٢٢) ئەم دیمەنە دەچێتە خانەی قۆناغی هەستی نەتەوایەتـیەوە، چـونكە شـانۆنامەنووس باسـی مردنـی شـاعیرێكی بەناوبانـگ و گەورەی نەتەوەكەمـان دەكـات، ئەویـش( پیرەمێـرد) ی شـاعیرە، كە یەكێـک بـووە لەو شـاعیرانەی كە هەموو تەمەنی خۆی بۆ بڵاوكردنەوەی هزری نەتەوایەتـی و پەیـامی نەتەوایەتی نەتەوەكەی تەرخان كرد.

لە دیمەنێكی دیكەی هەمان شانۆنامەدا باسی ئاڵای كوردستان دەكات، هەروەكو دەڵێت:

(( چیم كردووە ئێستە لە كوێمە

میللەت لەمەودوا ئومێدی پێمە

سەیركە بەهارم لێ بێ ئینشاڵڵا

لە كوردستاندا بكەم بە هەڵڵا

بەیداغی كوردی بلەرێنمەوە

ئێرسـی ڕۆیوەكـان بگەرێـنمەوە)) ( سـالار، ١٩٩٩، ل ٢٢٥) ئەم دیـمەنەش دەچێـتە خـانەی قۆناغی هەستی نەتەوایەتیەوە. چونكە شانۆنامەنووس لە ڕێگەی ئەم دیمەنەوە باسـی یەكێک لە ڕەمز و نیشانەكانی میللەتی كورد دەكات، ئەویش ئاڵا و پەیداغی كوردستانە.

لە دیمەنێکی دیکەی هەمان شانۆنامەدا لە ڕێگەی گفتوگۆی کەسایەتییەکانی( دەرهێنەر، شێخ سەعید)دا، باسی خۆشەویستی خاک و نیشتمان دەکات، بەم شێوەیە:

(( دەرهێنەر: دەست خۆش ئەوسا دانەوییەوە مستێ خۆڵی هەڵگرت و ماچی کرد.

شێخ سەعید: ئێمە لە پێناو تۆدا دەرۆین، خوا ئاگادارە کە پێی گڵاوی زۆرداران و بێگانەت لێ ببرین.)) ( سالار، ١٩٩٩، ل ٢٢٦). ئەم دیمەنە دەچێتە خانەی قۆناغی هەستی نەتەوایەتیەوە، چونکە بە تەنیا باسی خۆشەویستی خاک و نیشتمان دەکات نەوەک شتی دیکە. لەم دیمەنەدا پیرۆزی خاکمان بۆ بەدیار دەکەوێت کە یەکێکە لە بنەما گرنگەکانی نەتەوە.

لە دیمەنێکی دیکەی هەمان شانۆنامەدا ناوی کوردستانی هێناوە، لە ڕێگەی کەسایەتی (میقداد) دا، هەروەکو دەڵێت:

(( مقیداد: بەڵێ( کوردستان) و بەڵێ هەر( کوردستان)

ئایا لەو وشەیە نازدارتر و جوانتر و ئازیزتر هەیە ؟

بێگومان نییە و نابێ)) ( سالار، ١٩٩٩، ل ٢٣٠) ئەم دیمەنەش دەچێتە خانە قۆناغی هەستی نەتەوایەتیەوە، چونکە لە ڕێگەی کەسایەتی( میقداد)ەوە، ناوی پیرۆزی کوردستانی هێناوە، واتە هیچ ناوێکی خۆشتر و جوانتر و ئازیزتر بوونی نییە و ناشبێت، ئەمەش دەربڕینی هەستی نەتەوایەتی بووە لەم دیمەنەدا.

یەکێکی دیکە لە شانۆنامەکان بریتییە لە شانۆنامەی( باخ)، شانۆنامەنووس لە یەکێک لە دیمەنەکاندا، بە شێوەیەکی ڕەمز باسی ڕۆژانی رابردوو دەکات، چۆن کوردستان وەکو بەهەشتێک وابووە، پڕ بووە لە باخی پڕ دار و گوڵ و گوڵزار، ئەمەش لە گفتوگۆی نێوان کەسایەتییەکانی وەکو( قوتابی ١، قوتابی ٢، مامۆستا) بەدیار دەکەوێت، بەم شێوەیە:

(( قوتابی( ١): بەڵام مامۆستا ئەم شوێنە بە چیا بۆتە سەیرانگە ؟ کامە درەخت ؟ کامە گوڵ و گوڵزار ؟ کوا کانی و جۆگە و ڕووبار ؟ ئەڵێی چۆڵی قوڵفەیە....

مامۆستا: کوڕم کاتێ بوو، خۆی بەهەشتی ئیرەم بوو، هەزار دڵ حەیرانی ئەبوو، جێژوانی دڵخوازان بوو.... بەڵام.... بەڵام......

قوتابی( ٢): ئێ ئەو وەختە سەیرانگە بوو... بەڵام ئێستا.... ئەو باخە باخە ئێستاکە باخە..)) (سالار، ٢٠٠٨، ل١٦) ئەم دیمەنە دەچێتە خانەی قۆناغی هەستی نەتەوایەتیەوە، چونکە شانۆنامەنووس لەم دیمەنەدا بە شێوەی ڕەمز باسی کوردستان دەکات، چۆن لە رابردوودا کوردستان وەکو بەهەشتێک وابووە، پڕ بووە لە درەخت و گوڵ و و گوڵزار و جۆگە و کانی و ڕووبار. واتە شوێنێکی خۆش و دڵرفێن بووە.

شانۆنامەی( لە ژێر تارای سورمەچنەدا)ش کۆتا شانۆنامەی شانۆنامەنووسە، لە یەکێک لە دیمەنەکانیدا و لە ڕێگەی کەسایەتی( پیرەمێردە)ەوە، هەستی نەتەوایەتی تێدا بەرجەستەبووە، هەروەکو دەڵێت:

(( پیرەمێرد: بەیانی دا، شار جمەی دێ، لە چرپە دەرچوو، کەوتە سەر زار، هەنگوینی زاری کور و کاڵ و جەحێڵان بوو، باس باسی شار بوو... زەنگی قوتابخانەکان لێی دا، سرودی ساتێ ئاڵا هەڵکردنی گۆرەپانی قوتابخانە بوو)) ( سالار، ١٩٩٩، ل٢٠٧). ئەم دیمەنەش دەچێتە خانەی قۆناغی هەستی نەتەوایەتیەوە، چونکە ئاڵا وەکو ڕەمز و نیشانەیەکی گەورەیە بۆ هەموو میللەتێک، لەم دیمەنەشدا باسی هەڵکردنی ئاڵا دەکات، ئەمەش خۆی لە خۆیدا دەرخستنی هەستی نەتەوایەتی کوردیە لە لایەن شانۆنامەنووسەوە.

## ٢.٣- تایبەتمەندییەکانی پەیامی نەتەوایەتی لە قۆناغی وشیاریی نەتەوایەتیدا:

شانۆنامەی( نالی و خەونێکی ئەرخەوانی) یەکێکە لەو شانۆنامەنانەی کە بەشێکی زۆری دیمەنەکانی دەچێتە خانەی قۆناغی وشیاری نەتەوایەتیدا، لە یەکێک لە دیمەنەکانیدا، شانۆنامەنووس بەشێوەیەکی رەمز و لەسەر شێوەی دەنگی باو و بۆران، لە رێگەی گفتوگۆی نێوان کەسایەتییەکانی وەکو (دەنگی ١، دەنگی ٢، دەنگی ٣، دەنگەکان) دا، باسی ستەم و زۆرداری و نارەحەتیەکانی رژێمی پێشووی کردووە، بەم شێوەیە:

(( دەنگی ١: چ تۆف و باو و بۆرانێکە، چ ویشوو مەیەکە نابڕێتەوە، ئای ئەمە ئەو بەڵا رەشەیە کە باپیران باسیان کردووە.

دەنگی ٢: داخۆ کەی رۆژ بێتەوە.

دەنگی ٣: تەنانەت کەڵەشێری کەڵەشێر ئاساش خوێندنی لە بیر چۆتەوە !

دەنگی ١: شەوێکە لە شەو هەرە تووشەکان.

دەنگی ٢: ئا ئەمەیە ئەو خاکە سارییە یەیە کە پێ دەڵێن وادەی جەجاڵ هەستان

دەنگی ٣: ئایی بۆ حالی ئافرەتە ژان گرتووە بەستەزمانەکە کەی ئەو منالە لە دایک دەبێ کەی ئەو دایکە کلۆلە سەرفراز دەبێ ؟

دەنگی١ : کەی رزگاری دەبێ ؟ ژان مەرگێکی سەختی دڵرەقی هەمیشەیی یە، ژان زۆری خایاند، ژان خەیکە رۆژگار هەڵدەلوشێ و گینگڵی پێوە دەدات.

دەنگی ٢: هەناسەی سوار بووە و کەوتە دڵەراوکێ، کەوتە ژمارە چ ژان و ژیانێکە.

دەنگەکان: کەی سەرفراز دەبێ ؟ کەی گەزەنگی رۆژبونەوە چاوانی دەرێژێ ؟ ئای لەم شەو و دەپ و لێیان شەوگارە بەڵام شەو قەڵای مێردە)) ( سالار، ١٩٩٩، ل١٦). ئەم دیمەنە دەچێتە خانەی قۆناغی وشیاری نەتەوایەتیەوە، چونکە شانۆنامەنووس لەم دیمەنەیدا هەوڵی داوە، بە شێوەیەکی رەمز ئێش و ئازارەکانی میللەتی کورد بخاتەروو، ئەمەش بە بەکارهێنانی چەندین دەستەواژەی وەکو:( تۆف و باو بۆران) کە ئاماژەیە بۆ بارودۆخی کارەساتباری پرۆسەی ئەنفال و( رۆژ) یش کە هێمای ئازادی و رزگاربوونە و( کەڵەشێر) یش کە ئاماژەیەکی خوازەییە بۆ مەلای مزگەوت و( شەو) کە هێمای چەوسانەوە و بندەستییە و (جەجاڵ) کە ئاماژەیە بۆ سەرکردەی رژێمەکە و سوپا ئەنفالچییەکەی و (ئافرەتی ژانگرتوو)ش هێمای گەل و شۆڕشەکەیەتی و( سەرفرازی) ش دوا ئامانجی هەموو ئەو نەهامەتییانەیە.

لە دیمەنێکی دیکەی هەمان شانۆنامەدا، لە رێگەی گفتوگۆی نێوان کەسایەتییەکانی وەکو (جارچی، کۆرس) دا، باس لە سەردەمی حوکمڕانی میرەکانی یەکێک لە میرنشینەکانی کورد دەکات، بەم شێوەیە:

(( جارچی: خەڵکەکە کۆبن.. لەشکر کۆبێ، گێژەلوکەی شملّی شەڕ هات. دوژمنی خوانەناس هات. رۆمیەکان

هاتن. رۆژێکە و ئەمرۆ  ( دەنگی ئەسپ و دەنگی کەرەنا)

کۆرس: لەبیرم دێ سلێمانی کە دار المولکی بابان بوو

نە مەحکوومی عەجەم نە سوخرەکێش ئالی عوسان بوو)) ( سالار، ١٩٩٩، ل١٧). ئەم دیمەنەش دەچێتە خانەی قۆناغی وشیاری نەتەوایەتیەوە، چونکە شانۆنامەنووس دەگەرێتەوە بۆ سالآنی رابردوو، لەوکاتەی کە شاری سلێمانی سەربەخۆ بووە و لە ژێر دەست و چەپۆکی داگیرکەراندا نەبووە، مەبەستی پێی میرنیشینی بابانە کاتێک حومکی سلێمانی و دەوروبەری دەکرد، میرنیشینی بابان خاوەن کیانێکی سەربەخۆ بووە و لە ژێر حوکمی داگیرکەراندا نەبووە، هەر دیمەنەدا باسی هێرش و پەلامارەکانی دوژمن و داگیرکەرانی میللەتی کورد دەکات بۆ سەر کوردستان.

لە دیمەنێکی دیکەشدا لە رێگەی کەسایەتییەکانی وەکو( گێرەرەوە، پیرەمێرد) دا، باسی یەکێک لە شاعیرەکانی کلاسیکی کوردیمان بۆ دەکات، چۆن کوردستانی بە خەڵکەکەیەوە ویستووە، هەروەکو لەم دیمەنەدا دەردەکەوێت:

(( گێرەرەوە: تقریبەن سەد و چل و پێنج ساڵ لەمەو پێش رۆژێکی رەنگ زەردی پایز کە شینایی ئاسمان غوبارێکی کەسیف داپۆشیبوو. لەو دەمە دەمی بەیاندا پیرێکی سەرو ریش سپی ئیفتادە و مێزەر بەسەر بە مات و مەلوولی لە پشت شەسپێکی بە کورتانەوە روو بە (وەیس) لە سلێمانی دەرچوو.

پیرەمێرد: ئەو کوردستانی بە کوردەوە ئەویست، چاوی بینینی نیزەی( حەیتە) و( قەرەبینا) ی رۆمەکان نەبوو بە غوربەت سەری نایەوە.

گێرەرەوە: لە لای دەشتی( وەیس) بەکۆلی گریانەوە خوا حافیزی لێ کردن.)) ( سالار، ١٩٩٩، ل ١٩). ئەم دیمەنەش دەچێتە خانەی وشیاری نەتەوایەتیەوە، چونکە باسی نالی شاعیرمان بۆ دەکات، چۆن کوردستانی بە کوردەوە ویستووە، خەمبار و نیگەران بووە بە هێرش و پەلاماری داگیرکەران و توانای بینینی کوردستان و خەڵکەکەی نەبووە، کە لە ژێر دەست و دەسەڵاتی داگیرکەراندا بێت.

لە دیمەنێکی دیکەی هەمان شانۆنامەدا لە رێگەی گفتوگۆی نێوان کەسایەتییەکانی وەکو (دەنگی ١، دەنگی ٢، دەنگەکان، جارچی) دا، باسی دوژمن و داگیرکەرانی کوردستان دەکات، بەم شێوەیە:

(( دەنگی ١: ئەم تورکە غەدارە واز ناهێنێ

دەنگی ٢: خوا ئەوانە بگرێ کە هێنانی بۆ ئەم ناوە.

وای لە دەست زۆر و زۆرداریان.

دەنگەکان: چەرخ چەوت دەروا و دەمان هارێ و دەمان شێلی بۆ چەند جارێک ئەم دیالۆژە ئەوترێتەوە و لەلایەن ئەکتەرەکانەوە دەنگی هاوار هاوار و دەهۆل دەبیسترێ و جارچی دەردەکەوێ.

جارچی: فەرمان.. فەرمان ئەستانە فەرمان میرنشینی بابان یۆخ عەبدوڵڵای پاشا بە قایمقامی سولێمانی دانرا.)) ( سالار، ١٩٩٩، ل٢٠). ئەم دیمەنەش دەچێتە خانەی قۆناغی وشیاری نەتەوایەتیەوە، چونکە باسی هێرش و پەلاماری بەردەوامی تورکە داگیرکەرەکان دەکات بۆ سەر کوردستان، هەروەها لەسەر دەمی کەسایەتی( دەنگی ٢) دا، باسی ئەو کەسانەش دەکات کە بونەتە چاوساغ و رێنیشاندەری دوژمن و داگیرکەرانی کوردستان. هەروەها ئاماژە بە دانانی( عەبدوڵلا پاشا) دەکات، بە قایمقامی سلێمانی لە سەردەمی میرنشینی بابانەکاندا.

لە دیمەنێکی دیکەشدا لە رێگەی کەسایەتی( کۆرس) ەوە، باسی ئێش و ئازارەکانی میللەتی کوردی دەکات، هەروەکو دەڵێت:

(( کۆرس: شار خامۆشە...... شار رەشپۆشە و بەرگی خەمناکی پۆشیوە مەرگ یاسا و یاساوڵە... ئاسمانی ژینی تەنیوە رەشە بایەکی بەڵایە و گشت دەرگایە والا دەکات)) ( سالار، ١٩٩٩، ل٢٠). ئەم دیمەنەش دەچێتە خانەی قۆناغی وشیاری نەتەوایەتیەوە، چونکە شانۆنامەنووس بەشێوەیەکی رەمز و زمانی ناراستەوخۆ وەسفی شاری سلێمانی دەکات، کە لە رابردوودا چۆن خەڵکەکەی لە ژێر ئەشکەنجە و ئێش و ئازارێکی زۆردابوون. شانۆنامەنووس لەم دیمەنەیدا دوژمنانی کوردی بە ڕەشەبا چواندووە، کە چۆن دەچێتە بەر دەرگای هەموو ماڵەکانی ئەم شارە، خەڵکەکەی تووشی ئێش و ئازار و نارەحەتی دەکات. هەروەها شانۆنامەنووس لە رێگای بەکارهێنانی دەستەواژەی( شار خامۆشە، شار ڕەشپۆشە)، ئاماژە بە شالاوی ئەنفال دەکات، چۆن لەو کاتەدا شاری سلێمانی بە هۆی بردنی خەڵکی بێتاوانی میللەتی کورد بۆ بیابانەکانی باشور، شاری سلێمانی ڕەش پۆش و خامۆش بووە.

لە دیمەنێکی دیکەی هەمان شانۆنامەدا لە ڕێگەی گفتوگۆی نێوان کەسایەتییەکانی وەکو (کۆرس، یەکەم، دووەم، سێیەم) دا، بەم شێوەیە باسی داگیرکەران دەکات، دەڵێت:

(( کۆرس: وا دوژمنە چاوچنۆکەکان چاوی چلکنی تەماکارییان لە دەستگیرانەکەی بریوە.

یەکەم: مەمکیان بری.

دووەم: پرچیان بری.

سێیەم: میلیان بە چاوانی داهێنا.)) ( سالار، ١٩٩٩، ل٢٢) ئەم دیمەنەش دەچێتە خانەی قۆناغی وشیاری نەتەوایەتیەوە، چونکە شانۆنامەنووس وێنایی داگیرکەرانمان بۆ دەکات، چۆن دەیانەوێت و ویستویانە خاک و ولاتمان لێ داگیربکەن و میللەتی کورد بخەنە ژێر دەستی خۆیان. شانۆنامەنووس لەم دیمەنەشدا زمانێکی رەمزی بەکارهێناوە، بەشێوەیەک کە لە جیاتی ناوهێنانی میللەتی کورد، نالی و دەستگیرانەکەی بەکارهێناوە، لەو رێگایەوە ئێش و ئازار و نەهامەتیەکانی میللەتی کورد دەربڕیوە.

لە دیمەنێکی دیکەشدا لە ڕێگەی گفتوگۆی نێوان کەسایەتییەکانی وەکو( قوتابیان، قوتابیەک) دا، باسی شالاوی ئەنفالمان بۆ دەکات، بەم شێوەیە:

(( قوتابیان: کەواتە دەچینە قەراغ و زەرباوا بۆ ئاوایی مالی ئاوا.

قوتابیەک: پایزە و وەختانە کات دەمە دەمی زەردە پەرە رەنگی گەلای زەردو ژەنگ گرتوو بۆتە جیهانێکی ئالتوونی ی..

قوتابیەک: بۆچی پایز ؟! بۆ بەهار نەبی ؟

قوتابیەک: ئەوە گلەیی ناوێ لای شاعیران پایز رەنگ و تام و بۆیەکی خەمناکانەی شیرینی هەیە)) ( سالار، ١٩٩٩، ل٢٧) ئەم دیمەنەش دەچێتە خانەی وشیاری نەتەوایەتیەوە، چونکە شانۆنامەنووس بە شێوەیەکی رەمز لە رێگەی بەکارهێنانی وشەی پایزەوە باسی شالاوی ئەنفالمان بۆ دەکات، بەو واتایەی کە وەرز پایز وەرزی هەڵورینی گەلای دارەکانە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ کوشتن و زیندە بە چالکردنی و ئەنفالکردنی خەلکی بێ تاوانی کوردستان.

لە دیمەنێکی دیکەی هەمان شانۆنامەشدا باسی شالاوی ئەنفال دەکات، لە رێگەی گفتوگۆی نێوان کەسایەتییەکانی وەکو( دەنگی ١، دەنگی ٢، دەنگی ٣، گێرەرەوە) دا، بەم شێوەیە:

(( دەنگی ١: ژان ژان ژان .

دەنگی ٢: خەڵک و خوا فریای ئەو ئافرەتە بکەون وا گیانی دەرچوو.

دەنگی ٣ کورە غیرەتتان بێ و کورە نامەردی مەکەن.

دەنگەکان: شەو نارەوێتەوە.. رۆژ نابێتەوە.

دەنگی ١: هەر کە رۆژ بێتەوە ئیتر سەرفراز دەبێ.

دەنگی ٢: لە دایک بوون و رۆژبونەوەی پێکەون.

دەنگەکان: وا دەچین بانگ ئەدەین( سێ جار دووبارە دەکرێتەوە).

گێرەرەوە: شاری سلێمانی شەوان دوو وێنەی دەبەخشی یەکەمیان کۆلۆانەیەکی سوور مەچنی ئالْو والآلی کچۆلەیەکی جرین دەچوو کچۆلەیەکی کە لە لەوانەی بەیانەوە، گەرمەیی گەرمەی هەلپەرین بێ هێندە جۆشی سەندبێ، قریوە قریوەی سەد گەرەک بڕوا ئارەزووی دەست گرتنی بە گیانی ئێسک و پروسک رزیوانی هەدەم ساڵ لەمەبەر پێش بدات. دووەم وینەی خاکساریی و کش و ماتی ی و بێ دەنگی. بێ دەنگێیەک تێکەڵ بە دووکەلێکی خۆلەمێشیی. پاش سووتانێکی ووشک و تەڕ پێکەوە... بۆنی خوێن و باروت... یان گوێژە و گڵە غەڵبێکی زۆر کە لە ناو بادەمێکی قەرەبالغ بچێت)) ( سالار، ١٩٩٩، ل٣٢). ئەم دیمەنەش دەچێتە خانەی قۆناغی وشیاری نەتەوایەتیەوە، چونکە بەشێوەیەکی ناراستەوخۆ باسی پرۆسەی ئەنفال دەکات، ئەمەش زیاتر لە ڕێگەی ئەو رووداوانەی کە شانۆنامەنووس بە چاوی خۆی بینیویەتی و پێی کاریگەر بووە، شانۆنامەنووس بەشێوەیەکی رەمز و ناراستەوخۆ باسی ئافرەتێکی دووگیان دەکات کاتێک ژان دەیگرێت، کە مەبەستی راستەقینەی شانۆنامەنووس لە ئافرەتە ژانگرتووەکە( کوردستانە)، کە چۆن لە ژێر دەستی دوژمن و داگیرکەراندا بە هەموو شێوەیەک تووشی ئازار و ستەم و نارەحەتی بۆتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا رۆژێ دادێ کە میللەتی کورد رزگاری ببێت. هەروەها لە ڕێگەی وێناکردن و پیشاندانی شاری سلێمانی بە دوو وێنە و شێوە، یەکەمیان جوانی و ڕازاوەی شاری سلێمانی، ئەوی دیکەش بە شێوەی رەمز و ناراستەوخۆ باسی شاری سلێمانی دەکات، لە سەردەمی بەرێوەچوونی شالآوی ئەنفالدا.

لە دیمەنێکی دیکەی هەمان شانۆنامەدا لە ڕێگەی کەسایەتی( پیرەمێر)ەوە، باسی رووخانی میرنشینی بابان دەکات، بەم شێوەیە:

(( پیرەمێرد: کوڕ و کچە شیرینەکانم، ئەدەب ئاوێنەی واقعە ڕەنگە خەوش و چەوتیی لەلای مێژوونوسان بووبێ. بۆیە دەلێم... بەرهەمە ئەدەبییەکان سەرچاوەن بۆ نموونە چامەی (شەری عزیز بەگ) یان ئەو شیعرەی( کوردی) کە لە ژێر درێ.

صاعقە و بەرقی نحوسەت ظولمەتی دا شەرق و غەرب

بەردەبارانە بە مخصوصی لەسەر مولْکی بەبان

چاوی عیبرەت هەڵبڕە ئەی دڵ لە وەسفی دەهری دوون

سەیرکە سا فەلەک چی کرد بە زومرەی کورد زمان)) ( سالار، ١٩٩٩، ل٣٣ ــ ٣٤). ئەم دیمەنەش دەچێتە خانەی قۆناغی وشیاری نەتەوایەتیەوە، چونکە لە رێگەی شیعرێکی کوردی شاعیردا، بەشێوەیەکی کرداری باسی لەناوچوون و لەناوبردنی میرنشینی بابانی کردووە.

هەروەها ئاماژە بە( عەزیز بەگی بابان) دەکات، چۆن بەرەنگاری دوژمن و داگیرکەراندا بۆتەوە و بەرگری لە خەڵک و میرنشینەکەی کردووە.

لە دیمەنێکی دیکەی ئەم شانۆنامەیەدا باسی دیاردەی رق لێبونەوە و حەسودی لە شاعیر و ناودارانی کورد دەکات، لە ڕێگەی گفتوگۆی نێوان کەسایەتییەکانی وەکو( مامۆستا، قوتابیەک) دا، هاتووە:

(( قوتابیەک: مامۆستا، ئایا وەک ئەمرۆ درکە هونەر لە ناو کۆری هونەرمەندان دا هەبووە... بلێی رقیان لەو مەزنە مرۆڤە بووبێ ؟

مامۆستا:( پێ دەکەنێ) شتێکی زۆر ئاساییە هەر کاتێ هونەرمەندێکی مەزن پەیدابوبێ ئەوە لە لایەن کورتە بالآیانی هونەرەوە دژایەتی کراوە... ئیتر ئەو لاوازانە کۆبوون و خۆیان بەلایەک هەڵواسیوە ئەمانە لە گشت سەردەمێکا بە پاژنە پێی لێهاتوویەک ناگەن.

نالی:( لە جگەر گۆشەی شیعرم مەدە معنایی خراپ

بێ خەطا کەس نییە راضی کە ئەولادی درێ)) ( سالار، ١٩٩٩، ل٣٤). ئەم دیمەنەش دەچێتە خانەی قۆناغی وشیاری نەتەوایەتیەوە، چونکە شانۆنامەنووس بە ئاشکرایی باسی هەندێ دیاردەی خراپ و ناحەزی ناو کۆمەڵگە دەکات. ئاشکرایە لەو سەردەمە دیارەدەی رقلێبوونەوە و حەسودی زۆربووە، بۆیە نالی روودەکاتە کۆمەڵگەکەی کە دەڵێت هیچ کەس ڕەخنە و قسەی خراپ لە شیعرەکانی نەدات، چونکە نالی شیعرەکانی وەکو منداڵی خۆی وێنا کردووە.

یەکێکی دیکە لە شانۆنامەکانی( ئەحمەد سالار)، بریتییە لە شانۆنامەی( کۆتەڵەکەی ئەحمەد موختار جاف)، لە زستانی ساڵی( ٢٠٠١) دا نوسراوە، هەر لەو ساڵەشدا لە ژمارە( ٩)ی گۆڤاری سینەما و شانۆ بڵاوکراوەتەوە، لە دوو کات و شوێنی جیاوازدا نمایش کراوە (یەکەمجار لە( ١٢ – ١٣ – ١٤ / ٦ / ٢٠٠١)دا لەسەر شانۆی گەل لە هەولێر نمایش کراوە. دووەمجاریش لە( ٩ – ١٠ / ٧ / ٢٠٠١) لەسەر شانۆی رۆشنبیری لە سلێمانی نمایش کراوە. هونەرمەند( ئەرسەلان دەروێش) کاری دەرهێنانی بۆ ئەم شانۆنامەیە کردووە.) (سالار، ٢٠٠٤، ل٦٣)

هۆکاری نووسینی ئەم شانۆنامەیە خۆی لە سێ خاڵی سەرەکی دەبینێتەوە، هۆکاری یەکەم بریتی بووە لە کاریگەری زۆری ئەحمەد موختار جافی شاعیر بەسەر ئەحمەد سالاری شانۆنامەنووسدا، هەروەها سەرسام بوونی زۆری شانۆنامەنووس بە شاعیر. هۆکارێکی دیکە بریتییە لەوەی کە ئەحمەد سالار شارەزایی تەواوی ژیان و بەرهەمەکانی شاعیر بووە، بە تایبەتی( مەسەلەی ویژدانی) شاعیر. هۆکارێکی دیکەش ئەوە بووە کە هەر لە مناڵیەوە

شـانۆنامەنووس لە ڕێگەی( عەلـی بـاپیر اغـا) ی شـاعیرەوە کە نازنـاوی( کەمـالی) ی بـووە، ئاشنا و کاریگەر بووە بە شاعیر، هەروەکو لە چاوپێکەوتنێکدا، ئەحمەد سالار دەڵێت: (( کاتێ خۆی ئێمە قوتابی ناوەندی بووین، حەزمان لە شیعر بوو ئەهاتینە باغی گشتی،( کەمالی) ی شاعیریش لەوێ بوو کە کوێر بوو و دوا شاعیری کلاسیکی کوردی بووە، شاعیرێکی زۆر گەورەیە. ئێمەش گوێمان لێ دەگرت. کەمالی دەیگێرایەوە کە کاتب بووە لە ماڵی وەسمان پاشای جاف دا، ماڵی ئەوان گەورەی جافەکانی هەموو دونیا بوون، لەوێ ئەم بەسەرهاتە گووتی سێ شەوی خایاندووە. هەروەها شاعیر تەفاصیلی شاعیری دەربارەی ئەحمەد موختار زۆر چاک دەزانی، گووتی کە شەهیدکرا کەس لە هەڵەبجە نەنوست، خەڵکی زۆری هەڵەبجەش بە شەو و ڕۆژ بەژداری ئەم کۆتەڵەیان کردووە، منیش خۆم ئەمەم لە زەینا بوو، کە دەستم دایێ.(( ( سالار، ٢٠٢١/٦/٨، چاوپێکەوتن).

ناونیشانی ئەم شانۆنامەیە خۆی لە دوو بەش دەبینێتەوە، بەشی یەکەم لە( کۆتەڵ) پێک دێت. ئاشکرایە زاراوەی کۆتەڵ کۆمەڵێک مانا لە خۆڵگرتووە، لەوانە(( لە ڕاستیدا( کۆتەڵ) لە زمانی کوردیدا واتایی زۆرە. بە دارستانێکی چڕوپڕ دەوترێ( کۆتەڵ) بە تایبەتی ئەگەر دارستانەکە دار مازوو دار بەروو بوو. ڕەنگە ناوچەی( کۆتەڵ)ی لای دوکانیش هەر لەوێوە هاتبێت، کاتی خۆی دار بەرووی زۆر بوو بەهاران خەڵک بۆ سەیران و گەشت دەچوونە ئەوێ. هەروەها بە پارچە بنکەداریش دەوترێ( کۆتەڵ) ـ کۆتەڵەخەڵوز... کۆتەڵەدار ـ)) ( سالار، ١٩٩٩، ل١٩١). بەڵام ئاشکرایە بەکارهێنانی ئەم وشەیە لەم شانۆنامەیەدا ئەم واتایانەی سەرەوە ناگەیەنێت، بەڵکو مەبەست لە وشەی کۆتەڵ ئەو جۆرە شین و ڕۆرۆیەیە کە بۆ کەسێک دەکرێت کە کۆچ دوایی کردبێت، بە تایبەت ئەگەر مردووەکە بەناوبانگ و ناودار بێت. واتە جۆرێکە لە جۆرەکانی شیوەن کە بۆ گەورە پیاوان و ناودارانی عەشیرەت و نەتەوە دەکرێت، کە بریتییە لە(( یەکێ سەرداری قەوەمەکیان کوژرا بێ هاتوون کۆتەڵیان بۆکردووە، کۆتەڵ وەکو عاشورای شیعەکان وایە، واتە دووبارە زیندووکردنەوە)) ( سالار، ٢٠٢١/٦/٨، چاوپێکەوتن).

بەشی دووەمی ناونیشانی شانۆنامەکە بریتییە لە ئەحمەد موختار جافی شاعیر، کە یەکێک بووە لەو شاعیرانەی کە لە شیعرەکانیدا هزری نەتەوایەتی و پەیامە نەتەوایەتیەکان بە تەواوی ڕەنگی داوەتەوە.( ئەحمەد موختار کوری وەسمان پاشای گەورەی جافە، کە لە ساڵی ١٨٩٧ لە دایک بووە، لە ٦ شوباتی ١٩٣٥ دا لەسەر چۆمی سیرواندا کوژراوە)( جاف، ٢٠١٦، ل٤-١٠).

ناوەرۆکی ئەم شانۆنامەیە بە شێوەیەکی  روون باسی هۆکاری کوشتنی ئەحمەد موختار جاف دەکات، لەگەڵ ئەوەشدا زیندووکردنەوە و باسکردنی گرنگترین ئەو پەیام و هزرە

نەتەوایەتیانەی کە لە ناو شیعرەکانی شاعیر رەنگی داوەتەوە. بۆ نموونە باس کوردستانی گەورە، باسی گرنگی دان بە خوێندن و زانست دەکات، باسی یەکگرتن دەکات. بەشێکی زۆری دیمەنەکانی ئەم شانۆنامەیە دەچێتە خانەی قۆناغی وشیاری نەتەوایەتیەوە، بەم شێوەیە:

لە یەکێک لە دیمەنەکانی ئەم شانۆنامەیەدا، باسی کوژرانی ئەحمەد موختار جافی شاعیر دەکات، ئەمەش لە ڕێگەی گفتوگۆی نێوان کەسایەتییەکانی وەکو( کۆتەڵ ساز، هەمووان، دەنگ)ەوە دەردەکەوێت، هەروەکو دەڵێت:

(( کۆتەڵ ساز: خۆش هاتن بان دیدە هاتن دیمانەتان بەخێر. ئێمە ئەندامانی تیپی کۆتەڵ ساز ئەمانەویٚ کۆتەڵ بۆ ئازیزیٚ ساز کەین، کە ساڵی( ١٩٣٥) لە هەڕەتی گەنجییا لە کەناری ڕووباری سیروان و لە داوێنی کەژی نەوەڕدا شەهید کرا. بەڵی شاعیری نیشتمانپەروەر و ئاواز زرنگ ئەحمەد موختار جاف، ئەبیٚ بپرسن بۆچی ئەمرۆ کۆتەڵی بۆ ساز ئەکەن ؟ ئێمەش دەستەی کۆتەڵ سازان ئەمانەویٚ وەرامێکی دروستی ئەو پرسیارە ڕەوایەتان بدەینەوە دەسا فەرموون کۆتەڵە.

هەمووان: وای وای وەی وەی واوەیلا..

دەنگ: هەی رۆ، هەی رۆ، کوژرا کوژرا..)) ( سالار، ٢٠٠٤، ل٦٥) ئەم دیمەنە دەچێتە خانەی قۆناغی وشیاری نەتەوایەتیەوە، چونکە شانۆنامەنوس دەیەوێت لە ریگای تیپی کۆتەڵ سازی شانۆییەوە، باسی کوژرانی شاعیر و هۆکاری راستەقینەی کوژرانی ئەو شاعیرەمان بۆ روون بکاتەوە. شانۆنامەنووس لە ڕێگەی ئەم دیمەنەوە دەیەوێت پێمان بڵێت کە هەمیشە دوژمنانی میللەتی کورد چاویان لەسەر شاعیر و ناودار و سەرکردە دیارەکانی کوردی هەڵنەگرتووە، هەمیشە لە پیلان دابوون بۆ دەستەمۆ کردن و کوشتنی ئەو جۆرە کەسانە.

لە دیمەنێکی دیکەی هەمان شانۆنامەدا شانۆنامەنووس لە ریگەی کەسایەتی( ئەحمەد موختار جاف) ەوە، باسی کۆمەڵە کەسانێکمان بۆ دەکات، لە پێناو سەروەت و سامان و پلە و پایەدا خاک و خەڵک و میللەتی خۆیان فرۆشتووە بە دوژمنانەوە، هەروەکو ئەحمەد موختار لە شیعرێکیدا دەڵێت:

(( ئەحمەد بەگ:

جاهیلان بۆ ئیستیفادەی زاتی خۆیان رۆژ و شەو

لەم موحیتە مەنعی عیلم و سەنعەت و عیرفان ئەکەن

ڕووڕەشی دونیا و قیامەت، ئەو نەفامانە کەوا

هەجوی قەوم و میللەتی خۆیان بە پارە و نان ئەکەن)) ( سالار، ٢٠٠٤، ل٧٣). ئەم دیمەنەش دەچێتە خانەی قۆناغی وشیاریی نەتەوایەتیەوە، چونکە شانۆنامەنووس لە ڕێگەی ئەم

دیمەنەوە دەیەوێت دوو بابەت و دیاردە بۆ کۆمەڵگە ئاشکرا بکات، بەهیوای ئەوەی تاکەکانی ناو کۆمەڵگەی سودی لێ وەربگرن، ئەوانیش: یەکەمیان باسی دوژمنانی کورد دەکات، چۆن دەیانەوێت زانست و زانیاری لە ناو کورددا لە ناوببەن و نەهێڵێن، هەروەها باسی ئەو کەسانەش دەکات کە بونەتە دار و دەستەی دوژمنان و قسە بە رۆڵەکانی میللەتی خۆیان دەڵێن، شانۆنامەنووسیش لەم میانەدا دەیەوێت کۆمەڵگە و میللەتی کوردی لەو جۆرە کەسانە وشیار بکاتەوە.

لە دیمەنێکی دیکەی هەمان شانۆنامەدا لە رێگەی گفتوگۆی نێوان کەسایەتییەکانی وەکو( مام ئەورەحمان، میرزا فەرەج)دا، کۆمەڵگە وشیار دەکاتەوە لەو جۆرە کەسانەی کە دووڕوون، واتە قسە و کرداریان وەک یەک نییە، بە واتایەکی دیکە باسی ئەوانە دەکات، کە لە رابردوودا لە سەرەوە لەگەڵ پێشمەرگەدا بوون، وا خۆیان پیشانداوە، کە خزمەت بە خاک و نیشتمان دەکەن، بەڵام لە ژێرەوەش لەگەڵ دوژمندا بوون وجاسوسیان بەسەر پێشمەرگە و میللەتی کوردەوە کردووە، هەواڵ و چالاکی پێشمەرگەیان بۆ دوژمنانی کورد بردووە، هەروەکو لەم دیمەنەدا دەردەکەوێت:

(( میزرا فەرەج: هەر فیتی ئەوانە بووە باعسی سەری ئەو جوانەمەرگە.

مام ئەورەحمان: ئا ئەوانەش کە پێیان لەمبەر و ئەویتریان لەوبەر، ئەوانەیی بوونەتە کەری ناو جۆگە. هەر ئەوانەش لە لای ڕاستی کۆست و کەوتووانە و دەواری ڕەش و قوڕیان لە شان و بەرۆک ئەدەن.)) ( سالار، ٢٠٠٤، ل٧٥) ئەم دیمەنەش دەچێتە خانەی قۆناغی وشیاری نەتەوایەتیەوە، چونکە هۆکاری کوژرانی ئەحمەد موختار دەخاتە پاڵ کەسانی جاسوس و دووروو، واتە بە ڕوونی لە رێگەی کەسایەتی( میرزا فەرج)دا، هۆکاری کوشتنی شاعیر دەداتە پاڵ کەسانی جاسوس و خۆفرۆش.

لە دیمەنێکی دیکەی هەمان شانۆنامەدا شانۆنامەنووس لە رێگەی شیعرەکانی ئەحمەد موختار جافەوە داوای لە میللەتی کورد کردووە، کە پێویستە یەکبگرن و ببنە یەک بۆ گەیشتن بە خەون و هیوا گەورەکەی هەمووومان کە دامەزراندن و دروست بوونی دەوڵەت و کیانی سەربەخۆیە. هەروەکو( ئەحمەد بەگ) دەڵێت:

(( ئەحمەد بەگ:

نەوجەوانانی وەتەن تەوحید ئەکەن ئەم میللەتە
هەر لە کرمانشان هەتا ورمێ و سنە و بۆتانەوە
رێک ئەخەن وەضعیەتی وان و جزیرە و سەربەسەر
عەقرە و زاخۆ ڕێک ئەبەستن بە قەد بۆکانەوە
خانەقین و مەندەلی و خاکی کوردستان یەک بە یەک

ئەمرۆ با وابێ بەڵام ڕۆژێ ئەبێ

هەمووان: رۆژێ ئەبێ، رۆژێ ئەبێ )) ( سالار، ٢٠٠٤، ل٧٩ – ٨٠) ئەم دیمەنەش دەچێتە خانەی قۆناغی وشیاری نەتەوایەتیەوە، چونکە باسی یەکگرتنی لاو و گەنجەکانی میللەتی کورد دەکات، لە هەر چوار پارچەی کوردستان، گەیشتن بە ئامانجی لە مێژینەی میللەتی کورد، کە ئەویش هەبوونی دەوڵەت وسەربەخۆیە.

یەکێکی دیکە لە شانۆنامەکان بریتییە لە شانۆنامەی( کاتێ هەڵۆ بەرز ئەفرێ)، لە یەکێک لە دیمەنەکانیدا، لە ڕێگەی کەسایەتی( سوارە)دا، بەشێوەیەکی رەمز و ناراستەوخۆ باسی ئێش و ئازارەکانی میللەتی کوردی کردووە، بەم شێوەیە:

(( سوارە: گوڵێ کچێ گوڵێ خان و مانەکەم نیگەران نەبی وا وادەی لاواندنەوەی خاکە. هەر کاتێ لە یاران دوا نەکەوتم ئەوە شایەنی بە تۆ شادبوون دەبم)) ( سالار، ١٩٩٩، ل٤٠). ئەم دیمەنەش دەچێتە خانەی قۆناغی وشیاری نەتەوایەتیەوە، چونکە باسی ئەو سەردەمە دەکات کە رژێم بە هەموو شێوە و توانایەکەوە کەوتبووە ئێش و ئازاردانی میللەتی کورد و وێرانکردن و خاپورکردنی کوردستان، ئەمەش لە سەر دەمی کەسایەتی سوارەوە بۆمان ئاشکرا دەبێت، کە دەڵێت وا وادەی لاواندنەوەی خاکە. واتە خاک و خەڵکەکەی لە ناو ئێش و ئازاری زۆر دەناڵێنن.

لە دیمەنێکی دیکەی هەمان شانۆنامەدا، شانۆنامەنووس لە ڕێگەی کەسایەتی( بەیت بێژ) ەوە، ناوی چەندین داستان و چیرۆکی کۆنی کوردی هێناوە، ئەمەش خۆی لە خۆیدا دەرخەری ئەو راستییە کە لەم دیمەنەدا هزری نەتەوایەتی لای شانۆنامەنووس لە قۆناغی وشیاری نەتەوایەتی دا بووە، چونکە ئاگاداری رابردووی نەتەوەکەی خۆی بووە:

(( بەیت بێژ: مەم و زین، ناسر و خسرەو، زەمبیل فرۆش، قەڵای دمدم، لەشکری شیرین و خسرەو، شیرین و فەرهاد، لیلێ و مەجنون، خەجێ و سیامەند، برایمی مەلا زیندیان، لاس و خەزاڵ، مەمی ئالان، هەمویان ئامادەن)) ( سالار، ١٩٩٩، ل٤٠). ناوهێنانی داستان و چیرۆکی کوردی، خۆی ئاماژەیە بۆ هەبوونی وشیاری نەتەوایەتی لای شانۆنامەنووس.

لە دیمەنێکی دیکەی هەمان شانۆنامەدا، لە ریگەی کەسایەتی( ئاهەنگ ساز) دا، باسی کۆچی دوایی سەرکردە و ناودارەکانی میللەتی کورد دەکات، هەروەکو دەڵێت:

(( ئاهەنگ ساز: کاتێ سەرخێل و سەرداری سەر بۆ کۆچ و ماڵئاوایی گەورە کز دەکات، خەم میوانی هەمووانە بەرۆکی گەورە و بچووک دەگرێ. خەم دەبێتە مۆتەکەیەکی زەبەلاح و تەنگ بە ئاهی سینەی هەموان دەگرێ پەنگ بە ووشە دەخواتەوە پیتەکانی سکالا دەخنکێنێ ریگای هەست دەربڕین قات دەکات)) ( سالار، ١٩٩٩، ل٤٣) ئەم دیمەنە دەچێتە خانەی قۆناغی وشیاری نەتەوایەتەوە، چونکە بەشێوەیەکی تایبەتی باسی کۆچی دوایی سەرکردەی

عەشیرەتی هەمەوەندی دەکات بە ناوی( مەحمود خدری هەمەوەندی)، هەروەها ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەکات، چۆن بە هۆی مردنی ئەم سەرکردە کوردەوە، هەموو میللەتی کورد خەم بۆتە میوانی و چاوەکانیان تا ماوەیەکی زۆر بە فرمێسک بووە. هەروەها ئەم دیمەنە بە یەکێک لە واتایەکانی ناونیشانی ئەم شانۆنامەیە دادەنرێت.

لە دیمەنێکی دیکەی هەمان شانۆنامەدا لە ڕێگەی گفتوگۆی نێوان کەسایەتییەکانی وەکو (جارچی، هەمووان) ەوە، باسی ئەو فەرمان و نەهامەتیانە دەکات، بە سەر میللەتی کورددا هاتوون، بەم شێوەیە:
(( جارچی: فەرمان فەرمان ئەستانە فەرمان فەرمان فەرمان ئەستانە فەرمان
هەمووان: فەرمان فەرمان نەبرایەوە کوێرەوەری و خاکە ساری نەبرایەوە، کوێرەوەری و دەردەداری نەبرایەوە)) ( سالار، ١٩٩٩، ل٥١). ئەم دیمەنەش دەچێتە خانەی قۆناغی وشیاری نەتەوایەتیەوە، چونکە باسی ئەو ئێش و ئازار و نەهامەتیانەی کردووە کە بەسەر ئەم میللەتەوە هاتوون. دووبارەکردنەوەی هەشت جاری وشەی( فەرمان) هەروا بێ واتا نەبووە، چونکە شانۆنامەنووس ویستویەتی لە ڕێگەی واتای ناوەوەی ئەم وشەیە هەموو ئێش و ئازار و نەهامەتییەکانی میللەتی کورد پیشان بدات، هەروەها لەبەر ئەوەی میللەتی کورد لە دێرزەمانەوە لە ژێر ڕەحم و دەستدرێژی و داگیرکاری ئەم و ئەو دابووە، بۆیە هەموو کاتە چاوەڕێی هاتنی فەرمان و شاڵاوی داگیرکاری و زولم و ستەمیان کردووە.

لە دیمەنێکی دیکەشدا لە ڕێگەی کەسایەتی( ئاهەنگ ساز) ەوە، باسی دوورخرانەوەی ئەو کەسانە دەکات کە لە سەردەمی ڕژێمدا بە هەر هۆکارێک بێت، لە لایەن ڕژێمی پێشووەوە دەیانناردن بۆ ناوەڕاست و خوارووی عێراق بە مەبەستی ئەوەی کە واز لە کوردایەتی بێن و هزری نەتەوایەتیان لاوازبکەن، ڕێگا بە گەشەکردنی هزری نەتەوایەتی لای ئەو کەسە دوورخراوانە نەدەن، هەروەکو لەم دیمەنەدا دەردەکەوێت:
(( ئاهەنگ ساز: بۆ ئەفریقا نێردران و دوورخرانەوە، فەقێ قادر هەمەوەند یەکێک بووە لە سەر خێڵەکان و شاعیری هەق پەرستی و نیشتمانی لە شاری بەنغازی لیبا بە ئاوارەیی سەری نایەوە)) ( سالار، ١٩٩٩، ل٥٢). ئەم دیمەنەش دەچێتە خانەی ووشیاری نەتەوایەتیەوە، چونکە بە شێوەیەکی ڕەمز باسی دوورخرانەوەی یەکێک لە کەسایەتییەکانی ناو شانۆنامەکە دەکات بەناوی( فەقێ قادر) بۆ ئەفریقا، بەڵام لە ڕاستیدا باسی ئەو کەسانە دەکات کە لە ڕابردوودا لە شارەکانی کوردستانەوە ڕژێم دووری دەخستنەوە بۆ ناوەڕاست و باشووری عێراق. شانۆنامەنووس لە ڕێگەی ئەم دیمەنەوە یەکێک لە ستەمەکانی ڕژێمی پێشووی بۆ وەرگر ئاشکرا دەکات، بەوەی کە هەر کەسێ کەمێک چالاکی هەبوایە لە وڵات و شاری خۆی دووری دەخستەوە و لەوێش دەستەمۆی دەکرد یان بە شێوەیەک لە شێوەیەکان ئازار و ئەشکەنجەی دەدا.

لە دیمەنێکی دیکەی هەمان شانۆنامەدا لە رێگەی گفتوگۆی نێوان کەسایەتییەکانی وەکو (ڕەشەبا، گولاڵە، باپیرە، سێیەم، یەکەم، دووەم، چوارەم، بەیت بێژ، ئاهەنگساز)دا، بەشێوەیەکی رەمز باس لە ستەم و زۆرداریەکانی رژێم دەکات کە لە میللەتی کوردی کردووە، بەم شێوەیە:
(( ڕەشەبا: من ڕەشەبام پێویستم بەم سەرگوزەشتە ناسک و پڕ لە نەزاکەتە نی یە من لێم ئەترسن. لە گیڤە گیڤما ترس ئەروێ و گورگی هار بە بیرا دێنێ.
گولاڵە: بۆیە پێت دەڵێن روو رەشە ئەی ناوی خۆت نازانی هەی ڕەشەبا.
ڕەشەبا: بەلێن بێ لە رەگ و ریشەو هەڵت کێشم، تۆوت لە زەوی ببرم من و تۆ و با ئەم بەهارەمان بمێنێ.
باپیرە: وەیشوومە روویدا گولاڵەکە بووە خولیا و ژانی ئاشقان و سەرمەستان دلاوەران دڵ لەسەر دەستان لەو دەمانەدا کە هەمووان چاویان لەگەڵ برییوو، ئاسۆیان لە چاوانیاندا دەروان، چاوە چاوی خۆری نەورۆزیان بوو مووجیزە روویدا گولاڵە ئاڵەکە لەسەر رەقترین و سەختترین بەردی دوا ترۆپک چاوی کردەوە.
سێیەم: ئاسۆ سوور بوو.
یەکەم: ئاسمان پەمەیی.
دووەم: چیا یاقووتی.
چوارەم: خۆر ئەرخوانی.
هەمووان: نارنجی.....ئاڵ...ئاڵ.. گولاڵەکە.
بەیت بێژ: تومەس خۆری بە گوڵدان کردووە و گەردنی ناوە بۆیە دونیا لە رەنگی ئەوا تواوەتەوە.
ئاهەنگ ساز: ڕەشەبا فێری کرد دەبێ رەگ لە رەقەنا داکوتێ تا جارێکی تر بەو مەریە نەچێت. لەوەو دوا هەر کەسێ شەیدای گوڵ و خاک و خۆر و باران بووایە لە خواوە لە چاوانیا چاوی هەڵدەهێنا.)) ( سالار، ١٩٩٩. ل٥٣). ئەم دیمەنەش دەچێتە خانەی قۆناغی وشیاری نەتەوایەتیەوە، چونکە شانۆنامەنووس بەشێوەی رەمز و لەسەر ڕێگەی گفتوگۆی نێوان( گوڵ و ڕەشەبا)دا، باسی ئێش و ئازارەکانی میللەتی کوردی کردووە، لەم دیمەنەدا ڕەشەبا نیشانە و رەمزی دوژمن و داگیرکەرانە، چۆن بە لووت بەرزیەوە باسی هێز و دەسەلاتی خۆی دەکات، لە بەرامبەر( گولاڵە) یەکێکە لە گوڵە ناسک و جوانەکان، کە ئاماژەیە بۆ میللەتی کورد. هەروەکو دەڵێت من ڕەشەبام و پێویستم بە باسکردن و پێداهەڵدان نییە، بە گیڤە گیڤەکانم دەتوانم لە ڕەگ و ڕیشەوە دەرتبێنم، بەو واتایەی کە هەمیشە دوژمن و داگیرکەرانی میللەتی کورد، ویستویانە میللەتی کورد لە ڕەگ و ڕیشەوە دەربهێنن.

لە دیمەنێکی دیکەی هەمان شانۆنامەدا شانۆنامەنووس لە ڕێگەی کەسایەتی( گۆرانی بێژ)ەوە، بەشێوەی دوعا و پارانەوە و حەیران بۆ ئەو کەسانە دەکات، لە هەوڵ و تێکۆشان

و خەباتدان کە مەبەستی پێی پێشمەرگەیە. هۆکاری ئەوەی کە بەشێوەی رەمز ئەم دوعایە دەکات دەگەرێتەوە بۆ ئەو سەردەمەی کە شانۆنامەکەی تێدا نوسراوە کە لەو سەردەمە رژێم باڵا دەست بووە، نەدەکرا دوعا و پارانەوە و باسی پێشمەرگە بکرێت.

(( گۆرانی بێژ: حەیران گەلی برادەرینە ئەمن دوعایەکی دەکەم ئەنگۆش برێن ئامین خوادایە سەریشیان خەی ئەوی عیشقی پاکژە. ئەوی گیان فیدای گەل و خاکە)) ( سالار، ١٩٩٩، ل٤١). ئەم دیمەنەش دەچێتە خانەی قۆناغی وشیاری نەتەوایەتییەوە، چونکە بە تەنیا دوعاو پارانەوە بۆ پێشمەرگە دەکات نەوەک شتی دیکە.

شانۆنامەی( ئاهەنگێ لە هەواری یاراندا)دا یەکێکی دیکەیە لە شانۆنامەکانی ئەحمەد سالار، کە لە یەکێک لە دیمەنەکانی ئەم شانۆنامەیەدا و لە رێگەی وەستنامەی پیرەمێردی شاعیرەوە، باسی ئەو ئێش و ئازار و نارەحەتیانە دەکات کە بەسەر میللەتی کورد دا هاتووە، بەم شێوەیە:

(( وەسیەت نامەی پیرەمێرد:

ئەمجارە دەمرم لە مردن ناترسم، ژیانێکی باش و عومرێکی درێژم رابواردووە، گەڵێ شاران و وڵاتان گەڕاوم، گەورە و پادشاهانم دیوە، تاڵی و سوێری زۆرم چێشتووە، بە نیوە خوێندەواری لە سلێمانی دەرچووم خوێندنێکی بەرزم هێنایەوە، بەسەر بەرزی دەزان کە لە رێی باوەڕی خۆما حەپس و زیندانێکی زۆرم دیوە، لەو وڵاتەدا دوو ژام هەبوو، یەکێ (زانست) و یەکێ( ژین) ئێستە ئیتر لەوانەیە کەڵکی خزمەتم پێوە نەمێنێ و ببم بە بار بەسەر خەڵکەوە، روو دەکەمە قاپی ئەبەدی)) ( سالار، ١٩٩٩، ل ٢٢٢) ئەم دیمەنەش دەچێتە خانەی قۆناغی وشیاری نەتەوایەتیەوە، چونکە شانۆنامەنووس لە رێگەی ئەم دیمەنەوە باسی شاعیر و ناودارانی میللەتەکەمان بۆ دەکات، چۆن لەسەر ئەو هزر و بیروباوەرەی کوردایەتی و نیشتمانپەروەری کە هەیانبووە، رووبەرووی دەیان کێشە و ئێش و ئازار هاتوون. لە ڕێگەی وەسیەتنامەکەی پیرەمێردەوە شانۆنامەنووس ئەوەمان بۆ روونەدەکاتەوە، چۆن شاعیر بە خوێندەوارییەکەی کەمەوە چۆتە دەرەوە و بە زانست و زانیارییەکی زۆرەوەو گەڕاوەتەوە، کە هەوڵی داوە بۆ بنیاتنانی رۆژنامەکانی( ژین، ژیان)، ئەمە هۆکارێکی سەرەکی بووە بۆ بڵاوکردنەوەی خوێندن و زانست و زانیاری.

لە دیمەنێکی دیکەی هەمان شانۆنامەدا باسی پیرەمێردی شاعیر دەکات، کە چۆن لە رۆژنامەی( ژین) دا، رۆڵ و کاریگەری بەرچاوی هەبووە لە بڵاوکردنەوەی بیروباوەر و هزری نەتەوایەتی، لە بەرامبەر ئەم کارەشیدا تووشی چەندین جۆری سزا و ئەشکەنجە بووە. ئەمەش لە ڕێگەی گفتوگۆی نێوان کەسایەتییەکانی وەک( گێرەرەوە، یەکەم، دووەم، سێیەم) دا دەردەکەوێت:

(( گێڕەرەوە: لە ژمـارە( ٣٢١) ەوە پیرەمێرد بـوو بە بەڕێوەبەری چاپخـانەکە و لێپرسـراوی ڕۆژنامەی ژین.

یەکەم: بەم پێیە بە تەنیا دەستی دایە ڕۆژنامەنووسی و بڵاوکردنەوەی بیری نەتەوایەتی و خۆشەویستی نیشتمان و هاندانی خوێندەواری.

دووەم: تووشی سەدان چەرمەسەری و گیروگرفت و ئەشکەنجە هات.

سێیەم: گەڵێ پیلانی چەپەڵیان بۆ کپکردنی نایەوە

گێـرەرەوە: بەڵام پیرەمێـرد، مەزنتـر و بەهێزتـر و خۆراگرتـوو ئـاگری جەژنـی نەورۆزەکەی کارێزی شەریفی داوێنی گردی یارەی دوژمنـانی دەتۆقـان، دەفەرمـوون بـۆ ئـاگری نەورۆزی پیرەمێـرد.)) ( ســالار، ١٩٩٩، ل ٢٢٧) ئەم دیــمەنەش دەچێــتە خــانەی قۆنــاغی وشــیاری نەتەوایەتــیەوە، چــونکە پیرەمێــردی شــاعیر یەکێــک بــووە لەو شــاعیر و نوســەر و ڕۆژنامەنوسـانەی کە بەردەوام لە هەوڵـی بڵاوکـردنەوەی بیـر و هـزری نیشـتمانپەروەری و نەتەوایەتی و خوێندن و خوێندەواری و زانستدا بووە، ئەمەش بە دڵنیاییەوە لە لایەن ڕژێمی پێشووەوە جێگای قبوڵکردن نەبووە، بۆیە ڕووبەڕووی چەندین کێشـە و گیروگرفت بـۆتەوە، بەڵام بەهـۆی بەهێـزی بیـری نەتەوایەتیـیەکەی، تـاوەکو کۆتـایی ژیـانی هەر ئەم بیروبـاوەرە بەردەوام بووە.

شانۆنامەی( باخ) یەکێکی دیکەیە لە شانۆنامەکان، لە یەکێک لە دیمەنەکانی ئەم شانۆنامەیەدا، شانۆنامەنووس سودی لە سامانی نەتەوایەتی کوردی وەکو( پەندی پێشینان) وەرگرتووە، لە ڕێگەی کەسایەتی( هەمووان)ەوە، هەروەکو دەڵێت:

(( هەمـووان: بەڵـی مامۆسـتا پێشـینان ئەیـان وت: تـا سـوار نەگلـێ نـابێ بە سـوار)) ( سـالار، ٢٠٠٨، ل١٧). ئەم دیمەنەش دەچێتە خانەی قۆناغی وشیاری نەتەوایەتی، چونکە ئەمە نیشـانە و ڕەمـزی ئەوەیە کە شـانۆنامەنووس ئاگـادار و شـارەزایی زۆری لە سـامانی نەتەوایەتـی و فۆلکلۆری کوردی هەبووە.

لە دیمەنێکـی دیـکەی ئەم شـانۆنامەیەدا لە ڕێـگەی گفتوگـۆی نێـوان کەسـایەتییەکانی وەکـو (هەمــووان، مامۆســتا) دا، باســی کێشــان و دروســتکردنی نەخشــەی بــاخ دەکــات لە لایەن قوتابیەکانەوە، بەم شێوەیە:

(( هەمووان: باکور، باشور، ڕۆژهەڵات، ڕۆژئاوا.

مامۆسـتا: ئەوەش خـۆرە و لە چەقـی ئاسـمانا ڕاوەسـتاوە.. ئـێمەش هەیـن و کـار ئەکەیـن.... ئەوەتـا کـوا بۆردەکانتـان و کـاغەز و قەڵەم و کەرەسـتەکانی نەخشـە کێشـانتان ؟ زەوییەکـی بەرین و کاغەزێکی گچکەش لەبەر دەمتانایە. نەخشە کێشانیش هەنگاوی یەکەمینی بنیادنانە.. ڕاستە ؟

هەمـوان: بەڵـی راسـتە.)) ( سـالار، ٢٠٠٨، ل ١٩) ئەم دیـمەنەش دەچێـتە خـانەی وشـیاری نەتەوایەتیەوە، چونکە بە شێوەیەکی رەمز باسی هەوڵ و ماندووبون و تێکۆشـانی رۆڵەکانی میللەتی کورد دەکات، بۆ کێشان و دروستکردنی نەخشـە و سنوری کوردسـتان. ئەم دیمەنە دەچێتە خانەی قۆناغی وشیاری نەتەوایەتیەوە، چـونکە بـابەتەکە باسـی هەوڵ و ماندووبونی قوتابیەکـان دەکـات، بۆ کێشـان و دروسـتکردنی نەخشـەی بـاخەکە دەکـات، کە مەبەسـت لێی کێشان و دروستکردنی نەخشەی کوردستانە.

لە دیمەنێکی دیکەی هەمان شانۆنامەدا شانۆنامەنووس کۆمەڵگە وشیار دەکاتەوە، لەوەی کە میللەت هۆکاری سەرەکییە بۆ دانان و دروستکردنی سەرۆک و سەرکردەیەک بۆ خۆیان، جا ئەو سـەرۆک و سـەرکردەیە بـاش بێـت یـان خـراپ، هەروەکـو لە ڕێـگەی کەسـایەتی (قوتابی٥)ەوە، دەڵێت:

(( قوتابی( ٥): باشە بۆ شایی و لۆغان ؟ بۆ کۆشک و تەلار ؟ بۆ...؟ ئێمە خۆمـان فیرعەونـان درووست ئەکەین... هەر هەموومان مامۆستامان زۆر چاک ئەناسین.. پیـاوێکی خـاکی و پـاک و بـێ خەوشــە، هەر هەمـوو خەسـڵەتێکی مەردانەی تیـایە... گونـاهە بـۆ هەر لە سـەرەتاوە بیگۆڕین و بەرەو هەڵدێری بەرین... بۆ بە زۆر بوغرای بکەین.... بوغرابوونیش نوغرۆ بوونی لە دوایـیە... بـا کۆتـایی بەو شـتە قـۆرانەی وەک تەحـا تەحـا و چەپـڵە کوتـان و پیاداهەڵـدان بێنین.... بڕایەوە زۆرمـان کردە کەڵەگا و میر دزمە و کەوتینە ژێر باریانەوە..... ئەگەر وایە مـن ئەم یـارییە نـاکەم و لە ئێسـتا زووتـر نییە لێی دەرئەچـم.)) ( سـالار، ٢٠٠٨، ل ٣٩). ئەم دیـمەنەش دەچێـتە خـانەی قۆنـاغی وشـیاری نەتەوایەتییەوە، چـونکە شـانۆنامەنووس باسـی چـۆنیەتی هەڵبژاردنـی سـەرکردە و سـەرۆک و پێشـەوایەک دەکـات بـۆ کـۆمەڵگە و مـیللەت. هەروەها ئەوەمان بـۆ روونـدەکاتەوە کە خەڵـک و کـۆمەڵگە دەور و کـاریگەری زۆریـان هەیە لەسـەر باشبوون و خراپبوونی ئەو سەرکردەیە. هەروەها باسـی دیاردەیەکی خراپیش دەکـات ئەویش چەپڵەلێدان و دەست کوتانە بۆ خراپی سـەرکردەکان، چـونکە ئەمە کـاریگەری خراپـی لەسـەر کۆمەڵگە دەبێت، کەسانی خۆپەرست و دیکتاتۆر دروست دەکات.

لە دیمەنێکی دیکەی هەمـان شـانۆنامەدا شـانۆنامەنووس کـۆمەڵگە وشـیار دەکـاتەوە، لەوەی چـۆن کەسـی شـیاو بـۆ شـوێن و پۆسـتی شـیاو هەڵبژێـرن و دابنـێن، ئەمەش لە ڕێـگەی کەسایەتی( قوتابی ٢) ەوە، هەروەکو دەڵێت:

(( قوتابی( ٢): مەراسیمی چی، خەڵکینە چەپڵە بۆچی لێدەدەن ؟

( ئەچێتە سەربەرزایەک)

گوێتـان لـێ بـوو؟ بیسـتتان کـێ کـرا بە وتەبێـژی رەسـمی شانشـینەکە ؟ ئەو کـابرایە، ئەوە کەڕوڵالە... ئەی سوپا سالار ؟ لە هەموو ژیانیا دەمەرقاچانێکی نەتەقاندووە، ئەوە دارۆغـاش،

چل جار به دزیەوەو گیراوە.... خەڵکینە بۆ خاتری خوا)) ( سالار، ٢٠٠٨، ل٤٠). ئەم دیمەنەش دەچێتە خانەی قۆناغی وشیاری نەتەوایەتیەوە، چونکە باس لە خاڵێکی یان بنەمایەکی گرنگ و کاریگەری خۆشگوزەرانی کۆمەڵگە و میللەت دەکات، ئەویش دانان و پڕکردنەوەی پۆست و کورسیەکان بە کەسانی شیاو و پسپۆر لە کارەکەیاندا، بۆ ئەوەی کارەکەی خۆیان بە جوانی و ڕێکوپێکی ئەنجان بدەن.

یەکێکی دیکە لە شانۆنامەکانی( ئەحمەد سالار) بریتییە لە شانۆنامەی( لە ژێر تارای سورمەچنەدا)، کە لە یەکێک لە دیمەنەکانیدا شانۆنامەنووس سودی لە کەلەپور و فۆلکلۆری میللەتەکەی وەرگرتووە، ( گۆرانی میللی) وەکو سامانێکی دەوڵەمەندی نەتەوایەتی بەکارهێناوە، ئەمەش لە ڕێگەی کەسایەتی( هەمووان)ەوە گوتراوەتەوە، هەر وەکو دەڵێت:

(( هەمووان: ( نمایش بووکە بە بارانێ رایی کردن دەکەن)

بووکە بە بارانێ

سەعاتی جارانێ

گەنم و جۆ هەرزانێ

ئاوی بن دەغڵانێ

هەناران و مەناران

یاخودا داکاتە باران

بۆ فەقیر و هەژاران)) ( سالار، ١٩٩٩، ل١٩١) ئەمەش دەچێتە خانەی قۆناغی وشیاری نەتەوایەتیەوە، چونکە شانۆنامەنووس ئاگاداری مێژووی نەتەوەکەی خۆی بووە، شارەزایی لە کەلتوور و کەلەپوری کوردەواری میللەتەکەی بووە.

لە دیمەنێکی دیکەی هەمان شانۆنامەدا گۆرانی فۆلکلۆری وەکو سامانی نەتەوایەتی کوردی بەکارهێنراوە، ئەمەش لە ڕێگەی کەسایەتی( هەمووان) ەوە گوتراوەتەوە، هەروەکو دەڵێت:

(( هەمووان: لەگەڵ ووتنەوەیدا هەڵسوکەوتی یاری کوردەواری دەکەن، و بۆ چەند جارێک دەیڵێنەوە.

قالبێ سابوون جامێ خەنە

بووکمان هێنا بە تەن تەنە

بووکانە بووکانە بوکێ

بە موری و مەرجانە بوکێ

هاتینەوە هاتنیەوە

هەتا نەیبەین ناچینەوە)) ( سالار، ١٩٩٩، ل ١٩٢) ئەم دیمەنەش دەچێتە خانەی قۆناغی وشیاری نەتەوایەتی کوردیەوە.

لە دیمەنێکی دیکەشدا باسی گرنگی و ڕۆڵ و کاریگەری خاک بۆ نەتەوە دەکات، ئەمەش لە ڕێگەی کەسایەتی( باپیر)ەوە، دەڵێت:

(( باپیر: مرۆڤی بێ خاک ناتوانێ بالآبەرز و بۆشناخ بێ، مرۆڤ وەک درەخت وایە، کاتێ درەخت پەڵ و پۆ دەهاوێ و گەورە دەبێ کە بە چاکی ڕەگ و ریشەی بە ناخی زەویدا داکوتابێ، بەستنەوەی مرۆڤ بە خاکەوە بەستنەوەیەتی بە بوون و خود و کەسایەتی خۆیەوە، پایەند بوونە بە پەیامی باپیرانەوە ئەمرۆیە بۆ سبەی، دووسبەی سێ سبەی و دواتر، بەڵی رۆڵەکانم ئەوانە ئارەزووی گۆرانی ووتن بۆ سبەینێ جوانتر دەکەن، رووە و ئاوێنەی ئامبالآنی راستەقینەی خۆبین، راوەستن و چاک سەرنج دەن ئەو ئاوێنەی دوێنێ بەمرۆ و سبەینێ وە شەتەک داوە، رووکەنەوە باخەکەی باوان، بە دڵ بە بیر بە گیان بۆنی بۆی ئارەقەی پیرۆزی رەنج بکەن ئەوانەی ساڵەهایە شان و ملیان کوتاو ماندووبوونیان لە فەرهەنگی دەم و دوودا سڕییەوە.)) ( سالار، ١٩٩٩، ل ٢٠٤) ئەم دیمەنەش دەچێتە قۆناغی وشیاری نەتەوایەتیەوە، چونکە هەستکردن و باسکردنی گرنگی و بایەخی خاک لە قۆناغێک دەبێ کە تاک وشیار بێت و هزری نەتەوایەتییەکەی بەرەو پێشەو چووبێت. شانۆنامەنووس بە روونی لەم دیمەنەیدا گەیشتۆتە ئەو برِوایەی کە خاک کاریگەری زۆر هەیە بۆ نەتەوە و میللەتان، بەو واتایەی ئەگەر مرۆڤ خاکی نەبێت ناتوانێت بەرز و گەورە ببێت.

### ٣.٣- تایبەتمەندییەکانی پەیامی نەتەوایەتی لە قۆناغی بزووتنەوەی نەتەوایەتیدا:

لە دیمەنێکی شانۆنامەی( نالی و خەونێکی ئەرخەوانی) دا، لە ڕێگەی گفتوگۆی نێوان کەسایەتییەکانی وەکو( دەنگەکان، نالی، دەنگی حەبیبە) دا، باسی هێرش و پەلاماری دوژمن و داگیرکەران دەکات بۆسەر کوردستان، بەم شێوەیە:

(( چەند رەشپۆشێک پەلاماری حەبیبە دەدەن و شانۆ تاریک دەبێ ماوەیەک بێ دەنگی.

دەنگەکان: لەکوێ کوای ئەی شاعیر دلێرەکە دلاوەرە نەبەزەکە بە هانایا وەرە.

نالی:( دەستم لە گەردنی خۆت هەڵمەگرە ئەی حەبیبە

وەبزانە خوێنی خۆمە یا میننەتی رەقیبە)

دەنگی حەبیبە: نالی نالی ئەمانە دەیانەوێ ئابرووم بەرن نیازیانە بە زۆر لە بیابانێکم بخوازن..........)) ( سالار، ١٩٩٩، ل٢١) هزری نەتەوایەتی لەم دیمەنەدا بەرەوپێشچوونێکی باش بەخۆیەوە دەبینێ، ئەویش بە بەرجەستەکردنی وێنەی پەلاماری داگیرکەران بۆ سەر نەتەوەی کورد ئەمەش دەچێتە خانەی قۆناغی بزووتنەوەی هزری نەتەوایەتی کوردی. هەروەها لەم دیمەنەدا شانۆنامەنووس بە شێوەی رەمز باسی کوردستانی کردووە.( حەبیبە) لەم دیمەنەدا دوو واتایی جیاوازی هەیە، یەکەمیان واتایەکی راستەقینەیە، ئاماژەیە بۆ خۆشەویستەکەی نالی شاعیر، ئەوەی دیکە مەجازییە کە لەگەڵ کوردستانیەتی. واتە چەند رەشپۆشێک کە مەبەست پێی دوژمن و داگیرکەرانە، دەیانەوێت پەلاماری کوردستان بدەن و داگیری بکەن و خەڵکەکەشی ئەنفال بکەن و لە بیابانەکان بیاننێژن .

لە دیمەنێکی دیکەی هەمان شانۆنامەیەدا لە رێگەی گفتوگۆی نێوان کەسایەتییەکانی وەکو (گێرەرەوە، قوتابییەک) دوە، باسی ئازایەتی و نەبەردی رۆڵەکانی میللەتی کورد دەکات، ئەویش بە هێنانەوەی نموونەی دوانزدە سواری مەریوان، رۆژگارێک توانیویانە مێژوو بۆ خۆیان تۆمار بکەن، بەم شێوەیە:

(( گێرەرەوە: شار خرۆشاوە وا دوانزدە سوارە ئازاکەی کە عەجەمەکانیان تۆقان وا بە تەپڵی سواریەوە پێشوازی لە نالی دەکەن، نمایشی سوارچاکی دەکەن، دڵی مشتووی خەنجەرە گۆپلە زیوینە جەوهەرەکەیدا گری دەخوارد، هەر داوێ لە پرچی عەتر بۆی حەبیبە، چەپکە رێحانە ساوای مەولانەوە بوو، بە بەرۆکی سوارچاکانەوە دەکرا کل و سوورمە بوو چاوی چاوکەژاڵانی پێ گەلاوێژتر دەکرا نالی ی چاوی بە چوار دەورا گێرا بەرە بەرە وێنەی باڵەخانە و کۆشک و تەلارەکان کاڵ بوونەوە، درەختەکەی ئەورەحمان پاشای بابان دەشنایەوە لە ساتێکدا دوو سەد خەزانی بە هەرەت و گوڕەی نەوبەهارێک دەگۆری یەوە.

قوتابییەک: نالی تۆمارێکە دەیان دەربەندی بازیان و مەغۆل و تەتەر و رۆم و عەجەم شکاندنی تیادا دەژیا هەر تەماشایەکی بەهەشتێکە لە وەردی پڕ لە گوڵە زەرد و سوور،

مرۆڤ دەخاتە ئەندێشەی بێ وێنەوە...)) ( سالار، ١٩٩٩، ل٣٦) ئەم دیمەنەش دەچێتە خانەی قۆناغی بزووتنەوەی نەتەوایەتییەوە، چونکە شانۆنامەنووس لەم دیمەنەدا باسی دوو سەردەمی جیاوازمان بۆ دەکات، چۆن میللەتی کورد بە ئازایەتی و دلێری خۆیان بەرگریان لە خاک و وڵاتی خۆیان کردووە. یەکەمیان باسی سەردەمی حکومڕانی خانی لەپ زێڕان و قەلای دمدم دەکات. دووەمیان لە ڕێگەی نالیەوە باسی هێرش و پەلامارەکانی مەغۆڵ و تەتەر و عەجەم و ڕۆمەکانی کردووە.

یەکێکی دیکە لە شانۆنامەکانی( ئەحمەد سالار) بریتییە لە شانۆنامەی( کۆتەڵەکەی ئەحمەد موختار جاف) دا، کە لە یەکێک لە دیمەنەکانیدا، لە ڕێگەی گفتوگۆی نێوان کەسایەتییەکانی وەک( پوورە ڕەعنا، گوڵخونچە) ەوە، شانۆنامەنووس باسی ڕۆژانی ڕابردوو دەکات و بۆمان وێنا دەکات، هەروەها باسی ڕادەی ترسناکی و درندەیی و ستەمکاری ڕژێمی پێشووشی کردووە، چۆن میللەتی کوردی چەوساندۆتەوە و تەنانەت وای لە خەڵکەکە کردووە، نەیانوێراوە بە شەو دەرگا لە هیچ کەسێک بکەنەوە، هەر وەکو لەم دیمەنەدا روون دەبێتەوە:

(( پوورە ڕەعنا: خوا خێربێ، کێ بێ ؟ بەم درەنگ وەختا ؟ میوان و ئەم ناوەختە ! کاتی ئەوە نییە. مەگەر... کێیە ؟ هاتم وا هاتم.

گوڵخونچە: پوورە ڕەعنا لە خۆتەوە دەرگار مەکەرەوە جارێ با بزانین کێیە، ئەوسا... پوورێ کێ ئەڵی....

پوورە ڕەعنا: خوایە، چ ڕۆژگارێ تێکەوتووین ! وەرە نەوێری دەرگا دەرگا بکەیتەوە ئێ ئێ تۆ کێیت ؟)) (سالار، ٢٠٠٤، ل٦٧). ئەم دیمەنەش دەچێتە خانەی قۆناغی بزووتنەوەی نەتەوایەتیەوە، چونکە کاتەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ڕژێمی پێشووی عێراق کە میللەتی کورد لە شەڕ و بەرنگاربوونەوەدا بووە لەگەڵ ئەو ڕژێمە، ڕژێمی پێشووش لە شاخدا بەرامبەر بە پێشمەرگە نەیتوانیوە سەرکەوتن بە دەست بهێنێت، بۆیە لە تۆڵەی ئەمەدا لە ناو شارەکاندا بە توندترین و زۆرترین ئێش و ئازاریان لە خەڵکی ناو شار کردووە، بۆیە خەڵکەکەش بە ترس و لەرزەوە ژیانیان کردووە، تەنانەت دەرگایماڵەکەشیان لە هەموو کەس نەکردۆتەوە.

لە دیمەنێکی دیکەی ئەم شانۆنامەیەدا لە ڕێگەی کەسایەتی( ئەحمەد موختار)دا، شانۆنامەنووس شیعرێکی ئەحمەد موختار جافی شاعیری هێناوە و لە ڕێگەی خودی شاعیریشەوە دەڵێت:

(( ئەحمەد موختار: لە خەو هەڵستن درەنگە میللەتی کورد خەو زەرەررتانە

هەموو تەئریخی عالەم شاهیدی فەزڵ و هونەرتانە

دەستا تێکۆشن ئەی قەومی نەجیب و بێکەس و مەزڵووم

به گورجی قەتعی کەن ئەو ڕێگە دوورەی وا لەبەرتانە)) ( سالار، ٢٠٠٤، ل٦٨). ئەم دیمەنە دەچێتە خانەی قۆناغی بزووتنەوەی نەتەوایەتیەوە، چونکە بە روونی باسی هەوڵ و تێکۆشانی میللەتی کورد دەکات، بۆ گەیشتن بە خەونی لە مێژینەی خۆیان کە ئەویش دامەزراندن و دروستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆیە. ئەحمەد موختاری شاعیر لە شیعرەکەیدا باسی هەبوونی پێگە و هونەری کورد دەکات، بۆیە داوایان لێ دەکات هەرچی زووە لە خەو هەڵستن و تێبکۆشن، بۆ ئەوەی ئەو ڕێگە دوورەی کە لەبەردەممانندایە بە ئاسانی بیبڕین و بگەین بە ئامانجی خۆمان.

لە دیمەنێکی دیکەی هەمان شانۆنامەدا باسی ئێش و ئازار و ئەشکەنجەکانی ناو زیندانەکان دەکات، کە لە لایەن رژێمی پێشووی عێراقەوە دەرهەق بە میللەتی کورد و خەڵکی بێ تاوان ئەنجامدراوە، هەروەها وێناکردن و پیشاندانی هەندێ لەو جۆرە سزا و ئەشکەنجانەی کە لە ناو زیندانەکانی رژێم بەکاردەهێنرا، بۆ زوو دانپێدانانی رۆڵەکانی میللەتی کورد. هەروەها باسی ئازایەتی و نەبەردی میللەتی کورد کراوە کە سەرباری ئەو هەموو ئێش و سزا و ئەشکەنجەیە هەرگیز خۆیان بە دەستەوە نەداوە و سەربڵند بوون و خۆیان بە دوژمن نەدۆراندووە. ئەمەش لە گفتوگۆی نێوان کەسایەتییەکانی وەک( هەمووان، قوتابی، هۆمەر)دا بە دیار دەکەوێت:

(( هەمووان: ئێمە خوێنی بە ناهەق رژاوی ئەو یارە هەڵیگرتووین... خوێن... خوێن خوێن

قوتابی: زیندانەکان جمەیان دەهات.... هاوارێکی گراوی بوو.... دیواری ڕەق، ڕەقوتەق و زەبەلاح دونیای دیوار، چوار وەرزی ساڵ، دیار و شوێن و کات و ڕۆژمێر بوو، دیوار.....

هەمووان: دیوار دیوار دیوار

قوتابی: لەسەر ئەم دیوارە بە نینۆک نووسراوە..

هەمووان: دیواریش گێرایەوە

هۆمەر: دایکە گیان چۆن بوو هاتی ؟ چۆن گەیشتی ؟ دایکە گیان ئازاری زۆرم چێشتووە، ئەشکەنجە نەماوە نەمدەن، ئەمرۆ بە درێلی کارەبایی هەردوو ئەژنۆیان کون کردم، دوێنی چاوانیان هەڵکۆڵیم.. سبەینێ سەعات شەشی بەیانی دوا هەناسە و کۆتایی، دایکە چونکە لە نەروخاوم چۆکم نەدا و نەدۆرام مژدەت بێ بە یار بڵێ، هۆمەر ئەڵێ نە کۆتاییەکەم سەرەتاییە خۆی لە تەل با، کامە تەڕ و ئاڵ و جوانە، با بیپۆشێ زاواکەی خۆی شەدەی لارە و سواری ئەسپی تۆخەی بووە و وا لە ڕێیە...)) ( سالار، ٢٠٠٤، ل٧١). ئەم دیمەنە دەچێتە خانەی قۆناغی بزووتنەوەی نەتەوایەتیەوە، چونکە سەردەمەکەی دەگەرێتەوە بۆ ئەو کاتەی کە میللەتی کورد لە خەبات و تێکۆشان دابووە دژی رژێمی پێشوو، هەروەها دەرخستنی ئێش و ئازار و سزاکانی ناو زیندانەکانی رژێم بووە، هەروەها باسی رادەی دڕندەیی و ترسناکی رژێمی پێشووی بۆمان ئاشکرا کردووە، چۆن لە ناو زیندانەکانی خۆیدا بە هەموو

جۆرێک رۆڵەکانی میللەتی کوردی ئەشکەنجە داوە، بۆ نموونە بەکارهێنانی درێلی کارەبایی بۆ کونکردنی جەستەی خەڵکی بێ تاوان.

لە دیمەنێکی دیکەی هەمان شانۆنامەدا باسی زوڵم و ستەم و زۆردارییەکانی دوژمنانی میللەتی کورد بە گشتی و رژێمی پێشووی عێراق بە تایبەتی کردووە، ئەمەش لە رێگەی کەسایەتی( باوەڕ)ەوە دەردەکەوێت، هەروەکو دەڵێت:

(( باوەڕ: ئەوە رووباری سیروانە و لەنجەولارەکەی جاری جارانی بە یاخیبوونێکی سەرەرۆ و سەرەوژووربوونەوەی سەرکێشانەی تۆقێنەر گۆڕیوەتەوە. کەفوکوڵیەتی. گرکان لە زاری شەپۆڵەکانییەوە شاڵاوی گڕاوی سەرهەڵئەدا و بە باڵای نەوەرا هەڵئەگەرێ و خەیاڵی هەڵکشانی دواجاریەتی و دوا سکاڵاکانی جەور و ستەمی سەردەمی بە گوێی دونیادا ئەدا، ئەروا و کێ بێ کەمی دڵی باتەوە ؟ کێ بێ بتوانێ داوێنگری هێنانەوە سەرخۆی بێ ؟ ئامان ئامان سەد ئامان... بریسکەی چاوی ئەحمە بەگە و پرشنگ ئەدا)) ( سالار، ٢٠٠٤، ل٧٢) ئەم دیمەنەش دەچێتە خانەی قۆناغی بزووتنەوەی نەتەوایەتیەوە، چونکە شانۆنامەنووس بە شێوەیەکی ناراستەوخۆ باسی ستەم و زوڵم و زۆردارییەکانی رژێمی پێشووی کردووە، لەم دیمەنەدا شانۆنامەنووس لە رێگەی رووباری سیروانەوە هەموو زوڵم و ستەم و زۆردارییەکانی رژێمی پێشووی ئاشکرا کردووە، ویستویەتی هەموو جیهان لەو زوڵم و ستەمە ئاگادار بکاتەوە.

لە دیمەنێکی دیکەشدا باسی هۆکاری کوشتنی شاعیر( ئەحمەد موختار جاف) مان بۆ دەکات، چۆن لەسەر هەڵگرتن و باسکردنی کێشە و پەیامە نەتەوایەتییەکانی کوژراوە، ئەمەش لە رێگەی گفتوگۆی نێوان کەسایەتییەکانی وەکو( پارێزەر، دادوەر، ئەحمەد موختار) دا بەڕوونی ئاماژەی پێدراوە و دەردەکەوێت:

(( پارێزەر: بەڵێ گەورەم سەرۆکی دادگا کۆسپ و تەگەرەی بە زۆر دروستکراو.

دادوەر: کامانەن ؟ ئەمە کێشەیەکی گەڵێک ئاساییە، کێشەی کابرایەکە ڕەنگە گەڵێک گیروگرفتی لەگەڵ ئەم و ئەودا بوو بێ، هەر چۆن ناوچەکە ناوچەیەکی عەشایرییە و رۆژانەش کەسانێک لەسەر کێشەی ئەرز و ئاو ئەکوژرێن. ئیتر لە خۆتەوە ڕمڵ ئەهاوی و بیرت بە لای خەیاڵی ئاڵۆز و تەماویا ئەچێ، سەیرە زۆر دوور ئەرۆیت.

پارێزەر: بەرێز سەرۆکی دادگا، هیچ شتێکم لەسەر خەون و خەیاڵ بونیاد نەناوە، ئەو کێشەی کوژراوەی من داکۆکی لێ ئەکەم، هیچ پەیوەندی بە کێشەی عەشایری و نیزاعی ئەرز و ئاوەوە نییە، ئەو مرۆڤە زۆر لەو مەسەلانە گەورەتر بووە، ئەو مرۆڤە خاوەن کێشەیەکی گەلێک گەورە بوو کە زۆری لە خۆ گرتبوو...

دادوەر: ئێ ئێ.... کێشەی گەورە.... ئاستی بەرز و دیار..

پارێزەر: بەڵێ کێشەی گەورە و ئاستی بەرز و دیار.

دادوەر: بەڵگەت ؟

پارێزەر: دیوانەکەی، شیعرەکانی

ئەحمەد بەگ: بەسەر خاکا، نازیش بکەن، حەقتانە کوردینە

تەماشای ئەم شاخ و کێوانەی لەسەر تانە

بە بێ قەدری بەسەر رامەبورن حورمەتی بگرن

گوڵاڵە سوورەی ئەم سارایە خوێناوی جگەرتانە)) ( سالار، ٢٠٠٤، ل ٧٧ ـ ٧٨) ئەم دیمەنەش دەچێتە خانەی قۆناغی بزووتنەوەی نەتەوایەتیەوە، چونکە لەم دیمەنەدا لە پەنایی دادگاییکردن و روونکردنەوەی کوشتنی شاعیر، شانۆنامەنووس دەیەوێت پێمان بڵێت کە لە رابردوودا زۆرێک لە شاعیر و نوسەر و ناودارانی کورد، بە بێ هۆ و ناهەق کوژراون و شەهید کراون، کە تەنیا هۆکارەکەیان هەڵگرتن و باسکردنی کێشە و پەیامی نەتەوایەتی بوو. هەروەها باسی سەردەمی رژێمیش دەکات، چۆن لەو کاتە لە رێگای دادگاکانەوە هەموو کات هۆکاری سەرەکی کێشەکانیان فەرامۆش کردووە، بەستویانەتەوە بە هۆکاری لاوەکیەوە، بۆنموونە بابەتی کوشتنی کەسایەتیە دیار و کاریگەرەکانیان لە هۆکارە سەرەکییەکان دوورخستۆتەوە، زۆربەی کات داویانەتەپاڵ هۆکارە کۆمەڵایەتیەکانەوە .

شانۆنامەی( کاتێ هەڵۆ بەرز ئەفڕێ) یەکێکی دیکەیە لەو شانۆنامانەی بەشێکی زۆری دیمەنەکانی دەچێتە خانەی قۆناغی بزووتنەوەی نەتەوایەتیدا، چونکە باسی کێشە و ئێش و ئازار و شۆرش و بەرەنگارییەکانی میللەتی کورد دەکات. ئەم شانۆنامەیە لە ساڵی( ١٩٨٨) لە لایەن ئەحمەد سالارەوە نوسراوە، لە سێ کات و شوێنی جیاوازیشدا نمایش کراوە، بەم شێوەیە(بۆ یەکەمجار لە( ١٦ / ٢ / ١٩٨٨) دا لە شانۆی منتدى الأدباء الشباب لە بەغدا نمایش کراوە، دووەمجاریش لە( ١ / ٣ / ١٩٨٨) دا لە شانۆی کرێکاران لە سلێمانی نمایش کراوە، سێیەمجاریش لە( ١ / ٤ / ١٩٨٨) دا لە شانۆی رۆشنبیری لە سلێمانی نمایش کراوە. شانۆنامەنووس خۆشی هەر سێ جارەکە دەرهێنەری بۆ ئەم شانۆیە کردووە.) (سالار، ١٩٩٩، ل٣٧ )

هۆکاری سەرەکی نووسینی ئەم شانۆنامەیە خۆی لە دوو هۆکاری گرنگ و کاریگەر دەبینێتەوە، هۆکاری یەکەم بریتی بووە لەوەی(( کاتێ منداڵ بووم باپیرم پورە و عالمی دینی بوو، جاروبار سەربردەی( محمود خدری هەمەوەندی) دەگێرایەوە، ئیتر من ئەمەم لە مێشکە چەقی بوو)) ( سالار، ٢٠٢١/٦/٨، چاوپێکەوتن) واتە ئەو چیرۆک و سەربردانەی کە بە منداڵی شانۆنامەنوس گوێبیستی بووە، بۆتە پاشخانێکی گەورە و کاریگەری زۆری هەبووە، بۆ نووسینی شانۆنامەکانی بە گشتی و شانۆنامەی( کاتێ هەڵۆ بەرز ئەفرێ) بە تایبەتی.

هۆکاری دووەمیش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی( ئەحمەد سالار)ی شانۆنامەنووس خۆی سەر بە عەشیرەتی هەمەوەندییە، وەکو وەفا و سۆزێک بۆ عەشیرەتەکەی خۆی ئەم شانۆنامەیەی نوسیوە.

ناونیشانی ئەم شانۆنامەیە سێ واتای سەرەکی لەخۆهەڵدەگرێت: یەکەمیان واتایەکی دیار و راستەقینەیە، واتە کاتێ باڵندەیەکی وەک هەڵۆ دەفرێ و دەچێتە ئاسمان. هەروەها دوو واتای مەجازی و شاراوە، ئەوە زیاتر مەبەستەکەیە و تایبەتە بە ناوەرۆکی شانۆنامەکە، یەکێک لە واتایەکانی بریتییە لەوەی کاتێک سەرۆک و سەردار و سەرکردەی نەتەوە و عەشیرەتێک پلەی و پایەی بەرز دەبێتەوە. واتاییەکی دیکەش بریتییە لەوەی کاتێ سەردار و سەرکردەی نەتەوە و عەشیرەتێک دەمرێ.

ناوەرۆکی ئەم شانۆنامەیە بە شێوەیەکی سەرەکی باسی سەرۆکی عەشیرەتی هەمەوندی (محمود خدری هەمەوەندی) دەکات، چۆن سەرکردایەتی و سەرداری ئەم عەشیرەتەی کردووە، باسی ئازایەتی و پیاوەتی و نەبەردی ئەو سەرکردەیەی دەکات، چۆن لە دژی داگیرکەران و دوژمننان وەستاوەتەوە، بەرگری لە خاک و وڵاتی خۆی کردووە. محمود خدر سەرکردایەتی عەشیرەتی هەمەوەندی دەکات، تاوەکو کۆچی دوایی کردنی کردووە. هەروەها لەگەڵ ئەوەشدا کۆمەڵێک بابەت و شتی دیکەی تێدا تەوزیف و باسکراوە، لەوانە( باسی دادگایی کردنی( شێخ محمود)، باسی داگیرکەران، باسی خۆشەویستی خاک و نیشتمان،...... هتد) دەکات.

لە دیمەنێکی شانۆنامەی( کاتێ هەڵۆ بەرز ئەفرێ) دا، لە رێگەی گفتوگۆی نێوان کەسایەتییەکانی وەک( مەحمود، فەقێ قادر) دا، باسی خۆشەویستی خاک و بەرەنگاربونەوەی دوژمنان دەکات بەم شێوەیە:

(( مەحمود: ووڵات کاک و بابە و کەسە. لالۆ گیان چ راسپاردەیەکتان هەیە.

فەقێ قادر: ئەگەر بهاتنایەتەوە دەمگوت مشتێ خۆڵ تا بیکەمە سوورمەی دیدەم و ئەوەندەشم لێتان دەوێ جارێکی تر دار و بەردیان لێ بکەنە ئاگر کورینە شەو قەلای مێردە بە شەو بەرێ دا برۆن ئەستێرە رابەرتان بێ سەر هەڵبرن بیانناسنەوە ئەمە حەوتە وانەیە ئەوە...)) ( سالار، ١٩٩٩، ل ٥٥) ئەم دیمەنەش لەسەرەتادا دەچێتە خانەی قۆناغی هەستی نەتەوایەتیەوە، چونکە باسی خۆشەویستی خاک دەدات. بەڵام دواتر هزری نەتەوایەتیەکەی بەرەو پێشەوە دەچێت و گەشە دەکات، دەچێتە خانەی قۆناغی بزووتنەوەی نەتەوایەتییەوە، چونکە باسی بەرگری و چۆنیەتی رووبەرووبونەوەی داگیرکەر و دوژمنانی کورد دەکات لە

لایەن رۆڵەکانی کوردەوە، بەوەی کە لەسەر دەمی فەقێ قادرەوە دەڵێت: دار و بەردیان لێ بکەنە ئاگر.

لە دیمەنێکی دیکەی هەمان شانۆنامەدا لە ڕێگەی کەسایەتی( هەمووان) ەوە، باسی کۆبونەوەی کور و پاڵەوانەکان دەکات، بۆ ئەوەی هێرش بکەنە سەر دوژمنان و لە ناویان بەرن، بەم شێوەیە:

(( هەمووان:( سرود)

هەرایە کوڕ گەل پاڵەوانینە

ڕێ پاکەوەکەن نەوجەوانینە

وا هەلمەتیان برد بارن بە دەستە

شاخ و کێو لە ژێر پێیانا پەستە)) ( سالار، ١٩٩٩، ل٣٩). ئەم دیمەنە دەچێتە خانەی قۆناغی بزووتنەوەی نەتەوایەتییەوە، چونکە وەسف و باسی رۆڵەکانی کورد دەکات، چۆن لە شێوەی سروددا، لەسەر دەمی کەسایەتی( هەمووان)ەوە باسی کۆبونەوەی رۆڵەکانی میللەتی کورد دەکات، بۆ ئەوەی لە دژی دوژمنانی ئەم میللەتی کورد بجەنگن و ڕووبەڕووببنەوە.

لە دیمەنێکی دیکەی هەمان شانۆنامەدا لە ڕێگەی گفتوگۆی نێوان کەسایەتییەکانی وەکو (یەکەم، دەنگەکان، سێیەم، چوارەم) دا، باسی دوژمن و داگیرکەرەکانی کورد کراوە، چۆن ویستویانە هەرچی خۆشی و شادی هەیە، لە ناو میللەتی کورد دا نەهێڵن و خەم و ناخۆشی بکەنە میوانی ئەم میللەتە. بە واتایەکی دیکە کە چۆن دوژمنەکانی کورد وەکو هەورێکی چڵکن ویستویانە بەری خۆر بگرن، نەهێڵن تیشکی خۆر دابەش ببێتە سەر زەوی، بەم شێوەیە:

(( یەکەم: هەورێکی چڵکنە و خۆری تاساندووە، بزەی سەربریوە.

دەنگەکان: با کور و کاڵ کۆ بن با ئەسپ زین کەن با فیشەک لخ لەخۆبەن ئەوەی شۆرە سوارە با ملی رێگای گرگرتووی خۆری نەورۆز بگرێت و گۆی خۆر لە ناوچەوان خا.

سێیەم: با مەرگ و هەناسە ساردی قەلاچۆکەین با سروودی ژیان راستەقینە بە گەرووی بڕواوە بڵێینەوە

چوارەم: کاتێ تیرێ هەڵۆ دەئنگوێ بۆ کرووزی ئاخێکی قووڵ لە نێوان پەراسووەکانیەوە بەرز دەبێتەوە ناڵە ناڵێک شێر و بەدر و پڵنگان زەنەقیان لێ ی دەچێ و ئەژنۆیان دەشکێ)) ( سالار، ١٩٩٩، ل٤٣) ئەم دیمەنەش دەچێتە خانەی قۆناغی بزووتنەوەی نەتەوایەتییەوە، چونکە بەشێوەی رەمز باسی دوژمن و داگیرکەرانی میللەتی کورد دەکات، لە ڕێگەی

بەکارهێنـانی دەسـتەواژی( هەورێکـی چڵکـن)ەوە، کە ئامـاژەیە بـۆ دوژمـن و داگیـرکەران و (خۆریش) ئاماژەیە بۆ میللەتی کورد. بەم شێوەیە لە ڕێگەم ئەمە دیمەنەوە باسی ستەم و زۆرداریییەکانی ڕژێمی کردووە کە تا سەر ئێسقان زالم و ستەمکاربووە، بە تەواوی میللەتی کـوردی تاسـاندووە و بـزەی لەسـەر لێوان نەهێشـتووە، بـۆیە بەشـێوەیەکی ئاشـکرا باسـی کۆبونەوەی گەنج و ڕۆڵەکانی کورد دەکات، لەگەڵ ئەوەشدا باسی چۆنیەتی خۆ ئامـادەکردن و پرچەککردنـی گەنجەکـان دەکـات بـۆ ئەوەی بەرگـری لە خـاک و نیشـمان بـکەن لە دژی دوژمن و داگیرکەراندا.

لە دیمەنێکی دیکەی هەمـان شـانۆنامەدا لە ڕێگەی گفتوگۆی نێوان کەسـایەتییەکانی وەکـو (ئاهەنـگ سـاز، هەواڵ بەر، هەڵـۆ، کـاپتن، یەکێـک)دا، باسـی یـان وێنـایی دادگـایکردنی سـەرکردەیەکی نـاوداری میللەتـی کـورد دەکـات، لەگەڵ ئەوەی ڕووی ڕاسـتەقینەی کەسـانی خۆفرۆش و بەکرێ گیراو نیشان دەدات، هەر وەکو لەم دیمەنەدا دەردەکەوێت:

(( ئاهەنگ ساز: لەو ئان و سەعاتی گیان دانەدا، حاکمە ڕسواکەی ئینگلیز دەهات و دەچوو لە لایەن چاوچنۆکە چڵکنەکانەوە هەواڵی گیانەلای هەڵۆیان پێگەیاند چاوەڕوانی مژدانە لە باخەڵ نانی چاوشۆریان بوون

مۆسقا

هەواڵ بەر: گەورەم جەنابی کاپتن.

کاپتن: وات ها..

هەواڵ بەر: ئەوا دەمرێت لە غەرغەرەی گیانەلادایە.

کاپتن محمود خدر ئاوا هەڵۆ( پێدەکەنێ)

هەواڵ بەر: ووتم تا زووە با مژدە بە بەگم بدەم.

کاپتن: ڤەری گود دەچم تا بزانم بەراز چۆن دەمرێ

یەکێک: کاپتن هاتووە ؟

هەڵۆ: کور گەڵ قیتم کەنەوە با ئەو کافر بابە بە کەساسی نەمبینێ. کوا ئادەی خەنجەرەکەم لە بەرۆک نێن مشتووەکەی لە مشتم نێن.

کاپتن: ئێستا چۆنی ؟

هەڵۆ: نابینی بەرامبەر سەگ چەند قیتم

( سرودی بەری بەیانە و ڕووناکە ئەمرۆ دەوترێ)

ئاهەنگ ساز: شایەتێکی عەیان گێرایەوە...

شایەت: ئیتر کاپتن لچی بە لچیدا و چاوی سەد ئەوەندەی تر سەگسار بوو شەقێکی لە پاشووی خۆی هەڵدا و لووتی شۆر کرد کشایەوە. هەڵۆ گیانی سپارد و شوێن کاروانی یاران کەوت.

ئاهەنگساز: ئەوە دوا شەقی ئەو دلاوەرە بوو بە پاشای بەریتانیای ناگەورەوە)) ( سالار، ١٩٩٩، ل ٤٣ ــ ٤٤) ئەم دیمەنە دەچێتە خانەی قۆناغی بزووتنەوەی نەتەوایەتیەوە، چونکە چۆنیەتی دادگایکردنی( شێخ مەحمود) مان بۆ باس دەکات، چۆن لەو کاتەی لە ژێردەستەی دوژمنانیش دابووە، هەڵوێستی مەردانە و ئازایەتی خۆی سەلماندووە، لە هەمان کاتیشدا باسی کەسانێک دەکات کە بۆ پۆست و پلە و پایە خۆیان بە دوژمن فرۆشتووە و بونەتە بەکرێگیراوی داگیرکەران. هەروەها لەم دیمەنەدا سرودی بەری بەیانە روونـاکەی ئاسۆ، کە شیعری شاعیری نەتەوەکەمان ( گۆران) ی شاعیری هێناوە تێهەڵکێشی دیمەنەکەی کردووە، ئەویش جەخت لەسەر خەبات و تێکۆشانی میللەتی کورد دەکاتەوە.

لە دیمەنێکی دیکەدا لە ڕێگەی کەسایەتی( دووەم) ەوە، باسی سەرکردەیەکی میللەتی کورد دەکات، چۆن لە دژی دوژمن و داگیرکەرانی ئەم میللەتە وەستاوەتەوە و شەڕی کردووە، بەم شێوەیە:

(( دووەم: ئای لەو رۆژانەی دڕی بە لەشکری عوسمانلی دەدا و درویێنەی دەکردن بەسواری ئەسپەکەوە ئەمسەر و ئەوسەری دەکرد بروسکە و تریشکەیەک بوو دەتگووت یەکەم قۆلپی بارینی هەموو پەڵەیە و رۆژهەلات و رۆژئاوا ئەمسەر و ئەوسەردەکات.)) ( سالار، ١٩٩٩، ل٤٤). ئەم دیمەنە باسی( مەحمود خدری هەمەوەندی) ی دەکات، کە سەرۆکی عەشیرەتی هەمەوەندی بووە، چۆن بە شێوەیەکی ئازایانە و مەردانە دژی لەشکری تورکی و ئینگلیزی وەستاوەتەوە. ئەمەش دەچێتە خانەی قۆناغی بزووتنەوەی نەتەوایەتییەوە.

لە دیمەنێکی دیکەی هەمان شانۆنامەدا لە ریگەی گفتوگۆی نێوان کەسایەتییەکانی وەکو (بەیت بێژ، ئاهەنگ ساز) دا، باسی ئازایەتی و نەبەردی شێخ مەحمود دەکات، چۆن لە دژی داگیرکەران وەستاوەتەوە، هەروەها باسی پاشای رواندز دەکا، کە مەبەستی پێ( پاشای کۆرەیە)، کە ئەویش یەکێکی دیکە بووە لەو سەرکردانەی کە عوسمانیەکانیان تێکشاندووە، بەم شێوەیە:

(( بەیت بێژ: جا گەلێ برادەران

لە بازیان لانەی باز و هەلۆیان

دەستە دەستە شۆرەسوارانی ئازا

ئاگر و پۆلا

عوسمانلیەکان

چاریان نەما کۆلیان دا

ئاهەنگ ساز: دەمێک ساڵ بوو عوسمانلیەکان چاوی تەماعکاریان لەم وڵاتە بریبوو چەندین فێڵ و چەندەها درۆ و دەلەسە لە ساڵی( ١٨٣٠) ەوە کەوتنە هێرش بردنی درندانە. جارێ بە ناوی غەزا وە جارێ بە ناوی ئاسایش راگرتنی ئیمپراتۆریە رسوا بە پەنگ بووەکەیان. بۆ چەندەمین جار لەشکرەکەیان تووره و بوون و رق هەڵسانی کورلادەکاندا بە چۆکدا گەر پەیمان بەستنە ترسنۆکەکەی رووسیای قەیسەری نەبووایە، ئەوا تاکە تفەنگچیەکیان بە دەستەوە نەدەما.

ئەی داستانەکەی پاشای رواندز ئێسک و پروسکی سوڵتانە گۆر بە گۆرەکانیشی هێنایە شەقە بە شەق)) ( سالار، ١٩٩٩، ل ٤٧ ـ٤٨). ئەم دیمەنە دەچێتە خانەی قۆناغی بزووتنەوەی نەتەوایەتیەوە، چونکە وێنایی یان باسی دوو سەرکردە و ناوداری گەورەی کوردمان بۆ دەکات، چۆن لە دژی هێرش و پەلامارەکانی دوژمن وەستاوەنەتەوە، بە هەموو توانایەکەوە بەرگریان لە خاک و وڵات و نیشتمان کردووە. ئەمەش نیشانەی ئازایەتی و نەبەردی سەرکردە و رۆڵەکانی میللەتی کوردمان بۆ بەدیار دەخات.

لە دیمەنێکی دیکەی هەمان شانۆنامەدا لە رێگەی کەسایەتی( دەنگ) ەوە، باسی بەرگری کردن و پارێزگاری کردن لە خاک و وڵات و نیشتمان دەکات، دەڵێت:

(( دەنگ: عەشرەت هۆ کۆر گەڵ رۆژێکە و ئەمرۆ جام پر بێ لێ ی ئەرژێ وا داگیرکەرێکی خوانەناس لە ئەنازەی بەدەرکردووە جا ئەو کەسەی شەرەفە، خوا و خەڵکەکەی خۆش دەوێ و شیری حەڵالی دایکی خۆی خواردووە دەست داتە تفەنگ و رۆژێکە و ئەمرۆ دەنا قەرداری خوا و خاک دەبن کۆرە عەشرەت هاوارە)) ( سالار، ١٩٩٩، ل ٤٨) لەم دیمەنەشدا باسی زۆری ئەو ستەم و ئازارە دەکات کە بە رۆژگار میللەتی کورد بینیویەتی، بەوەی کە دەڵێت: کە جام پڕ بوو لێی دەرژێ، رژێمەکانی پێشوو تاوەکو سەر ئێسقان ستەم و زۆرداریان لە میللەتی کورد کردووە، وەک ئەوەی لەسەر جامەکە پڕ بووە و لێی رژاوە، بۆیە شانۆنامەنووس هاوار بۆ میللەتی کورد دەکات، کە چەک هەڵگرن و خۆیان ئامادەبکەن، بۆ ئەوەی دژی هێرش و پەلامارەکانی دوژمن بوەستن، بۆ ئەوەی لەدەست ئەو زوڵم و زۆرداریەی رژێم رزگار بن.

لە دیمەنێکی دیکەی هەمان شانۆنامەدا لە رێگەی گفتوگۆی نێوان کەسایەتییەکانی وەکو (سوڵتان، والی، مەحمود، نێردراو) دا، باسی ئازایەتی و مەردایەتی و چاونەترسی و قارەمانیەتی سەرۆکی عەشیرەتی هەمەوەندی( مەحمود خدری هەمەوەندی) دەکات، بەم شێوەیە:

(( سوڵتان: هاوالی ئەفەندی تۆ ئەلێ چی ؟

والی گەورەم مەحمود خدر.

سوڵتان: ئێ ؟

والی: ئەو سەرداریانە.

سوڵتان: بانگی بکە رێ بکەون.

مەحمود: کەواتە والی منی دەوێ.

نێردراو: بەڵی قوربان

مەحمود: چی لێم دەوێ.

نێردراو: ئێوە رێگەتان لێ نەگرتوون.

مەحمود: رێگە ! ئێمە تەنها پارێزگاریمان لە خاکمان کردووە.

نێردراو: ئێستا چی دەفەرموون.

مەحمود: دەیەوێ بە بێ چەکیش بچینە سەراکەیەوە ؟

نێردراو: تکام وایە داواکەی بە جێ بێنن.

مەحمود: با وابێ بەڵام لە کۆشک و سەرای خۆی دا و لە ناو ئەو هەموو سەرباز و جەندرمانەی دا سڵ لە تفەنگی من ئەکاتەوە قەیناکا دەچم.

مۆسقا

والی: ها مەحمود ئاغا بفەرمە جانم ئیشتە سڵ نەکردی من ئیشتە یەخسیرت کەم ؟

مەحمود: ئامبازی والی دەبێ و خەنجەرەکەی دەخاتە سەر ملی تا خەنجەر بە بەرۆکمەوە بێ هەر سوڵتانم خەنجەریش نەما هەر سوڵتان خۆمم چونکە نابینی دامێنم)) ( سالار، ١٩٩٩، ل٥٠ ـ ٥١). ئەم دیمەنە دەچێتە خانەی قۆناغی بزووتنەوەی نەتەوایەتییەوە، چونکە باس لە ئازایەتی و قارەمانیەتی و مەردایەتی رۆڵەکانی میللەتی کورد دەکات، چۆن کاتێ داگیرکەران داوای بینینی یەکێ لە سەرکردەکانی ئەم میللەتە دەکەن، نەیانوێراوە بە چەکەوە بیبینن، بەڵکو داوای ئەوەیان لێ کردووە کە بە بێ چەک بێتە جێگای بینینەکە، لە بەرامبەردا چاونەترسی مەحمود خدری هەمەوەندمان بۆ دەردەکەوێت، چۆن بە بێ هیچ ترس و بە بێ چەک دەچێتە بینینی داگیرکەران. ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە سەرکردەکانی کورد زۆر چاونەترس بوینە و هەرگیز لە دوژمن نەترساون. لە بەرامبەریشدا دوژمن و داگیرکەران سەرەڕای هەبوونی کۆمەڵێکی زۆری سەرباز و چەک و تفاق، هەمیشە ترسیان لە ناو دڵدا نیشتووە و بە ئاشکرا ئێوەیان دیار بووە.

لە دیمەنێکی دیکەدا لە رێگەی گفتوگۆی نێوان کەسایەتییەکانی وەکو( یەکەم، دووەم، سێیەم، چوارەم) دا، باسی شەڕ و جەنگ و رووبەڕووبوونەوەکانی میرنشینەکانی کورد دەکات، لەگەڵ داگیرکەر و دوژمناندا، بەم شێوەیە:

(( یەکەم: جەنگی ساڵی( ١٧٨٧) کۆمەک لە بابانیەکان دژ بەو عوسمانلی.

دووەم: جەنگی ساڵی( ١٨١٩) بە هەمان شێوە کۆمەک لە ئەورەحمان پاشا.

سێ یەم: جەنگی ساڵی( ١٨٣٤) کۆمەک لە ئەحمەد پاشای بابان.

چوارەم: جەنگی ساڵی( ١٨٣٦) کە دوا جەنگی بەرگری بابانیەکان بوو دژ بە عوسمانلی.)) (سالار، ١٩٩٩، ل٦٠) ئەم دیمەنەش دەچێتە خانەی قۆناغی بزووتنەوەی نەتەوایەتیەوە، چونکە باسی جەنگ و بەرەنگارییەکانی میرنشینی بابان دەکات، لەگەڵ لەشکر و دەسەڵاتی عوسمانیدا.

لە دیمەنێکی دیکە هەمان شانۆنامەدا لە ڕێگەی گفتوگۆی نێوان کەسایەتییەکانی وەکو (سەرۆکی دادگا، شێخ سەعید) دا، باسی دادگایی کردنی( شێخ سەعیدی پیران) دەکات، بەم شێوەیە:

(( سەرۆکی دادگا: خەڵکی کوێی ؟

شێخ سەعید: پالو بەڵام لە خنس دادەنیشم.

سەرۆکی دادگا: تەمەنت چەندە ؟

شێخ سەعید: لە شێست بەرەو ژوورە.

سەرۆکی دادگا: ئەم خائینانە ئاژاوەیان لە بەشێکی زۆری ئەمووڵاتە دا بڵاوکردووەتەوە.

شێخ سەعید: ئاژاوەچی نین و ئامانجی نەتەوایەتی خۆمان هەیە و سەر و مالی لە ڕێی دا دەبەخشین ئێمە خائین نین)) ( سالار، ١٩٩٩، ل٦٠). ئەم دیمەنەش دەچێتە خانەی قۆناغی بزووتنەوەی نەتەوایەتییەوە، چوکە باسی دادگاییکردنی سەرکردەیەکی خەباتکار و شۆرشگێری میللەتەکەمان دەکات، چۆن بە هەموو شێوەیەک خۆیان کردۆتە قوربانی ئەم خاک و میللەتە و دژی داگیرکەران وەستاونەتەوە، هەرگیز بۆ یەک ساتیش سەریان بۆ دوژمن شۆر نەکردووە.

لە دیمەنێکی دیکەشدا باسی پاڵەوانی داستانی قەڵای دمدم دەکات، چۆن بە شێوەیەکی ئازایانە و قارەمانانە بەرگریان لە قەڵاکەیان کرد و دژی هێرش و پەلامارەکانی لەشکری فارسەکان وەستانەوە، بەم شێوەیە:

(( ئەو جەنگە وێنەی ئازایەتی و بەرگریەکەی پاڵەوانانی قەڵای دمدم بوو کە لە رۆژانی شا عەباسی رەوشت سووکدا روویدا ئەوانەی مەرگی سەر بەرزیان هەلبژارد و پشتیان لەسەر شۆری کرد)) ( سالار، ١٩٩٩، ل٦١). ئەم دیمەنەش دەچێتە خانەی قۆناغی بزووتنەوەی نەتەوایەتیەوە، چونکە باسی سەردەمی داستانی قەڵای دمدم دەکات، چۆن بەشێوەیەکی ئازایانە دژی هێرش و پەلامارەکانی فارسەکان وەستاونەتەوە.

له دیمەنێکی دیکە هەمان شانۆنامەدا لە ڕێگەی گفتوگۆی نێوان کەسایەتییەکانی وەکو (ئاهەنگ ساز، شێخ مەحمود، دادوەر، یەکەم، دووەم) دا، باسی دادگایی کردنی( شێخ مەحمود) مان بۆ دەکات، بەم شێوەیە:

(( ئاهەنگ ساز: دادپرسنەوەی شێخ مەحمودی حەفیدە شێخی کورد. حاکمەکانی ئەم دادگایە گشتیان ئینگلیزن شێخ مەحمود بەم تاوانەی خوارەوە گوناهبار کراوە یەکەم

یەکەم: یەکەم: چەکهەڵگرتن دژی بەریتانیای گەورە و ڕژاندنی خوێنێکی زۆر کە بوونە مایەی زیانێکی گەورە.

دووەم: دووەم: داگرتنی پەیداخی بەریتانیای گەورە.

شێخ مەحمود: من لەگەڵ ئێوە لە جەنگ دابوون. منتان بە دیل گرت و لە بەندیخانەی ئێوە دام کە دوژمنی من و کوردن. لەبەر ئەوە بێ گومان دوژمن بۆ دوژمن بریاری چاک نادات منیش بەو حوکمە ئێوە ڕازی نیم و بە ڕەوای نابینم.؟

یەکەم: بەڵی بە فەرمانی ئەم عیزەت ئاڵای بەریتانیای داگرت و دڕاندی

شێخ مەحمود: بەڵێ من فەرمانم دا بە داگرتنی ئاڵای بەریتانیادا.

دادوەر: بریار: لەبەر دوژمنایەتی بەریتانیای گەورە و کوشتن و ئاژاوە نانەوە و داگرتنی ئاڵای بەریتانیای گەورە دادگا بریاری خنکاندنی دا.

ئاهەنگ ساز: شێخ دوای بیستنی ئەم بریارەی دادگا نەپەشۆکا و نە ورەی بەردا، بەڵکو بە وێنەی ئازاترین دلاوەر هەڵمەتی برد هیچی بەدەستەوە نەوو تەنها مشکی و جامانەکەی نەبێ ئەویشی گرتە سەر سنگی گرینهاوس)) ( سالار، ١٩٩٩، ل٦٨) . ئەم دیمەنەش دەچێتە خانەی قۆناغی بزووتنەوەی نەتەوایەتیەوە، چونکە باسی جەنگ و ڕووبەڕووبونەوەکانی شێخ مەحمود دەکات، لە دژی دوژمن و داگیرکەراندان، هەروەها باسی ئازایەتی و قارەمانیەتی ئەم سەرکردە کوردیە دەکات، چۆن لەو کاتەی کە لە ژێر دەستی دوژمنانیشدا بووە، هەرگیز بۆ ساتێکیش سەری بۆ شۆر نەکردوون و سازشی بۆنەکردوون. هەمیشە وەکو شێر ئاسا لە دژی دوژمن وەستاوەتەوە.

شانۆنامەی( ئاهەنگێ لە هەوارگەی یاراندا) یەکێکی دیکەیە لەو شانۆنامانەی کە بەشێکی بەرچاوی دیمەنەکانی دەچێتە خانەی قۆناغی بزووتنەوەی نەتەوایەتیدا. شانۆنامەنووس لە ساڵی( ١٩٩٨) نوسیوویەتی، لە ساڵی( ٢٢ / ٤ / ١٩٩٨) لە شاری هەولێر نمایشکراوە، لەلایەم هونەرمەند( ئەرسەلان دەروێش) کاری دەرهێنانی بۆ ئەنجامدراوە.

هۆکاری سەرەکی نووسینی ئەم شانۆنامە دەگەرێتەوە بۆ یادی سەد ساڵەی رۆژنامەگەری کوردی، ئەحمەد سالار تایبەت بەو بۆنەیە ئەم شانۆنامەی نووسیوە و نمایشی کردووە.

ناونیشانی ئەم شانۆنامە بەڕوونی باسی پیرەمێردی شاعیرمان بۆ دەکات، چۆن دەیەوێت بە بۆنەی جەژنی نەورۆزەوە، لە ناو دۆست و یار و ناسیاوانییدا ئاهەنگ و خۆشی دەگێرێت. کە تیادا باسی چۆنیەتی هەڵکردنی ئاگری نەورۆزمان بۆ دەکات لە سەردەمی رژێمدا، سەرەڕای قەدەغەکردنی گێرانی ئەم بۆنە، رۆڵەکانی کورد لەو سەردەمە ئەم بۆنە نەتەوایەتیان بەرز راگرتووە و بە هەموو شێوەیە ویستویانە زیندووی بکەنەوە.

ناوەرۆکی ئەم شانۆنامەیە بەشێوەیەکی گشتی باسی پیرەمێردی شاعیرە، بیرۆکەی سەرەکی ئەم شانۆنامەیە باسی بڵاوکردنەوەی یەکەمین رۆژنامەی کوردییە بە ناوی( رۆژنامەی کوردستان) کە لە ساڵی( ١٨٩٨ ) لە سەردەستی بنەماڵەی بەدرخانیەکانەوە بڵاوکرایەوە. لەگەڵ ئەوەشدا باسی شاعیرمان بۆ دەکات چۆن و بە چ شێوەیەک بۆنە نەتەوایەتیەکانی گێراوە، هەروەها باسی هەوڵ و ماندووبوون و تێکۆشانەکانی شاعیر دەکات، بۆ(بڵاوکردنەوەی بیری نەتەوایەتی نیشتمانپەروەری، بڵاوکردنەوەی خوێندن و خوێندەواری، گرنگی دان بە رۆژنامە، کردنەوەی ئاگری نەورۆز، ئاهەنگ گێران بە بۆنەی ئەم جەژنەوە....هتد).

لە دیمەنێکی شانۆنامەی( ئاهەنگێ لە هەواری یاراندا)دا، لە ڕێگەی گفتوگۆی نێوان کەسایەتییەکانی وەک( دەرهێنەر، شێخ سەعید) دا، باسی ئازایەتی و نەبەردی و قارەمانیەتی رۆڵەکانی میللەتی کوردمان بۆ دەکات، بەم شێوەیە:

(( دەرهێنەر: کاتێ شێخ سەعید رووبەرووی سێدارە بۆوە و رووی لە جەللادانی کرد و وتی:

شێخ سەعید: ئەمشەو مانگەشەوە، سوپاس بۆ تۆ خوای گەورە کە ئێمە شەویشمان هەر رۆژە، چونکە دەروونمان تاریکی تێدا نییە... ئەمرۆش دەبینە قۆچی قوربانی بۆ ئازادی کوردستان.. ئێمە برگەیەکین لەو قوربانیانەی کە لاشەکانمان دەکەین بە پرد بۆ ئەوەی کورد بەسەریا بۆ بەری رزگاری و ئازادی و بپەڕێتەوە.. ئەو مانگە جوانەی کە بە ئاسمانەوە خەرمانەی داوە و دەدرەوشێتەوە ئەوە هیوای کوردە... پێویست ناکات کەس بۆ ئێمە بگری..... پێبکەنن و شانازی بکەن کە ئێمە لە رێی خوا و کوردستاندا دەرۆین.... ئێوەش تاوانباران بۆخۆتان بگرین، رۆژێک دێت گەلی کورد ئەو رۆژەتان بێنێتەوە بەرچاو)) ( سالار، ١٩٩٩، ل ٢٢٦) ئەم دیمەنەش دەچێتە خانەی قۆناغی بزووتنەوەی نەتەوایەتیەوە، چونکە باسی یەکێک لە سەرکردە و شۆرشگێرەکانی میللەتی کورد دەکات، ئەویش( شێخ سەعیدی پیران)ە، چۆن لە کاتی لەسێدارەدان و مردنیشیدا هەمیشە وەک پاڵەوان لە دژی دوژمنان وەستاوەتەوە، هەرگیز سازشی بۆ دوژمنان نەکردووە.

لە دیمەنێکی دیکە هەمان شانۆنامەدا لە باسی ئەو سەردەمە دەکات، چۆن رۆژنامەنووس و نوســـەر و خەڵکـــی کوردســـتان دژی رژێمـــی پێشـــوو ڕاپەریـــن، ئەمەش لە ڕێـــگەی کەسایەتی(پیرەمیردە)ەوە، هەروەکو دەڵێت:

(( پیرەمێـــــرد: وەک رۆژنامەنوســـــێک لە چەقـــــی گەرمەی کێشـــــە و ڕاپەریـــــن و بەرەنگاربوونەوەکەدا دەژیم، تۆش( حەمە ساڵح دیلان) ئەوا داخوازییەکەت هاتە دی، بگرە نەورۆزەکەم،

( سرودی نەورۆز)

ئەم رۆژیساڵی تازەیە نەورۆزە هاتەوە

جەژنێکی کۆنی کوردە و بەخۆشی بەهاتەوە)) ( سالار، ١٩٩٩، ل ٢٢٦) ئەم دیمەنەش دەچێتە خانەی قۆناغی بزووتنەوەی نەتەوایەتیەوە، چونکە باسی ڕاپەرین و بەرەنگاربوونەوەکانی رابردوو دەکات لەو سەردەمەی پیرەمێردی شاعیر تێدا ژیاوە، هەروەها ئاماژە بە سرودی نەورۆزیش دەکات وەکو رەمز و بۆنە نەتەوەییەکانی میللەتی کورد، کە مانایی ڕاپەرین و بەرەنگاربوونەوەی ستەملێکراوان لە دژی ستەمکاران و زۆرداران.

لە دیمەنێکی دیکەی هەمـان شـانۆنامەدا باسـی لە نـاوچوونی کۆمـاری مەهابـاد دەکـات، لە ڕێگەی کەسایەتی( پیرەمێرد)ەوە، هەروەکو دەڵێت:

(( پیرەمێـرد: سـاڵی( ١٩٤٧) لە کـۆتەڵی کۆمـاری مەهابـادی کـوردا، کە دوژمـنە ریسـواکانی گەلەکەمان کۆتاییان پێهێنا، نەمتوانی ئاگری نەورۆز بکەمەوە، چونکە لە جەرگ و دەروونما داگیرســابوو، ئەو خــوێنی کوردەیــان هەر لەســەر دەمێنــێ)) ( ســالار، ١٩٩٩، ل ٢٢٧) ئەم دیمەنەش دەچێتە خانەی قۆناغی بزووتنەوەی نەتەوایەتیەوە، چونکە بە هۆی باسکردنی لە ناوچوونی کۆماری کوردستان لە مەهاباد، دەمانگەرێنێتەوە بۆ سەردەمی حوکمڕانی کۆماری مهابـاد کە( قـازی مـحەمەد) دروسـتی کردبـوو، دەیوسـت حـوکمەکەی هەمـوو کوردسـتان بگرێتەوە، بەڵام لەسەر دەستی دوژمن و داگیرکەرانی کوردستان لە ناوچوو.

لە دیمەنێکی دیـکەی هەمـان شـانۆنامەدا باسـی قەدەغەکـردن و ڕێگریگـرتن لە کـردنەوە و زینـــدووکرنەوەی ئـــاگری نەورۆز دەکـــات لە لایەن داگیـــرکەرانەوە، ئەمەش لە ڕێـــگەی کەسایەتی( نوسەر) ەوە، هەروەکو دەڵێت:

(( نوســەر: دیـارە ئەمە یەکـێکە لە ئـاهەنگە سـاڵانەکەی نەورۆزی پیرەمێـرد دیـارە داخـی ئەوەشی هەر لە دڵدا ماوە کە دوژمنانی کورد لێیان قەدەغە کرد، بۆیە دەڵێت:

یاخوا ئەو کەسەی کە ئەم دووساڵە

لێم کەوتە گیزە وەک زەردەواڵە

نەیهێشت ئاگری یارە بگرێ

چەقۆی ئاهی من جەرگی هەڵدرێ

ئێمە هەر بەو یادەوە نەورۆز زیندوو دەکەینەوە، لەم نەورۆزەدا شانۆییەکە( ٤٨) ساڵ پاش کۆچی پیرەمێردە، بە بۆنەی جەژنی سەد ساڵەی رۆژنامەگەری کوردیەوە.

ئەو رقە پیرۆزەوە لەم شوێنەوە لەم چقڵەی پیرەمێرد بە چاڵی چاوی، دوژمنە ریسواکانی دەوروبەرمانی دەکەین، دوژمنان بە چاوی هەر کەسێکدا لە هەر شوێنێکدا بێ و چاوی بە ئازادی و سەرفرازی کورد هەڵئایەت)) ( سالار، ١٩٩٩، ل ٢٢٨) ئەم دیمەنەش دەچێتە خانەی قۆناغی بزووتنەوەی نەتەوایەتیەوە، چونکە باسی رێگری کردن لە نەورۆز و چۆنیەتی کردنەوەی ئاگری نەورۆز، باسی دوژمنانی کورد دەکات کە هەرگیز ئارەزووی ئەوەیان نەکردووە، میللەتی کورد بۆ چرکەساتێکیش بە ئازادی و سەربەخۆی ببینن. لە رێگەی ئەم دیمەنەوە شانۆنامەنووس دەیەوێت پێمان بڵێت کە سەردەمەێک هەبووە رژێم هێندە ستەمکار و زۆردار بووە، نەیهێشتووە تەنانەت جەژنێکی نەتەوەیی وەک( نەورۆز) یش بە خۆشی بکەن و لێیانی قەدەغە کردووە. شانۆنامەنووس بەشێوەیەکی ناراستەوخۆ کۆمەڵگە وشیار و ئاگادار دەکاتەوە لە ستەمکاری و درەندەیی رژێمی پێشوو.

شانۆنامەی( باخ) یش یەکێکی دیکەیە لەو شانۆنامانەی کە بەشێکی زۆری دیمەنەکانی دەچێتە خانەی قۆناغی بزووتنەوەی نەتەوایەتیەوە. ئەم شانۆنامەیە لە ساڵی( ٢٠٠٨) لە لایەن( ئەحمەد سالار) ەوە نوسراوە، لە رۆژانی( ٨-٩-٢٠٠٨/٤/١٠) لە هۆڵی کۆمەڵەی هونەرە جوانەکانی کورد – لە سلێمانی نمایش کراوە.

هۆکاری سەرەکی نووسینی ئەم شانۆنامەش بریتی بووە لە دابەش بوون و پارچە پارچەکردنی کوردستانی گەورەیە لە لایەن داگیرکەرانەوە، ئەم بابەتە کاریگەری بەرچاوی لەسەر شانۆنامەنووس هەبووە بۆ نووسینی ئەم شانۆنامەیە.

بۆ هەڵبژاردنی وشەی( باخ) یش وەک ناونیشانی ئەم شانۆنامەیە، شانۆنامەنووس ویستویەتی لە رێگەی ئەم ناونیشانەوە، بە شێوەیەکی رەمز و ناراستەوخۆ پەیام و بیرۆکەکانی بە شێوەی روون و ئاشکرا بە وەرگر بگەیەنێت . چۆن کوردستانی لە شێوەی باخێک نیشانداوە، باخێک چۆن لە رابردوودا لە لایەن دوژمن و داگیرکەرانی میللەتی کورد وێران و خاپوور کراوە، دووبارە کوردەکان بە هەوڵ و ماندووبوونی خۆیان دەیانەوێت بونیاد و نۆژەنی بکەنەوە.

ناوەرۆکی ئەم شانۆنامەیە بەشێوەیەکی گشتی باسی دابەشبوونی کوردستان و دووبارە دروستکردن و نۆژەنکردنەوەی کوردستان و دروستکردنی نەخشەی کوردستان دەکات، لە لایەن رۆڵەکانی کوردەوە، هەروەها باسی هێرش و پەلامارەکانی دوژمن و داگیرکەرەکانی کردووە. بە شێوەیەکی گشتی ئەم شانۆنامەیە لەسەر شێوەی پۆلێکی خوێندن نوسراوەتەوە، کە( مامۆستا و قوتابیەکان) دەیانەوێت گەشتێک بکەن، بۆ باخێک لە باخە وێران و خاپوربووەکانی کوردستان، لەوێ مامۆستاکە داوا لە قوتابیەکانی دەکات کە هەموو هەوڵ و ماندووبونی خۆیان بدەن، لە پێناو دووبارە بنیاتنانەوەی ئەو باخە وێران و لەناوچووە. بە واتایەکی دیکە بیرۆکەی ئەم شانۆنامەیە بەشێوەیەکی ناراستەوخۆ باسی دووبارە بونیادنانەوە و دروستکردنەوەی شۆرش و خەبات و تێکۆشانی میللەتی کورد دەکات، چونکە مامۆستاکە داوا لە قوتابیەکانی دەکات، دووبارە دەست بکەنەوە بە دروستکردنەوەی باخەکە، واتە دووبارە دەستکردن بە شۆرش دژی داگیرکەران.

لە دیمەنێکی شانۆنامەی( باخ) دا بەشێوەیەکی رەمز باسی وێران بوون و کاولبوونی کوردستان دەکات، لە ڕێگەی کەسایەتی( مامۆستا) ەوە، دەڵێت:

(( مامۆستا: دار و درەختیان هەڵپاچی، باخ وێران و بەرەڵا بوو.. هێلانەی مەلان شێێندرا، نە جێ ژوان، نە سێبەر و سروەی بەیان، نەبۆی گوڵ و نە پەپولە و خۆرەی ئاو نەچەهچەهەی بولبولان.... نەمان، نەمان)) ( سالار، ٢٠٠٨، ل ٣١). لەم دیمەنەدا شانۆنامەنووس بە شێوەیەکی رەمز باسی ئەو سەردەمە دەکات، چۆن رژێمی پێشووی عێراق دەستی کرد بە وێران کردن و کاولکردنی گوند و دێهات و شارەکانی کوردستان، هەروەها باسی رادەی ئەو کاولکاریە و وێرانکاریانەمان بۆ دەکات، چۆن هەرچی دار و درەخت و گوڵ و گوڵزار و کانی و جۆگە هەبوو تێکیان دا و خانوو و هێلانەیەکانیشیان وێران و خاپورکرد، ئاشکرایە مەبەست لە تێکدانی هێلانەی مەلەکان واتە تێکدان و وێرانکردنی گوند و شار و ناوچەکانی کوردستان لە لایەن رژێمی پێشووە. ئەم دیمەنەش دەچێتە خانەی قۆناغی بزووتنەوەی نەتەوایەتیەوە، چونکە بەشێوەیەکی کرداری باسی رووخان و وێرانکردنی گوند و شارەکانی کوردستان دەکات.

لە دیمەنێکی دیکەی هەمان شانۆنامەدا باسی شەڕ و جەنگ و بەرەنگارییەکانی یەکێک لە وەزیرەکانی میرنشینی بابان بە ناوی( عەزیز بەگی بابان) دەکات، چۆن لە دژی داگیرکەر و دوژمنان وەستاوەتەوە. ئاشکرایە( عەزیز بەگی بابان) یەکێک بوو لە وەزیرەکانی میرنشینی بابان، کەسێکی ئازا و و چاونەترس بووە، بە هەموو شێوەیەک بەرگری لە میللەتی کورد و میرنشینەکە کردووە. ئەمەش لە ڕێگەی کەسایەتی( مامۆستا) ەوە بۆمان دەردەکەوێت، دەڵێت:

(( مامۆستا:.................................. له دووره‌وه ده‌نگی که‌ڕه‌نا و حیله‌ی ئه‌سپان و چریکه‌ی لاوکێکی چیایی ده‌نگی ئه‌دایه‌وه، سه‌ربورده‌ی به‌ره‌نگاربونه‌وه‌ی جه‌نگی عه‌زیز به‌گی بابانی له‌سه‌ر چیا و دار و به‌رد تۆمار ئه‌کرد............

باوه باوان.....( ده‌نگی که‌ڕه‌نا و حیله.....) ( به‌ستام ئه‌م پارچه شیعره‌ی سالم که چامه‌ی شه‌ڕش عه‌زیز به‌گ ناسراوه تێکه‌ڵ ئه‌بێ)

لێم گه‌رێن با گۆشه‌گیر بن ده‌سته ئه‌ژنۆ که‌ف زه‌نان

گێژه‌لووکه‌ی بای نه‌دامه‌ت، تاری سه‌فحه‌ی جیهان)) ( سالار، ٢٠٠٨، ل ٣٥ ــ ٣٦). شانۆنامه‌نووس له‌م شانۆنامه‌یه‌دا به گشتی سودی له رووداوه‌کانی مێژوو وه‌رگرتووه، به تایبه‌تی له‌م دیمه‌نه‌دا که ده‌گه‌رێته‌وه بۆ سه‌رده‌می حوکمڕانی میرنشینی بابانه‌کان، باسی هه‌وڵ و ماندووبوون و ئازایه‌تی و چاونه‌ترسی وه‌زیرێک له وه‌زیره‌کانی ئه‌م میرنیشنه ده‌کات. ئه‌م دیمه‌نه‌ش ده‌چێته خانه‌ی بزووتنه‌وه‌ی نه‌ته‌وایه‌تییه‌وه، چونکه باسی جه‌نگ و هه‌وڵ و رووبه‌رووبوونه‌وه‌کانی رۆڵه‌کانی میلله‌تی کورد ده‌کات له دژی دوژمنانه‌وه. شانۆنامه‌نووس له‌م دیمه‌نه‌دا یه‌کێک له شیعره‌کانی سالمی شاعیر تێهه‌ڵکێشی شانۆنامه‌که‌ی کردووه، ئه‌ویش باسی بارودۆخی ئه‌و سه‌رده‌م ده‌کات.

له دیمه‌نێکی دیکه‌ی هه‌مان شانۆنامه‌دا باسی هێرش و په‌لاماره‌کانی دوژمن و داگیرکه‌رانی کوردستان ده‌کات، چۆن ویستویانه له هه‌ر چوار لاوه کوردستان داگیر بکه‌ن و بمانخه‌نه ژێرده‌ستی خۆیان، ئه‌مه‌ش له ڕێگه‌ی که‌سایه‌تی( هه‌مووان) ه‌وه، ده‌ڵێت:

(( هه‌مووان: ئه‌سپێکی هه‌ڵشاخاو سه‌ر یاڵه‌که که‌وت، ئه‌ها ئه‌حیلێنێ و سمکۆڵانیه‌تی، به هه‌ر چوار لادا گه‌ڕ ئه‌خوا، له هه‌ر چوار لاوه چوار گورگی چاوسوور هێرشیان هێنا، بوون به ده، به سه‌د، هه‌زار... په‌لاماریان دا، ته‌نها چاوه سووره‌کان و که‌ڵپه ئاگرینه‌کانیان دیاره...)) (سالار، ٢٠٠٨، ل ٤٨) ئه‌م دیمه‌نه‌ش ده‌چێته خانه‌ی قۆناغی بزووتنه‌وه‌ی نه‌ته‌وایه‌تییه‌وه، چونکه شانۆنامه‌نووس به‌شێوه‌یه‌کی ره‌مز باسی هێرش و په‌لاماره‌کانی دوژمننان و داگیرکه‌رانی کوردستانی کردووه. چۆن ده‌یانه‌وێت له‌سه‌ر شێوه‌ی گورگ ئاسا خاک و خه‌ڵکی کوردستان بخۆن و داگیربکه‌ن، کوردستان بخه‌نه ژێر ده‌ستی خۆیان، شانۆنامه‌نووس له ڕێگه‌ی ده‌سته‌واژه‌ی( چوار گورگی سور) به‌شێوه‌یه‌کی ناراسته‌وخۆ ئاماژه به میلله‌تی کورد ده‌کات، که له هه‌ر چوار ده‌وربه‌ر و سنوری کوردستان، داگیرکه‌ران و وڵاتانی دراوسێ له شێوه‌ی گورگ ئاسا ده‌می خۆیان کردۆته‌وه، له فرسه‌ت و کاتێکی گونجاو ده‌گه‌رێن، بۆ ئه‌وه‌ی په‌لاماری کوردستان بده‌ن و خاکه‌که‌ی داگیربکه‌ن، خه‌ڵکه‌که‌ش بخه‌نه ژێر ده‌ستی خۆیان.

له دیمەنێکی دیکەی هەمان شانۆنامەدا باسی رووقایمی داگیرکەر و دوژمنانی کورد دەکات، کە بە هیچ شێوەیەک واز لە میللەتی کورد و کوردستان ناهێنن، بەردەوام دەیانەوێت میللەتی کورد لە ناو ببەن، ئەمەش لە رێگەی کەسایەتی( مامۆستا) ەوە بە روونی باسی لێوە کراوە، دەڵێت:

(( مامۆستا: پاش نەمانیشی، هەر واز نەهێنرا، بە هەموو شێوەیەک کنەیان لە باخی بەرەڵا کراوی دەستی وێراکاریا ئەکرد. باشە پرسیاریَ: ئاوێنە برا و دزرا و لەت لەت کرا و بڕایەوە، باشە ئیدی بۆ بەروک بەرنادەن و لێی ناگەرێن ؟ چییان گەرەکە ؟)) ( سالار، ٢٠٠٨، ل٥١) ئەم دیمەنەش دەچێتە خانەی قۆناغی بزووتنەوەی نەتەوایەتیەوە، چونکە باسی خاسییەت و تایبەتمەندی داگیرکەرانمان بۆ دەکات، چۆن بە هەموو شێوەیەک دەیانەوێت خاک و وڵاتی ئێمە داگیربکەن، چۆن دوای بردن و دابەشکردنی خاکی کوردستانیش هەر واز ناهێنن، بەردەوام دەبن لە سنور بەزاندن و هێرش دەکەنە سەر خاک و نیشتمانمان. لەم دیمەنەدا شانۆنامەنووس بە شێوەیەکی رەمز ئاوێنەی لە بری کوردستان بەکارهێناوە.

له دیمەنێکی دیکە هەمان شانۆنامەدا باسی دروستکردنی باخەکە دەکات، کە مەبەست لێی دروستکردنی نەخشەی کوردستانە، ئەمەش لە رێگەی گفتوگۆی نێوان کەسایەتییەکانی وەک (قوتابی ٢، قوتابی ٥)دا دەردەکەوێت:

(( قوتابی( ٢): ئەبیَ باخەکە بێتە دی و هەروەها دڵنیاشم ئەبیَ لەسەر گیرۆدەیی خراپترین گرفتیش بین. کاتمان بردە سەر و باخ لەسەر رووبەری کاغەز نەگوێزرایەوە سەر زەوی.

قوتابی( ٥): کام رووبەری کاغەز ؟

قوتابی( ٢): ئەی چیمان کردووە ؟

قوتابی( ٥): تەنها لەبیرمانا، راستە ئەوە مەرجی سەرەکیە، ئەی کەی وادەی دیَ ؟

قوتابی( ٢): دەزانی کەی ؟ ئەو وەرزەی من و تۆ ویستمان ئاوی شیرینی شار پێش خەونی ماڵە خنجیلانەکەمان خەین.)) ( سالار، ٢٠٠٨، ل ٥٨). سەرەتایی ئەم دیمەنە لە قۆناغی هەستی نەتەوایەتیدایە، چونکە بە شێوەی تیۆری باسی نەخشەی کوردستان دەکات، بەڵام دواتر هزرە نەتەوایەتیەکە بەرەو پێشەوە دەچێت و گەشەدەکات و دەچێتە خانەی قۆناغی بزووتنەوەی نەتەوایەتیەوە، چونکە لە سەرەتادا باسی نەخشەی کوردستان دەکات لەسەر کاغەر، بەڵام دواتر دروستکردنی نەخشەکە دەچێتە خانەی کرداری و لە لایەن کەسایەتییەکانەوە دەگوازرێتەوە بۆ سەر زەوی.

له دیمەنێکی شانۆنامەی( لە ژێر تارای سورمەچنە) دا بەشێوەیەکی رەمز و زمانی ناراستەوخۆ باسی ئازایەتی و چاونەترسی و قارەمانیەتی رۆڵەکانی میللەتی کورد دەکات، ئەمەش لە رێگەی کەسایەتی( پیرەمێرد)ەوە، کە دەڵێت:

(( پیرەمێرد: کوڕ گەڵ نامەردم مەکەن، چاکی مەردانە بەلادا کەن، ڕۆژ ڕۆژی سەربەرزانە. ڕۆژێکە و ئەمرۆ دەی سوار سوار بێ و دەست دەنە چەک، با ئاوێنە چەنگ خەینەوە، گوێم خرمە خرمی سمی ئەسپی شاسواران بێ ئەو سەرەی بۆ ئەو مەبەستە ئەیبەن پێی نەگەن نەیهێننەوە، لە قەرەواڵەی تفەنگتانەوە ئاسۆکان فراوان کەن، شەدەی سەرتان چاک شەتەک دەن ئامادەی گوڵڕەنگ بوونی کوردانە بێ)) ( سالار، ١٩٩٩، ل ١٩٢ ــ ١٩٣) ئەم دیمەنە دەچێتە خانەی قۆناغی بزووتنەوەی نەتەوایەتیەوە، چونکە باسی ئەو سەردەمانە دەکات کە میللەتی کورد لە جەنگ و ڕووبەڕووبونەوە و خەبات دابووە، لەگەڵ دوژمن و داگیرکەرەکانیدا، چۆن ڕۆڵەکانی میللەتی کورد بە ئازایەتی و گیانی خۆیان بەرگریان لە خاک و نیشتمانی خۆیان کردووە.

لە دیمەنێکی دیکەی هەمان شانۆنامەدا باسی داگیرکردنی کوردستان دەکات لە لایەن داگیرکەران و دوژمنانی میللەتی کوردەوە، ئەمەش لە گفتوگۆیەکی نێوان کەسایەتییەکانی وەک( پیرەمێرد، یەکەمیان، دووەمیان، سێیەمیان، چوارەمیان) دا دەردەکەوێت، بەم شێوەیە:

(( پیرەمێرد: بەر لە وادەی سەپیدەدان باڵندەیەکی ئێسک سووک، بە ئاسمانی باخی باوان دێت و دەچێ و پاشان لە ئاستی کانی شەکراو دەنیشێتەوە و دەنووکی لە کانیاوەکە تەڕ دەکات ئەوسا لە شەقەی باڵ دەدات و بۆ چەند جارێ خۆی لە دەوری باخەکە دەگێڕێ و تێ دەچریکێنێ ئەمان چریکاندنێ دونیا ڕۆشن دەبێتەوە ئەوسا سەر مەزنە کێوان دەکەوێت و خۆی بۆ ئاستی خۆر دەگەیەنێنێ، لەوە دەچێ تەنها خۆر لانەی بێت.

( چەند دەمامک لە ڕوویەک دەردەکەون بە شێوەی بینراوی بووکە سەماکەرانە)

یەکەمیان:( بەگاڵتە پێکردنەوە) مەلی خۆش خوانیان گەرەکە.

دووەمیان: بەڵێ بەڵێ گەلەک جوانە، هۆمای بەختیان بۆ ڕاو دەکرێ، زۆر ئاسانە !!

سێیەمیان: نیازیان وایە ڕاوی بکەن، دەستەمۆی بکەن، کەوی قەفەزی بەزمیان بێت.

چوارەمیان: بۆ نەیکەین بە کێشەی خۆمان هەر یەکەتان بە پێی کات و زەمان دەمامکەکانتان، ئەم دیو ئەو دیو، ئاوەژوو بوون، هەڵگێرانەوە، شاردنەوە، یان بۆ تاوێ بەلاوە نان.)) (سالار، ١٩٩٩، ل ١٩٥) ئەم دیمەنە دەچێتە خانەی قۆناغی بزووتنەوەی نەتەوایەتیەوە، چونکە بە شێوەیەکی ڕەمز باسی داگیرکردن و دەستەمۆکردنی میللەتی کورد دەکات، شانۆنامەنووس میللەتی کوردی بە باڵندەیەکی چواندووە، چۆن ڕاوچییەکان کە ئاماژەیە بۆ دوژمن و داگیرکەرانی کوردستان، دەیانەوێت ڕاوی بکەن و بیخەنە ژێر دەستی خۆیان و لە ناو قەفەزدا زیندانی بکەن و چییان پێ خۆش بێت بەم شێوەی لەگەڵدا بکەن. دوژمن و داگیرکەرانی کورد لە دێر زەمانەوە لە هەوڵدابوون بۆ ئەوەی میللەتی کورد بخەنە ژێردەستی خۆیان.

له دیمەنێکی دیکەی هەمان شانۆنامەدا باسی رزگار کردنی خاکی داگیرکراوی کوردستان دەکات، لە رابردوودا لە لایەن دوژمن و داگیرکەرانەوە داگیرکرابوو، ئەمەش لە گفتوگۆی نێوان کەسایەتییەکانی وەکو( هیوا و پیرەمێرد) دا بۆمان روون دەبێتەوە، بەم شێوەیە:

(( هیوا: لالۆ گیان قوربانی ئەو ردێنە چەرمووەت بم، تاکەی بووکێ چاوەران بێ ؟! کەنگێ ئاوێنە روون دەبێتەوە و باخە بە خاوەنی دەگاتەوە.

پیرەمێرد: باخ چنگ دەکەوێتەوە و ئاوێنەش دەبێ روون بێتەوە.

هیوا: لەوە دەچێ، ئەوەی ئێمە دەمانەوێ لە گەرووی شێر و نەهەنگا بێ.

پیرەمێرد: شێر و نەهەنگ دەستەمۆی دەستی زەبری بوێرانن)) ( سالار، ١٩٩٩، ل ١٩٧) ئەم دیمەنەش دەچێتە خانەی قۆناغی بزووتنەوەی نەتەوایەتیەوە، چونکە باسی داگیرکردن و دەست بەسەرداگرتنی خاکی کوردستان دەکات، لە لایەن داگیرکەرانی میللەتی کوردەوە. شانۆنامەنووس بەشێوەیەکی رەمز باسی گەراندنەوەی باخەکە دەکات کە مەبەست لێی خاکی داگیرکراوی کوردستانە، لە لایەن ولاتانی دەوروبەرەوە، هەروەها باسی ئازایەتی و بوێری میللەتی کورد دەکات، چۆن بەردەوام لە هەوڵ و تێکۆشان دانە بۆ وەرگرتن و سەندنەوەی مافەکانی خۆیان، ئەگەر لە گەرووی شێر و نەهەنگیش دابێت.

له دیمەنێکی دیکەشدا باسی جەژنی نەورۆز دەکات، وەکو یەکێک لە جەژن و بۆنە نەتەوایەتی و نیشتمانییەکانی میللەتی کورد، ئەمەش لە رێگەی کەسایەتی( باپیر)ەوە، دەڵێت:

( باپیر: چاوەڕوانی چین، نەورۆزە، نەورۆز لە هەمووان پیرۆز، لە کوێن عاشقانی دڵتەری نەورۆز، کوا بەزەم رەزم، ئاهەنگ و شایی و لۆغان، کامەتان یارییەکەی جاران دەکات، لە کوێن یاران(( سالار، ١٩٩٩، ل ٢٠٩) ئەم دیمەنەش دەچێتە قۆناغی بزووتنەوەی نەتەوایەتیەوە، چونکە ناوهێنان و باسکردنی جەژنی نەورۆز واتایی بەرەنگاربونەوە و وەستانەوە دەگەیەنێت لە دژی داگیرکەر و زۆردارانەوە، هەروەها باسکردن و ئاماژە کردن بۆ نەورۆز خۆی لە خۆیدا نیشانەی هەبوون و مانەوەی میللەتی کورد و خەباتکردن و تێکۆشانە لە دژی زالم و زۆردارانەوە.

له دیمەنێکی دیکەشدا باسی ئەوە دەکات کە پێویستە خزمەتی خاک و ولاتی خۆمان بکەین، واز لە نۆکەری و خزمەتکاری خەڵکی بێگانە بێنین، ئەمەش لە رێگەی کەسایەتی (پیرەمێردە)ەوە، دەڵێت:

(( پیرەمێرد: باوە گەورەمان ئامۆژگاری دەکردین، باخەوانی باخی خۆمان بین، نەک سەپانی خەڵکی دی.... بۆیە لە هەر گەلایەکی درەختی ئەو باخە بۆنی تەمەنی چەندەها پیر و نەوجەوانی لێ دێ. بۆیە لە پێناو سەندنەوەی دەبێ بەگژ هەزارەها قوللەی قاف و هەموو دێو درنج و هەژدیهایەکدا بچین، بیرتان نەچێ ئەو درەختانە پەیکەری زیندووی ئەو دلێرانەن

که به پێوه مردن)) ( سالار، ١٩٩٩، ل٢١٤) ئەم دیمەنە دەچێتە خانەی قۆناغی بزووتنەوەی نەتەوایەتییەوە، چونکە باسی پاراستن و فیداکاری و قوربانیدان بۆ خاک و نەتەوە و میللەتەکەی خۆمان دەکات، چۆن بۆ هەر گەڵای درەختێکی ئەم خاکە خوێنی چەندەها دلێر و نەبەردی لەسەر رژاوە. بۆیە پێویستە بە گیان ئەم وڵات و نیشتمانە بپارێزین.

لە دیمەنێکی دیکەشدا باسی یەکێک لە کێشە کۆن و بەردەوامەکانی میللەتی کورد دەکات، لەگەڵ دەوڵەت و وڵاتانی دەوربەردا، ئەویش کێشەی داگیرکردن و زەوتکردنی خاک، کە لە گفتوگۆیەکی نێوان کەسایەتییەکانی وەک( باپیر، هەمووان، پیرەمێر)دا دەردەکەوێت، بەم شێوەیە:

(( باپیر: کاکۆی پیر و جوان، کاتێ کێشەی خاکە، کوڕینە هۆو.

هەمووان: هۆو

باپیر: گەمەی پاشاییمان بەردەوامە. کێشە خاکە، کێشەی ژەنگی ئاوێنەیە، ووریا بن هۆو.

هەمووان: هۆو هۆو....

پیرەمێرد: فایلی خاک بێنە پێشێ)) ( سالار، ١٩٩٩، ل ٢١٥) ئەمەش دەچێتە خانەی قوناغی بزووتنەوەی نەتەوایەتییەوە، چونکە بەشێوەیەکی رەمز باسی داگیرکردن و دەستبەسەرداگیرکردنی خاک کوردستان دەکات لە لایەن داگیرکەرانەوە. میللەتی کورد هەر لە کۆنەوە کێشە داگیرکردنی خاکی لەگەڵ وڵاتانی دراوسێیدا هەبووە، چونکە ئەوان لە میللەتی کورد بەهێزتر بووینە و بەردەوام لەبچوکترین فرسەتدا خاکی کوردستانیان خستوتە سەر نەخشەی خۆیان و رووبەری خۆیانیان پێ فراوان کردووە.

لە دیمەنێکی دیکەشدا بە روونی باسی رووبەرووبونەوە و جەنگان و بەرەنگاری دوژمن و داگیرکەرانی کورد دەکات لە لایەن میللەتی کوردەوە، هەروەها باسی ئازایەتی و نەبەردی گەنجانی کورد دەکات، ئەمەش لە رێگەی کەسایەتی( باپیر)ەوە دەڵێت:

(( باپیر: سوارە جەنگاوەرێکی گەلێک جەربەزە و لێهاتوو دەبێ، لەو جەنگەدا کە دوژمنان لەگەڵ کوردی دەکەن، سوارە ماڵئاوایی لە دولبەرەکەی دەکات و لە ریزی پێشەوە جەنگاوەراندا دەبێ. کچە لە خەونا دەبینێ سوارە کوژراوە،... پاش کۆتایی جەنگەکە هەر لە چاوەنواری دەستگیرانە ئازاکەی دەکات و ئاکام تێ دەگات ئیدی نایەتەوە..... کوان کوڕ گەڵ هۆو کاکۆ هۆو.... وادەی هەرەوەزە هۆو..)) ( سالار، ١٩٩٩، ل ٢١٧) ئەم دیمەنەش دەچێتە قۆناغی بزووتنەوەی نەتەوایەتەوە، چونکە باسی ئازایەتی و قارەمانیەتی رۆڵەکانی میللەتی کورد دەکات، چۆن جەنگاوەرێکی ئازا بەرگریان لە خاک و نیشتمانی خۆیان کردووە.

## ئەنجام

دەتوانین گرنگترین ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە لەم خاڵانەی خوارەوەدا چڕبکەینەوە:

١ـ بابەتەکانی هزری نەتەوایەتی و ڕەهەندە مێژوویی و کۆمەڵایەتییەکانی ڕۆڵێکی کاریگەریان لە سەر ژیانی کۆمەڵگەکانی سەردەم و نووسین و توێژینەوەکانی تایبەت بە گەشەکردنی ئەو کۆمەڵگانەوە هەیە، بە تایبەت بۆ نەتەوەیەکی وەکو نەتەوەی کورد کە تاکو ئەمڕۆش پرۆسەی نەتەوایەتی چ لەئاستی تیۆری و چ لە ئاستی پراکتیکیدا بە ئاکام نەگەیشتووە و پێویستی بە وروژاندن و ئاراستەکردنی پەیامی بەردەوامە، بۆیە ئاوڕدانەوە لە شانۆنامەکانی( ئەحمەد سالار) وەکو بەرجەستەکردنێکی ئەدەبی بۆ ئەو پەیامە دێتەژماردن.

٢ـ پەیامی نەتەوایەتی تیمای سەرەکی شانۆنامەکانی( ئەحمەد سالار) پێکدەهێنێت کە جەختکردنە لەسەر ناسنامەی نەتەوایەتی و بەرجەستەکردنی ئەو هەموو ستەم و کارەساتانەی بە درێژایی مێژوو تووشی نەتەوەکەمان بووە، بەڵام لەپاڵ ئەوەشدا ئازایەتی و خەباتی نەپساوەی نەتەوەکەی فەرامۆش نەکردووە و پانتاییەکی فراوانی لە نێو شانۆنامەکانیدا بۆ تەرخانکردووە.

٣ـ پەیامی نەتەوایەتی لە شانۆنامەکانی( سالار)دا وەنەبێت یەک ئاستی هەبێت، بەڵکو بە گوێرەی قۆناغە مێژووییەکانی هزری نەتەوایەتی:( قۆناغی هەستی نەتەوایەتی، قۆناغی وشیاریی نەتەوایەتی، قۆناغی بزووتنەوەی نەتەوایەتی)، تایبەتمەندی و ڕەهەندی جیاوازی هەیە و لە هەر قۆناغێکدا بە پێی ئاستی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی قۆناغەکە پیشاندراوە.

٤ـ یەکێک لە تایبەتمەندییە داهێنەرەکانی شانۆنامەکانی( سالار) لە بواری هزر و پەیامی نەتەوایەتیدا لەوەدایە کە توانیویەتی بەدەر لە نمایشکردنیان لەسەر شانۆ، لە ڕێگەی فرەدەنگی کەسەکان و هەمەڕەنگی کات و شوێنەوە لە هەموو شانۆنامەکانی بە گشتی و لە ئاستی یەک شانۆنامەدا بە تایبەتی، هەموو تایبەتمەندییەکانی پەیامی نەتەوایەتی قۆناغە جیاوازەکانی هزری نەتەوایەتی بە زمانێکی شیعری و بە بەکارهێنانی هێماو خوازە بەرجەستەبکات.

٥ـ بەشـێوەیەکی گشـتی لە شـانۆنامەکانی(ئەحمەد سـالار )دا ڕەمـز و زمـانی ناراسـتەوخۆ دەستێکی بـاڵا و کـاریگەری هەبووە، چونکە بەشـێکی زۆری شـانۆنامەکانی ئەحمەد سـالار دەگەرێـتەوە بـۆ سـەردەمی پـێش ڕاپەریـن، لەو سەردەمەشـدا رژێـم دەسـەڵاتدار بـووە، باسـکردنی پەیـام و هـزرە نەتەوایەتییەکـان، دەربڕینـی ئـێش و ئـازاری میللەتـی کـورد، دەرخسـتنی سـتەم و زۆرداریی‌یەکـانی رژێـم بە هەمـوو شـێوەیەک قەدەغە بـووە، کەس نەیدەتوانی بە ئاشـکرا باسـی ئەو بابەتـانە بکـات. بـۆیە شـانۆنامەنووس بـۆ دەربـازبوون و رزگاربوونی بەرهەمە ئەدەبییەکانی لە ژێر چاودێری ئەدەبی و هونەری ئەو کاتە، پەنـای بـۆ بەکارهێنانی ڕەمز بردووە.

## لیستی سەرچاوەکان

**یەکەم / بە کوردی:**

**أ / کتێب:**


١. ئامێدی، عەبدوڵڵا یاسین ( ٢٠٠٥ ). **هۆنراوەی بەرگری لە شیعری چەند شاعیرێکی کرمانجی سەروو ١٩٣٩ – ١٩٧٠**، هەولێر: چاپخانەی کۆری زانیاری کورد.

٢. ئوسمان، محسن ( ٢٠٠٨). **مێزۆپۆتامیا**، چاپائێکێ، دهۆک: چاپخانا خانی.

٣. ئیسماعیل، سەباح ( ٢٠٠٩). **چەمک و ئیستاتیکای شوێن لە ئەدەبدا**، چاپی یەکەم، هەولێر: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس.

٤. ئەحمەد، کەیفی ( ٢٠١٨). **هونەری شانۆ لە شاری کۆیە ١٩٨٠ ـ ٢٠٠٨**، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاڵای رووناکی.

٥. ئەحمەد، کەیفی (٢٠١٣) **ریالیزم لە شانۆی کوردیدا**، هەولێر: چاپخانەی رۆشنبیری.

٦. ئەرستۆ( ٢٠٠٤). **هونەری شیعر**، و:د.عزیز گەردی، سلێمانی: چاپخانەی گەنج.

٧. ئەلعەزاوی، قیس جەواد ( ٢٠٠٠٧). **رەگ و ریشەکانی ناسیۆنالیزمی توورکی**، و. د.موحسین ئەحمەد عومەر، چاپی یەکەم، سلێمانی: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی سەردەم.

٨. بۆرەکەی، سەدیق( سافی زادە) ( ٢٠٠٨). **مێژووی وێژەی کوردی**، بەرگی یەکەم، چاپی دووەم، هەولێر: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس.

٩. بەدلیسی، شەرەفخانی ( ١٩٧٢). **شەرەفنامە**، و.هەژار، بەغدا: لە چاپکراوەکانی کۆری زانیاری کورد.

١٠. پیربال، فەرهاد (٢٠٠١). **مێژووی شانۆ لە ئەدەبیاتی کوردیدا لە کۆنەوە تا ١٩٥٧**، چاپی یەکەم، هەولێر: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس.

١١. پیربال، فەرهاد (٢٠٠٢). **عبدوالرەحیم رەحمی هەکاری**، هەولێر: چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە.

١٢. پیربـاڵ، فەرهـاد (٢٠٠٥). **کرۆنۆلۆژیـای کوردسـتان**، هەولێـر: چـاپ و بڵاوکـردنەوەی سەنتەری نما.

١٣. تەنیـا، حەسـەن ( ١٩٨٤). **شـانۆ و شـانۆی کـوردەواری**، بەغدا: دەزگـای رۆشـنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، زنجیرەی ١١١.

١٤. حوسـێن، هیمـداد ( ٢٠٠٧). **دەروازەیەک بـۆ ڕەخنەیـی ئەدەبیـی کـوردی**، چـاپی یەکەم، دهۆک: چاپخانەی خانی.

١٥. حەمەباقی، محەمەد ( ٢٠٠٠). **شۆرشی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری( ١٨٨٠) لە بەڵگەنامەی قاجاریدا**، چاپی یەکەم، هەولێر: چاپخانەی موکریان.

١٦. خەزنەدار، مـارف ( ٢٠٠٢). **مێـژووی ئەدەبـی کـوردی**، بەرگـی دووەم، چـاپی یەکەم، هەولێر: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس.

١٧. خەیـات، ئـازاد تۆفیـق ( ٢٠١٢). **ناسـیۆنالیزمی کـوردی و هۆکارەکـانی کـامڵنەبوونی**، سلێمانی: چاپخانەی لەریا.

١٨. ڕەحمان، عەبدوڵڵا ( ٢٠١١). **شیعری شـانۆیی لە ئەدەبی کوردیدا باشـوری کوردسـتان (١٩٢٥ ـ ١٩٦١)**، هەولێر: چاپخانەی حاجی هاشم.

١٩. سابیر، پەرێز ( ٢٠٠١). **بینای هونەری چیرۆکی کوردی لە سەرەتاوە تا کۆتایی جەنگی جیهانی دووەم**، سلێمانی: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

٢٠. سابیر، جەبار ( ٢٠٠٧). **ژیان لە پێناو گێرانەوەدا**، سلێمانی: چاپخانەی ڕوون.

٢١. سابیر، ڕەفیق (٢٠٠٣). **کەلتوور و ناسیونالیزم**، چاپی دووەم، سلێمانی: دەزگـای چـاپ و پەخشی سەردەم.

٢٢. سـابیر، ڕەفیـق (٢٠١٤). **ئیمرتۆریـای لـم لەبـارەی ئیسـلام خێـل و ناسـیۆنالیزم**، چـاپی چوارەم، سلێمانی: ناوەندی غەزەلنووس بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە.

٢٣.جەمال، ئارام ( ٢٠٠٤). **ڕەهەندی ناسیۆنالیزم**، چاپی یەکەم، سلێمانی: چاپخانەی شڤان.

٢٤. سالار، ئەحمەد (١٩٨٠). **دەروازەی دراما**، بەشی یەکەم، بغداد: چاپخانەی دار الحریە.

٢٥. سالار، ئەحمەد (١٩٨١). **كۆميديا**، سالار، سلێمانی: چاپخانەی زانكۆ.

٢٦. سالار، ئەحمەد (١٩٩٦). **بنیاتنانی شانۆی كوردی**، چاپی یەكەم، هەولێر: چاپخانە ؟ .

٢٧. سالار، ئەحمەد (١٩٩٩). **شانۆی سالار**، هەولێر: چاپخانەی رۆشنبیری.

٢٨. سالار، ئەحمەد (٢٠٠٤). **رۆژانی گوڵ رەنگ**، چاپی یەكەم، هەولێر: دەزگای چاپ و بڵاوكردنەوەی ئاراس.

٢٩. سالار، ئەحمەد (٢٠٠٨). **شانۆگەری باخ**، چاپی یەكەم، سلێمانی: بڵاوكراوەكانی گۆڤاری شانۆ.

٣٠.ساڵح، مەجید ( ٢٠١٦). **بیری نەتەوەیی لای شێخ نوری شێخ ساڵح**، چاپی یەكەم، سلێمانی: چاپخانە ؟ .

٣١. سجادی، علائەدین ( ١٩٥٢). **مێژووی ئەدەبی كورد**، بغداد: چاپخانەی معاریف.

٣٢. سمۆ، ئیبراهیم ئەحمەد (٢٠٠١). **كاریگەری كەلەپوری كوردی لە شانۆی كوردیدا**، چاپی یەكەم، هەولێر: دەزگای چاپ و بڵاوكردنەوەی موكریان.

٣٣. سمۆ، ئیبراهیم ئەحمەد (٢٠٠٧). **شانۆی كوردی لە نێوان دەقی خۆماڵی و بیانیدا**، سلێمانی: چاپخانەی تیشك.

٣٤. سمۆ، ئیبراهیم ئەحمەد (٢٠٢٠). **رەگەزێن شانۆیێ د ئەدەبێ كوردیدا**، چاپی دووەم، تەهران: چاپخانەی مەتین.

٣٥. سمیس، ئەنتون دي ( ٢٠٠٤). **نەتەوەخوازی تیۆری و ئایدۆلۆژیا و مێژوو**، و.هوشیار عەبدولرەحمان سیوەیلی، چاپی یەكەم، هەولێر: دەزگای چاپ و بڵاوكردنەوەی ئاراس.

٣٦.سەراج، عەبدوڵڵا ( ٢٠٠٧ ). **بەرەو... ئاستانەی رۆمان و گۆشە نیگاكان**، سلێمانی: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

٣٧. سەعید، دانا عەلی ( ٢٠٠٣). **هونەری نووسینی دەقی شانۆی خۆماڵی**، سلێمانی: دەزگای چاپ و بڵاوكردنەوەی سەردەم.

٣٨. سـەعید، هیـوا عەزیـز ( ٢٠٠٣). **ناسـیۆنالیزمی کـوردی( ١٨٨٠ ــ ١٩٣٩)**، سـلێمانی: بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیر و هۆشیاری( ی.ن.ک).

٣٩. عبدالخالق، مسعود ( ٢٠٠٨). **موسوعەی جودی**، بەشی یەکەم، چاپی یەکەم، هەولێر: بڵاوکراوەی التفسیر.

٤٠. عەبدوڵڵا، پەروین ( ٢٠٠٨). **رەگەزەکانی دراما لە شیعری لیریکی کوردی( کرمانجی خواروو ١٩٨٠ ـ راپەرین)**، سلێمانی: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی سەردەم.

٤١. عەبدوڵڵا، فەهمی شوکری ( ٢٠١٠). **نەتەوە و دەولەت و ئاین لە هزری ئەحمەدی خانیدا (١٦٥٠ ـ ١٧٠٧)**، هەولێر: چاپخانەی رۆشنبیری.

٤٢. عەلی، جەعفەر ( ٢٠٠٤) **ناسیۆنالیزم و ناسیۆنالیزمی کوردی**، سلێمانی: چاپخانەی رەنج.

٤٣. فەرەج، سەلام ( ٢٠٠٩). **گەشەسەندنی درامای کوردی ١٩٧٥ ــ١٩٩٥**، چاپی یەکەم، سلێمانی: چاپخانەی رەنج.

٤٤. ڤیان، ایاد عجاج ( ٢٠١٦). **قۆناغێن پەیدابونا هزرا نەتەوەی ل ناڤ کوردان**، دیداری نەتەوەی سۆران، ٢٧ـ٢٨ ئەیلول، چاپی یەکەم، هەولێر: چاپخانەی رۆژهەڵات.

٤٥. قاسم، شـڤان( ٢٠١١). **رۆڵێ دەقی دئاڤاکرنا درامایا کوردیدا**، هەولێر: چاپخانەی رۆشنبیری.

٤٦. کاردۆ ( ٢٠٠٦). **فەرهەنگی زاراوەی شانۆیی**، کەرکووک: چاپخانەی ئارابخا.

٤٧. کۆچێرا، کریس ( ١٣٦٩). **کورد لە سەدەی( ٢٠ و ١٩)دا**، و.محەمەد رەیاتی، چاپی دووەم، تەهران: چاپخانەی سەقز.

٤٨. کۆکردنەوەی کۆمەڵێک مامۆستا ( ٢٠٠٧). **فەرهەنگی هەراشان**، هەولێر: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس.

٤٩. گیبریا، مونتسرات ( ٢٠٠٣). **نەتەوایەتی و دەوڵەتی نەتەوەیی**، و. کەمال رەشید شەریف، سلێمان: بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیر و هۆشیاری( ی.ن.ک).

٥٠. محمد، محمد بكر ( ٢٠٠٤). **پەخشانە شیعری کوردی تەنکۆ ــ سیمانتیکی گوتاری کوردی**، چاپی یەکەم، هەولێر: چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە.

٥١.محەمەد، سمکۆ ( ٢٠١٨). **ناسیۆنالیزم لە نێوان فکر و سیاسەتدا**، هەولێر: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریان.

٥٢.محەمەد، مسعود ( ١٩٧٤). **حاجی قادری کۆیی**، بەشی دووەم، بەغدا: چاپخانە ؟ .

٥٣.مستەفا، ئازاد ( ١٩٩٦). **نەتەوە و نەتەوایەتی**، چاپی سێیەم، چاپخانەی پەخش و بڵاوکردنەوەی پاسۆک.

٥٤. موکریانی، هەژاری ( ١٣٦٨). **هەنبانە بۆرینە**، چاپی یەکەم، تهران: سروش.

٥٥. میهرداد، ئەکرەمی ( ٢٠٠٦). **ناسیۆنالیزم**، سلێمانی: بڵاوکراوەی مەکتەبی بیر و هۆشیاری (ی.ن.ک).

٥٦. مەدەنی، حوسێن ( ٢٠٠٠). **کوردستان و ئیستراتیژی دەوڵەتان**، بەرگی دووەم، چاپی دووەم هەولێر: چاپخانە ؟ .

٥٧. ناوخۆش، سەلام ( ٢٠٠٦). **ئاین و ناسیۆنالیزم**، چاپی یەکەم، هەولێر: بڵاوکراوەی التفسیر.

٥٨. نەبەز، جەمال ( ٢٠٠٢). **بیری نەتەوەییی کوردی نە بیری قەومیەتی رۆژهەڵاتی و نە بیری ناسیۆنالیزمی رۆژاوایی یە**، چاپی دووەم، لەندەن: بڵاوکراوەی بنکەی کوردنامە.

٥٩. هالیدای، فرید ( ٢٠٠٢). **ناسیۆنالیزم**، و.رێباز مستەفا، سلێمانی: لە بڵاوکراوەکانی رۆناکبیری (ی.ن.ک) مەکتەبی رێکخستن.

٦٠. هەورامی، حمە کەریم ( ٢٠٠١). **درامای کوردی لە ناو درامای جیهانیدا**، چاپی یەکەم، هەولێر: چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە.

**ب/ دیوانە شیعریەکان:**

٦١. جاف، ئەحمەد موختار( ٢٠١٦). **دیوانی ئەحمەد موختار جاف**، د.عزالدین مستەفا رسول، تهران: چاپخانەی تاران ـ پەنجەرە.

٦٢. خانی، ئەحمەدی ( ٢٠٠٨). **مەم و زین**، چاپی دووەم، هەولێر: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس.

٦٣. دیلان، محەمەد ساڵح ( ٢٠١٣). **دیوانی محەمەد ساڵح دیلان**، ئامادە و لێکۆڵینەوە: د. عەبدوڵڵا ئاگرین، چاپی دووەم، هەولێر: چاپخانەی چوارچرا.

٦٤. قوبادی، خانی ( ١٩٧٥). **شیرین و خسرەو**، بەغدا: کۆری زانیاری کورد.

٦٥. کۆیی، حاجی قادری ( ١٣٩٠). **دیوانی حاجی قادری کۆیی**، لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی: سەردار میران و کەریم مستەفا شارەزا، چاپی یەکەم، سنە: بڵاوکراوەی کوردستان.

٦٦. گۆران، عەبدوڵڵا ( ١٣٨٦). **دیوانی گۆران**، چاپی سێیەم، بڵاوکراوەی پانیز، تەهران: چاپخانەی داڵاهۆ.

٦٧. مەحوی (١٣٨٧). **دیوانی مەحوی**، لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی: ملا عەبدولکریمی مودەریس، چاپی پێنجەم، سنە: بڵاوکراوەی کوردستان.

٦٨. هەمەدانی، بابەتاهیری ( ١٩٦٠). **گەنجیە بەشێک لە چوارینەکانی بابەتاهیری هەمەدانی**، دڵزار کردویەتی بە کوردی، بەغدا: لە بڵاوکراوەکانی رۆژنامەی ئازادی.

**پ / نامەی ئەکادیمی:**

٦٩. ئاگرین، عەبدوڵڵا عەزیز ( ١٩٩٩). **کاریگەری بیری نەتەوەیی لە گەشەسەندنی کورتە چیرۆکی کوردیی کوردستانی عێراقدا ١٩٦١ ـ ١٩٧٠**، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی ئاداب، هەولێر: زانکۆی سەلاحەدین.

٧٠. رەشید، عطا ( ٢٠١٢). **بنیاتی دەق لە درامای کوردیدا( ١٩٧٠ ـ١٩٩١) راپەرین**، نامەی دکتۆرا، فاکەڵتی پەروردە /کەلار، سلێمانی: زانکۆی سلێمانی.

٧١. ڕەشید، یاسین ( ٢٠٠٤). **ناوەرۆک و تەکنیکی درامای کوردی**، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، سلێمانی: زانکۆی سلێمانی.

٧٢. سەعید، نەوزاد وقاص ( ١٩٩١). **شیعری نیشتمانی سالم ١٨٠٥ – ١٨٦٩**، نامەی ماستەر کۆلێژی ئاداب، هەولێر: زانکۆی سەلاحەدین.

٧٣. سەعید، ئیسماعیل عبدولرەحمان ( ١٩٩٩). **ناسیۆنالیزمی ئێرانی( ١٩٠٦ ـ ١٩٠٤)**، نامەی ماستەر، کۆلێژی ئەدەبیات، هەولێر: زانکۆی سەلاحەدین.

٧٤. طاهر، مەکنون محمد ( ٢٠٢٠). **تەکنیکا دیالۆگ دراماێ د( حەیرانۆک) ا کوردیدا**، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، هەولێر: زانکۆی سەلاحەدین.

٧٥. عوسمان، نەوزەت ئەحمەد ( ١٩٩٩). **ڕەگەزەکانی چیرۆک لە داستانی( مەم و زینی) خانیدا**، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی پەروەردە/ ئیبن روشد، بەغدا: زانکۆی بەغدا.

٧٦. فەرەج، سەلام (١٩٨٩). **کەسایەتی لە درامای کوردی**، کولێجی ئاداب، هەولێر: زانکۆی سەلاحەدین.

٧٧. قادر، کارزان محسن ( ٢٠٠٩). **سیما تازەکان لە ڕۆمانی کوردی لە نێوان ساڵەکانی ١٩٩٢ – ٢٠٠٠**، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، هەولێر: زانکۆی سەلاحەدین.

٧٨. نەبی، کامیران محمد ( ٢٠٠٥). **قۆناغەکانی گەشەکردنی بیری نەتەوایەتی لە شیعری کوردیدا لە سەرەتاوە تا کۆتایی سەدەی بیستەم**، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، هەولێر: زانکۆی سەلاحەدین.

### ت / گۆڤار و ڕۆژنامە:

٧٩. بێگەرد، ڕەئوف ( ١٩٩٣). **شوێن لە چیرۆکدا**، گۆڤاری سبەی، ژ.٢، هەولێر.

٨٠. پور، ناسر قادر ( ١٣٨٩). **ناسیۆنالیزم**، گۆڤاری تیشک، ژ ٢٦، خاکەلێوە.

٨١. پور، ئەمیر حەسن ( ١٩٩٣). **پێداچونەوەی کتێبی( ئیتنۆناسیۆلیزمی کورد)**، و.هاشم کۆچانی، گۆڤاری رابوون، ژ( ٧،٨).

٨٢. تومسن، جۆرج ( ١٩٨٥). **پەیدابوونی دراما**، و. ئازاد حەمە شەریف، گۆڤاری کاروان، ساڵی سێیەم، ژ.٣٢.

٨٣. رێنان، ئێرنست (٢٠٠١). **نەتەوە چییە**، و.مەسلح ئیروانی، گۆڤاری یەکبوون، ژ١٨، تەموز.

٨٤. سالار، ئەحمەد ( ١٩٩٩). **برایەتی و ئەدەب و هونەر**، گۆڤاری رامان، ژ. ١٥٩

٨٥. شاوێسی، دلێر اسماعیل حەقی ( ١٩٩٩). **نەتەوە و نەتەوایەتی هۆکارەکانی لاوازی هۆشیاری نەتەوایەتی لای کورد و دروست نەبوونی قەوارەیەکی سیاسی**، مجلة زانکو للعلوم الانسانیه، جامعة صلاحەدین، ژ ٧، سالی سێیەم، هەولێر.

٨٦. عبدالخالق، مسعود ( ١٩٩٧). **چاوپێکەوتن**، گۆڤاری کاروان، ژ.١٧.

٨٧. عەبدولواحید، ئازاد ( ١٩٩٢). **فەلسەفە و بیری نەتەوایەتی**، گۆڤاری کادر، ژ.٣٠، تشرینی یەکەم.

٨٨. عەزیز، ماهر ( ٢٠٠٥). **ناسیۆنالیزم و ناسنامەی نەتەوەی کورد**، گۆڤاری توێژینەوە، ژ.٤، تشرینی یەکەم.

٨٩. غەفور، ئەحمەد ( ١٩٧١). **شانۆ و نەتەوەی کورد**، گۆڤاری نوسەری کورد، ژ.١.

٩٠. کانیاو ( ٢٠٠٨). **سەرەتاییەک بۆ نووسینەوەی مێژووی شانۆی کوردی**، گۆڤاری سینەما و شانۆ، بەرێوەبەرایەتی سینەما و شانۆ، ژ.٨، هەولێر.

٩١. محمد، محمد بکر (٢٠٠١). **تیۆریزەکرنا هزرا نەتەوەگەری لە هۆزانا کلاسیکا کوردیدا**، گۆڤاری مەتین، ژ. ١١٦، ئیلون.

٩٢. محمد، محمد بکر (٢٠٠١). **تیۆریزەکرنا هزرا نەتەوەگەری لە هۆزانا کلاسیکا کوردیدا**، گۆڤاری مەتین، ژ. ١١٨، چریا دووێ.

٩٣. محەمەد، موحسین ( ٢٠١٨). **مێژووی شانۆی کوردی**، گۆڤاری رامان، ژ.٢٥٤، مانگی ٧.

**ج / چاوپێکەوتن:**

٩٤.سالار، ئەحمەد ( ٢٠/ ١٠ /٢٠٢٠). **چاوپێکەوتن**، رۆژی سێشەمە، کاتژمێر( ٤) ی ئێوارە، هەولێر.

٩٥.سالار، ئەحمەد ( ٨ / ٦ / ٢٠٢١). **چاوپێکەوتن**، رۆژی سێشەمە، کاتژمێر( ١٠) ی بەیانی، هەولێر.

**چ / کۆوانە:**

٩٦. محمد، محمد بکر ( ٢٠٢٠). **کۆوانەکانی بابەتی فەلسەفەی ئەدەب**، قۆناغی دکتۆرا، کولێژی پەروەردە، بەشی زمانی کوردی، هەولێر: زانکۆی سەلاحەدین.

**دووەم / بە عەرەبی:**

**أ / کتێب:**

٩٧. أسلن، مارتن ( ١٩٨٧). **تشريح الدراما**، ت:اسامة منزلجي، ط١، عمان: دار الشروق للنشر و التوزيع.

٩٨. اسماعيل، عزالدين ( ١٩٨٨). **الشعر العربى المعاصر( قضايا و ظواهرة الفنية و المعنوية)**، ط٥، بيروت: دار العودة.

٩٩. باشلار، غاستون (١٩٨٤). **جماليات المكان**، ت.غالب هلسا، ط٢، بغداد: دار الحرية للطباعة.

١٠٠.البوتاني، عبدالفتاح على ( ٢٠٠٥). **بدايات الشعور القومي الكوردي في التاريخ الحديث**، ط٢، دهوک: رابطة كاوا للثقافة الكوردية.

١٠١.بينتلى، أريك ( ١٩٨٦). **نظرية المسرح الحديث**، ت:يوسف عبدالمسيح ثروت، الطبعة الثانية، بغداد: دار الشؤون الثقافة العامة، جامعة بغداد.

١٠٢.جيلنر، ايرنست ( ١٩٩٥). **(ما هى الأمة) فى كتاب القومية مرض العصر ام خلاصه**، اعداد: فالح عبدالجبار، ط.١، بيروت: دار الساقي.

١٠٣.حمادة، ابراهيم ( ١٩٧١). **معجم المصطلحات الدرامية و المسرحيه**، القاهرة: دار الشعب.

١٠٤.رشدى، رشاد ( ٢٠٠٠). **نظريه الدراما من أرسطو الى الأن**، ط١، مصر: هلا للنشر و التوزيع.

١٠٥.الزيدي، مفيد ( ٢٠٠٤) **موسوعة تاريخ اوروبا الحديث و المعاصر**، ج٣، دار اسامة، عمان.

١٠٦.سلام، محمود زغلول (١٩٧٠). **القصة في الادب السوداني الحديث**، مطابع سجيل العرب.

١٠٧.سكر، ابراهيم ( ١٩٦٨) **الدراما الأغريقية**، القاهرة: دار الكتاب العربى للطابعه و النشر.

١٠٨.السوڤيت، عدد من الباحثين ( ١٩٨٠). **نظريه الادب**، ت: د.جميل نصيف التكريتى، بغداد: الطابعة ؟ .

١٠٩.شيغر، بويد ( ١٩٦٦). **القومية عرض و التحليل**، ت:جعفر خضباك و عدنان الحميدى، دار المكتبه الحيات، بيروت: نشر بالمشاركة مع مؤسسة فرانكلين للطابعه و النشر.

١١٠.صالح، صلاح ( ١٩٩٧). **قضايا المكان الروائي في الادب المعاصر**، الطبعة الاولي، مصر: دار الشرقيات للنشر و التوزيع.

١١١.ظاهر، جمال ( ١٩٨٨). **دراسات فى فلسفه السياسه**، ط ١، اربد: مكتبة الكندي.

١١٢.عمر، محمد فرحات ( ١٩٧١). **فن المسرح**، القاهرة: الهيئة المصرية العامه لتأليف و النشر.

١١٣.الفاخوري، حنا ( ١٩٨٧). **تاريخ الادب العربى**، الطابعة الثانية عشرة، بيروت: مكتبة البولسية.

١١٤.فاضل، صلاح ( ١٩٧٨). **منهج الواقعة فى الأبداع الأدبى**، مصر: مطبعة الهئة المصرية العامه للكتاب.

١١٥.فريد و عبدالحميد، بدرى حسون و سامى ( ١٩٨٠). **مبادىء الأخراج المسرحى**، بغداد: جامعة بغداد، وزارة التعليم العالي و البحث العلمي.

١١٦.فريد و يارد، ايفلين و جورج ( ١٩٨٧). **نجيب المجفظ القصة القصيرة**، مصر: دار الشروق للنشر و التوزيع.

١١٧.فيختة، يوهان ج. ( ١٩٧٩). **خطابات الى الأمة الألمانية**، ت.سامى الجندى، ط١، بيروت: دار الطليعة للطباعة و النشر.

١١٨.سيف، فيدو ( ١٩٨٣). **القومية و الأممية و الپروليتارية**، فصل من الكتاب الماركسية فى قرن العشرين، ت.د.نجاح الساعاتى، دمشق: مطبعة العلم.

١١٩.قاسم، سيزا ( ٢٠٠٤). **بناء الرواية (دراسة مقارنة في ثلاثية نجيب محفوظ)**، مصر: الهيئة المكتبة الاسرة.

١٢٠.قطب، محمد ( ٢٠٠١). **مذاهب فكرية معاصرة**، الطبعة التاسعة، القاهرة: دار الشروق.

١٢١.مرتاض، عبدالملك ( ١٩٩٨). **فى النظرية الرواية**، كويت: الجلس الوطني للثقافة و الفنون و الادب.

١٢٢.مرس و وهبة، احمد كامل و مجدى ( ١٩٧٣). **معجم الفن السينمائى**، القاهرة: هيئة المصريه للكتاب.

١٢٣.هاليداي، فريد ( ٢٠٠٠). **الأمة و الدين فى شرق الأوسط**، ت: عبدالاله النعيمي، ط ١، بيروت: دار الساقى.

**ب / رۆژنامه و گۆڤار:**

١٢٤.علي، عثمان ( ١٩٩٥). **الأسس الفكرية للحركة القومية الكردية**، الحلقة الثانية، مجلة ئالاي ئيسلام، السنة التاسعة، العددان( ٢,٣)، نوفمبر.

**سێیەم / بە فارسی:**

**أ / كتێب:**

١٢٥.پور، هرمز هومايون ( ١٣٨٣). **دايره المعارف ناسيوناليزم**، ج٣، تهران: وزارت امور خارجه.

١٢٦.رضا، فارس داورى ( ١٣٤٠). **ناسيوناليزم و انقلاب**، وزارت ارشاد اسلامى، اول.

١٢٧.محرابی، رحمت الله ( ١٣٧٢). **اموزش تئاتر**، چاپا اول، تهران: چاپخانەی کامران، امتشارات تربیت.

**چوارەم / بە ئینگلیزی:**

**أ / کتێب:**

128. J.A.CUDDON( 1993). **Dicitionary of literary terms & Literary theory**, 4th edition, balckweel, London.

129.GELLNER, ERNST( 1983). **Nations ana Nationalism**, Ithaca, newyork cornell university.

130.Bentan, William( 1974). **The new encyclopaedia Britannia**, London.

## Abstract

This research entitled "National Message in Ahmad Salar's Plays" is an attempt to determine and analyze the features and characteristics of the National Message in Ahmad Salar's Play According to the historical stage of rise and the development of Kurdish national ideology in three main stages such as (national feeling stage) and (National awareness stage) and (the stage of the national movement) were in the same way.

This research generally consists of introductions, contents, results, list of sources, and summary in Kurdish and English languages:

The research introduction finds itself discussing topics such as (research problems, research hypotheses, research objectives, research importance, research boundaries, research methods, research structure).

The content of the research is divided into three main parts, the first part talks about the concept, definition of play, and the principles of play, divided into five sections:

The first section discusses the concept and term in the play. In this section, the terms and dialects used against this genre are generally discussed. In this study, the researcher used the most appropriate term and term for this genre, which is (play), the reason for choosing this term has been explained. The play's term "play" has also been discussed, with the initial description of the emergence of this term in Kurdish literature.

The second section finds itself in defining the genre of play, in which a number of different definitions of the play are presented.

The third section discusses the elements of the play, in which the researcher has tried to briefly discuss the characteristics such as personality, time, place, language, in which the definition, importance, reason for the election and the reflection of these characteristics have been explained in the playwright Ahmed Salar's plays.

The fourth section also discussed the history of the emergence of the play genre, In this context, the researcher has clearly described the different opinions regarding the early emergence of the play.

The fifth section also discusses the beginning and development of the play in Kurdish literature, and the researcher has tried to clearly discuss the beginning of the emergence of this genre by the Kurds, in which a number of different views have been expressed.

The second part is dedicated to describing and explaining the concept of national thought and its dimensions, and this part is divided into four sections:.

The first section finds itself in explaining the concept and term of the nation. In this section, it has been attempted to explain the concept and terminology of the nation in general, to find out what it came from and what it was called in the past, and to explain the concept of the nation through a variety of different definitions.

The second section has been discussed as the concept and term of national thought, and in this section, national terminology has been attempted to be clarified, as well as a set of definitions from different perspectives to the national concept.

The third section is dedicated to discussing the history of national thought in the West and the nations around The Kurds, as follows:

First, the history of the emergence of national ideology in the West has been discussed, the most prominent views on the beginning of the emergence of national ideology in the West have been presented.

Second, the beginning of the emergence of national ideology has been discussed by nations such as Turks, Arabs, Persians, and has been briefly discussed in the history of the emergence and emergence of national ideology by each of these nations.

The fourth section talks about the beginning of the emergence of Kurdish national thought, At first, the most obvious different opinions on the beginning of the rise and emergence of national thought and the division of the stages of national thought by the Kurdish nation were discussed, and then

under the light of these different opinions, the Kurdish national ideology was generally divided into three stages, and through each stage the beginning of the emergence of national thought was explained as follows:

1. The stage of Kurdish nationalism: which begins at the beginning of the emergence of Kurdish poetry, has been embodied in the poems of Babatahiri Hamadani.

2. Kurdish national awareness stage: Most opinions believe that the beginning of this stage begins with the poet Ahmadi Khani's poems, as Ahmadi Khani has taken the kurdish people's demands and desires to a more developed stage.

3. The stage of the Kurdish national movement: This stage begins more after the start of the revolution and the activities of the Kurdish nation. Most of the opinions consider the emergence and creation of the Kurdish emirate to be the beginning of this stage.

The third part of the research is dedicated to describing and explaining the most important and prominent national messages embodied in some of Ahmed Salar's plays. In this section, plays such as (Nali and a purple dream, when Halo flies high, Ahmed Mukhtar Jaff's cottage, a party at the Yaran Resort, Orchard, under the Tara of Surmachina), has been used as a tool for his research, and all theatrical scenes that enter the national message cell have been selected and analyzed according to the stages (national sentiment, national awareness, national movement).

زانكۆی سەلاحەددین - هەولێر
Salahaddin University-Erbil

# National Message in Ahmad Salar's Plays

A Thesis

Submitted to the Council of College of Educaition - Salahaddin University-Erbil in partial Fulfillment of the requirements for the Degree of Master of Arts in Kurdish Literature.

By

**Ismail Hamadameen Sleman**

B.A Kurdish language-Salahaddin University_2012

Supervised By

**Prof. Dr. Mohammed Bakir Mohammed**

Erbil, Kurdistan

November 2021